# پەندنامەی ئاوارە

# پەندنامەی ئاوارە

محەمەد مەلا قادر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد مەلا قادر
پەندنامەی ئاوارە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٣٤
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٠١ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: ژاڵە یوسف
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-488-05-5

## پێشەکیی چاپی تازە

### جارێکی تر پەندنامەی ئاوارە

لە ساڵی ١٩٨٥ لە کاتی شۆڕشی گوڵاندا لەو کاتەی کێشەی کورد و کوردستان لە مەترسییەکی گەورەدا بوو، پاش پلانی نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن لە ڕێککەوتنی نێوانیان ناولێنراوی (ڕێککەوتنی جەزائیر) لە مەترسییەکی گەورەدا دەژیا، بەڵام خواوڕاستان لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی پیرۆزی میللەتانی ئێران بە ڕێبەریی ئیمام خومەینی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئێمەش شۆڕشگێڕانی پاشماوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە بەو پیلانەی نێوان شا و سەدام هەرەسی هێنابوو، جارێکی تر لەژێر ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتیی سەرکردایەتیی کاتی و ڕێبەرایەتی و ئاراستەی بارزانیی نەمر، دەستی بە چالاکی کردنەوە لە ناوەوەی ئێران و لە ناوەوەی کوردستان و لە دەرەوەش بەگشتی، ئەم چالاکییە لە ساڵی ١٩٧٦ دەستی پێ کرد، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران چالاکتر و گەشاوەتر بوو.

منیش وەک کادیرێکی پێشەنگی پارتی و لە دواییدا وەک ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران دەستمان کردەوە بە چالاکیی کوردایەتی و پارتایەتی لەم ماوانەی کە پەناهەندەی ئێران بووین و هەست و نەستی کوردایەتیمان نوێتر و گەرمتر ببوو، هەر بۆیە جگە لە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی (خامە لە دەست کەوتووەکەم) جارێکی بەدەست گرتەوە وە جارێکی تر چالاکیی خۆم لە رووی ڕۆشنبیری و کولتووری دەست پێ کردەوە.

توانیم خولەکانی حەوتەم و هەشتەمی پەیمانگەی کادیران وەک مامۆستا لە بواری ڕێکخستندا چالاکیی تێدا بنوێنم، هەروەها بۆ دەنگی کوردستان و بڵاوکراوەکانی پارتی بەشداریی تێدا بکەم، هەروەها لە ماوەی نزیکەی (٥) ساڵدا کار بکەم، بۆ کۆکردنەوەی پەندەکانی کوردی و توانیم زیاتر لە (٢٤٠٠) پەند و قسەی نەستەق کۆ

بکەمــەوە و ژمــارەیەکی بەرچاو لە هـەڤــاڵانی پارتـی هاوکـــاریم بکەن، خــوا یار و یاوەریان بێت، جـا لەو کاتە بووم بەئەندامی مـەکتـەبی سـیاسـیی پـارتـی دیموکراتی کوردسـتـان لە ساڵی ١٩٨٤ لە بارەگـەی مەکتەبی سـیاسـی لە گوندێکی ئێران بووین بەناوی (ڕاژان) و لـە نزیک مـەرزی تـورکـیـا بوو، بیـرۆکـەی چاپکردنی (پەنـدنامـەی ئاوارە)م بە مـێـشک داهات و، کـەوتمە ڕێکخـستن و ئامـادەکـردنی بۆ چاپکردنی لە چاپخـانەی مـەکتەبی سـیاسـی کە چاپخـانەیەکی پێشکەوتوو نەبوو، بەڵام کـارەکـانی پارتی پێ دەقەتا.

منیش لەگـەڵ هەڤاڵانی (م.س)ی ئەوسـا قسـەم کرد و رەزامـەنـدییـان نیـشـان دا و لەگەڵ هـەڤاڵانی چاپخانەکەش قسەم کرد، زۆر بەخۆشـحاڵییـەوە ئامادەییان نیشان دا و بەو شکـڵەی ئێسـتـا (٥٠٠) دانـەمـان چاپ کـرد، کە پەنـدەکان بەدەسـتـخـەتە و ئەوانـەی تریش بـەو چاپـە سـاکــارییــەی ئەو ســەردەمــەیە. بێگومــان چاپکردن و دابەشکردنی بەخـۆڕایی بوو، جـا من ئەو کاتە سـوپاسنامـەیەکم ئاراسـتەی هەڤاڵانی (م. س) و کـادیرەکـانی کـرد و جـارێکی تریـش سوپـاسیـان دەکـەم، چونکە لە قـورئان دەفـەرمــووێت «لئن شـکرتم لأ زیدنکم» جـا پاش چاپکردنی پەنـدنامـە و بـڵاوبوونەوە لەناو هـەڤاڵانی پارتی و خەڵکی تریش بەرەزامەندییەوە هەڤاڵان و خەڵکان پەندیان بۆ دەناردم و خۆشـم هـەر بەردەوام بووم لە کۆکردنەوەی پەندەکاندا، تا پاش سـەرکەوتنی ڕاپەڕینی خـەڵکی کوردسـتـان لە بەهـاری ١٩٩١ و کـارم دەکرد بۆ ئەوەی ژمـارەیەکی زیاتر کـۆ بکەمـەوە جـارێکی تر پەندنامـەی ئاوارە چاپ بکەمـەوە و، زیاتر لە (٥٠٠٠) ترم کـۆ کـردبووەوە، بەڵام بەداخـەوە شـەڕی نەگـریسـی ناوەخـۆ زیانی زۆر گـەورەی گەیانـد بەخەڵکی کوردسـتان لە رووی گیانی و مـاڵی منیش یەکێک بووم لەو خـەڵکانە و خێزانم شـەهید کرا و، مـاڵم تاڵان کرا و، ئەرشیـڤەکەشم تاڵان کرا، لەگەڵ مـاڵەکەم کەوا ئەو پەندنامە و کۆکراوەکان و بە هـەزاران وێنە و شتی تر بەتاڵان بردران.

جـا نەفرەتی خوا لـە شـەڕی ناوەخـۆ و (هەڵگیرسێنەرانی) بێگومـان من لەو شـەڕە نەعلەتییە، خـێزانە خۆشـەویستەکەم و بە دەیان بگرە بە سـەدان هەڤاڵ و دۆسـتم لە دەست دا، هـەروەها ئەرشیـڤەکی نیمچە دەوڵەمـەندم لە دەست دا جگە لە زیانی مادی و دەروونی.

جـا بەکـورتـی ئەوە سـەربوردەی پـەندنامـە بـوو، بۆیە دەبـێ ئێـسـتـاش خـەڵکی کوردسـتان بەتایبـەتی لاوەکانی سـەردەم ئـەزموون لە پەندنامە وەربگـرن و جارێکی تر بیر لە شـەڕی ناوەخۆ نەکرێتەوە، بەڵکو لە جیاتیی ئەوەدا ململانێی سیاسی بکرێ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و شەفاف ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بهێنن.

بەڵێ جـارێکی تر پـەندنامـەی ئاوارە پاش ئەوەی ئەرشـیـڤـەکـەم تالان کـرا و یەک وێنەی پـەندنامـەم لە چەنگ نەمـا و بەهۆی ئەرشـیـڤی مـەکـتـەبی سـیـاسـیـی پارتی دانەیەکم وەدەست هاتەوە، ڕۆژێکیـان برای خـۆشـەویسـتم کـاک (بەدران ئـەحـمـەد حـەبیب) سـەرۆکی دەزگـای ئاراس بـۆ چاپکردن و بڵاوکـردنەوە، لـە دیدارێکدا خـۆی داخـوازیی لێ کـردم کـەوا جـارێکی تر پـەندنامـە چاپ بکەنەوە، منـیش بە سـوپاسی زۆرەوە داخـوازییـەکـەم گـیـرا کـرد، لەگـەڵ نزای خـێـر و خـۆشی بۆ ئەو دۆسـتـە خۆشەویستە و گشت برادەرەکانی دەزگای ئاراس.

نووسەر

## پێشەکی

ماوەیەکی زۆرە و بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٧٧ەوە من خەریکی ئەوەم کە لە پەندی پێشینان و قسەی جوان و مەسەلەی کوردی کۆ بکەمەوە کە لە پاڵ خەباتی سیاسیمدا بتوانم خزمەتی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی بکەم، لەو ڕۆژەوەی کە چاوم کردووەتەوە و هەستی کوردایەتیم جووڵاوە بەبێ دوودڵی درێغیمان نەکردووە لە هەر بارێک کە زانیبم خزمەت بەگەل و نەتەوەکەمان دەکات، لە ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریم لەناو مێشک و دڵ و دەروونمدا جێی خۆی کردووەتەوە بەپێی توانا لە رووی سیاسی خزمەتی گەل و وڵاتمان کردووە، لە پاڵ ئەوەش لە ڕووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی تورا‌سیی میللەتەکەمان بە وتار و محازەرات لەناو قوتابخانە و هەندێ کۆوار و ڕۆژنامەکانی پارتیمان بەپێی توانا نووسیومە، هەروەها لە ساڵی ١٩٦٧ بەدواوە دەستمان بەهەڵبەست نووسینی دەدا وە چەند پارچە شیعرم بەناوی (لاجانی) لە کۆواری سەفین، بڵاو دەکرایەوە ئێستاش لەم ماوەیەی کە باسم کرد، توانیومە ژمارەی (٢٤٣٤) لە پەندی پێشینان و قسە جوانەکانی میللەتەکەمان کۆ بکەمەوە، دوو گەلاڵەی تر لە بەردەستدایە:

یەکێکیان: لەبارەی پارتیزانییەوە، ئەوی تریشیان: لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە (قواعد اللغة الكردية) هیوام وایە ئەگەر خوای گەورە پشتیوان بێ و ڕۆژگار هاوکار بێ ئەوانیش ڕێک بخەم و بەچاپکردنیان رابگەینم.

خوێنەرانی هێژا و خۆشەویست: ئەو پەند و مەسەلانەی کە من کۆم کردووەتەوە هەندێکیان خۆم گوێم لێیان بووە و لە خەڵک وەرم گرتوون و لەبەر کردوون و لە بیرم ماون نووسیومن وە یان بەهۆی دۆست و برادەر کە ناوی هەندێکیانم نووسیوە و یەک یەک و دوو دوو و سێ سێش لە خەڵکی تر وەرم گرتووە و نووسیومە و بەڕاستی کارێکی گرانە، چونکە وەک سواڵکردن دەبێ لەبەر زۆربەی دەرگەکان بگەڕێی و

کۆیان بکەیتەوە بەس بێگومان سوالّکردن و دەرۆزەش لە پێناوی میللەتەکەمان کارێکی پیرۆزە، لە دەربەدەری ناخۆشتر نییە.

پەندەکان کە لەم کتێبە هاتوون هەموو بارەکانی ژیانی مرۆڤ باس دەکات و ڕێگەی بۆمان ڕوون کردووەتەوە و باوەڕ ناکەم هیچ لایەنێکی ژیانی مرۆڤی تێدا باس نەکرابێت بەتایبەتی بابەتەکانی گرینگ و بایەخدار.

پەندی پێشینان کە بەشێکە لە کولتوور و تورسای میللیمان بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان و هەموویان لەسەر ئەزموون تاقیکردنەوە هاتوونەتە کایەوە و زۆربەیان لەلایەن خەڵکی زانا و شارەزا ڕێک خراون ڕەنگە هەندێکیانیش لەلایەن خەڵکی ساکاری میللەتەکەمانەوە هاتبێتە کایەوە، وانەبێ تەنیا میللەتی کورد پەندی پێشینانیان هەبێ، بگرە هەموو میللەتانی جیهان هەیانە، چونکە میللەتانی وەک عەرەب و فارس و تورک و ڕووس و ئینگلیز هەیانبێ خۆ دەبێ میللەتەکانی تریش هەیانبێت.

ئەو ژمارەی کە من کۆم کردووەتەوە ڕەنگە بەشێکی زۆر کەم بێ لە پەندی پێشینان و هێشتان زۆر ماون، چونکە ئەوەی کە من کۆم کردووەتەوە زۆربەی زۆریان هی کوردستانی عێراقە و وە لەوێش زیاتریان هی ناوچەی هەولێرە بەشێکیش هی ناوچەی بادینانە. جارێ بەوەندە کۆتایی بەو کۆمەڵە پەندەکانی کە بۆ چاپکردن ئامادە کراوە دەهێنین هەر بەوەندە تەنیا مەبەسەکانمان دیار کردووە و ڕەنگە هەر پەندێکیش سەربوردەی خۆی هەبێ بەڵام هەر هەندەم پێ کراوە و زیاتر شرۆڤەکردن و کات و سەرچاوەی تری دەوێ و چاپکردنیش ئاسان نییە.

بۆیە تەنیا بەشیکردنەوەی مەبەست باسمان کرد و لەلایەکی تریش دەمەوێ خاڵێکی تریش بخەمە بەرچاوتان رەنگە ئەو مەبەستانەی کە من نووسیومە هەر ئەوەندە نەبێ و مەبەستی تریش هەبێ، بۆیە نابێ گلەییم لێ بکەن وە هەروەها ئەگەر کەموکورتییەکیش هەبێ لە پەندەکان بۆ من ناگەڕێتەوە چونکە من چۆنم گوێ لێ بووە وە یان بۆم گوتراوە وە یان بۆیان ناردووم وام نووسیون و شیم کردوونەتەوە.

بۆ ئەوەی ناو و ناولێنراو لەگەڵ یەک دروست دەرچێ و لێوەشاوەی یەکتر بن ناوم لە پەرتووکەکەمان نا (پەندنامەی ئاوارە) چونکە بەڕاستی زۆربەی زۆری پەندەکان لە کاتی ئاوارەیی و دەربەدەری کۆ کراونەتەوە و نووسراون و لەلایەکی تریش ئاوارەیی و بێ مافیی میللەتەکەمان هانی داین کە ناوی ئاوارەی لەگەڵدا بێ، هەروەها ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و لاوەکانی نەتەوەکەمان ئاوارەیی بکەن بەپەند و دەرسی لێ وەربگرن یەکەتی و برایەتی و زانیاری و سەربەستی و ئازادی هەوڵ بدەن لەنێو خۆیاندا بەهێز و گەلاڵە بکەن و لەلایەکی تر هەوڵ بدەن ئەم پەندانە و پەندی تریش بخوێننەوە و لەبەر تیشکیان کار بکەن چونکە هیچ گومان لەوەدا نییە ئەمە هەمووی پاش ئەزموون و بەسەرهات گوتراون.

فەرهەنگ و توراسی میللەتی کوردیش بەتایبەتی فۆلکلۆری لە هی میللەتانی تر کەمتر نییە بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد کیانی نییە و توراسی و فەرهەنگی یەکگرتووی نییە و لە هەندێ لە پارچەکانی کوردستان بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیا هەر ماوەی پێ نادرێ کە بەتەواوی بە زمانی زگماکی خۆیان قسە بکەن جا چ جای ماوەی خوێندن و نووسین و کتێب نووسین و شیعر گوتن و... بدرێ، بۆیە بەڕەئی من پێویستە لەسەر زانایان و ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد هەوڵ و کۆششی زۆر بدەن بۆ دانان و ڕێکخستنی فەرهەنگ و زانیاریی کوردەواری لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و دەتواندرێ ئەنجوومەنێکی باڵای فەرهەنگی لە

دەرەوەی کوردستان و بەتایبەتی لە ئەوروپا دروست بکرێت و هەموو زانا و ڕۆشنبیران تێدا بەشداری بکەن جا بەهەر شێوەیەک بێ و هەر جۆرە بیروباوەڕێکی هەبێ و بە لێکدانەوەی من دەبێ پارتیمان لەم مەیدانەدا دەوری پێشرەوی ببینێ و خەباتی لە پێناویدا بکات.

چونکە ئەی هەڤالان و برایان و تێکۆشەرانی کوردستان با زۆر بەئاشکرا پێتان بڵێم بەڕاستی ڕزگاربوون و سەرکەوتنی میللەتێک وەک میللەتی کورد و گەیشتن بە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆی ئاسان نییە تا هەندێ کولەگەی پێشکەوتن هەیە تێدا بەدی نەیەت و بەڕەئی منیش سێ کولەگەی بنەڕەتی هەیە بۆ یەکەتی و پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەکەمان کە ئەم سێ کولەگەیەش ئەمانەن:

١- زانست و زانیاریی پێشکەوتنخوازی جیهانی و خۆماڵی کە لە زۆر ڕێگەوە دەبێ خەباتی بۆ بکرێ لە نێوان میللەتەکەماندا پایە و بناغەی کوتا و قائیم ببێ.

٢- دەبێ ئابووریی نەتەوەیی و ژیانی بەختەوەری لە کوردستان هەوڵ بدرێ بەرەوپێش بچێ و چیی تر میللەتی کورد لە ژیانی دواکەوتوویی و برسییەتی دەژی و ئەمەش بە خەباتی هەموو لایەکی میللەتەکەمان دەکرێ.

٣- ئافرەت کە نیوەی کۆمەڵ و دایک نەوەیە و بناغەی کۆمەڵە دەبێ لە هەموو لایەکەوە بایەخی پێ بدرێ و شان بەشانی پیاو بەشداریی هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و زانیاری و... نەتەوەییمان بی.

جا ئەگەر هەریەکە لە ئێمە بەتەواوی تەماشای ئەو سێ خاڵە گرینگە بکات دەزانی گرینگییان تا چ ئەندازەیەکە و دوژمنانی میللەتەکەمانیش لەو بارەیەوە بۆ دواخستن و چەوساندنەوەی دریغییان نەکردووە و دریغیش ناکەن، بۆیە ئەگەر هەروا بەسادەیی تەماشای ناوچەکانی کوردستان بکەیت لە هەر پارچەیەکیدا دەبینی کە دیمەن و ڕەوشتی پێشکەوتنی لە هەر بارێکەوە تێدا نییە و بەپێچەوانەی ناوچەکانی ترن کە جگە لە خەڵکی کورد تێیاندا دەژیت.

جا لەبارەی هەژاری و نەزانی و نەخوێندەواری و زۆر شتی تر زانای بەناوبانگ و لێهاتیی سەردەمی خۆی جەنابی مەلای گەورە (مەلا محەمەد کۆیی جەلیزادە) لە چەند دێرە هۆنراوەیەکیدا وتوویەتی.

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم/ علاجیان چوون بکەن هاوار بەماڵم
فەقیر و جاهل و نەخوێندەوارن/ لەلای نەوعی بەشەر بێ قەدر و خوارن
لەگەڵ یەک بەدڕەوشت بەد نیهادن/ لە بویە وا کەساد و بێ مرادن

ئەم زانا بەناوبانگ و بلیمەتە نیو سەدە لەوەوپێش دەردەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی زۆر بە ڕوونی چ بەشێوەی هۆزان بێ وە یان بەشێوەی ئامۆژگاری و ئاراستەی هەمیشە لە سەر و سەکوتی دەردەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری داوە و بەڕێزەوە هەمیشە باسی ئافرەتی کردووە بایەخی زۆرتری پێ داوە.

لەم بارەیەوەش پێش ئەو شاعیری بەناوبانگ و ئازادیخوازی کورد حاجی قادری کۆیی هەمیشە زیندوو بە شیعر باسی ئافرەت و خوێندەواری و مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و هەموو نەخۆشییەکانی ناو کوردی کردووە.

وە هەروەها شاعیرانی تری نیشتمانپەروەری وەک شوکری فزلی و بێکەس و پیرەمێرد و جگەرخوێن و دەیانی تر ئەگەر هۆزانەکانیان بەرچاوتان بکەوێ بەچاکی لە دەردی دڵی ئەوانیش دەگەن.

بۆیە ئێستا لەم قۆناغەدا لەسەر هەموو زانایان و ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کوردستانی ئەوەیە هەوڵ بدەین توراسی و فۆلکلۆری بەهەموو جۆر و بابەتەکانی و هەروەها لەبارەی زمان و مێژووی ئەدەبی تازە کوردییەوە خەباتی لە پسان نەهاتووی بۆ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە دوارۆژێکی نزیکدا فەرهەنگ و سەقافەتی یەکگرتووی کوردستان دروست ببێت هەرچەندە من دەزانم ئەوە کارێکی یەکجار سەختە و دژوارە و ئاسان نییە بەڵام بە هیمەتی چاپووک زانایان و ڕۆشنبیرانی کوردستانی دەتواندرێ زۆر شتی چاک لەم بوارەدا پێشکێش بکرێ.

دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە زانایان و ڕۆشنبیرانی کوردستانی عێراق ماوەیەکی زۆرە لەم مەیدانەدا چاپووک سوارانە ئەسپی خۆیان تاو داوە سەرەڕای ئەو هەموو دژواری و گیروگرفتانەی کە هاتووەتە ڕێگەیان.

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بخەمە یادی خوشکان و برایانی خوێندەواری شۆڕشگێڕ کە دەبێ ئەوە بزانن کە دوژمنەکانی نەتەوەی کورد دەیانەوێ بەهەموو جۆرە ڕێگە و وەسیلەیەک مێشکتان تێک بدەن و بیروباوەڕتان بگۆڕن و لە ڕێبازی راستی

کوردایەتی لاتان بدەن و بەدەیان فاق و تەڵە و تەپکە مین لەسەر ڕێگەتان دەچێنن و دروست دەکەن بۆ ئەوەی بکەونە ناوی، بۆیە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەمیشە لە بەرچاوتان بێ:

١- پێشەکی مرۆڤ دەبێ پێش هەموو شتێک خۆی بناسێ واتە خاک و خەڵکی خۆی بناسی و گەل و پێویستییەکانی بناسی و ڕێبازی راست و دروستی بناسی و...

٢- دەبێ دۆستەکانی ڕاستەقینەی خۆی بناسی کە ئێستاش بێگومان بۆ نەتەوەی کورد کامپی سۆسالیزم و پارتەکانی کرێکاری و پێشکەوتنخوازی جیهانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی جیهانی و عەرەبییە.

٣- دوژمنەکانیش ئیمپریالیزم بەسەرکردایەتیی ئەمەریکا تاوانکار و خوێنمژ و کۆنەپەرست ناوەخۆیی و دەرەوە بێ و زانیونیزمی جیهانی.

٤- بەرەیەکی بەرفراوانی نەتەوەیی دروست بێ کە هەموو پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی بگرێتە بەر و بەرنامەی ڕێکوپێکی هەبێ و شەڕی کورد بە کورددانە کوشتن قەدەغە بکرێ لە جیاتیی ئەمە بەشێوەیەکی سیاسی گیروگرفت چارەسەر بکرێ و ئەمەش زیاتر دەکەوێتە سەر سەرکردایەتیی حزب و کۆمەڵەکانی کوردستانی بەلام بوێژ و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردیش دەتوانن بە خامەی پیرۆزی خۆیان دەوری چاکی و چەلەنگی خۆیان ببینن.

٥- خۆفێرکردن (تثقیف زاتی) بەسەقافەتێکی پێشکەوتنخواز کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەلایەتی بگونجێ و زیاتر سەقافەتەکە سەقا کرابێ بەهەست و نەستی کوردایەتی و لە پاڵ ئەمەش بەهەموو توانا بەربەرەکانێی نەخوێندەواری و بێ سەوادی و نەزانین بکرێ بەهەر شێوەیەک دەگونجێ.

٦- هەوڵ بدرێ کۆمەڵ و کۆڕی زانیاری و ڕۆشنبیری و هونەری و... جۆرەوجۆری کوردی لە هەموو جێگەیەک دروست بکرێ.

٧- بەهەر هەموو وەسیلەیەک کە دەتواندرێ زانیاریی کوردەواری بەرز بێتەوە هەوڵی بۆ بدرێ و بیری زیاتر لێ بکرێتەوە بەتایبەتی بۆ چاپخانەی کوردی لە ناوەوە و دەرەوە هەوڵی بۆ بدرێ کە بە پیتی لاتینی و بە پیتی ئێستای کوردی بێ چونکە

چایخانە هۆیەکی بنەڕەتییە بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاریی کوردەواری.

لە کۆتاییی ئەم پێشەکییەدا داوا و تکام لە هەموو نووسەر و خوێندەوارێک ئەوەیە هەر کەسێ لە ئاستی خۆیدا خەریکی کۆکردنەوە و نووسینی بابەتەکانی فۆلکلۆریی کوردی بن وەک پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و گۆرانی و هەڵبەستی شایی و هەڵبەستی پێدا هەڵگوتن ماتەمی و چیرۆک و شیعرەگەلییەکانی جۆربەجۆر و مەیل و مەیلانێ و لەغز و مەتەڵۆک و زۆر شتی تر کە هێشتان لەناو جەماوەری جووتیاری کوردستان ماون و لەناو نەچووینە بەتەواوی.

منیش بەهەمــوو لایەک دەدەم ئەوەندەی توانام هەبێ چ بەتاک و تەنیـا وەک یەک مرۆڤ وە یا لە دەزگایەکی کۆمەڵیدا بێ سستی و تەمبەڵی بە کوڵی خۆم دانەدەم بەپێی هەلومەرجی گونجاو لە هەر بوارێکی کوردەواری کاری تێدا بکەم کە خزمەت بە گەل و نیشتمان و نەتەوەمان بگەیەنێ.

نووسەر – ١٩٨٥/٣/٢١

# ئـ

١– ئەو چاوە كۆرە بى كە دوژمنى خۆى نەناسى:

مـەبـەست ئەوەيە كـە دەبىّ مـرۆڤ دۆست و دوژمـنى خـۆى لەيـەک جـيـا بكاتەوە و دوژمنەكانى خۆى چاک بناسىّ.

٢– ئاشى نەزانان خوا دەيگێڕى:

واتە زۆرجـارى وا دەبىّ پـيـاوى نـەزان كـارەكـەى زۆر بەچـاكى بۆ بەڕێوە دەچىّ و پياوى ئاقڵ و زاناش بەپێچەوانە دەبىّ و ئەم پەندە دەگوترىّ.

٣– ئاوى بىّ لغاوى خواردووەتەوە:

بۆ يەكـێک دەوترىّ كـە بەرەڵڵا و نە گـوێڕايەڵ يـان نە گـۆدار (نامـلتـزم) بێت واتە بەرەڵڵايى و بىّ ئيلتيزامى كارێكى خراپە.

٤– ئەگەر تووڕە بووى ئاوى سارد بخۆوە:

لە كـاتـێكدا دەگوترىّ يەكـێک تووڕە بىّ واى پێى دەوترىّ بۆ ئـەوەى واز لە تووڕەيى بهێنىّ و ئەمـەش دەگەيەنىّ كە ئاوى سـارد بۆ كاتى تووڕەبوون كارى سـاردكردنەوەى هـەيە.

٥– ئەگەر دەستێک نەتوانىّ بيبڕى ماچى بكە:

واتە ئەگـەر كـابرايـەک زۆردار بوو و نەتتـوانـى هيـچى لـەگەڵ بكەيت و شـايسـتـەى ئەوەش بوو بەرەنگارى بيت پێويسـتـە بەناچارى لەگەڵيدا ڕێک بكەويت تا دەسـەڵاتت دەبىّ ئەو كاتە لەسەرى پاز مەدە يانى فێرە تاكتيک و سياسـەتمان دەكات.

٦– ئادار ناچىّ بىّ دۆ نيسان ناچىّ بىّ جۆ:

واتە لە ناوچەکانی کوردستان لە ئادار دۆ پەیدا دەبێ و لە مانگی نیسانیش هەر چۆنێ هەبێ جۆ دەدورێتەوە و ئەمەش پاش تاقیکردنەوە وتراوە.

٧- ئەگەر هەر سەگێک وەڕی و بەردێکی باویتێ ئاخیری بەرد لە بەستان نامێنێ:

مەبەست ئەوەیە پێویست ناکات هەر کەسێک قسەیەکی ناشیرینی کرد تۆ وەڵامێکی بدەیتەوە و بگرە وەڵامی ئەم جۆرە کەسانە بێدەنگییە.

٨- ئەگەر دارێک سێبەری بۆ خۆی نەبێ بۆ خەڵکی چۆن دەبێ:

مەبەست ئەوەیە پیاوێک وە یا مرۆڤێک بۆ خۆی سوودی نەبێ بۆ خەڵک چۆن سوودی دەبێ. واتە ئینسانی نەزان بەکەڵکی هیچ کەس نایەت.

٩- ئەگەر کەر تۆپی دالاشی لێ کۆ دەبنەوە:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر لە جێگەیەک ماوەی سوود وەرگرتن و قازانج بوو کەسانی هەلپەرست و کاسەلێس لە دەوری کۆ دەبنەوە و زیاتر لە دەوری کەسانی دەسەڵاتدار کۆ دەبنەوە.

١٠- ئەگەر دەست کەوتە بن بەردی دەبێ بە هێواشی دەری بهێنی:

واتە مرۆڤ ئەگەر تووشی گیروگرفتی گەورە بوو دەبێ هەوڵ بدات ژیرانە خۆی لێ ڕزگار بکات.

١١- ئەو خورە خورە سەر بەسەر شتێکی دادەگرێ:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە هەندێ عەلامەت و نیشان هەبن بۆ ڕوودانی ڕووداوێک، واتە هەر ڕووداوێک عەلامەتێکی پێشەکیی دەبێ ئەگەر بە وردی چاودێری بکرێت.

١٢- ئەوەی بیری بۆ خەڵکی لێ بدات خۆی دەکەوێتە ناوێ:

ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ کە کەسان هەن چاڵی بۆ خەڵک لێ دەدەن و پیلانی بۆ دروست دەکەن بەڵام خۆیان دەگرێتەوە و دەکەونە ناوی و بەئاسانی لێی ڕزگار نابن.

١٣- ئەوەی لە هەورازان بنوارێ بە نەوییاندا دەکەوێ:

واتە ئەوەی بە بڵندان بنوارێ دەکەوێتە نەویایی یانی مرۆڤ نابێ زۆر لە خۆی بایی بێت و ئاگای لە خۆی نەمێنێ ئەگینا تووشی گیروگرفتی زۆر دەبێ.

١٤- ئەوەی لە مشکی بێ؛ هەمبانە دڕە:

ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ کەسانێک بچنەوە دوای رەسەنی خۆیان واتە (ویراسە) کاریگەری هەیە بەپێی ئەم پەندە هەروەها دەگوترێ (ئەوەی لە گورگی بێ؛ مەڕخۆرە).

١٥- ئەگەر ئاو پەیدا بوو تەیەمموم بەتاڵە:

یانی ئەگەر شتی رەسەن و راست پەیدا بوو و جێگرەکەی ئەو نرخەی نامێنێ.

١٦- ئەگەر دەوی بگریت بەشوێنێکی تر دێتە جواب:

بۆ کابرایەکی زۆربڵێی بێ مانا بەکار دێت.

١٧- ئەو شینە بۆ حوسێن نییە بۆ هەریسەکەیە:

لە کاتێکدا دێتە گوتن کە یەکێک بۆ یەکێک سینگ بکوتێ بەڵام لە ڕاستیدا تەماعێکی تری تێدا هەبێ.

١٨- ئەگەر بەختت لە کار نەبێ با شیرت هەوران دابینێ:

زۆر وابێ مرۆڤێک کارێکی زۆر گرینگ ئەنجام دەدات بەڵام لەبەرئەوەی بەخت باش نییە کەس باشی بۆ ناڵێ و بۆ یەکی تر حیساب دەکرێ.

١٩- ئەمن دەکەم دەرۆزە خەڵک دەکات قەپۆزە:

یەکێک کارێکی چاک دەکات و یەکی تر کەشخەی پێ لێ دەدات و یەک بێوەژنکۆشی دەکات و ئەوی تریش کەشخەی پێ لێ دەدات.

٢٠- ئەوەی فێڵمان لێ دەکات هێشتان لە زگی دایکی خۆی نەبووە:

ئەمـە بۆ نیشـاندانی هێز و قـوەت دەگـوترێ بەرامبـەر بە دوژمن و ناحـەزانی خـۆیان ئەوەی غەدرمان لێ بکات... هێشتان لە زگی دایکی خۆی نەبووە.

٢١- ئەوەی نەبووە نەگوترایە:

مـەبەست ئەوەیە هـەر شـتێک کە باس دەکرێ و دەکـەوێتـە سـەر زاری خـەڵکی دیار هـەر ئەسـەرێکی هـەیە بۆیە باسـی لێ دەکرێ.

٢٢- ئەگەر بەتەمای سێبەری خڕونکی بێ ڕۆژ دەتسووتێنێ:

خـڕنوک جـۆرە گـیایەکی هـاوینییـە زیـاتر لە دەشـتی هـەولێر و دەوروبـەریشـی هـەیە بەڵام سـێبـەری وای نـابێ خـەڵک لەژێری بحـەوێتەوە ئەمـەش بۆ ئەوە دەگـوترێ هـەندێ کـەس هـەن خــەڵک تەســەوری ئەوەیـان لێ دەکـات کـە لە پـەنای بحـەوێنـەوە بەڵام لەم بابەتەش نین.

٢٣- ئاگر ئەگەر وڵاتی داگرت تەڕ و هیشک دەسووتێنێ:

زۆرجــار وا دەبێ لـەناو ڕووداوێک خــەڵکی بێـتــاوان تـێ دەچێ و ئەمــە لـەو کــاتە دەگوترێ.

٢٤- ئەوەی دەکات دەزانێ ئەوەی هەر دەخوا چزوانێ:

ئەوە بۆ ئەم جـۆرە کـەسـانە دەوترێ کـە هـەر لەســەر حـازرەکین و بەو کـارە تێـدان هیچی پێوە ماندوو نەبووینە و نرخی نازانن.

٢٥- ئەگەر شێخ بوایە دەیانگوت کەرامەتی هەیە:

ئەوە بۆ کابرایەک دەوترێ کە شتی زۆر نادیار و شاراوە هەستی پێ بکات و بزانێ و پاش ماوەیەک وەکی ئەو وتوویەتی وا دەرچێ ئەوجا ئەو مەسەلەیە دەگوترێ.

٢٦- ئەگەر لە دنیا بەهانام نێت لە قیامەتیش لە پشتم ناکات:

مـەبەست ئەوەیە ئەگـەر یەکـێک نەتـوانێ لە دنیـادا خـێر بەیـەکێکـی خـۆی بگـەینێ بێگومان لە ڕۆژی راستدا خێریش هیچی پێ ناکرێ و ناتوانێ خێری پێ بگەینێ.

٢٧- ئەوەی دەترسێ ناخلەسێ:

یانی پیاو دەبێ لە هەموو کار ئەنجامدانێکدا هۆشیاری و ئیحتیات بەکار بهێنێ و بەتایبەتی لە کاری گرینگدا.

٢٨- ئەگەر کەسێک کەسە ئەلفێکی بەسە. یان ئەو کەسەی کەسە ئەلفەکی بەسە. یان «ئەگەر دەرسە حەرفەک بەسە».

واتە بۆ مرۆڤی ژیر و زرەنگ یەک تورکاندن و ئیشارەت بەسە و پێویستی بە زۆرگوتن نییە. بۆ هەڵدانی پیاوی زرەنگ دەگوترێ.

٢٩- ئاسمانیش بە یا الله یا الله راناوەستێ:

یانی دەبێ شت بێ دوودڵی ئەنجام بدرێ و یان مەبەست ئەوەیە بە تەوەکولی نەبێت.

٣٠- ئەوەندە خراپ نەپێچراوەتەوە فێڵی لێ بکرێ:

بۆ پیاوێکی زیرەک دەگوترێ کە دایک و باوکی باشیان پەروەردە کردبێ و کەس نەتوانێ فێڵی لێ بکات.

٣١- ئەمن بەخۆم نوێژ ناکەم بەڵام برایەکم هەیە حەشری پێ دەکات:

ئەوە بۆ یەکێک دەگوترێ کارێکی پێ نەکرێ و خۆی بەبرای وە یا بەخزمێکی هەڵبداتەوە.

٣٢- ئاگری لە ماڵی بەربێت بۆن سۆی لێ نایەت:

موبالەغەیە بۆ یەکێک کە زۆر هەژار بێت و هیچی لە ماڵی نەبێ.

٣٣- ئاو کە پەنگی دایەوە بۆ خۆی رێ دەکات:

ئەوە بۆ ئەوە دەگوترێ کە هێزی زۆر دەرمانی گیروگرفتە و دەتوانێ هەر چییەک بیەوێ بیکات.

٣٤- ئاش ئەگەر لە بنەوانی خراپ نەبێ چاککردنی ئاسانە:
واتە هەموو شتێک ئەگەر لە بنەوان و سەرچاوە بۆگەن و خراپ نەبێ چارەسەرکردنی ئاسانە.

٣٥- ئەگەر کابرا دەستی لە هی باوکی بەربوو بەهی دایکی ناگەڕێتەوە:
واتە ئەگەر مرۆڤ هێزی بنەڕەتی و ئەساسیی لە دەست دا بە هێزی لاوەکی ناگەڕێتەوە.

٣٦- ئەوەی گا دەیکات گا نایخوات، یان گا کردی کەر خواردی:
مەرج نییە مرۆڤ کار بکات خۆی بەری بخوات بگرە خەڵکی تر سوودی وەردەگری.

٣٧- ئەگەر بووی بە ڕێوی سەری کاڵەکم بخۆ:
ئەوە بۆ لووت شکاندنی هەندێ کەس دەگوترێ یانی کابرا وا خەیاڵ دەکات بەهۆی ئەوەی لە دوارۆژ دەسەڵاتی دەبێ و ئازار دەدات و ئەویش دەڵێ ئەگەر بووی بە ڕێوی سەری پێڵاوی چەرمم بخۆ.

٣٨- ئیشی شەوێ شتەکی پێ دەوێ:
واتە زۆرجار وا دەبێ شەو قسە دەکرێ کە بەیانی فلان کار دەکەم و بەیانی لە بیرکراوە وە یا ڕووداوێک ڕووی داوە جا ئەمە وتراوە.

٣٩- ئەو ترشە بە چ ترشان ناچێ:
واتە لە کاتێکدا دەگوترێ کە ڕووداوێکی گەورە ڕوو بدات و یەکێکیش زۆر بەئاسانی نیشان بدات و ئەوەی تریش بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە.

٤٠- ئەو دۆیە قابیلی ئەو دۆدانەیە:
یانی ئەم دوو کەسە وە یا ئەم دوو شتە لەگەڵ یەک ئاوکوفن و زیاتر لە حاڵەتی کە ژنێکی ناشیرین وە یان خراپ پیاوێکی وەکی خۆی بێ ئەمە دەگوترێ.

٤١- ئەگەر مانگا بە دۆ دەبوو لە بەردەرگەی خۆی دەبوو:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە کابرایەک خەریکی شتێکی کابرایەکی تر بێت بۆ خۆی ببات وە یا واستە و واستەکاریشی بۆ بکات کەچی ئەو شتە شایستەی ئەوە نەبێ ئەم پەندە دەگوترێ.

٤٢- ئەو نم نمەی بارانە چاوی باوکتی کوێرە کردووە:

جووتیارێک کە خاوەن دەغڵ دەبێ و هەڵی دەگرێ بۆ کاتی گرانی دوای ئەوە باران دەباری و بەکوڕەکەی ئەم قسە دەڵێ و ئێستاش بۆ ئەو کەسانە دەگوترێ کە هەندێ ڕووداو ببێ و بە دڵی خەڵکی تر نەبێ و ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

٤٣- ئەو باوکەی مرد و جارێکی تر ناگەڕێتەوە:

هەروەها دەگوترێ وا دەزانی مەلیک نەمردووە یانی یەکێک وا تێ بگات کە ڕۆژگار هەر وەکی خۆیەتی و دنیا نەگۆڕاوە و وا دەزانێ لە قازانجی وییە کەچی واش نییە.

٤٤- ئاو بەدوای زۆریدا دەڕوات:

واتە هێز و توانا ڕووی شت بۆ لای خۆی دەکێشێ و کاریگەر دەبێ لەسەری.

٤٥- ئاش بە ئاو دەگەڕێ نەوەک بە خوان:

واتە هەموو شت ئامراز و هۆی خۆی دەوێ بۆ بەڕێکردن و بەکارخستنی وەک ئەوە ئاش بە ئاو دەگەڕا و ئێستاش بەهۆی تریش دەگەڕێ.

٤٦- ئاوی زۆرداری سەرهەوراز دەڕوات:

ئەگەر یەکێک زۆردار بوو قسەی ئەو سەر دەکەوێ.

٤٧- ئەمن لە بانان دەبەزم سمێڵی پیاوم دەگەزم:

واتە ئافرەت لەلای مێردی خۆی خۆی خۆشەویست دەکات بەکارکردن و ڕەوشتی بەرز.

٤٨- ئەگەر خوا دای هەر بنوو ئەگەر خوا بردی هەر بنوو:

مەبەست ئەوەیە زۆرجار کابرایەک زۆر ماندوو دەبێ و هیچی دەست ناکەوێ و هەشە لەم گۆڕەوە بێ ماندووبوون شتی دەست دەکەوێ و ئەم مەسەلەیە ئەوە دەگەینێ نەوەک مانای وابێ کردە و نەکردە وەکی یەکن.

٤٩- ئەگەر راستی بڵێی کڵاوت دەپەڕی:

یانی هەندێ جار واتە مرۆڤ لە ئەنجامی راست گوتن بەتایبەتی لە هەندێ لا و کۆمەڵگە تووشی بەڵا و گیروگرفت دەبێ.

٥٠- ئەوەندە قۆڕە بەدوای خۆیدا دەکێشێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە نزمی و هیچ و پووچیی ئەوەندە زۆر بێ لە قۆڕ خراتری لێ بەسەر هاتبێ.

٥١- ئیشی کەس نەکردە قەت مەکە:

مەبەست ئەوەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی دەبێ مرۆڤ زیاتر هەوڵ بدات لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆی بگونجێ و کاری ناحەز نەکات.

٥٢- ئەوەی هەر چەنگە مووەکی بەسەریەوە بێ بەژن حیسابی ناکرێ:

ژن ئەوەیە ڕەوشت بەرز بێ و کارکردە بێ نەوەک تەنیا مووی بەسەریەوە بێ و ڕەنگ و ڕووی ڕێکوپێک بێ.

٥٣- ئێرانم کرد تورانم کرد کەس وەکی تۆم پەیدا نەکرد:

زیاتر ئەوە بۆ ئەوە دەگوترێ برادەرێکی زۆر چاکی هەبێ و بۆ برادەرەکەی خۆی زۆر کاری باشی کردبێ و ئەمەی دەرهەقی دەڵێ.

٥٤- ئەوەی ڕای لە خۆی نەبێ بەردێک لە ئاسمان دێ بەسەری دەکەوێ:

واتە هەموو کەس ڕای لە خۆیە و کەس نییە خۆی بەبێ کەڵک بزانێ و لە کاتێکدا دەگوترێ کە یەکێک زۆر ڕای لە خۆی بێ و شایستەی نەبێ جا ئەمەی بۆ دەڵێن.

٥٥- ئەگەر فیل هەبێ کەرکەدەنیش هەیە:

واتە پیــاوێک زۆر خــۆی بە ئازا دەزانـێ و یەکی تر ئـەمــەی پێ دەڵـێ بێگومــان هەرچەندە پیاوی ئازا هەبێ لەوی ئازاتر هەیە.

٥٦- ئەوەی پیرێکی نەبێ پوولێکی ناینێ:

مـەبەست ئەوەیـە ژن و پیـاوی پیـر تاقیکردنەوە و بەسـەرهاتیـان زۆرە و پێـویستـە گوێ لە ئـامـۆژگـارییـەکانیـان بـگرن و ئەوەی وا نەکات بێـگومـان لە ژیانیـدا زیاندار دەبێ.

٥٧- ئیشی دەستان مەکە هی ددانان:

واتە بۆ هەر کـارێک ئامـراز و پێـویستـی تایبـەتیی خـۆی هەیە و دەبێ لە جـێگەی خۆی بەکار بێت و تێکەڵی یەک نەکرێن.

٥٨- ئەگەر لە کانییەک ئاوت خواردەوە بەردی تێ ماوێ:

واتە مـرۆڤ دەبێ بەنمەک و وەفـادار بێت و ئەگـەر یەکێـک چاکەی لەگەڵ کـرد نابێ خراپەی لەگەڵ بکات و ئەگەر بۆی کرا چاکەشـی بداتەوە و لەم بابەتە پەندی زۆرمان هەیە.

٥٩- ئەوە ئەرز و ئەوە گەز:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە خۆی هەڵدەکێشێ و ئەم مەسەلەی بۆ دەگوترێ یانی ئەگەر توانات هەیە مەوەستە بەڵام تواناشی نییە و بێژەر بێ منەتی دەکات.

٦٠- ئەوەی دەست لە زۆر کونان وەربدات مار بە دەستییەوە دەدات:

واتە ئـەوەی هەلپـەرست و ڕاڕا بێت ڕۆژێک هەر تێ دەچـێ و پێـویســتــە مـرۆڤ هەمیشە یەک ڕێ و خاوەن بیروباوەڕ بێ.

٦١- ئەوەی لە گورگی بێ هەر گورگە:

هەروەک لەوەوپێش باسمان کرد رەسەنی واتە (ویراسە) تەئسیری خۆی هەیە.

٦٢- ئەو هەوارە بەڵام نە ئەو بوارە:

بۆ جۆرە کەسانێک دەگوترێ ئاگای لێ نەبێ کە دنیا گۆڕاوە وەک ئەو زەمانی کە ئەو دەسەڵاتدار بوو وا نەماوە بەڵام ئەو کابرایە بەتەواوی ئاگەداری وەزعەکە نەبێ

٦٣- ئەوەی سمێڵی سۆر بێ هەمزە ئاغا نییە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە هەندێ قیاس و نیشانە دابندرێ بۆ ناسینی خەڵک بەڵام واش نەبێ.

٦٤- ئەگەر فێڵت لێ کردم خوا بتگرێ ئەگەر جارێکی تر فێڵت لێ کردم خوا خۆم بگرێ:

یانی بۆ جاری یەکەم تووشی هەڵە ببی یان فێڵت لێ بکرێ بە گوناهێکی گەورە حیساب ناکرێ بەڵام بۆ جاری دووەم فێڵت لێ بکەن و خۆت بەهەڵە ببەیت تاوانێکی گەورەیە و هەقە لێپرسینەوەت لەسەر هەبێ چونکە تاقیکردنەوە و بەسەرهاتت دیوە.

٦٥- ئەوەی کەرێکی نەبێ کەرێکی ناینی:

مەبەست ئەوەیە پێویستییەکانی ژیانی خۆت و کۆمەڵ چییە دەبێ ئامادە بکرێت هەروەک کاتی خۆی گوێدرێژ بۆ خەڵک بۆ ئیشوکار زۆر گرینگ بووە و ئەگەر پیاوێک نەیبوایە مانای ئەوە بوو زۆر بەکەمیان حیساب دەکرد واتە بۆ پیاوی تەمبەڵ بەکار دێت.

٦٦- ئەوەی بەرۆخ کورەی تێ پەڕێ پڕوشکی پێ دەپەڕێ:

واتە ئەوەی لە نزیک گێروگرفت و نارێکیدا بژیت بێگومان ئەویش لەو کەموکورتییانە بێبەش نابێ و ڕیشی تێ دەئاڵێ و دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات.

٦٧- ئاش لە خەیاڵێکی و ئاشەوان لە خەیاڵێکی تر:

واتە هەر کەس بۆ ئامانجی خۆی رادەکێشێ و هەر کەسێک خەباتی تایبەتی خۆی

هەیە لە ژیانی و بەو گوێرەیە هەنگاوی بۆ دەهاوێژێ و زۆر وایە کەس ئاگای لەناو دڵی ئەوی تر نییە و وا دەزانێ دەردی ئەویش وەک دەردی ئەوە کەچی وا نییە.

٦٨- ئاسنی سارده کوت مەکە، یان دەگوترێ ئاسنی سارده کوت دەکات:

یانی ئەگەر شتێک شیاوی کردن نەبوو و لەوانە بوو بکرێت پێویست ناکات زۆر پێگیریی لەسەر بکرێت.

٦٩- ئەگەر زانیت ئەزم ئەگەر نەتزانی دزم:

بۆ یەکێک دەگوترێ نیازی کارێکی خراپی هەبێ بەرامبەر بە ناسیاوێک و دەیەوێ بە دزی بیکات و ئەگەر ئاشکراش بوو ئەوا بیانوویەکی تر دەدۆزێتەوە و ناهێنێتە سەر خۆی کە بۆ کارە خراپەکەی هاتووە.

٧٠- ئەوەی بە کڵاوی سوور کە کردم بە پیری تێ هاتەوە:

بۆ یەکێک دەکرێ کە لە کاتی لاوێتی زۆر خۆی بە کارێک ماندوو کرد و بەڵام لە کاتی پیری لە دەستی دەچێ.

٧١- ئەگەر کەڵەشێریش نەبێ ڕۆژ دەبێتەوە:

مەبەست ئەوەیە دەتەوێ بچیتە جێگەیەک و ئەگەر ماشینیش نەبێ دەتوانێ بە پێ بۆی بچی یانی هەندێ کار هەیە بەهۆی هەندێ شت ئاسانترە بکرێت بەڵام ئەگەر نەشبێ هەر ئیمکانە بەهۆیەکی تر بکرێت وە مانایەکی تریش هەیە کە هەندێ شت ڕوون و ئاشکرایە پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە.

٧٢- ئادەمیزاد لە دین دەبێ بەڵام لە خوێن نابێ:

واتە ئیمکان مرۆڤ واز لە دینی خۆی بهێنێ بەڵام وازهێنان لە قەوم و هۆز کارێکی ئاسان نییە و ئەمەمان فێر دەکات کە پیاو دەبێ بۆ گەل و وڵاتی خۆی هەمیشە دڵسۆز و لێبڕا بێ.

٧٣- ئاخ چی بکەم بۆ بەڵمە برنجەکەی شارەزوور:

ئەمەش بۆ ئەوان دەگوترێ کە لە وڵات وە یا لە ناوچەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ هەرچەندە جێگەی تازەش خۆشتر بێ چونکە وڵات لەلای مرۆڤ لە هەموو شتێک خۆشەویسترە.

٧٤- ئەوە خەتی مێردان و ئەوەش خەتی ژنان:

ئەوە وەکی دەڵێ ئەمە ئەرز و ئەمە گەز واتە بۆ ئازایی و نائازایی زیاتر بەکار دێت و ئەمەش دەگەیەنێ کە کاتی خۆی ژنان لە شەڕ بەشداریان کردووە وە لە خەتی دووەمی شەڕ بووینە بۆ دابینکردنی زۆر شت.

٧٥- ئاو و ئاوەدانی:

مەبەست ئەوەیە لە هەر جێگەیەک ئاو هەبێ ئاوەدانی دروست دەبێ و ئەگەر لە ئاو نەبووبی لە زەمانی کۆن ئاوەدانی لێ دروست نابوو بەڵام ئێستا دەتوانن پڕۆژەی ئاوی بۆ ببەن یانی ئاو هۆیەکی بنەڕەتییە بۆ ئاوەدانی و ژیانی مرۆڤایەتی.

٧٦- ئاو لە دوای ئاوەدانی دەچێت:

ئەگەر یەکێک ئاوی زۆری بخواتەوە دیارە خواردنی زۆر باشی خواردووە و جا ئەم مەسەلەی بۆ دەڵێن.

٧٧- ئاویان لە ماڵی وەرکرد:

یانی ماڵیان تاڵان کرد و پەڕە تیرێکیان بۆ نەهێشت.

٧٨- ئارەقەی ڕەش و شینی پێوە نەکردییە:

بۆ یەکێک دەڵێن کە ماڵێکی موفت و بەلاشی دەست کەوتبێ و بەپای پیلان خەرجی بکات و زگی پێ نەسووتێ و ئەمە قسەیە دەکەن لەبارەیەوە.

٧٩- ئاوی زۆرداری سەر هەوراز دەڕوات:

یانی پیاوی زۆردار هەرچی بڵێ و هەرچی بکات بەباشی بۆی حیساب دەکرێ و کەس نییە بەر لموزی بگرێت.

٨٠- ئاردی جەواڵمان خواردووە و ئاردی هەمبانەی ماوە:

ئەمە بۆ یەکێک دەگوترێ عومری زیاتر کردبێ و تەمەنی کەمی مابێ وەک ئەوەی نائومێدی لە ژیانی پێشان بدات.

٨١- ئەوە پشتی من و ئەوەش داری تۆ:

یەکێکی بچووک بۆ لە خۆی گەورەتر بەکاری دەهێنن یانی تۆ گەورەی و من خاوەنی هیچ نیم و هەتا دەتوانی بە داران پشتم بشکێنێ و زیاتر بۆ ملکەچی و تەوازووع دەگوترێ.

٨٢- ئەگەر گرانیشم ناکەیت سووکم مەکە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە پیاوێک هەقی ڕێزی هەبێ و ڕێزی لێ نەگیرێ و بەڵکەم بە چاوی سووک تەماشای بکرێ جا ئەم قسەیە دێتە گوتن یان دەگوترێ (ئەگەر گرانم ناکەیت هەرزانیشم مەکە).

٨٣- دەتکرد لێرەت بکردایە وە ئەوەی لێرەی دەکەیت لە ماڵی بابت بتکردایە:

ئەمە زیاتر بۆ ژنان دەگوترێ مەبەست ئەوەیە هەر کارێک لە کات و ساتی خۆی بکرێت.

٨٤- ئەگەر هەر وا بێتێ چ کوچکان ڕەش ناکات:

بۆ جۆرە کەسێک دەگوترێ کاری بەد بکەن و لە ئەنجامدا هێمنی و ئاسایش و دابینبوون بە خۆیان نابینن.

٨٥- ئەوەی بەتەمای تۆ بێت کەشکی لێ دەبێتە فریک:

ئەوەی بەتەمای جۆرە کەسێک بێت کە خەمسارد و بێ موبالات و لاسار کارەکەی بۆ ئەنجام بدەن کەشکی دووبارە لێ دەبێتە فریک و تەڕە کەشک واتە نابێ کاری خۆت بە تەمای کەسانی کەمتەرخەم و ساردوسڕ بسپێریت.

٨٦- ئەگەر نەبڕی چارە خەنجەر دەبێتە گوپاڵە:

واتە مرۆڤ ئەگەر چارەڕەش و بەدبەخت بوو هەتا خەنجەری کەرمان و دەبانیش دەبێتە گۆپاڵ و دەچەمێتەوە و خەیار و کودیی تەڕیش بە چاکی نابڕێ.

٨٧- ئەگەر شێر لە بێشە نەما ڕێوی و چەقەڵ دەکەن سەما:

واتە خەڵکی هیچ و پووچ و ناکەس بەچە ئەگەر ڕۆژێک دەستیان بوو و لە جێگەی پیاوی گەورە و چاک و لێهاتوو دانیشتن ئیتر خوا بەخۆی دەزانێ چ دەکەن و چی دەقەومێ و چی دەبێژن و چی دەڕێژن.

٨٨- ئەوەی لەگەڵ بووکێ نەبێ لەگەڵ بەربووکێ نابێ:

ئەوەی لەگەڵ حازر نەبێ و بە دوا کەوت، گیرۆدە و ئافاتی بۆ پەیدا دەبێ و لەناو دەچێ.

٨٩- ئەولام تات و ئەملام تات وەی بابە جیپڵقاوم دەرهات:

یانی کە لووتی و دەردی زۆر هەموو لایەی لێ کۆ بووەوە و لەو ئەنجامەدا لەژێریان پلیقایەوە بە کورتی یەکێک کە لە زۆر لاوە توندی و پاڵەپەستۆی بۆ بێت ئەم وتەیە دەگوترێ.

٩٠- ئەقڵی ژنان لە کۆشیاندایە:

واتە زانین و هۆشیاریی ئافرەت بەتایبەتی ئافرەتی کورد زۆر بەداخەوە لەناو کۆشیاندایە و تێپەڕ نابێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆی بنەڕەتی کە لێرە ناتوانم باسی بکەم.

٩١- ئاوی زۆر ئاوی کەم دەبات:

هەروەک دەگوترێ ئەگەر زۆر هات قەواڵە بەتاڵە یانی هەرکەس وە یا هەر کۆمەڵ و لایەک و پارت و هێز و توانای زۆری هەبێ لایەنەکەی تر دەبەزێنێ جا بەهەر شێوەیەک بێت.

٩٢- ئاو و ئاگر لە کەس نەبن حازر:

مەبەست ئەوەیە لافاو و لێشاوی ئاو کە هەڵسا زیانی زۆر بەخەڵک دەگەیەنێ وە هەروەها ئەگەر ئاگر بەربووە ماڵ و مەزرای هەر کەسێک زیانی زۆری پێ دەکەوێ بۆیە وایان وتووە.

٩٣- ئەگەر سوار چووە ڕاوێ تاژی و تووله دێنە سەمایێ:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر پیاوی گەورە ماوە بدات دەستوپێوەند دنیا تێکوپێک دەدەن و لە تاژی و تووله خراپتر دەکەن لەم بابەتە بە هەزاران مەسەلە و وێنە هەیە.

٩٤- ئەگەر بە تەمای جیرانان بیت بێ شیو سەر دەنێیتەوە:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر بە دەست و قامی خۆت کاری خۆت ئەنجام نەدەیت دۆت لەناو تازی بۆگەن دەبێ بەڕاستی هیچ زگی برسی بەهیوای خەڵکی تر تێر نابێ.

٩٥- ئەوەی دایکی لێی ڕازی بێ بەپێڵاوەوە دەچێتە بەهەشتێ:

دەبێ هەمـوو کەس دایک و باوکی لێی ڕازی بێ بەتایبەتی دایک چونکە ئەجری دایک لەسەر منداڵانی زیاترە.

٩٦- ئاو لە سەروچاوەی شێلو نەبێ زوو ڕوون دەبێتەوە:

هەمـوو کـارێک وە یا هەمـوو شـتـێک ئەگـەر لە بنج و بنەوانی خـراپ نەبوو چارەکردنی ئاسانە بەڵام ئەگەر سەرچاوە لێل و قوڕاو بوو پاکبوونەوەی ئاسان نییە.

٩٧- ئەو ماستە موویەکی تێدایە: ئەو ماستە بێ موو نییە:

ئەوە لە کاتێک دەگوترێ کە بەڕواڵەت کارێک بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە نیشان بدرێ بەڵام لەم کابرایەش دەوەشـێـتـەوە و گـومـانی شـتـی تری لێ بکرێت ئەم وتە دەگوترێ.

٩٨- دەرەکی هاتن بەرەکییان دەرکرد:

واتە خـاوەنی زەویوزار لەلایەن خـەڵکی تری لابەلا دەربکرێن و پوش و پاوان و مەزاریان داگیر بکرێت.

٩٩- ئەو هاوسێی حوشترەوانی بێ دەبێ سەردەرەی دەرگەی بڵند بکات:
ئامانج ئەوەیە ئەگەر پیاو کەوتە ناو گێژەڵووکە و گەردەلوولەی کۆسپ و تەگەران پێویستە پێشی خۆی فراوان و درێژ بکات و بە ئاسانی هەراسان نەبێت.

١٠٠- ئەو قەسپەی تۆ خواردووتە ناوکەکەی لە گیرفانی منە:
بۆ یەکێک دەگوترێ بیەوێ فێڵ لە یەکی تر بکات و وای پێ نیشان دەدات کە فێڵەکەی دەزانێ.

١٠١- ئەوەی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە:
مرۆڤ ئەگەر ئارامی گرت تووشی خۆشی دەبێ واتە ئارامگرتن پێویستە.

١٠٢- ئەوەی لە شەڕی نەبێ شیری تیژە:
واتە مامناوەندی دڵیان خۆشە و لە خۆیانەوە قسەی زل دەکەن و دەرد و مەشاکیل شەڕکەرەکە نازانن و هەریەکە بۆ خۆی تیرێکی لە شێنەیی داوێ.

١٠٣- ئەگەر قسەی باش نازانی قسەی خراپیش مەکە:
واتە مرۆڤ بۆ دۆست و برادەری خۆی دەبێ قسەی چاک بکات و ئەگەر ئەوەی پێ نەکرا باشتر وایە بێدەنگی ڕەچاو بکات و ئەمە زیاتر ئەوەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ زارپاک و گوفتارچاک بێ.

١٠٤- ئەو جارەش لە مەنجەڵ گەڕایەوە:
مرۆڤێک تووشی نەخۆشییەکی پڕ مەترسی بێ وە یا تووشی کارەساتێکی گەورە بێ و بە جرەجڕ لێی ڕزگار بێ ئەمە بەکار دێت.

١٠٥- ئەگەر لە دەستی بێت مردی و زندییەکی پێکەوە لە قەبری دەنێ:
بۆ کابرایەکی بێدەسەڵاتی بە دڵ و گیان زۆر زاڵم و زۆردار بێ بەکار دێت. واتە لە قسەکان و ڕەوشتی ڕۆژانەی دەردەکەوێ کە وایە و ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٠٦- ئەگەر نێری نەمان بە گیسکان دەڵێن بولوم باس:

یانی ئەگەر پیاوی دلێر و قارەمان لە کۆڕێکدا نەمان بە کەسانی ترسنۆک و بێکەڵک دەڵێن شیری زمانە.

١٠٧- ئەگەر سەرکردەی شێران بزن بێ هەر بە بزن حساب دەکرێن:

یانی هەر هێز و لەشکر و میللەت و چی هەبێ سەرکردەیان چۆن بێ خەڵکەکە وا دەبێ هەروەک وتراوە (الناس على دين ملوكهم).

١٠٨- ئەگەر گەڕاپێچە هات قەلقەلاشک زۆرن:

مەبەست ئەوەیە کە هێز هات خەڵکی بێکەڵک و ترسنۆک لە دەوری کۆ دەبنەوە و لەلایەکی تر مانایەکی تر هەیە کە لە ڕۆژی تەنگانە مەشاکیل زۆرە.

١٠٩- ئیشی حەواڵە بەر گەواڵەکردنی بە تاڵە:

یانی هەموو جۆرە کارێک بە تەمای ئەم و ئەو سوودی نابێ و دەبێ لە ڕێگەی ڕێکخستن دیارکردنی لێپرسراو بکرێت وە یا کابرای خۆی بیکات.

١١٠- ئیشکەرت بمرێ تەگبیرکەرت نەمرێ:

واتە بۆ عائیلەیەک وە یا بۆ میللەتێک وە یا بۆ کار و دەزگایەک زانا و پسپۆڕ و دنیادیتە زۆر گرینگترە لە ئیشکەرێک وە یا چەند ئیشکەر لەناوبچن بۆیە پێویستە بایەخ بە زانا و پسپۆڕ و تەگبیرکەر بدرێ.

١١١- ئینسان یەکجار بە دۆی دەڵی ترشە:

زۆر جوینەوە و دووبارەکردنەوەی قسە باش نییە.

١١٢- ئەگەر چوویتە شاری کۆران ئەتۆش چاوی خۆت ببەستەوە:

یان ئەگەر چوویتە جێگەیەک خەڵک چاوی خۆی گرێ دابوو تۆش گرێ بدە. مەبەست ئەوەیە مرۆڤ کە چووە ناو هەر میللەت و کۆمەڵگەیەک دەبێ زیاتر هەوڵ بدات خۆی وەکی ئەوان ڕابهێنێ هەتا ئەگەر چاوبەستنەوەش بێت کە شتی وا

ئەستەمە وە یا ناکرێ.

١١٣- ئاشیش بە نۆبەتە:

واتە دەبێ کە هەموو شت بە نۆبەت بێت و ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی تێدا هەبێ و دژی ئاژاوە و بەرەڵڵایی بوەستین.

١١٤- ئاغای وتووە هەڵڵایە:

بۆ کەسانێک دەگوترێ لەو ئیشوکارەی تێدان ئاگەدار نەبن و نەزانن چ خەبەرە و هەر بەگەل هەڵڵای کەوتبن کە لەم زەمانەش شتی وا زۆرە.

١١٥- ئەگەر هیچ نەبێ بەشی منیش کلکە ملاکێک دەبێ:

ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ کە کابرایەکی بێ توانا خۆی لەبەر کارێک ڕابکات و پێی دەڵێن ناتوانی جا ئەم قسەیە دەکات.

١١٦- ئای فیلەتەن تەڕ دنیات بە فشە بردە سەری:

کابرایەک لە کارێکدا وا بزانێ کە کاری چاکی کردووە بەڵام واش نەبێ ئەم مەسەلەی بۆ دەبێژرێ.

١١٧- ئەمن دەڵێم نێرە ئەویش دەڵێ بدۆشە:

لە کاتێکدا دێتە پێش کەوا یەکێک سوور بێت لەسەر کارێک و بەڕاستی بزانێ و کەچی بە پێچەوانە بێ، ئەم پەندە دێتە کایەوە.

١١٨- ئەوەی لەبن بەڕێ با بێتە سەر بەڕێ:

کارێکی نهێنی و شاراوە هەیە لە نێوان دوو کەسان و کێشەیان دەبێ و لە ئەنجامدا یەکیان دەڵێ با ئەوەی لەبن بەڕێ با بێتە سەر بەڕێ.

١١٩- ئەگەر بە کەفەڵی سپی نەگەڕێتەوە بە دەسکە پووشیش ناگەڕێتەوە:

یانی بەربەستی شتی قورس و گران بە هێز و قوەتی ئەساسی نەگەڕایەوە بە

قوەتێکی بچووک ناگەڕێتەوە بەجۆرێکی تریش ئەم پەندە گوتراوە (ئەسپ بە کەفەلی سپی نەگیرایەوە جا نۆرەی دەسکە پووشییە.

١٢٠- ئەگەر کەر نەچووە بەر باری باری ببە بۆ لای کەرێ:

یانی ئەگەر یەکێک بە دوای تۆ نەهات تۆ بۆ لای ئەو بچۆ و ماناش وایە ئەم کابرایە نەزانە تۆ زاناتری دەبێ تۆ باڵ قووڵتر بیت و ئەوە مرۆڤ فێرە سیاسەت دەکات.

١٢١- ئەوەی لە دارکەری هەڵدەکەوێ لە ڕاوکەری هەڵناکەوێ:

مەبەست ئەوەیە دەرفەت بۆ هەندێ کەس هەڵدەکەوێ بەڵام شایستەی ئەم شتە نییە و لە دەستی دەدات و ئەگەر بۆ یەکی تر هەڵکەوێ دەیقۆزێتەوە بەڵام بۆ ئەو ئەم دەرفەتە هەڵناکەوێ.

١٢٢- ئەگەر مەلا لە جێگەیەک نەبوو بە کەڵەبابی دەڵێن بوولقاسم:

یانی پیاو بەناچاری بەدوای هەندێ شت دەکەوێ و ئەگەرنا خۆشی دەزانی لە جێگەی خۆی نییە وەک ئەوەی کابرایەک کارێک دەگرێتە دەست و شیاوی ئەم کارەش نییە و بە ناچاری دەبێ بۆی مۆر بکەیت و بەدوای بکەویت.

١٢٣- ئەگەر بایە و ئەگەر بارانە هەر لە عومری بەفری کەم دەکاتەوە:

زۆرجار وا بێ لە زۆر لاوە دەرد و بەڵا و گیروگرفت ڕوو لە کابرایەک دەکەن و بەرەو نەمانی دەبەن و ئەویش دەڵێ ئەگەر بایە و ئەگەر بارانە... یانی بۆ مرۆڤ دەرد و بەڵا و دوژمن زۆرن هەروەک بۆ بەفر دەردی زۆر هەن بۆ تاوانەوەی وەک با و باران و ڕۆژ.

١٢٤- ئەوەی بە گەورەیی فێرە پڵاوخواردن بێ دەستی بۆ چاوی دەبات:

مەبەست ئەوەیە کابرایەک لە پێش خۆی دەردەچێ و بەتایبەتی بە گەورەیی فێری هەندێ شت دەبێ و فیزی سەیر سەیر لێ دەدات و لێشی ناوەشێتەوە.

١٢٥– ئاشی نەزانان خوا دەیگێڕێ:

مەبەست ئەوەیە زۆرجار پیاوی نەزان و نەشارەزا کارەکەی بەڕێکی بۆ دروست دەبێ بەڵام کابرا زیاتر پیاوێکی چاک و دڵپاکە و خواوراستان کارەکەی بەدڵی خۆی بۆ دێت.

١٢٦– ئەگەر چۆلەکەیەک دوژمنت بوو دەبێ حسابی بۆ بکەیت: یان (دەگوترێ دوعای بکە کێشکەیەک دوژمنت نەبێ).

پێویستە مرۆڤ دوژمنی هەر چەندی بچکۆلەش دەبێ حسابی بۆ بکە ئەگەرنا ئەو دوژمن و ناحەزەی دەرفەتی لێ وەردەگرێ و تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە وە یا زیانی پێ دەگەیەنێ وە یا پیاو ئەگەر دوژمنی نەبێ دەها باشتر.

١٢٧– ئەسپی لە کلکیدا لغاو دەکات:

مەبەست ئەوەیە کابرا کارەکەی بە بەرەواژی بکات.

١٢٨– ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە:

یانی زۆر خەڵک هەیە هەردەم دەیانەوێ هاوبەشیی دەرد و مەشاکیلی دۆست و هەڤالانی خۆیان ناکەن و خۆیان دوور دەگرن و لە ڕاستیی هەموو گیروگرفتی کۆمەڵ چەچە بڤە دەوەستن.

١٢٩– ئەگەر بەردیش لە ئاسمان بباریێ بەسەر ئەو هەر دەکەوێ:

بۆ کەسانی بێ شانس و بێ چارە و بەخت ڕەش دەگوترێ.

١٣٠– ئاو ڕژان ڕووناکییە:

پێشان ئاو ڕژابوایە ئەوەیان دەگوت و زۆرجاریش لە ئاستی هەندێ بەلا ئاویان دەرژاند بە نیازی ئەوە کە نیشانەی ڕووناکییە.

١٣١– ئەگەر خوا دای سەی بەردەرگەشت دڕ دەبێ و ئەگەر خوا بردی سەی بەردەرگەشت خۆڕی دەبێ:

یانی ئەگەر بۆت هات و کارت لەبار و سوار بوو ئەوە لە هەموو لایەکەوە باشت بۆ دێ هەتا سەگی بەردەرگەش شانسەکە دەگرێتەوە.

١٣٢- ئەگەر خوا بدات لە خەتێک دەدات:

بۆ جووت و کشتوکاڵ بەکار دێت و شانس دەوری خۆی هەیە.

١٣٣- ئەگەر خوا بەختت بداتێ تەختیش هەر دەبێ:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر بەخت لە کار بوو خوا تەخت و سەرا و هەموو جۆرە شتێکت بۆ دابین دەکات.

١٣٤- ئەتۆ نەکەی و خوا بتداتێ:

یانی خۆش ئەوەیە تۆ ناکەیت و خەڵکی تر دەیکات بۆ تۆ حساب دەکرێ.

١٣٥- ئەوەی سەهوو ناکات هەر خوایە:

مەبەست ئەوەیە مرۆڤ هەڵە دەکات و نابێ لەسەر هەڵە ڕەخنەی لێ بگیرێ وە یا حسابی لەگەڵ بکرێ.

١٣٦- ئەگەر کراسێکی بە پیسی دڕاند با سەدی بە خاوێنی بدڕێنێ:

مەبەست ئەوەیە پیاو ئەگەر خراپەیەکی کرد و لەکەیەکی بۆ دروست بوو وەک قیری ڕەش بە کەوای سپی لێ نابێتەوە با سەد چاکەی تر بکات خەڵک هەر باسی خراپەکەی دەکەن و چاکەکەی لە بەرچاو نییە.

١٣٧- ئەگەر بە ریشی بوایە نێری دەبوو بە سەردار:

مەبەست ئەوەیە مەزاهیر شتێک نییە و گرینگ ناوەڕۆک و جەوهەری مرۆڤە.

١٣٨- ئای ئای سەیرە قالۆچەش تەیرە:

زۆرجار وا دەبێ بۆ هەندێ کەس هەندێ پایە و پلەی نەگونجاو لەگەڵ قابیلەتی هەڵدەکەوێ و جێگەی سەرسوڕمان دەبێ وەک ئەم قسەیە چونکە قالۆچە شتێکی

سەیرە و پیسە و لێی ناوەشێتەوە بفڕێ.

١٣٩- ئەهلی پاری ناچێتە هاری:
یانی ئەوەی هەیەتی هاوکاری نەبوونی ناکات.

١٤٠- ئەگەر قەڵەڕەش ڕێ نیشاندەر بێ گەورە هەر دەربەدەر دەبێ:
واتە دەلیل وە ڕێ نیشاندەری مرۆڤ دەبێ کەسانی چاک بن ئەگەرنا پیاوی خراپ و بێ کەڵک ڕێنوێنی بکەن بەشی پیاوی گەورە و ڕێبەر هەر تێچوون و ماڵوێرانی دەبێ واتە دەبێ ئیعتیماد بخرێتە سەر پیاوی چاک.

١٤١- ئەگەر بزن هاتە مردن چەقۆشی بۆ زۆر دەبن:
واتە ئەگەر گلۆڵەت کەوتە لێژی کەس چاکت بۆ نابێژێ و لە هەموو لایەکەوە تیر و توانج زۆرتر دەبێ.

١٤٢- ئەگەر ماڵت بوو کەس ناپرسێ کوڕی کێیت ئەتو:
واتە پیاوی پوولدار و هەبووی کەس لە ئەسڵ و فەسڵی ناپرسێ و هەموو نەنگی و کەموکوڕیی کە هەیتی پێی دادەپۆشرێ.

١٤٣- ئەگەر ئاش هاتە گوڕان یان ئاوی لێ ببڕە یان پێی بدە دان:
یانی هەر شتێک لە جێگەی ئەنجام بدرێ.

١٤٤- ئەوجارەش کفنی دڕاند:
بۆ یەکێک دەگوترێ بە جرەجڕ لە کوشتن وە یا مردن ڕزگاری بێت.

١٤٥- ئەمن ئەزم هەڵدەبەزم:
بۆ یەکێک گوتراوە کە لە خۆی ڕازی بێ.

١٤٦- ئەگەر کردت نان و نمەکی لەگەڵی مەکە بێ نمەکی:
واتە مرۆڤی پاک و پیاو ئەگەر یەکێک نانی پێ داوە یا چاکەی لەگەڵ کرد نابێ لە

بیری بکات و دەبێ بەرامبەری وەفادار بێ.

١٤٧– ئادار مەشکە لە دار لێرە یان لە شنگار:

یانی لە مانگی ئادار دەبێ دۆ پەیدا بێ جا لە هەر شوێنێکی کوردستان بێ.

١٤٨– ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە:

واتە پیاو وە یا ئادەمیزاد دەبێ بۆ گەل و وڵات و کۆمەڵگەی خۆی سوودگەیێن بێت ئەگەرنا زیانگەیێن نەبێ.

١٤٩– ئەوەی لە دێزە بێ دێتە ناو شکەڤکێ:

ئەوەی گوم بێ ئاشکرا دەبێ و ئەوەی لەدایک بێ دەمرێ، ئەوەی دروست بکرێ هەر خراپ دەبێ، ئەوەی بەرهەم بێت هەر دەخورێ و...

١٥٠– ئیشی لە هەڤاڵی تیری لە کەنداڵی:

یانی کەس ئاگای لە دەردی کەس نییە.

١٥١– ئەگەر بەشەو تەگبیریان نەدەکرد بەڕۆژ باریان نەدەکرد:

پێویستە ئادەمیزاد بۆ هەڵسووڕاندنی کار و گوزەرانیی خۆی پێشکێشی مەشوەرەت و تەگبیران بکات و پاش لێکدانەوە هەنگاو بهاوێژێ.

١٥٢– ئاوێ بینە دەستان بشۆ:

یانی هیچیان بۆ نەهێشتووە و ئەوەی بووەتە لە دەستی داوە.

١٥٣– ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ:

واتە ئەم کارە گرینگە پێویستی بە لێکدانەوەی زۆر هەیە و دەبێ ئامادەیی و گەڵاڵەی چاکی بۆ بکرێ و زۆر بە چاکی ئەوەی ئیمکان بێ لەبارەیەوە ئەنجام بدرێ.

١٥٤– ئەوەندە تیر بووە ئەسکووی تێ ناچێ:

بۆ مەسەلە و ڕووداوێک دەگوترێ کە زل و گەورە بێ چارەسەری ئاسان نەبێ و

بەڵکەم پێویستی بە دەست و بازووی باش دەبی.

١٥٥- ئەگەر گۆت کەوتە بەر قاشۆ لەسەری باز مەدە تا نەبی ڕەنجەڕۆ.
پێویستە لە کاتی دەرفەت بوو پیاو بێ دوودڵی بەرەو ئامانجی بچێت.

١٥٦- ئیشکەری خۆت بە و خۆشەویستی خەڵکی بە:
یانی ئەگەر بۆ خۆت کار بکەیت لەلایەک خۆت قازانج دەکەیت و لەلایەکی تر خەڵک تۆیان خۆش دەوێ کەوابێ دەبێ مرۆڤ کار بکا و دژی بێکاری بێ.

١٥٧- ئیشکەری خەڵکی بە و نانخۆری ماڵی خۆت بە:
یانی پیاو ئەگەر بۆ خەڵکی ڕەنجبەری و کارگەریی کرد دەبێ لە ماڵی خۆی نانی بخوات واتە نەبێتە نۆکەری خەڵکی.

١٥٨- ئەگەر دەستت کەوتە بن سەری خەڵکی بە ئەسپایی دەری بێنە:
یانی ئەگەر کار و گوزەرانت کەوتە لای یەکێ لە خۆت بەهێزتر و دەیویست گیروگرفتت بۆ دروست بکات دەبێ ژیرانە خۆت دەرباز بکەیت.

١٥٩- ئەگەر سەوزی و تەڕە نەبوو بە شێلمیش دەڵێن تەڕە:
یانی هەندێ شت زۆر بێ نرخە بەڵام کە چیی تر نەبوو پیاو پێویستی پێ دەبێ و بۆی دەچێ.

١٦٠- ئەو هاڕەهاڕە سەر بە چومێکی دادەگرێ:
یانی ئەگەر ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان دوولا دروست بوو ئەگەر بەزوویی چارەسەر نەکرێ ئاخری کارەساتی لێ دروست دەبێ وە یان هەروەک دووکەڵ نیشانەی ئاگرە و هەموو شتێک نیشانەی خۆی هەیە.

١٦١- ئیشی بە پینە و پەڕۆ ناگاتە نیوەڕۆ:
یانی دەبێ هەموو کارێک بە ڕێکوپێکی و مەحکەمی بکرێت و بە شێوەی پینەو و

پەرۆ نەبێ ئەگینا خێر بۆ خاوەنی نابێ.

١٦٢- ئەوەی سیری نەخواردبێ بۆنی سیری لێ نایێ:

یانی ئەگەر پیاو کەموکورتیی نەبێ خەڵک ناتوانێ شتی بەدوا بڵاو بکاتەوە وە یا لەسەری بسەپێنێ.

١٦٣- ئەگەر خۆت نەخەیتە ناو بەفر و سەهۆڵ، پێیەکانت قەت سڕ نابێ:

یانی ئەگەر بەدەستی خۆت مەشاکیل و گیروگرفت بۆ خۆت دروست نەکەیت تووشی بەڵا و دەردەسەری نابێ.

١٦٤- ئەوەی لە ماڵ نەبێ ژنی مارە کرایە:

واتە ئەوەی لە بەرچاوان نەبێ مافی خوراوە و کەس ئاگای لە دەردی ئەو نییە وە خۆیان ناکەن بە خاوەنی بەسەرهاتەکەی.

١٦٥- ئەگەر خوا یار بێ با دوژمن هەزار بێ:

واتە ئەگەر خوا هاوکاریی کردی و هەڵسوکەوتیش لە بەرژەوەندیی تۆ بێ هەرچەندی دوژمن زۆر بن لە شەڕ و هەموو کارێکدا سەرکەوتوو دەبێ.

١٦٦- ئەوەی لە خوا خافڵە بە دین کافرە:

زۆرجار وا دەبێ پیاو ڕەچاوی سەرکەوتن و پیرۆزی ناکات بەڵام بە تووش هات خوا بۆت دەهێنێ و سەردەکەون بۆ ئەم وتەیە لەم کاتە دەگوترێ.

١٦٧- ئەو تاجە زێڕەی لە سەری منیان ناوە با بیدەن بە تۆ:

ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ کە منەت لەسەر یەکێک بکرێ و ئەویش ئەم قسەیە دەکات یانی من لەم کارەدا هیچ بەهرەیەکم وەرنەگرتووە و ئێوەش منەتم لەسەر بکەن.

١٦٨- ئیش تا دەستت پێ نەکردیە شێرە، کە دەستت پێ کرد دەبێتە ڕێوی:

واتە ئیشکردن وە هەتا شەڕکردنیش هەتا دەستت پێ نەکردیە زۆر زەحمەت دێتە بەرچاو بەڵام کە دەستت پێ کرد ئەگەر کارەکە گەورەش بێ زۆر ئاسان و بچووک دێتە بەرچاو.

١٦٩- ئەوەی بەتەمای کاسەی خەڵکی بێ بە زگێک تێرە و بە زگێک برسی:

یانی دەبێ بۆ ژیان و مان و پێشکەوتنی خۆی بە تەمای خەڵک نەبێ و پشت و قوەت لە خۆی وەرگری وە هاوکاری دۆستانیش بۆ ئەو.

١٧٠- ئەگەر کا هی خۆت نییە کادین هی خۆتە:

ئەوە زیاتر لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک لە ماڵی خەڵکی زیاد خواردن بخوات چونکە زۆر خواردن بۆ چیکڵدانەی مرۆڤ زیانی زۆری هەیە وەک ئامۆژگاری بۆ خەڵک کراوە. هەتا زۆرخۆری نەکەنە کار و پیشە.

١٧١- ئەگەر ڕیشت هێشتەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگری:

واتە پیاو ئەگەر کەوتە ناو کارێک و گیروداریێک دەبێ پشی درێژ بێ و خۆی تەنگاو نەکات و بەسەبر و ئارامی خۆی لێ دەرباز بکات.

١٧٢- ئەگەر مەڕ بێ شوان بێ گورگ دێتە بیری:

واتە هەر میللەت و کۆمەڵێک ئەگەر بێ سەر و پێشەوا بن گورگ دەبێتە بیری واتە دوژمن بە ئارەزووی خۆی ڕەفتار لەگەڵ دەکات بۆیە پێویستە هەموو میللەتێک ڕێبەری هەبێ و سەرکردایەتیی بکات.

١٧٣- ئەوەی بە کەمی ڕازی نەبێ بە زۆریش سەرگرانە:

واتە مرۆڤ کە شتێکی پێ درا دەبێ پێی ڕازی بی و ئەگەر بەو شتە کەمە ڕازی نەبوو بێگومان شتی زۆریشی پێ بدەن گلەیی هەر دەبێ بۆیە دەبێ لە دۆستایەتیی ئەم جۆرانە دوور بکەونەوە.

١٧٤- ئەوەندە کشتی مەکە بپسێ ئەوەندە شلیشی مەکە نەنووسێ:

یانی مرۆڤ له هەموو شتێک هەوڵ بدات توندڕۆییی تێدا نەبێ.

١٧٥- ئاغا بۆ خۆی ئاغایە هەر کەس گەورەی ماڵی خۆیە:

واته هەر کەسێک له ماڵی خۆی پیاوه و دەبێ ڕێزی بگیرێ و نابێ به چاوی سووک تەماشای بکرێ بەهۆی هەژاری و بێدەسەڵاتی.

١٧٦- ئەوەی دەگوترێ له دیوانان، دەسووڕێتەوه له کۆڵانان:

یانی هەر شتێک لەلای خەڵک باس کرا بێگومان دەکەوێتە زاری خەڵکی تر و ئاخری هەموو خەڵک دەزانێ.

١٧٧- ئەگەر حوشتر باڵی هەبوایە له سەربانان دەنیشتەوه:

واته زۆرجار شتی سەیر و عەنتیکه ڕوو دەدات.

١٧٨- ئەو نانه بەو دۆشاوەی:

له کاتێکدا و بۆ شتێک دەگوترێ که زۆر دوور بی واته هەر سووتبوونەوەی بۆ دەمێنێتەوه.

١٧٩- ئیش به خەمان ناگاته چ جێگەیان:

واته بۆ کارێک که لەپێش بێ مرۆڤ دەبێ هەنگاوی بۆ بهاوێژی و دەست له چۆکی وەرنەهێنێ و هەر خەمی لێ بخوات و بەکردەوه هیچ نەکات.

١٨٠- ئەسپ که پیر بوو قۆڕەی گونی دێ:

واته ئەسپ که پیر بوو بۆ قۆشمه دەست نادات هەروەها ئینسانیش که پیر بوو بۆ هەندێ کار دەست نادات وه هەروەها هەندێ جار بۆ هەندێ پیری بێ تام و بێ مانا بەکار دێت.

١٨١- ئەوەی قوڕی بۆ خەڵک بگرێتەوه به خۆی دەکەوێتە ناوی:

وەکی ئەوەیه که دەڵێ ئەوەی بیری بۆ خەڵکی لێ بدات خۆی دەکەوێتە ناوی.

١٨٢- ئاش لە میستن بێ هەر دەمیسی:

یانی هەر ئاشەک فێرە دزیی ئاو بووبێ هەر ئاوی دەدزی و ئەگەر یەکێکیش فێرە هەندێ شت بوو وازهێنانی ئاسان نییە.

١٨٣- ئەوەی شاییی بە خۆی بێ دەبێ شەرمیش بە خۆی بێ:

واتە مرۆڤ چۆن بەخۆشی و سەرکەوتن خۆشحاڵە دەبێ هەمیشە کاری وا نەکات تووشی شەرمەزاری بی.

١٨٤- ئاوی چۆکانی چوو:

بۆ یەکێک وتراوە کە لەسەر چۆکان زۆر دانیشی و چۆکەکانی وشک بن واتە بۆ کەسانی کاسەلێس و موتەعەلیق دەگوترێ.

١٨٥- ئاگر لە کوڵکی داری دەمێنێ:

واتە کەسانی پیر و بەناوسالآچووی تاقیکردنەوە و ئاقڵ و زانست زیاتر لەلای ئەوان دەبێ چونکە زۆر شتیان بەسەر هاتووە و بەتەجروبە زۆر شتیان بۆ ڕوون بووەتەوە.

١٨٦- ئاش بە دوعایان ناگەڕێ:

ئەرێ هیچ ئیشوکارێک بە دوعایان ناکرێ و دەبێ ڕەنجی بۆ بدەیت.

١٨٧- ئەگەر قاچی بشکێنی بۆنی گوو سەی لێ دێ:

بۆ کابرایەکی بە مەلعەنەت و دڵڕەش بەکار دێت.

١٨٨- ئاو بەرداش دەبرد لە چەق چەقوکەیان دەپرسی:

لە کاتێکدا دەبینی ڕووداوێکی گەورە ڕووی داوە یەکێک لە شتێکی زۆر بچووک پرسیار دەکات.

١٨٩- ئاگر نەگەیشتە جێگە دووکەڵی لێ هەڵستا:

یانی لەژێر ئەم کاسەیە شتی تری تێدایە و بۆ فڕوفێڵ بەکار دێت.

١٩٠- ئەوەی دیوەخانی هەبێ دەبێ خانووی دوودەری هەبێ:
واتە هەر شتێک لە جێگەی خۆی دەبێ بەکار بێت.

١٩١- ئاو لە ئاونگ کوتان نەبووە:
دەبێ مرۆڤ کارێکی کەس نەکردەیی نەکات.

١٩٢- ئەگەر بە جوانی بێ دەبێ بووک زاوا بێ:
یانی لێهاتوویی و قابیلییەت گرینگترە لە شتی تر.

١٩٣- ئەگەر هیچ لە هیچ دەزانی پیرێ بدە بە جوانی:
ئەمە زیاتر بۆ مەڕومالآت و وڵاخ بەکار دێت یانی وڵاخی پیر وە یا مەڕی پیر ئەگەر بە یەکی جاحێڵ بگۆڕیتەوە زەرەرت نەکردووە و بەڵکەم قازانجت کردووە واتە دەبێ لە هەر موعامەلەیەک کە دەیکەیت نابێ زەرەری تێدا بکەیت.

١٩٤- ئەگەر پیاو کەوتە بیرێ چ گەزێک و چ چل گەز:
یانی مرۆڤ ئەگەر لێی قەوما گرینگ نییە چونکە چ گەورە بی وە یا بچووک هەر چارەسەری بۆ دەکرێ.

١٩٥- ئێوارەی لە دەلینگان سێ ڕێزەی لە کلاوی:
بۆ ئافرەتێک دەگوترێ ئێوارە درەنگ بێ و ئەویش خەریکی قیت و قۆزیی خۆی بێ و کارەکانیش وا مابێ.

١٩٦- ئەگەر پیر بە نوێژە ساڵ درێژە:
ئەگەر پیاو نیازی کارێکی هەبێ و بیەوێ بکات دەرفەت هەر دەبێ.

١٩٧- ئەسپت پێ دەدەم بەڵام مەیئاخێوە:

نابێ ئەسپ بە یەکێک بدەیت و لێی نەخورێ چونکە ئەسپ بۆ ئەوەیە غاری پێ بکەیت.

١٩٨- ئەسپی خەڵاتی تەماشای یاڵ و کلکی ناکرێ:
واتە رەخنە لە دیاری نابێ بگیرێ و دەبێ سوپاس پێشکێش بکرێ.

١٩٩- ئەوەش هەر بۆ حەمە ئاغا بێت:
یانی شتی باش بۆ دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵات دەبێ و پیاوی هەژار زیاتر لێی بێبەش دەبی.

٢٠٠- ئەگەر بەندکێ سۆر بی دێ بدەرییا خۆوە بی:
یانی پیاو ئەگەر بە کەڵک بێ قازانج و سوودی میللەتی خۆی تێدا دەبێ و نابێ بە نۆکەری خەڵکی تر.

٢٠١- ئەگەر دێڵ بە بایە سەگ دێ لە بەغدایە:
واتە ئەگەر ئافرەت خراپ بوو گولی بۆ پەیدا دەبێ و هەرچییەکی بکەیت ناتوانی قەدەغەی خەڵکی لێ بکەیت.

٢٠٢- ئاوی بیریش ئەگەر بە ئابووری نەبێ هەر بنی دێ:
واتە ئابووری و دەست پێوە گرتنی هەر شتێک دەبێ بە گرینگی وەربگیرێت هەتا لە ئاویش بی واتە ئاوی بیریش، ئەگەرنا ئاوی شاران ئێستا هەر بە ئابوورییە چونکە بە پارەیە.

٢٠٣- ئەگەر قازمەی لە بەردی دا جاری یەکەم قازمە کوێرە و جاری دووەم خاوەنی:
واتە پیاو نابێ چەند جار هەر تووشی هەڵە بێت.

٢٠٤- ئەز چیا و تو چیا گۆلک ما بێ گیا:
واتە دەبێ لە نێوان دوو کەسان یەکیان برا گەورە بێ و بە هاوکاریی کاری خۆیان

ئەنجام بدەن ئەگەرنا وەک ئەم مەسەلەیە دەبی.

٢٠٥- ئەگەر چوویتە گوندێکی بێ شەرواڵ هی خۆت بێخە و ببە هەڤاڵ:

یانی بێ شەرواڵ بۆ مرۆڤ کارێکی کرێتە بەڵام ئەگەر چوویتە گوندێکی بێ شەرواڵ دەبێ تۆش وا بکەیت واتە پێویستی بە عادەتی خەڵکی خۆجێ بکرێت.

٢٠٦- ئەوەی لە شیری گرتی لەسەر شیاری دەهێلت:

یانی خوی شیری تا مردنی ئاسان نییە گۆڕینی.

٢٠٧- ئەگەر نەزانی چاو بدە جیرانی:

دەبێ ئادەمیزاد هەوڵ بدات لە خەڵک فێرە شتی باش بێت و لە زانست و ئەزموونی ئەوان سوود وەربگرێ.

٢٠٨- ئەزمانێ درێژ دارکۆکێ سەرێ خودانییە:

زمانی درێژ بەڵایە بۆ سەری خاوەنی واتە مرۆڤ دەبێ هۆشیاری زمانی خۆی بێ و بە چاکی بەکاری بهێنێ.

٢٠٩- ئەگەر ئیقبال هاتە سەری، بسووڕێ وەکی کەری خەڵک دبێژێت سەد ئافەری:

ئەگەر شانس و ئیقبال لە باو بێ وەکی گوێدرێژیش بجوولێتەوە خەڵک دەڵێن ماشاڵڵا لەم پیاوە ئاقڵ و زانایە.

٢١٠- ئینسان دەبێ وێ بەرێ هەڵگری ئەوێ زگێ وی پێ نەئێشت:

وەک دەڵێن بەندە و تاقەت دەبێ مرۆڤ لە ئەندازەی توانای خۆی پێ هەڵسێ و کار بکات.

٢١١- ئاگری دامانا مرۆڤی بەربیتە مرۆڤی:

ئەگەر مرۆڤ لە دەست و پێوە دەروجیران و نزیکانی خۆی شتی لە دژی نەکرێ دوژمن ناتوانێ زەفەری پێ ببات.

٢١٢- ئەگەر مێر مێر بی بلا خەنجەرا وی کێر بی:

ئەگەر پیاو هی دەست کردنەوە بی بەهەموو جۆرە چەکێک دەتوانی بەرهەڵستی دوژمنی خۆی بکات و ئەگەر میریش هی شەڕ و هاتە دەست نەبی باشترین چەکی لابێ بەشی هەر ڕاکردن و خۆشاردنەوە دەبێ.

٢١٣- ئەگەر خودێ لەگەڵ مرۆڤی یار بت بلا تەڤشیێ مرۆڤی دار بت:

ئەگەر خوا ویستی سەرت بخات ئەگەر تەوشیەکەشت دار بیت ئەوا سەر دەکەوێ.

٢١٤- ئەگەر خودێ دا نەکە و بخۆ:

ئەگەر خوا هاوکار بێت وە یا شانس لەگەڵت بێت خۆشت نازانی چۆنت بۆ دێت و مەبەست ئەوە نییە پیاو دانیشی و چاوەڕوانی کاری خوای بێ.

٢١٥- ئەگەر مری زالم نەبی قەبرێ وی تەنگ نابی.

ئەگەر مرۆڤ گوناحی نەبێ تووشی سزا نابێ چ لە دنیا وە چ لە راستاخیزدا.

٢١٦- ئەگەر مەڕت نەدیوە لە ڕێزێ خۆ کشپلت دیوە لە هەوێزێ:

واتە دەبێ زۆرجار بە نیشان و عەلامەت هەندێ شت هەیە بزاندرێ وەک ئەم مەسەلەیە.

٢١٧- ئاخا ژن و مێرا ژ ئێکە:

واتە رەسەن و ئەسڵی ژن و پیاوان هەر یەکە و بەراستی ئەمە زۆر ورد کاری تێدایە و بەکورتی ئەوەیە ژن و پیاو لە دایک و باوک دەبن وەکی یەک و هیچ جیاوازیی نییە.

٢١٨- ئەگەر تە ئەز نەڤێم بە چاڤەکی من تۆ نەڤی بە هەردو چاڤا:

یانی دەبێ دوو دۆست و هاوڕێ بە هەموو عەیب و کرێتی یەکتریان خۆش بوی و یەکتریان بوێ.

٢١٩– ئەگەر دنیا بە تڕان بوایە دابۆ کەرێ بت:

واتە کار و ئەرک بە فشەفشی و تڕەتڕ نابێ بەڵکەم دەبێ بەکردەوە نیشان بدات، کە ژیر و چالاک و لێهاتووە و بەوە پێشکەوتن لە ژیاندا وەدەست دێت.

٢٢٠– ئەوی دیزێ چێ کەت دێ چەمپلا ڤێت کەت:

ئەوەی مەنجەڵی دروست کات دەرخونەی بۆ دروست دەکات واتە ئەوەی بتوانێ بنەڕەتی شتێک دروست بکات و پێویستیسیەکانی تریش بە ئاسانتر دەتوانێ دروست بکات.

٢٢١– ئەگەر هات رونیە ئەگەر چوو رونیە:

ئەوەش وەک ئەوەی دەڵێ ئەگەر خوا دای بخەوە و ئەگەر خوا بردی بخەوە یانی قەزاوقەدەر و شانس و تووشهات هەندێ جار دەوریان دەبێ بەڵام نەهەمیشە.

٢٢٢– ئەسپندار کە زۆر بڵند بوو سەری وشک دەبێ:

واتە هەموو کەس کە زۆر بەرز بووەوە ئاخیری تووشی گیروگرفت و تێچوون و ئەستەمی ڕۆژگار دەبی.

٢٢٣– ئەم کاسەیە چ ژێر کاسەیەکی لەژێردایە:

یانی ئەم ماستە موویەکی تێدایە و لەژێر پەردەدا شتی نادیاری تێدایە.

٢٢٤– ئەگەر پیر خێرکەر بێت ئەینی مشەنە:

ئەگەر یەکێک بیەوێ کاری چاک بکات ڕۆژگار فرەنە.

٢٢٥– ئەحمەد ئاغا کەروێشکی نێر و مێ لێک دەناسێ:

واتە ئەگەر شانست لە کار بوو و دەسەڵاتدار boوویت هەرچی بکەیت و بڵێیت لەلای خەڵک زۆر بەگرینگ دەزاندرێ ئەگەر قسە و کارەکانیش زۆر هیچ و پووچ بوون.

٢٢٦– ئاسن بە پوو گەرم نابێ:

بۆ گەرمکردنی ئاسن کورە پێویستە و بەفوان گەرم نابێ.

٢٢٧- ئەگەر خەوت هات سەرینت ناوێ ئەگەر برسیت بوو پێخۆرت ناوێ:

واتە لەلایەک مانای خۆی دەگەینی و لەلایەکی تریش ئەوە دەگەینی ئینسان کە ناچار بوو هەموو شتێک لای خۆش و ئاسایی دەبێ.

٢٢٨- ئاسن کەنەش معدنی هەندێ کەرد و ژنی بەکێر چوو نەهات و دانا سەر مالآ گاسنێ:

واتە مەعدەنی هەموو شتێک زۆر گرینگ و موهیمە بۆیە هەتا ئاسن کە مەعدەنی باش نەبێ بە ئاسانی شتی لێ دروست نابێ.

٢٢٩- ئەگەر هەموو تەیر هەنجیرخۆر بوایە بەشی خاوەنی نەدەماوە:

واتە هەنجیر شیرینە و میوەیەکی خۆشە و ئینسان زۆری حەز لێیە بەڵام هەموو باڵندە وا نییە بۆیە بای خاوەنی دەمێنێت و لە لایەکی مانای وایە هەموو پیاویش هی ڕۆژی تەنگانە نین.

٢٣٠- ئەگەر بە گەرمای بەیانییان گەرم نەبیەوە بە گەرمای هێواران هەر گەرم نابیەوە:

لە لایەک مەبەست ئەوەیە ڕۆژی دانی بەیانی مرۆڤ دەبێ گەرم بکاتەوە و لە لایەکی تر مانای ئەوەیە خێر لە سەرەتایەوە دیارە و نەوەک لە دواوە.

٢٣١- ئەگەر ئامورت نەڕزیبێ شانت بە قوڕ نابێ:

وەک ئەوەی ئەگەر پیازت نەخواردبێ بۆنت لێ نایە.

٢٣٢- ئاو دەزانێ پەنیری مەلای کێ دزییەتی:

پەنیر زۆر ئاوکێشە واتە ئەوەی پەنیری خواردبێ ئاوی زۆر دەخواتەوە ئەو کاتە دیار دەبێ کێ پەنیری مەلای خواردووە مەبەست ئەوەیە هەر شتێک عەلامەتی خۆی هەیە ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەیر بکات.

٢٣٣- ئەگەر فیل کەوتە قوڕێ دەبێ هەر فیل دەری بێنێ:

واتە گیروگرفت و ڕووداوی زل دەبێ هەر بەدەستی پیاوی گەورە چارەسەر بکرێت.

٢٣٤- ئەگەر هەزار ساڵ باران نەباری هەر ئاو هەرزانترە لە نانی:

مەبەست ئەوەیە شتی گران قیمەتە لە هەموو ڕۆژگارێک لە شتی بێ قیمەت بە بەهادارتر دەژمێرێ.

٢٣٥- ئەو سەرەی لە قەرقەش نەبێ لەناو هەش بێ:

کوڕی چەلەنگ و ئازا دەبێ بۆ ڕۆژی شەڕ و لێقەومان بن و هەر سەرێک وا نەبێ هەش و خمی بێ باشە.

٢٣٦- ئاقڵی سڤک باری گران ئاقڵی گران باری سڤک:

مرۆڤی ئاقڵ کاری چاکە و باری سووکە و مرۆڤی ئاقڵ سووک ژیانی خراپە و باری گرانە و خوا لەگەڵی بە کەرەم بێ.

٢٣٧- ئەگەر دەم چەفت نەبی دەم ڕاست بە چ بژی:

یانی ژیانی پیاوی زیرەک لەسەر پیاوانی نەزان و کلۆڵە و دەم چەفت دەبێ هەر وا بووە و ڕەنگە هەر واش بێ.

٢٣٨- ئەگەر خۆڵت بەسەر خۆت داکرد لەسەر گوفەکی گەوران بەسەر خۆتدا بکە:

چونکە رەنگە لە هاوارت بێت و تۆزێک هاوکاریت بکات.

٢٣٩- ئینسان بە لیباس هەتا مام عەباس:

جلوبەرگ دیمەنی دەرەوەی مرۆڤ دەگۆڕێ و تا ڕادەیەک کاریگەرە لەسەر شەخسییەتی پیاودا وادیارە مام عەباس پیاوێکی شەپرێو و نەپرژای بووە و میسالیان پێ هێناوەتەوە.

٢٤٠- ئاوی مردییانی بەخۆیدا کردووە:

بـۆ کـابرایەکی تەمـبـــەڵ و تـەوەزەل بـــەکـــار دێت واتە وەک مـــردووانـی بەســـەر هـاتووە.

٢٤١– دەچمە پێشەوە ئاو دەمبات و دێمە پاشەوە دەسووتێم:

واتە پیاو بکەوێتە نێوان ئاو و ئاگری و لە هەموو لایەکەوە ئاستەنگ و دەردەسەر دێتە پێشی.

٢٤٢– ئەوی گۆهـ نەداتە مەزنان لێی دێ شاخی بزنان:

پێویستە لاوەکان گوێ بگرن لە پیرەکانی ژیر و زانا کە زۆر بەسەرهاتیان دیوە ئەگەرنا تووشی کاری وا خراپ دەبن لەوە خراترە کە شاخیان لێ بێت.

٢٤٣– ئیشی ئێوارێ نەهێڵە سبەهێ:

هەروەک دەڵێن ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە بەیانی بەڵام ئەوە جوانترە کە ئیشی ئێوارە هەرچەندە ماندوو وە درەنگ بی دەیخاتە بەیانی ئەگینا تووشی تەمبەڵی و گوێ نەدان دەبێ کە ئەمەش بۆ مرۆڤ کارێکی زۆر خراپە.

٢٤٤– ئەگەر خەجە ئیشێ وێ قەنجە:

یەکێک دوو ژنی بووە و هەمیشە کاری خەجێی پێ باش بووە چونکە ئەوەی لا خۆشەویستتر بووە واتە مرۆڤ زیاتر تەقدیر و دیارکردنی لەسەر ئەساسی مەیل و عاتیفە و ئارەزووی دەبێ.

٢٤٥– ئاگرێ گەرم کەس ژێ نارڤێنێ:

یانی شتی مەترسیی تێدا هەبێ هەموو کەس خۆی لێ نادات.

٢٤٦– ئاڤ دەڕوا خیزیش جێ دمێنی:

یانی شتی قورس و گران دەمێنێ و شتی سووک وەک ئاو دەڕوا واتە هەر کەس وە یا هەر شتێک بەڕێی خۆی.

٢٤٧- ئاوی ڕژاو خڕ نابێتەوە:

واتە هەندێ شت کە لەدەست چوو ناگەڕێتەوە هەروەک ئاوی ڕژاو کۆ نابێتەوە هەروەک دەڵێن (حەیای تکا و ناگەڕێتەوە).

٢٤٨- ئەگەر هەنگوینی بیت مێش دەتخوات:

یانی ئەگەر پارە و پوول و سامانت بوو و تۆزێکیش خۆت شل کرد خەڵک وەک مێش دەورەت لێ دەدەن.

٢٤٩- ئەگەر گۆشت گرانە نەخواردنی هەرزانە:

ئەگەر شتێک لە توانات نەبوو بکەیت نەکردنی زۆر ئاسانە و هەوڵ بدە کارێکی تر بکە و پێی بژی.

٢٥٠- ئەوەی دڕکان بچینێ نابێ بەپێخواسی بڕوات:

ئەوەی لە دژی خەڵکی بجووڵێتەوە و خراپە بکات و زیانیان پێ بگەینێ دەبێ زۆر وریا بێ کە خەڵک بە دوای تۆڵە دەسووڕێنەوە و وازی لێ ناهێنن.

٢٥١- ئەوەی هەڵی گرت شمشێر نابێ بترسێ لە شێر:

ئەوەی چەکی هەڵگرت دەبێ خۆی ئامادە بکات کە بەرامبەر بە ئازاترین کەس دەبێ بجەنگێ و هەمیشە شیر بەرامبەری وەستاوە و دەیەوێ لێی بدات بەڵام نابێ بترسێ وە یا نابێ چەک هەڵگرێ.

٢٥٢- ئاخافتن یا بخودانە هەتا لەبن ئەزمانا:

ئاخاوتن و قسەی مرۆڤ هەندە هی ئەوە تا لەژێر زمانی وە لە دووڵیەتی و ئەگەر دەرپەڕی و کەوتە بەر هەوا لە دەستی دەردەچێت و دەبێتە هی خەڵک.

٢٥٣- ئاو چەند بۆشە ئاش ئەڤەندە خۆشە:

یانی ئاشی ئاوی کاتی خۆی چەندی زۆر بوایە باشتر دەگەڕا و کار و

بەرهەمی زیاتر دەبوو ئێستا بۆ هەر ئیشێک تا کەرەستەی تەواو بۆ جێبەجێ بکەیت باشترە.

٢٥٤- ئەگەر کوندەبەبۆ کەڵکی هەبوایە ڕاوکەر بەجێی نەدەهێشت:

بۆ شتێک دەگوترێ کە سوودی نەبێ و یەکێک بە دوایەوە بێ و پێی دەڵێن ئەمە ڕاوکەری هەبووە و بەجێیان هێشتووە وەک کوندەبەبۆ.

٢٥٥- ئەز دبێژم برا تۆ دبێژی کریڤ:

یانی من دەمەوێ لە تۆ نزیک بم و تۆش دەتەوێ لێم دوور کەویتەوە.

٢٥٦- ئەو حەوشە بەڵێ نە ئەو رەوشە:

وەکی ئەوەیە کە دەڵێ ئەو هەوارە بەڵام ئەو بوار نییە واتە گۆڕینی تێدا بووە.

٢٥٧- ئەز هۆ دکەم دی (دایک) دمرت ئەز هۆ دکەم باب دمرت:

ئەوەیە ئینسان لە بەینی چاڵان و ماڵان بێت و دوو شتی سامناکی لە پێشدا بێ و بەهەر لایەک بچێ یەکیان ڕووی تێ بکات.

٢٥٨- ئاڤ ژ نێروانێ فەیدە لتاقیانێ:

نێروانێ و تاقیانێ دوو گوندی لای ناوچەی بادینانن مەبەست ئەوەیە دەبینی یەک زۆر ماندوو دەبێ و کار دەکات و یەکی تر سوودی لێ وەردەگرێ وەک ئەم مەسەلەیە.

٢٥٩- ئەوەی لە خۆی دەترسێ هەر ئەو دەپرسێ:

مەبەست ئەوەیە ئەوەی لە خۆی بترسێ زۆر دەپرسی و ئیحتیات وەردەگرێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو داوی دوژمنی خۆی و ئەم جۆرە کەسانە دەستیش دەکەنەوە و ئەوەی بە پێچەوانە بێ دەستیشی بۆ ناکرێتەوە.

٢٦٠- ئەگەر لە ڕەوسەی دۆڕاندی لە کای تێ نایەتەوە:

واتە ئەوەی کاتی شەنەباکردن و سوورکردنی جۆخین و ڕەوسە بدورینی لە کای

جـارێکی تـر ناتوانێ تێی بهـێنیتـەوە تووشـی زیان دەبێ ئەمـە ئەوە دەگـەیەنێ لە بنەوانی دوراندبی و بیەوێ بە شتی تر بەربەستی بکات.

٢٦١- ئاڤا زێ ئابوور لێ:

دەبێ هـەتا لـە ئاوی زێ و ڕووباریش ئابووری و سـەرفـەجـوی بکرێت و مـرۆڤ دەستبڵاو نەبێ.

٢٦٢- ئەوەی پشتی ناحەق بگرێ نۆکەری زاڵمە:

پیاو بیـەوێ و نەیەوێ ئەگـەر پشتی ناحـەق و ناڕاست بگرێت دەبێتـە نۆکـەری زاڵم چونکە ئەمە پیشـەی زاڵمـە کە دەبێ ناحـەقی بکات و ئەوەی پشتی ناحەقیشی گرت مانای وایە نۆکەری زۆردارە.

٢٦٣- ئەوەی ئازایە هەمیشە وریایە:

لە کـاتـی شـەڕ و تەنگانـە پیـاوی ئازا و دلێـر هـەمـیـشـە وریا دەبێ و مـاوە نادات خەمساردی هەبێ و دوژمن ناتوانێ بە ئاسانی زەفەری پێ ببات.

٢٦٤- ئازایەتی بێ زانین وەک ئاگری بێ ڕووناکییە:

پیاوی ئازا ئەگەر زانست و تێگەیشتنی لەگەڵ نەبێ وەک ئـاگری بێ ڕووناکییە و ڕەنگە زوو بەزووش تووشی زیانی زۆر بێ.

٢٦٥- ئەگەر تۆ نەبی هاوکار و یارم خوا گەورەیە دەسازێ کارم:

یانی ئەگەر تۆ نـەبی خـوا هـەیە و دەرگـە و ڕێگەی تر زۆر هـەیـە بۆ ئەوەی هـاوکاریم بکەن.

٢٦٦- ئەوەی لە کۆشیدا بوو بە گۆڕێی وەرکرد:

بۆ یەکێک دەگوترێ هەموو نهێنیی خۆی بدرکێنێ.

٢٦٧- ئەوەی لە توورەگەی بوو بەتاڵی کرد:

واتە نهێنی خۆی بەگۆڕێ وەرکرد.

٢٦٨- ئەگەر ئاگر بەربووە لێڕێ تەراشی تەڕیش دەسووتێنێ:
ئەگەر شەڕ کەوتە وڵاتێک خەڵکی بێتاوانیش دەکوژرێ.

٢٦٩- ئەگەر دزت لە ماڵی خۆ بوو دەرگە گرتن بەلاشە:
وەک ئەوەیە کە دەڵێ ئەگەر دز و خاوەن ماڵ یەک بوون گای لە کولانکەی ئاوا دەکەن.

٢٧٠- ئەگەر دز و ماخۆ ماڵ یەک بن گای لە کولانکەی ئاوا دەکەن:
لە کاتێکدا دەگوترێ لە ڕیزەکانی خۆت وە یا لەناو ماڵی خۆت کەسان هەبن بۆ بەرژەوەندیی دوژمن وە یا ناحەزانت کار بکەن و دەتوانن پێت بکێشنەوە و تووشی زیانی زۆرت بکەن و ئێستا بەمجۆرە کەسانە لە زاراوەی سیاسی وە یا عەسکەری تابووری پێنجەمی پێ دەڵێن.

٢٧١- ئەگەر داوەت هی تە نەبی نەچووە ناڤی:
واتە ئەگەر شاییەک لە شانی تۆ نەبێ نەچییە ناوی باشترە چونکە وەک گای ناو گۆلکانی لێ دێت کەوابێ دەبێ مرۆڤ هەر کارێ کە دەیکات دەبێ لە ڕیشی خۆی بوەشێتەوە.

٢٧٢- ئەگەر ڕەشە خاوەن بەشە:
یانی لە کۆن دەیانگوت ئافرەتی ڕەش و ئەسمەر زیاتر بەختیان لە کارترە لە هی سوور و سپی.

٢٧٣- ئەگەر نەخۆش هاتە ئاوزینگان خوا لەگەڵی بەکەرم بێ:
هەندێ جار دەڵێن ئەگەر با و بژی لێ بەربوو واتە ئەمە نیشانەی مردنیەتی و ئاسان نییە ڕاست بێتەوە ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ کە کارێک وە یا شتێک بەرەو نەمان و لەناوچوون بچێ و نیشانی زۆری لێ بەدەرکەوتبێ.

٢٧٤- ئەگەر کەری رابگری دەبێ بۆنی قەرسەقولی بکەیت:

ئەگەر دۆستایەتیی کابرایەکی خراپ بکەیت بێگومان تووشی ئەوەی دەبی تۆش ناوت بەلای کەس بەخراپە بێت ئەگەر بتەوێ بۆنی خراپت لێ نێت خۆتیش بۆنی شتی خراپ نەکەیت دەبێ خۆتی لێ دوور بگریت.

٢٧٥- ئەوەی نەکات ناخوات:

هەر کەسێ کار نەکات مافی ئەوەی نییە بخوات چونکە کارکردن پێویستە و تەنیا منداڵ و پەککەوتە دەتوانن کار نەکەن.

٢٧٦- ئەگەر خوریا مەفەڕ بڕیا:

واتە ئادەمیزاد جێگەی خورا چارە نییە دەبێ بیخورێنی هەروەها ئەگەر هەندێ پێویستی هەیە لە کاتی خۆیدا دەبێ بکرێ.

٢٧٧- ئەوەی خواردبووی لە کونە لووتیان هێنایەوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کابرا ئیشی باش و خۆشی کردبێ وە یا خواردنێکی باشی خواردبێ و پاش ئەوەی زۆر ئازاری بدەن و بە شەکری بڵێ ژەهرە مار.

٢٧٨- ئەگەر جوولەکە بە ئاگری بوایە دەبوایە شەمووی نەگرێ:

لە ئاینی جوولەکان دەبێ ڕۆژی شەموو ئاگری نەبێ و لەم ڕۆژەدا موسڵمانان زیاتر ئاگریان دەکردەوە بۆیە ئەگەر هۆی ئاگری بوایە دەبوا شەمووی نەگری بەڵام ئەو خۆی ئاگری نەدەکردەوە مەبەس ئەوەیە ئەگەر پیاو لە مردن زۆر بترسێ نابێ بچێتە شەڕ و نابێ سواری تەیارە بێ و زۆر شت هەیە نابێ بیکات.

٢٧٩- ئەو کونە بە چ پنج ناکرێ:

کاتێ خۆی گۆزە وە یان جەڕە کونی لێ بووبووایە بەپەڕۆ پنجیان دەکرد واتە یەکێک عەیبێکی گەورەی هەبێ ئەمە دەگوترێ.

٢٨٠- ئەگەر کابان نە لە ماڵە شت هەمووی خەسارە:

یانی ئەگەر ئیشوکارێک بێ سەرپەرشت و کابان بێ تەرت و وێران دەبێ و هیچ لەسەر هیچی نامێنێ و تووشی زیانی زۆر دەبێ.

٢٨١- ئەوەی عەیبی خۆی نەزانێ لە ڕێزی کۆران دەژمێرێ:
واتە هەر کابرایەک عەیبی نەبینێ و نەزانی بەراستی لەگەڵ کۆرە هیچ جیاوازییەکی وای نییە و بەڵکەم کۆرەیەکی خراپە چونکە ئەم کەموکورتییانە بەرەو هەڵدێری دەبەن.

٢٨٢- ئاوی بن پێیانی چووە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کە زۆر بگەڕێ و گەڕانەکەشی بێ سوود بێ.

٢٨٣- ئاش بە درۆ یان بە فووان ناگەڕێ:
واتە بەدرۆ ئاش و هەموو کارێک دەگەڕێ بەڵام چ گەڕانێک.

٢٨٤- ئەو لە ماڵی خۆی و منیش لە ماڵی خۆم:
ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ دوو کەس ساردایی لە نێوانیاندا هەبێ و هەوڵ بدرێ کەمیانە نەبێ و یەکیان دەڵێ ئەو لە ماڵی خۆی و من حەقم پێی نییە و منیش لە ماڵی خۆم و ئەویش حەقی بەمنەوە نییە.

٢٨٥- ئەگەر عیزرائیلیش برادەری بێ جارێکی تر نانی کەرت ناکات:
بۆ یەکێک دەڵێن کە لە مردن بێ و زۆر شڕ بێ و لە سەرەمەرگی بێ.

٢٨٦- ئەسپ زین و و لغاو تاژی جل و ڕست:
واتە هەر کەسێک وە یا هەر شتێک بەپێی لێوەشانەوەی خۆی و لێهاتووی بێ و بە بەرەواژی نەبێ.

٢٨٧- ئەگەر دایک و باوکت نەتعاملێنن زمانە دەتعاملێنێ:
واتە ئەگەر دایک و باوکت فێرت نەکەن زمانە فێرت دەکات.

٢٨٨- ئەوەی بە چاكەی چاكان نەزانی دوایی دادەمێنێ بۆ قلە نانێ:
ئەوەی بێ نمەک و سپڵە دەرچێ بەجارێ دەنگ و ناوبانگی تێ دەچێ.

٢٨٩- ئامۆزا و پوورزا قسەی ژنانە دڵسۆزی باش ئەمر و جزدانە:
ئەوەی ئەمـەی وتووە لە داخـان و بەتاسـەوە وای ڕاگـەیاندووە چونكە بەداخـەوە بەكردەوە وا دەركەوتووە ئەگەرنا دەبێ خۆشـەویستی و دڵسۆزی لە سەرچاوەی ترەوە لەناو مرۆڤ جێ بگرێ.

٢٩٠- ئاو ببڕێ لە ڕودخانە قەوم باشترە لە بێگانە:
ئەمەیان لەگەڵ ئەوەی پێشوو تا ڕادەیەک تەناقوز پەیدا دەكات بەڵام ئەوەی پێشـتر لە داخـان وا وتراوە و بێگومانیش خزم و كەسـوكار و قـەومی خۆت باشـترە لە بیـانی هەقە هەموو كەسیش ئەوە بە چاكی بزانن.

٢٩١- ئاش كاری خۆی دەكات و چەقەنەش سەر خۆی دێشێنێ:
زۆر ڕاستە و گەلێ كاری خەڵكیش وایە.

٢٩٢- ئەگەر مرۆڤ پڵینگ بكوژێ دەڵێن ئازایەتییە:
ئەگەر ئەو مرۆڤ بكوژی دەڵێن دڕندایەتییە.
بەداخـەوە دەڵێن هەندێ كـردەوە هەیە كـە مـرۆڤ لەگـەڵ یەک وە یا لـە دژی یەک دەیكەن ڕەنگە وە یا بێگومـان جـانەوەران لەگـەڵ یەک نایكەن (و ئەو كـەسـە كـەسـە ئەلفێكی بەسە).

٣٩٣- ئەگەر سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە ئەگەر كەوت دەوێ ئەوە سمۆرە:
واتە مرۆڤی دەستڕۆ و زۆردار بێ هەرچییەكی بیەوێ قسـە و كاری ئەو لەبار دەبێ وە دەچێتە سەری.

٢٩٤- ئەگەر زەمانە خستیتییە پێكەنین ساتێ

وریابە نەتخاتە گریان سالّێ:
ئەگەر زەمانە بتکاتە شۆڕەسواری مەیدان
ڕۆژێک پشتت لە ئەرزی دەدا و پێت نادا ئەمان

٢٩٥- ئافرەت لە پەراسووی چەپ دروست کراوە بتەوێ راستی کەیتەوە دەشکێ:

٢٩٦- ئاوی حەلێلی بدەیتێ جارێکی تر زیندوو نابێتەوە:

هەروەها دەگوترێ ئاوی حەریری لەبنی بکەیت جارەکی تر شین نابێتەوە ئەمەش بۆ مرۆڤ و دارودرەخت بەکار دێ کە لەسەر مردنی بێ رەنگە ئاوی حەریری یان ئاوی حەلێلی ئاوی حەیاتی بێ وە یا ئاوێکی ترە کە ئەویش ئەفسانەیی بێ.

٢٩٧- ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژیت:

واتە ژیان زۆر بەزۆر خواردن و زۆربوون و کەم خواردن و نەبوون نییە و ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە شتێک بۆ یەکێک هاتووە و بەشی برادەرانی خۆی بدات و ئەمە دەڵێ.

٢٩٨- ئەوەی لەناو مەنجەڵێ بێ دێتە ناو ئەسکووێ:

ئەوەی لەدایک بێ دەبێ هەر بمرێ و ئەوەی بەدەست دروست دەکرێ دەبێ لەناو بچێ.

٢٩٩- ئەوە لێ لێیە هێشتا لۆلۆ مایە:

بۆ یەکێک دەگوترێ بەڵایەکی بەسەر هاتبێ و پێی ناڕەحەت بێ و یەکیش پێی دەڵێ ئەوە لێ لێیە و لۆ لۆ لە دوایە یانی بەڵای گەورەتر مایە.

٣٠٠- ئەوەندەی ئەمن گەورەی دەکەم ئەو هەر خۆی گچکە دەکاتەوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ باوکی یان برا گەورەی وە یا یەکی تری نزیکی دەیانەوێ بەرزی بکەنەوە و لە شوێنی باش دابنێن بەڵام هەروەک منداڵێک دەبەزێ.

٣٠١- ئامانێ شکەستی چێترە ژیێ خواستی:

واتە شتی مولْکی خۆت پێ باشترە لە شتی زۆر چاکی خەڵکی تر کە هی خۆت ئەگەر باشیش نەبێ ئاوی مەندە و شێلو نابێ بۆ یەکێ کە دەگوترێ زۆر پشی درێژ بێ.

٣٠٢- ئەگەر زۆر هات قەواڵە بەتاڵە:

واتە حوکمی زۆردار قەواڵەی ناوێ چۆنی بیەوێ وا دەڕوات و یاسا نایخوات.

## ب

٣٠٣- بانێک و دوو هەوا:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە کارێک وە یا ڕەفتارێک کە ڕوو دەدات بۆ یەکێک بە باش بژمێری و بۆ یەکی تر بە خراپ.

٣٠٤- باری ولاغی ئەگەر لە قەدەری نەبێ پشتی دەشکێنێ:

دەبێ هەموو شتێک بە ئەندازە بێ هەتا وەک خواردن و شتی تریش.

٣٠٥- بە پرسیاران دەچییە هەموو شاران:

پیاو ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بە هەموو پرسیار و لێکۆڵینەوە بگاتە هەموو شتێک.

٣٠٦- بارم لەسەر پشتی کەرێیە و کوڕم فێرە خوێندن بکە:

بۆ یەکێک دەگوترێ داوای شتێک بکات کە لەو کاتەدا ئیمکان نەبێ ئەنجام بدرێ بەهۆی ئەوە کاتی پێویست نییە.

٣٠٧- بە تەمای نیسکێ لە ئیمانێ مەگەڕێ:

واتە بۆ هەر کارێک کەرەستەی بنەڕەتی هەیە و دەبێ هەوڵ بدەی بۆی پەیدا بکرێت و بەتەمای هەندێ شتی ناتەواو لێی نەگەڕێ بۆ وێنە شیوی نیسک بکەیت بە خێر بەتایبەتی لە ڕۆژی جومعان مانای وا نییە دینی تەواوە و دەبێ شتی تر هەیە بیکات.

٣٠٨- بە تەمای نیسکێ لە گیسکێ مەگەڕێ:

مانای ئەوەش لەگەڵ (بەتەمای نیسکی لە ئیمانی مەگەڕێ) لەیەک نزیکە.

٣٠٩- بە قسەی خۆش کەمتیاریش لە کونێ دێتە دەرێ:

واتە قسەی خۆش شەکرە و هەموو کەس تامی دەکات و هەتا کەمتیاریش دەتوانێ

پێی بهێنێته دەرەوە و زیاتر بۆ موبالەغەیە.

٣١٠- بە بەردێکی دوو کێلی پەڕاند: یان بە بەردێکی دوو چۆلەکەی کوشت:
پیاو کارێک بکات دوو سوود بە یەکجار بگەینێ.

٣١١- بەدوای کلاوی بابردوو مەکەوە:
یانی بەدوای چووان مەچوو و شتێک لە دەست چووبێ زۆری لێ مەتۆژەوە.

٣١٢- بە قسان بەهاری هێنایە چۆکان:
بۆ یەکێک دەگوترێ دڵی بەهار بێ و هەر بە قسانە دنیا بکاتە بەهار.

٣١٣- بەرە لە جێی تەنک دەدڕێ:
واتە مرۆڤی هەژار و بێچارە هەمیشە تووشی زەرەر و زیان دەبن لە کاتی ڕووداوی کارەسات و ڕووداوی جۆرەوجۆر.

٣١٤- باری سەنگینە ماڵی ڕەنگینە:
ئەوەی زۆر کار بکات زیاتر بەهرەمەند دەبێ و ماڵی ڕازاوەتر دەبێ واتە زیاد کار بکە و بەرهەم پتر وەدەست بهێنە.

٣١٥- بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ:
واتە قسە بۆ یەکێک دەکرێت و مەبەستێکت هەیە ئاراستەی ئەوی دەکەیت بەڵام هی تریش گوێیان لێیە و مەبەست زیاتر ئەوان دەبێ واتە بە کینایەت یەکێک حاڵی دەکەیت.

٣١٦- بەردی گەورە نیشانەی نەوەشاندنە:
یەکێک قسەی گەورە دەکات و وا بەخەڵک نیشان دەدات کە دەتوانێ فلان کاری گرینگ ئەنجام بدات بەشێوەیەکی ئاسایی و یەکی تریش بەم پەندە وەڵامی دەداتەوە.

٣١٧- باران نیشانەی بایە نەخۆشی نیشانەی تایە:

هەروەک لەوەوپێش وتمان هەر شتێک وە یا هەر ڕووداوێک عەلامەت و نیشانی خۆی هەنە و پیاوی ژیر و زرنگ و زانا بەئاسانی هەستی پێ دەکەن.

٣١٨- بۆ سمێڵی چوو ڕدێنی لەسەر دانا: یان بۆ ڕدێنی چوو.....

کابرایەک لە جێگەیەک و لەلای پیاوێک کارێکی دەبێ وە یا قەرزێکی دەبێ و دەچێ بەڵکەم چارەیەک لەلای ئەو بدۆزێتەوە. بەڵام کە چوو بۆی ناکرێ و لەسەری قەرزدار دەبێتەوە.

٣١٩- بێ دەرپێ دوو گەز جاو لە خەو دەبینێ:

ئینسان پێویستی بەچی هەبێ وە یا ئارەزووی لە چی بێ هەر ئەوەی لە دڵ دەبێ هەتا کە دەخەویش لە خەو دەبینی واتە هەموو مرۆڤێک زیاتر ئامانجی خۆی چ تایبەتی چ گشتی بێ ئەوەی لە بەرچاو دەبێ.

٣٢٠- برسییەتی ڕێی لە هارییە:

مرۆڤ کە برسی و ناچار بوو وەک هاری لێ دێ و پەلەکوتە بۆ هەموو لایەک دەکات.

٣٢١- بە پاشەڵاکی کوزری دەکوتێت:

بۆ یەکێ لووتبەرز و پۆزی لێ بدات بەکار دێت کە تواناش وەک خۆی نیشان دەدات وا نەبێ.

٣٢٢- بووە بە بەردی بنی گۆمی:

یەکێک ماوەیەک بێدەنگ بێ و هەواڵی نەبێ برادەرەکانی وای پێ دەڵێن.

٣٢٣- با نۆیەش لەسەر دەیە بێ:

یەکێک زەرەری کردبێ لە شتێک و بیەوێ جارێکی تر بیکاتەوە جا دەڵێ با نۆیەش لەسەر دەیە بێ.

٣٢٤- بە دەنگی مەلای باوەڕ ناکات و بە زەڕەی کەرێ باوەڕ دەکات:

هەن بەرەئی و ئامۆژگاریی راستی پیاوانی زانا و شارەزا باوەڕ ناکەن و بە قسەی خەڵکی نەزانی وەکی خۆیان باوەڕ دەکەن.

٣٢٥- ڕمی نەبێ هیچ ناگاتە لموزی:
بۆ کابرایەکی لووت زلی و لەخۆبایی دەگوترێ واتە دەبێ بە ڕم تێی بگەینی.

٣٢٦- برا بە برادەر دان مەکە ڕۆژێک لە ڕۆژان:
یانی هەر چۆنێ هەبێ برا باشترە لە برادەری چونکە برادەر لەوانەیە پشتت تێ بکات و لێت دوور کەوێتەوە بەڵام برا لە ڕۆژی تەنگانە دێتە مەیدان شێرانە.

٣٢٧- بچێتە سەر زێی بادینان هیشکی دەکات:
بۆ کابرایەک دەگوترێ نێوچەوان سێزدە و پێ ڕەش بێ بچێتە هەر جێگەیەک هیشکی دەکات واتە بۆ خەڵکی بێ خێر و بێ بیر دەگوترێ.

٣٢٨- بە خاسە خاسە پیسی کردە کاسە:
واتە بە ماتەماتە و بە زمانی چەور و لووس دەست لە کار وەردەدا و خراپی کرد.

٣٢٩- بەردی گچکەش سەر دەشکێنێ:
واتە پیاو بە بچووکی نییە زۆرجار وایە ئەوەی پیاوێکی چکۆڵە دەیکات بە زەلامێکی زل ناکرێت وێنەش ئەوەیە بەردی بچووکیش سەر دەشکێنێ.

٣٣٠- بە کسۆکیان گۆت شین خۆشترە یان شایی گۆتی کامیان هێسکی زۆر بێ:
واتە کەسانی هیچ و پووچ و کاسەلێس و نۆکەر لە کوێ نان و پارەیان دەست کەوێ بۆ ئەوێ دەچن و ئەویان پێ باشە هەتا ئەگەر لە جێگەی خراپیش بە چەنگیان بکەوێ ئامادەن.

٣٣١- بە پشیلەیان گوت کام ماڵت پێ خۆشە وتی ئەو ماڵەی کابانی کوێر بێ:
دەبێ مرۆڤ وریا بێ لە کاروباری خۆی و کاروباری میللی و گشتی کە پیاوخراپان

زەفـەری پێ نەبەن چونکە هەمـیشــە لە ڕێگەی ئیـهمـال و گـوێ نەدان ڕوو دەدات و ئەوەش لەسـەر لێپرسـراو پێویسـتـە ئەمـە بکات وە وا نەکات سـەگ و پشـیلە خـۆیان بخـەنە ناو ڕیزەکانی و بەنەسـبەت جـەماوەری کوردستان ئـەم وریاییـە زۆر پێویسـتە وردبینەکانیشـی دەبێ لەم مەیدانەدا دەوری خۆیان ببینن.

٣٣٢- بە هێستریان وت کوڕی کێی وتی خاڵم ئەسپە:

بۆ یەکـێک دەوترێ شــەرمی بەخـۆی بێ بڵـێ کـوڕی فـلان کـەسـم و خـۆی زۆر بەزل بزانێ و لـەلایەکی تر بـۆ ئەو کـەسـانە دەگـوترێ کـە وەک بەر و لە قــەپێلکی خـۆیان دەرچن و ڕەسـەنی خۆیان لە بیر بکەن.

٣٣٣- بە هەزار زاوا ماڵێک نابێ ئاوا:

واتە خەڵکی بیانی ئیمکان نییە وەکی خزم و کـەسی خۆت بن هـەروەک زاوا کە زۆر لە کـابرای باوکی کـچـە زۆر نزیک دەبێ بـەڵام ماڵـەکـەی بابی کچ ئاوەدان ناکات و بۆ خۆی ماڵ دەکات.

٣٣٤- برا بوو بە برازا کار لە کار ترازا:

واتە دەبێ هـەر کـەسـێک مـافی خـۆی هـەبێ و بەو پـێیـە ڕەفـتـاری لەگـەڵ بکرێت و دادوەری هـەبـێ و ئەگــەرنا وەک ئەوەی بـرا بکرێت بە برازا بـێگومــان کــاروبار تـێک دەچێ.

٣٣٥- بووک نیتی نانی شـەوێ ئەنگوستیلـەی زێڕی دەوێ:

هـەندێک کـەس هـەن بەپێی بەرەی خـۆیان پێـیـان درێژ ناکـەن و ئەمــەش نیـشــانەی نەفامی نەزانییە.

٣٣٦- بە گوڵیان وت بۆ وا گەشـی وتی باخەوانەکەم مەردە:

واتە هێـز و قووەت و جـوانی هـەر پارت و کۆمـەڵ و میللـەتێک لە چالاکی و زیرەکیی سـەرکردە و ڕێبەرەکانی دەبێ.

٣٣٧- به خاڵه خاڵه هاته لامەوه بوو به ئەژدیها به پامەوه:

یانی زۆر کـەس به رێگەی دۆسـتـایەتی و برادەری بـەرپێنه دەدەن بەر پێی دۆسـتـی خۆیان و ملی بەشکاندن دەدەن.

٣٣٨- بووه به مانگی بن هەورێ:

بۆ یەکێک دەڵێن خۆی گران بکات و خۆی له خەڵک بشارتەوه به بیانووی لابەلا.

٣٣٩- به توورەگەی بەتاڵ ئەسپ ناگیرێ:

هیـچ کـارێک بێ قـورگ چەورکـردن و بێ هاندان نـاکـرێ بۆیـه دەبێ رێکوپێکیی ئیشوکار هەمیشه دەستی کراوه بی.

٣٤٠- به دوعای کەرێ جۆ نابارێ:

واته دەبێ مرۆڤ دوعایەک بکات قەبووڵ بێت و خەڵک بڵێن ئامین و،

٣٤١- به هەمـوو بایان جـۆخین سـوور نـابێـتـەوه: یان دەگـوترێ (به هەمـوو بایان شـەنـەبای دەکات): بۆ شـەنەبا وه یا جۆخین سـوورکردنەوەی بای شـەماڵ پێـویسـته و بەبای هوڕه و گاسنفرۆش جۆخین سـوور ناکرێتەوه بەڵام هەندێ کەس به هەمـوو با شـەنەبا دەکەن و گـەنم و جـۆی زۆری با دەبیـات و مـانـای ئەوەیه کـابـرایەکی نەفـام و نەزانه و هەن له ئیشوکاری تریش وا دەکەن له دواییدا دێنه سەر زەرەر.

٣٤٢- بزن خەمی گیانیەتی و قەسابیش خەمی بەز:

یانی هەر کەس خەمی کاری خۆیەتی و زۆر پەرۆشی کاری ئەوی تر نییه.

٣٤٣- به مەڕیان وت کەی ڕۆژی تۆیه وتی کەی گورگ و قەساب نەما:

ئەم پەنده مـانـای زۆره و ئێسـتـا لەم دنیـایەدا گورگ و قـەسـاب چەند زۆر بووینه بۆ گـیـانی ئـادەمـیـزاد بەتایبـەتی بۆ مـیللـەتانی ژێردەسـت و چینەکـانی چەوسـاوه و هەندێکیان هەن گورگن و له پیستی مەڕن.

٣٤٤- بێ ئیشی و نەخۆشی:

یانی بێکاری دەبێتە هۆی زۆر نەخۆشی و پێویستە مرۆڤ تا دەمرێ هەر کار بکات و بەرهەمی هەبێ و وتراوە بێ ئیشی و سەرئێش و ئەمەش دروستە.

٣٤٥- باب مردی دەخەون شیو نەخواردی ناخەون:

یانی برسییەتی لە مردنی باوک ناخۆشترە واتە هەژاری و بێ چاری بەڕاستی دەردێکی گەورەیە لەناو کۆمەڵدا و زۆرداران بیری لێ ناکەنەوە بۆ چاکی بەڵکەم هەر دەیانەوێ هەژاری و بێکاری و نەخۆشی زیاتر بێت بۆ ئەوەی ئاشتی زۆرداران و داگیرکەران و دنیاخۆران هەر لە گەڕان و هەڕمێن بێت بەڵام ڕۆژی هەژارانیش هەر دێ و خۆری پرشنگداری مرۆڤایەتی و دادوەریی جیهان دەگرێتەوە و ئەو کاتەی خەڵکی کوردستانیش هەر دەحەسێتەوە.

٣٤٦- بووە بەکارە کۆرپەی ناو ماڵی:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە زۆر بە خۆژی بژی.

٣٤٧- باوکت کە کوژرا سوار بوو یان پیادە وتی موهیم ئەوە بوو کوژرا:

یانی ئەم جۆرە سوئالە لە جێگەی خۆی نییە و دەبێ پیاو کە پرسیار بکات بزانێ چی دەپرسی و چۆن دەپرسی.

٣٤٨- بە سەبر بە و بە زەبر بە:

واتە کار و ئەرکەکانی خۆت هەوڵ بدە بە هۆشیاری و بە وردبوونەوە دەستیان بۆ ببە بەڵام کارەکانت زەبر و کاریگەریی تێدا هەبێ.

٣٤٩- بەردێکی کە نەزان بخاتە ناو گۆمەوە بەسەت زانا دەرنایەتەوە:

کە کارێک دەزانی زۆر بە ئاسانی بێ ماندووبوون خراپ دەکات ماوەیەکی زۆری دەوێ کە بەهەموو زانایان چاک بکرێتەوە.

٣٥٠- بەفر بە تاریکەشەوێ بکەوی ملی دەشکێ:

یانی له تاریکەشەو بەفر کەم دەکەوێ و له مانگەشەوێ زیاتر دەکەوێ و رەنگە بەو هۆیە بێ گوایە مانگەشەو ساردترە و بە تەجروبەش وا دەرچووە.

٣٥١- بای له زگی خۆی دەردەکات:

بۆ یەکێک دەگوترێ هەندێ هەڕەشە و فشەفشی بکات و هیچی پێ نەکرێ دەڵێن بای له زگی خۆی دەردەکات واتە هیچی پێ ناکرێ و هەر قسەیە.

٣٥٢- برنجە کابان قنجە:

یانی هەر ڕۆژێ کابان خواردنی چاکی هەبێ لەلایەن ئەندامانی ناو ماڵەکە زۆر قەنج و خۆشەویست دەبێ.

٣٥٣- بڕووشە کابان تووشە:

هەر ڕۆژێ کابان شیوی ناخۆشی هەبێ وەک بڕوش و درەنگیش پێ نەگات ئەویش له خۆیەوە تووڕە دەبێ.

٣٥٤- بان له بازگە دەگیرێ:

دەبێ بزانی هەر کارێ چۆن دەکرێ و بەو پێیە بۆی بچی.

٣٥٥- بدەی ڕەنج دەخۆی گەنج:

یانی ئەگەر رەنج بدەیت بەرهەمی باشت دەست دەکەوێ و ئەمە راست نییە و له ماڵی خۆت دانیشی و هەموو شت بێتە بەر دەوت.

٣٥٦- بۆ بەرخی هەژاری چ گورگ چ سوار:

ئەگەر له دەوری گورگی بەربیت و سوار بیدۆزیتەوە هیچ فەرق نییە چونکە موهیم ئەوەیە بۆ هەژارەکە بەرخەکەی چووە.

٣٥٧- بە قوربانی گەنج بم ڕاکردنیشیان لێ جوان دێت:

دیارە کچێک حەزی له کوڕێک بووە و لەناو کۆمەڵێک پیاوی پیردا بوو له کاتی

شەڕدا گەنجەکە ڕادەکات و کیژەکە دەڵێ ئای بە قوربانی بم لە ڕاکردنیش جوانە واتە لەلایەک هەر کەس بۆ دیاری خۆی دەڵێ و لەلایەکی تریش لاوینی زۆر عەیب و کرێتییان دادەپۆشی.

٣٥٨- بۆیە هاوین خۆشە کەس نەڵێ مامە کۆشت داپۆشە:

هاوین ئازادییە و لە ئازادیدا ماوە هەیە بۆ مرۆڤ زۆر ئارەزووی خۆی ئەنجام بدەن هەروەک لە هاوینیدا پیاوی خۆی بەرەڵڵا دەکات و کەسیش ناڵێ بۆ وا دەکەی چونکە هەریەکە بۆ خۆی لە ساباتی خۆی دەبێ.

٣٥٩- بوویتە سۆفیلکەی قون قەلەتین:

بۆ جۆرە کەسە دەگوترێ کە پرسیاری لێ بکەیت وەک سۆفی بزانێ و نەزانێ جواب دەداتەوە و لە لایەکی تریش پیس و پەڵۆس و دەستی خۆی نەشوا و بە قەلبی خۆی خاوێنی بکاتەوە.

٣٦٠- بار بە باجێ لەنگ نابێ:

واتە ئەگەر هەر شتێک قایم بکرێ و باش دامەزرابێ بەشتی سووک و لابەلا جێ لەق نەبێ هەروەک بار بەباجێ لەنگ نابێ.

٣٦١- بێڵی قوڕێ بە دەستی خەڵکی سووکە:

واتە مامناوەنجی دڵیان خۆشە و بێڵی قوڕی بەدەستی خۆیان نەبێ زۆر سووک و ئاسانە و هیچ گرانیی تێدا نییە و مەسەلە لەم بارەیەوە گەلێک زۆرە.

٣٦٢- بە دەستی خەڵکی مار دەگرێ:

بۆ کابرایەکی ترزل و بێ کەڵک دەگوترێ کە خۆی نەتوانێ هیچ بکات و بەهۆی خەڵکی بخوڕێ.

٣٦٣- بەرایی کوچێ چێل بێ زەحمەتە تا ئاخیری خێر بێ.

واتە ئەگەر ڕێبەر و فەرماندە وەک جل و لباد و بێ توانا بێ زۆر زەحمەتە کۆچی

ئەم ڕێبەرە بگاتە جێگەی خۆی واتە لە هەموو ئیشوکارێکدا لەناو هەر حزب و کۆمەڵ و میللەتێکدا ڕێبەر پێویستە زیرەک بێ.

٣٦٤- برادەر بگرە بە قەسپێک بەری مەدە بە ئەسپێک:

واتە برادەر گرتن ئاسانە بەڵام نابێ بە ئاسانی دەستی لێ بەربدەیت کەوابێ دەبێ بۆ گرتنی برادەر لێکدانەوە هەبێ.

٣٦٥- بەختی ڕەش هەوجەی نییە بە هەش.

ئەگەر مرۆڤێک بەختی ڕەش بوو لە هیچ لاوە باشی بۆ نایە و هەتا زۆرجار وا دەبێ دۆست و برادەری نزیکیشی باشی بۆ ناڵێن جا ئەوەش دەڵێ بەختی ڕەش پێویستی نییە بەهەش کەوابێ ئێوەش پێویست ناکات بەڕەیەکی باوێتە مزگەوتێ.

٣٦٦- بەتەماشاکردن بوایە سەگ زوو فێرە قەسابی دەبوو:

یانی بۆ فێربوونی ئیشوکار تەنیا دیتن کافی نییە و بەڵکەم دەبێ بەکارهێنانی عەقڵی لەگەڵدا بێ.

٣٦٧- بەخت ساڵێ جارێک لە ماڵی پیاو دەدات و ئەویش لە ماڵ نییە:

یانی پیاوی بێ شانس و بەدبەخت جارێکی بۆ هەڵدەکەوێ و ئەویش عەقڵی لە سەفەرە و لە ماڵ نییە ناتوانێ سوودی لێ وەربگرێ.

٣٦٨- بەختم ئەوەندە لە کارە تەرۆزی دەچینم دەردەچێ کالیارە:

مرۆڤ ئەگەر بێ شانس بێ چی باشی بۆ نایە وەک ئەمە.

٣٦٩- باری گەورە هەر دەبێ حوشتر بیبات:

واتە هەر موشکیلەیەک بێ وە یا کارێک بێ پیاو بتوانی دەستی.

٣٧٠- بووە بە تۆقی عیزرائیل لە ملم نابێتەوە:

یەکێک یەکێکی تری وەک جلی بەملدا هاتبێ و لە ملی نەبێتەوە دەڵێ لێم بووە بە

تۆقی عیزرائیل و لە یەقەی نابێتەوە.

٣٧١- برینانم جارێکی تر لێ مەکولێنەوە:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر شتێکی زانی دڵی برادەرێک بریندار بکات وە یا برینەکەی بکولێنیتەوە نابێ باسی بکات.

٣٧٢- بردیانەوە بۆ باوەخوندی:

ئافرەت کە مێرد دەکات پاش ماوەیەک دەیبەنەوە بۆ ماڵی باوکی و پێی دەڵێن (باوخوند) بەڵام ئەم قسەیە بە تەوسەوە بۆ یەکێک بەکار دەهێنن کە شتێکی لێ قەوما بێ.

٣٧٣- بۆ ماڵی دنیاییم نییە بۆ ڕووەتێ مە:

یانی هەندێ کار هەیە کە دەبێ بکرێ وا نەبێ بۆ ماڵی دنیا بێ بەڵکو بۆ ڕووەت و ناودەنگ و ئیحتیرام دەکرێ.

٣٧٤- بەرد نابێتە پۆست دوژمن نابێتە دۆست:

واتە بە هیچ شێوەیەک نابێ دوژمن بکەیت بە دۆست.

٣٧٥- بەراز لە مام ساڵی دا پاشان چووە سەر داری:

وەک ئەوەیە پاش ئەوەی تەڕ بی ئەوجا قاپوتی لەبەر بکات و پێشتر بچێتە سەر دار نەوەک پاش برینداربوونی.

٣٧٦- بنیادەم تەیری بێ باڵە ئەمڕۆ لێرە و بەیانی لە یاڵە:

یانی مرۆڤ نازانی ئەمڕۆ تا بەیانی چی بەسەر دێ وەک تەیر.

٣٧٧- بەرپێنەیەکی لێ دا تۆقی سەری لە عەردی دا:

یانی فێڵێکی لێ کرد و زیانی پێ گەیاند.

٣٧٨- بە مشتومڕ نابێتە بڕ:

یانی راستی بە دەودەوانی دەرناکەوێ و دەبێ بە لێکۆڵینەوە لێ تۆژینەوە راستی دیار بخرێ.

٣٧٩- بە نیسکێکی لە ئاخەلێوە دەردەچی:

٣٨٠- بۆیە پێت دەڵێم مامە تا چۆلەکەم بۆ بگری:
یانی بۆیە بە گەورەت دەزانم تا تۆش ئاگات لە من بێ.

٣٨١- بوو بەخوێنی سیاوەیش:
بۆ شتێک دەگوترێ کە کێشەی کۆتاییی پێ نەیت و زۆر درێژەی پێ بدرێ.

٣٨٢- بابی خۆی ناناسێتەوە:
بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر لە خۆی بایی بێ و لە پێستی خۆی دەرچێ هەتا باوکی خۆی نەناسێتەوە.

٣٨٣- بە دەوێکی دەخۆن و بە دووان دەڕین:
بۆ دوو کەسان دەگوترێ کە لەسەر کارێکی نەباش ببن بە برادەر و زۆر ڕێکوپێک بن بەڵام دۆستایەتییەکی مەبدەئی نەبێ.

٣٨٤- بە گوڵێک بەهار نایەت:
واتە کە بوو بە بەهار گوڵ زۆر دەبێ بەیەک گوڵ بەهار نایەت کەوابێ چاکەش بەیەکێ ناکرێت و سوودی نابێ و لە زۆرلاوە بێت.

٣٨٥- بە هەزار دەرزی گاسنێکی تێ نابێ:
یانی بە دەیان پیاوی سادە و نەزان جێگەی پیاوێکی شارەزا و زانا و ئازا ناگرنەوە.

٣٨٦- بە ڕەحمەت بێ هەر ئەو بەنەعلەت بێ هەر ئەو:
بۆ پیاوێک دەگوترێ کە شوێنێک لەوی باشتری لێ نەبێ و بێ کەموکورتیش نەبێ

واتە لە چاو شلان پەیت بێت.

٣٨٧- بەزی بە کتکی دەسپێرن:

یانی کۆزی بەرخان بە گورگی دەسپێرن و ماڵی تەسلیمی کابرایەکی دز دەکەن.

٣٨٨- بە پاشەوە بلوولی لێ دەدا:

بۆ کابرایەکی زۆر ترسنۆک بێ بەکار دێت.

٣٨٩- بەندە و تاقەت:

یانی ناکرێ داوای کارێک لە یەکێک بکەیت لە توانای زیاتر بێ.

٣٩٠- بۆ ئەوەی نەڕژا تاکو نەپرژێ:

واتە ڕۆژی باران هەر قوڕە و ئەگەر شەڕ بوو تەڕ و هیشک پێکەوە دەسووتێ و ئەگەر ئاژاوە دروست بوو مەقایس نامێنێ.

٣٩١- بە تڕێ گوێزە کوێرەی دەشکێنێ:

بۆ کابرایەکی لووتبەرز و هیچ و پووچ بەکار دێت.

٣٩٢- بە شەنەی پەرتی دەکرد و بە کەوگیری خڕی دەکردەوە:

بۆ یەکێکی دەستبڵاو لە کاتی هەیەتی بەهەردوو دەستان سەرف دەکات و کە هیچی لە دەست نەما ئەوجا دەیەوێ بە وردە شت خڕی کاتەوە.

٣٩٣- بەسمە کوڕە کەچەڵ کەسمە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەکرێ بتوانێ ئیشی پیاوانە بکات و ئەوەی تریان ئەمە دەڵێ.

٣٩٤- بۆ دەوڵەمەندی عادەتە بۆ فەقیری عیبرەتە:

ئەگەر پیاوی هەژار کارێک بکات و جوان نەبێ هەموو لێی لە هەڵڵا دەدەن و چەپڵەی بۆ لێ دەدەن بەڵام هەمان کار پیاوێکی دەوڵەمەند بیکات بۆی بە عادەت و

لێوەشانەوە حساب دەکەن، کە نابێ وا بێ.

٣٩٥- بە دەوڵەمەندی دەڵێن پیرۆز بێ و بە هەژاریش دەڵێن لە کوێت بوو:

پیاوی هەژار شتێکی جوان بکڕێ دەڵێن لە کوێت بوو بەڵام دەوڵەمەند دەڵێن یاخوا پیرۆزت بێت واتە باری هەژاری لەو زەمانەش هەر خوار بووە.

٣٩٦- بە کەرێ نەدەوێران تاویان دەدایە کورتانی:

دەبینی پیاوێکی گەورە هەیە کەس باسی وی ناکات و هەر باسی دەست و پێوەندەکانی دەکەن و ئەمەش وەک ئەم مەسەلەیە دەبێ.

٣٩٧- بزن ئەگەر ئەجەلی بێ نانی شوانی دەخوات:

کابرایەک ئەگەر بیەوێ تووشی بەڵا بێت خۆی لە شاخی دەدات و خۆی تووشی مەشاکیلی کابرایەکی زەبر بەدەست دەکات.

٣٩٨- بزن ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت جێگەی خۆی خۆش دەکات.

ئینسان دەبێ بۆ ژیانی خۆی هەموو هەوڵ و کۆشش بکات و ئەگەر چووە جێگەیەکی هەتا کاتیش بێ دەبێ جێگەی خۆی خۆش بکات و ئەوەی پێویست بێت بیکات وەک بزن دەڵێن کە بۆ شەوێک جێگەی خەوتنی خۆی بە پێ چاک دەکات.

٣٩٩- بەرد لە جێگەی خۆی هەڵقەنی جێگەی خۆی ناگرێتەوە:

یان دەڵێن بەرد لە جێگەی خۆی بە قەدرە واتە مرۆڤ هەتا لەناو کەسوکاری خۆی بێ و لەسەر ئەرزی خۆی بێ، قیمەتی هەیە بەڵام ئەگەر لە شیریش ئازاتر بێت کە جیا بووەوە و ئەو قیمەتەی پێشووی نامێنێ وێنەی ئەمە یەکجار زۆرە.

٤٠٠- بێگانە یەک مەیدانە:

بەڵێ لە ئیشوکاری سیاسیی خۆتدا دەبێ زیاتر ئیعتیماد نەکەیتە سەر بیانی چونکە هەر کاتێ قازانجی لەوە بوو لێت بدات وەک لووتە بەرازە و بەزەییی نییە هەروەک رژێمیی شای ئێرانی گۆڕ بەگۆڕمان دی چی کرد لەگەڵ شۆڕشی

کوردستان.

٤٠١- بەرخی نێر بۆ سەربڕینە:

واتە کوڕی ئازا و دلێر بۆ شەڕ و مەیدانە و نابێ لەوە بترسی چی بەسەر دێ ئەگەرنا دوژمنەکان خۆی و میللەتەکەی بەسەریدا زاڵ دەبن و لەژێری دەیپلیشێننەوە.

٤٠٢- بە گاوانیی شەرم نییە بە نان سەندنی شەرمە:

وەک ئەوەیە ئەگەر ڕیشت بوو دەبێ شانەی بۆ هەڵگری وە ئەگەر کارێکت کرد دەبێ هەر چییەکی بۆ ئەنجامدانی پێویست بۆ بکەیت وەک گاوانەکەی لێ نەیت بە گاوانیکردن شەرمی نەبوو بەڵام نان سەندنەکەی لا ئەستەم بوو.

٤٠٣- بە کەریان وت کوڕێکت بوو وتی ئەو باری لە من هەر لە منە:

بۆ یەکێک دەیڵێ کە کوڕی هەبن و بێ خێر بن و پێیان نەحەسێتەوە.

٤٠٤- بە عارەبی مەڵێ مەرحەبا هەندێکی دەخوا و هەندێکی دەنێ لەبن عەبا:

یانی ڕوو زیاتر بەخەڵک بدەیت و بیانلاوێنییەوە دەتخۆن و لە کەڵک دەکەون وەک عارەبەکەی کە ڕووی پێ دراوە لە حدوودی خۆی زیاتر پێ درێژی دەکات.

٤٠٥- باری گوێزی لێ نێنیت خڕەی نایێ:

بۆ یەکێک دەڵێن زۆری بەسەر هاتبێ و ترش و تاڵیی زۆر دیبێ جا پاش ئەوە هەرچی لەگەڵی بکەیت دەنگی ناکات و خۆ گرتنی زۆر دەبێ واتە ئەزموون باشترین مامۆستایە و هەتا لە دایک و باوکیش بۆ ئادەمیزاد باشترە و ئەوەی لە زانست گرینگترە ئەزموونە.

٤٠٦- بە پیری دەچێتە بەر هەویری:

واتە کابرایەک بە گەورەیی کارێک دەکات کە بە جاحێڵی نەیکردووە و بەراستی ئەمەش بە کارێکی باش نازانن واتە کارێکی نەگونجاو لەگەڵ تەمەنی ئەو ئەگەرنا بۆ

کاری باش ناگوترێ.

٤٠٧- به پێیان بگرن بێ پێ هی خۆتانه:

له کاتێکدا دەگوترێ هەوڵ بدەیت هەندێ کەس دوور له خۆت ڕێزیان بگریت و بۆ لای خۆت ڕایان بکێشی و ئەوەی له خۆت نزیک بن تۆزێک فەرامۆشیان بکەیت لەبەر هەندێ هۆ ئەم پەنده دەگوترێ.

٤٠٨- به هۆی نەوسێ دەچێته حەپسێ:

واته یەکێک به هۆی نەوس و تەماع خۆی تووشی بەڵا دەکات.

٤٠٩- به ڕێوییان گۆت بۆ کلکت دەهەژێنی وتی لێم دەوەشێتەوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ ڕای له خۆی بێ و خۆی بابدات.

٤١٠- بەڵێ قسەکانت ڕاسته و نیشانەشی ئەو مەندیلەی له سەرتە:

بۆ یەکێک دەگوترێ ڕاستی بشارێتەوە و شتێکی تر به دۆست و برادەرانی خۆی نیشان بدات گوایه کابرایەک دوو ژنی بوو هەموو ڕۆژێ زوو له مزگەوت ئاماده دەبێ و لێی دەپرسن هۆی چییه دەڵێ دوو ژنم هەیه و باش خزمەتم دەکەن له کاتێکدا ئاگای له خۆی نەبووه ئەوەل کراسی خێزانی له باتیی مەندیلی له سەر نابوو.

٤١١- به کەر و مشکی دەگەنەوە یەکتر:

بۆ یەکێک دەڵێن که خۆی وا نیشان بدات که خزمی کابرایەکی له خۆی بەرزتره و کەچی واش نەبێ.

٤١٢- بەڕوو له قەپێلکی خۆی دەرچێ گوڕوو دەبێ:

بۆ کابرایەک دەڵێن دژی میللەتی خۆی بێ و بۆ قازانجی دوژمنەکانی کار بکات وه یا له پێی خۆی دەرچێ.

٤١٣- به دەستی من نەبێ به دڵی من دەبێ:

ئەوە لە کاتێکدا دەبێ کە ڕووداوێک ببێ و قازانجی خۆی تێدا بێ و بەدڵی تۆ بێ و تۆش ئاگات لێی نەبێ.

٤١٤- بار بەلای فەقیریدا دەکەوێ:
واتە هەمیشە هەژاری بێچارە زیاتر تووشی زیان دەبێ هەتا لە کاتی دەزبارگرتنیش بار بەلای ئەو دادەکەوێ و ئازاری دەخوات.

٤١٥- بێدەنگی لە نەزانین چاکترە:
واتە ئەگەر مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ، ئەگەر لێی نەزانی خۆی تێی هەڵنەقوتێنی لەوە باشترە کە خۆی تێ وەردا و بە پێخواستی بکەویتە ناوی، پێ سەرشۆڕ دەبی. واتە ئەگەر شتێکت نەزانی لێی بێدەنگ بە زۆر کارێکی چاکە.

٤١٦- بێعاریان لەناو جەوالی دەنا سەری پەنجەی خۆی دەردەهێنا:
یانی سەری ئالەتەکەی خۆی دەردەهێنا و بەناوی ویش دەگوترێ مەبەست ئەوەیە مرۆڤی بێعار و نالەبار بەچی زەفت نابێ بیبەستییەوە پەتکەکەی دەپسێنێ هەروەک گوتراوە (بێعار ببەستییەوەش پەتکی دەپسێنی).

٤١٧- بڕەبڕی مەنجەڵی و تووڕەیی کابانی لێک دوورە:
دیارە کابرایەک لە ماڵێک دەبێ کابان خۆی تووڕە دەکات و ئەوە نیشان دەدات کە دەڕوات و لە هەمان کات دەنگی کوڵانی شیوی ناومەنجەڵ دێت کابراش لێک دەداتەوە و دەزانی فێڵە و لەبەر خۆیدا ئەم قسەیە دەکات.

٤١٨- بە دوو چوواندا مەچوو:
یانی ئەگەر شتێک لە دەست چوو زۆر خەفەتی بەدوا مەخۆ چونکە ناگەڕێتەوە.

٤١٩- بۆ مردووان ڕەحمەت چاکە:
یانی ئەگەر یەک مرد شەیتان دەستی لێ دەشوات و کە ناوی هات بڵێی رەحمەتی خوای لەسەر بێ باشترە لەوەی ناوی بە خراپە بهێنی هەرچەندە کابرایەکی مردی

شایستەی ڕەحمەت گوتنیش نەبێ.

٤٢٠- بە خشەخش خۆی کردە خاوەنی بەش:

بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر بەدوای کارێک بگەڕێ و ئاخیری بەرهەمی ببێ.

٤٢١- بە ژنە دۆمیان گوت بۆ ئەوەندە ڕەشی گۆتی خوا هەر ئەوەندەی پێ داوم:

بەجۆرێکی تریش دەڵێن. واتە جوانی و ناشیرینی لەدەست خوایە و ئینسان لە دەست خۆی نییە و هەق نییە بە عەیب لێی بگیرێ و لە لایەکی تریش زۆرجار وا دەبێ پیاو تووشی عەیبێک دێت ئەویش لە دەستی خۆی نییە.

٤٢٢- بە دەستی خۆی، گۆڕی بۆ خۆی لێ دا:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک بۆ خۆی گیروگرفت دروست بکات خەریکی ئەوە بێ خۆی بکوژێ و لەناو ببات.

٤٢٣- باس باسی کەری شینە:

کابرایەک کەرێکی شینی دەبێ و هەمیشە پێیدا هەڵدەڵێ و زۆر باسی دەکات و وای لێ دێ هەر شتێک دەبێ دەڵێن باس باسی کەری شینە یانی شتێک بە مەعنای دووبارە و چەند بارە بکرێتەوە.

٤٢٤- باشی هەڵینا و قوڕی بنی دەرێنا:

بۆ یەکێک و لە کاتێکدا دەوترێ بە چاکی مەسائیل و گیروگرفت بزانی.

٤٢٥- با لەناو دوو نانی گەرم بێ:

وەک گەفکردن دەگوترێ و مەبەست ئەوەیە لەسەری ناچێ و تۆڵەی خۆی هەر دەکاتەوە چونکە ئەگەر لە نێوان دوو نانی گەرم بێ مانای وایە بە گەرمی تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

٤٢٦- بەرد لە جێی خۆی بە سەنگە:

هەروەک وتمان بەرد ئەگەر هەڵقەنا جێگەی ناگرێتەوە و دیسان هەر شتێک هەتا لە جێگەی خۆیەتی قیمەتی زۆرە دەبینی پیاوێکی زۆر بێچارە لە ماڵی خۆی ئیحتیرامی زۆرە بەڵام ئەگەر ماڵی خۆی بەجێ بهێڵێ ئەو قیمەتەی نامێنێ یان کابرایەک لە وڵاتی خۆی زۆر بەسوودە و ڕێزی لێ دەگیرێ و ئەگەر دەربەدەر بوو ئەو قیمەتەی جارانی نامێنێ و ئەزموون لەم بارەیەوە زۆرە.

٤٢٧- بەرخی دوایی باشتر بە دایکی دەکەوێ:

لە کاتێکدا دەبێژرێ کە کابرایەک پشیی فراوان بێ و ئارامیی زۆر بێ و لەم ئەنجامەدا چاک بە ئارەزووی خۆی بگات ئەم وتەیە دەگوترێ.

٤٢٨- برا برایە کیسەی جودایە:

مەبەست ئەگەر دوو سێ برا لە باوک و دایکێک بن هاوبەشن لە ماڵی باوکیان و دەبێ هەریەکە هەقی خۆی بدرێتێ بۆیە زۆرجار وا دەبێ کابرایەک کار بۆ یەکێک دەکات و ناسیارێتی و دەیەوێ بەلاش بێ و ئەوەی تر ئەم قسەیە دەکات و ئێستاش لە ڕووی سیاسی ئەگەر نەتەوە و میللەتێک پێکەوە لە وڵاتێک ژیان دەبێ هەموویان خاوەنی مافی سیاسی و نەتەوەییی خۆیان بن.

٤٢٩- برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لەلای خوا بێ:

یانی ئەگەر یەکەتی و برایەتی و تەبایی لەناو هەر کۆمەڵ و حزب و میللەتێکدا هەبێ سەرکەوتن مسۆگەرە مەگەر خوا قەزا و بەڵا دروست بکات دەبێ ئەم پەندە هەمیشە دروشمی یەکەتیمان بێ.

٤٣٠- بە پشیلەیان گۆت گووت دەرمانە ئەویش دەیشاردەوە:

واتە هەندێ کەس هەیە ئەگەر پێی بڵێ بەردێکم بدێ لە سەرم بدەم و سەر پێ بشکێنم پێت نادات و لەو پشیلەیە خراپترە.

٤٣١- بە دەستی خۆت نەبێ خورشتی پشتت نامرێ:

واتە ئەگەر بەدەستی خۆت نەبێ کارت سەرڕێ و یەک ڕێ نابێ.

٤٣٢- بەتەمای خوای، گۆشت چێڵی مەلای:

لە کاتێکدا دەگوترێ ئومێدت بەکارێک نەبێ کە تەواو بکرێ وە یا ئەنجام بدرێ.

٤٣٣- بەراز تا بۆز نەبێ زەڕی ناکات:

بۆ هەندێ کەس دەگوترێ کە بەناوسالان دەکەون و ئەکەون ئەوجا هەندێ ئیشوکاریان لە دەستی دێت بە لاوی لە دەستیان نەهاتووە.

٤٣٤- بووک و خەسوو نابن بەدوو:

هەمیشە لە نێوان بووک و خەسوودا ناکۆکی هەیە هەروەک لە نێوان دوو هەوێیان دەبێ.

٤٣٥- بە بێژینگێ بەری ڕۆژێ ناگیرێ:

واتە بە دەوی سەگی دەریا ئاوەگڵ نابێ و پیاوی چاک و گەورە بە پڕوپاگەندەی پیسی هەندێ کەسان نرخ و قیمەتی کەم نابێتەوە.

٤٣٦- بازرگان کە زەرەری کرد لە کۆنە کاغەزان دەگەڕێ:

یان کە جوولەکە زەرەری کرد لە کۆنە سجلان دەگەڕێ واتە کە پیاو لێی قەوما ئەوجا بە دوای کۆنە خزم و دۆستیدا دەگەڕێ و تا دەسەڵاتی هەبوو ئاگای لە کەس نەبوو.

٤٣٧- بسم الله لە سفرەی خالی ناکرێ:

هەروەک دروینەی لەبەری دەستی ناکرێ و دەبێ بۆ کارکردن هەموو هۆیەک وە ئامرازێک ئامادە بکرێ ئەگەرنا وەک ئەوە دەبێ لە سفرەی خاڵی بلێی بسم الله کە ئەوەش نەکرایە.

٤٣٨- بەبۆنی کەبابییەوە چووم کەریان داغ دەکرد:

بۆ کابرایەک دەگوترێ وە یا کابرایەکی دەیلی بەئومێدێکی زۆر بۆ لای کابرایەک بچێ و بەڵام زەرەر بکات و بەنائومێدی و زەرەر بگەڕێتەوە.

٤٣٩- بۆ بۆرەپیاو خۆت بدەیت بە کوشت دەڵێ بە ئەمری خوای مرد:
واتە دەبێ ئەگەر خۆت بدەیتە کوشت لە ڕێگەیەکی پیرۆز بێ و دیار بێ لەگەڵ کێ کار و خەبات دەکەیت ئەگەرنا تووشی زیانی دەبێ و وەک ئەم مەسەلەیە دەبێ.

٤٤٠- بەمستە ئاوێک دەکەوتە مەلە:
بۆ یەکێک دەگوترێ خۆشباوەڕ و قیچکەتەنگ زوو تووڕە بێ و لە بەیاری مەلەی بکات.

٤٤١- بای ڕەحمەتێ ئێمەشی گرتەوە:
لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک لە گێروداوێک دوور بێ و ئەویش تووش بکەن و کابرا دەڵێ بای رەحمەتی ئێمەشی گرتەوە.

٤٤٢- بیست و یەکەلەی گۆرانی بزن لەسەر کاری نابانی:
یانی ئەم ڕۆژە کە لە بیست و یەکی شوباتدایە زۆر توندوتیژە و لەم کاتەش لە دەشتی هەولێر زەنەبزن دەبێ و زۆر سارد دەبێ بزن لەسەر کاری خۆی نابانی، خۆی ناداتێ و شیری ناداتێ و تێ هەڵدەدات.

٤٤٣- بیست و یەکەلەی کانوونێ کەپوو پیسترە لە قوونێ:
یانی لە بیست و یەکی کانوونی دووەم دنیا زۆر سارد دەبێ و لووتی ئینسان ناوەستێ و هەر چڵمی لێ دێتە خوارەوە و لە ئاودەستخانە پیستری بەسەر دێ.

٤٤٤- بیست و یەکەلەی گۆرانی کەری بردە سەر کانی کورتانی هێناوە بەشانی:
یانی لەم ڕۆژەدا بووە ئەم حادیسە ڕووی داوە و دەبێ لەم ڕۆژە ساردانەی زستان مرۆڤ زۆر وریا بی ئەگەرنا تووشی زیان دەبێ و ئەم وتانەی باوک و باپیران بەلاش نەگوتراوە.

٤٤٥- بەرپێی خۆت ببینە ئەوجا هەنگاوی باوێ:
واتە دەبێ مرۆڤ بۆ هەر ئیشوکارێک پێشەکی دیراسەت و لێکدانەوە و حساباتی خۆی بە وردی بکات ئەوجا هەنگاوی بۆ بهاوێژی ئەگەرنا تووشی زیان دەبێ.

٤٤٦- بێدەر (خەرمان) خەما بایە:

یانی خەرمان بەبایی دەکرێ و کاری تریش هەروەها هۆی خۆی هەنە و دەبێ بەکار بێن و ئەمەش لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک کاری لەپێش بێ و ئەم قسەیە دەکات.

٤٤٧- بیست و یەکەڵەی هەورانێ لانکی بردە سەربانێ:

یەکی نەورۆز دەکات و لەم ڕۆژەدا لانکی بردووەتە سەربانێ.

٤٤٨- بەڕوو بە برژایی بەڕوو بە کولایی:

یانی کابرایەک هەیە بۆ هەموو کارێک دەبێ دەست بۆ وی درێژ بکرێت و کەسی تر نییە وە یا هەر شتێکی تر.

٤٤٩- برسیی خوای بەکەس تێر نابێ:

یانی ئەگەر یەکێک خوا برسیی کرد بەکەس تێر نابێ و بۆ یەکێک دەگوترێ کە زۆر برسی بێ و نان و دۆی بەیەک نەگات.

٤٥٠- بێ ئاو پێی تەڕ نابێ:

دیارە یەکێک دزیی کردووە و لە ئاو پەڕیتەوە و پێی تەڕ بووە و بەوە دۆزراوەتەوە و جا گوتراوە بێ ئاو پێی تەڕ نابێ واتە هەر کەسێک ئەگەر شتێکی نەکردبێ بەملی دانایێ.

٤٥١- بفرێ و نەفرێ هەر بزنە:

شتێکی ڕەش دیار دەبێ یەک دەڵێ قەلە یەکیش دەڵێ بزنە و ئاخیری دەفرێ و کابرای وتوویەتی بزنە دەڵێ بفرێ و نەفرێ هەر بزنە ئەوە بۆ جۆرە کەسێک دەڵێن کە هەر لەسەر قسەی خۆیان سوڕن ولاگونیکیان هەر لە ملەیە و سەلماندن لایان نییە.

٤٥٢- بارانە مەوارە بار نمەکەین:

یەکێک ویستوویەتی بار بکات و هەر باران باریوە و وای زانیوە هەر لەبەر ئەوە

دەبارێ و لە کاتی بارکردنی ئەمەی وتووە و ئێستاش بۆ کابرایەک دەگوترێ کە بەم شێوەیە لە ئیشوکار بگات و واتە بەباشی لێی حاڵی نەبووبێ.

٤٥٣- بەداری دادرێ بە بەردی دادرێ دەنگی لێ نایەتە دەرێ:
بۆ یەکێک دەگوترێ بەستەزمان و بێچارە و هەرچییەکی پێی بکەیت بێدەنگ بێ.

٤٥٤- بەردێکی لەسەر دانێ:
بەرامبەر بە یەکێک دەگوترێ عەیبی هەبێ و هەر قسانیش بکات و وای نیشان بدات بێ عەیبە کابرای تر پێی دەڵێ بەردێکی لەسەر دانێ.

٤٥٥- بە سەت بەرتیل، قەرزێک پڕ نابێتەوە:
ئەگەر قەرزێکت لەسەر بێ دەبێ بیدەیتەوە واتە ئەگەر کارێکت هەبێ و ئامانجێکت لەپێش بێ ئەگەر بۆ خۆی ئامانجەکە نەچێت و خەریکی کاری تر بێت قەت پێی ناگەیت وەک ئەم پەندە دەڵێ.

٤٥٦- برۆ دەڵێی ونی:
ون لێرە یانی شەیتان بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر عەجول و بزێو بێ.

٤٥٧- بەدەستی خۆی ئاگری لە ماڵی خۆی بەردا:
وەک ئەوەیە کە بەدەستی خۆی گۆڕی بۆ خۆی لێ دا.

٤٥٨- بەزۆر بیبەن بۆ مازووچنین بەدار هەڵناڕوانێ:
واتە هەر ئیشوکارێک ئەگەر بەبڕوا و بەخۆشی نەبێ هیچ سوودی لێ وەرناگرێت بۆیە دەبێ هەمیشە ئەمە لە بەرچاو بێت.

٤٥٩- باخ هی باخەوانە:
چونکە بە ئارەزووی خۆی تێدا دەسووڕێتەوە و زیاتر ئەو ئازادە و خاوەنی لەوێ نییە.

٤٦٠- بووەتە تەبایی ئاوایی دەبێ نۆبەتە گاڕانی خۆت بکەیت:

هەندێ ئیشوکار هەیە سوودی خۆی تێدا نییە بەڵام بۆ هاوکاری و برایەتیی هاونیشتمانییەکانت دەبێ بەشداری بکەیت و ئەمە لە دێهاتەکانی کوردستان یەکجار زۆرە.

٤٦١- بزن ساڵێ دوازدە مانگی قونی لە دەرێیە و مەڕ بۆ جارێک دەرکەوت لێیان لە چەپڵە دا:

دەبینی کابرایەک زۆر عەیبی هەیە کەس باسی ناکات و یەکی تر یەک عەیبی دەبێ لێی دەکەنە هەڵڵا.

٤٦٢- با داری بڵند دەخات:

یانی هەمیشە پیاوی گەورە تووشی بەڵای گەورە دەبێت.

٤٦٣- بووک بۆ دڵی زاوایە:

دەبینی کە بووک دێت یەک دەڵێ وایە و یەکی تر وایە سەت و یەک عەیبی بۆ دەدۆزنەوە و یەکی تریش دەڵێ بابە بووک بۆ ئێوە نییە بۆ دڵی زاوایە و ئەو دەیەوێ و ئێوە چیتانە.

٤٦٤- بەڕی خۆی لە ئاوی دەپەڕێنێتەوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە لە شتێک هەندێکی لێ بزانێ و بای ئەوە ببێ کاری خۆی ئەنجام بدات و هەندێ جاریش بەتەوسەوە بۆ کەسانی زۆر بلیمەت دەڵێن.

٤٦٥- بە عەسای دەڕوات بە عەبای دەخوات:

بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر ڕای لە خۆی و ناز لەسەر ئەرزی بکات و کە دەڕوات وا نیشان بدات کە خۆی میری ناوچەیە و زیاتریش دەبێ زۆر بەهێواشی بڕوات.

٤٦٦- بە زستان جارێک دەڵێن ساردە:

دەشگوترێ بەفری جارێک دەگوترێ سارد و واتە هەندێ شت هەیە زۆر ئاشکرایە و گوتنەوەی ناوێ.

٤٦٧- بەڵێیان چاند و سەوز نەبوو:
بە ئەرێ و بەڵێ و زۆر وشەی تر کار ڕووبەری نابێ.

٤٦٨- بێگانە هەر بێگە ئەوەی لە سایەی بێ بێ ئومێگە:
ئەوەی لە سایەی بێگانە بژی هەر نائومێد و خەسارەتمەند دەبێ بۆیە مرۆڤ دەبێ پێشەکی پشت بەخۆی و بەقەوم و خیشی خۆی ببەستێ و ڕوو لە دەرگەی بێگانە نەکات.

٤٦٩- بەکەمتریش سەلامون عەلەیکوم:
بۆ یەکێک دەگوترێ پێشتر زۆر شت بیت و لە ئاسمانان بنوارێ و لووتی بۆ زەوی دانەبەزێتەوە و لە دواییدا پاش ئەزموونێکی تاڵ دەگەڕێتەوە لای کابرای پێشتر کە پێوەندیی لەگەڵ بووە و بەکەمی ڕازی دەبێ و ئەم وتەیە دەڵێ و ئەمەش لەناو کورد زۆر ڕووی داوە.

٤٧٠- بەرۆش (مەنجەڵ) گێر بوو قەپاغی خۆ دی:
یانی هەر تەیرێک بە ڕەوی خۆی و ئەگەر مەنجەڵ غڵ بووەوە و دەچێتە لای قەپاغەکەی خۆی و لەوێ یەکتر دەگرنەوە بۆیە دەڵێ هەموو کەسێکیش لەگەڵ بیروباوەڕێک بێ کە خزمەتی گەلەکەی بکات.

٤٧١- بەشی لێدانێ رادەسێ (دادەڕسێ):
بۆ یەکێک دەگوترێ بەقسە شەڕ بۆ خۆی دروست بکات و نەشتوانی هیچ بکات و بەشی دەبێتە لێدان.

٤٧٢- بە میرزایەکیان وت نامەمان بۆ بنووسە وتی پێم تەرەکیوە:
واتە هەنجەتی نابەجێ بۆ کارێک بهێندرێتەوە.

٤٧٣- بێدەنگ بە وەک مێروو بە سام بە وەک نێروو:
یانی پیاوانی بێدەنگی نرخ و قیمەت و هێز دروست دەکات.

٤٧٤- بە گوریسی خەڵکی خۆت مەخە ناو بیرێ:
واتە بە عەقڵ و ڕەئیی خەڵک مەکە و ئاقڵ و مێشکی خۆت بەکار بێنە و ئەوەش مانای وا نییە پرس بەخەڵک نەکەیت و لە لایەکی تر نەبێ بە داردەستی خەڵکی تر.

٤٧٥- باخەوان لە کاتی پێگەیشتنی میوە گوێی گران دەبێ:
هەتا بەلای تێ پەڕی وەڵامی سەلامیش ناداتەوە بۆ ئەوەی نەڵێ فەرموو و دەست بۆ شتێک درێژ بکات.

٤٧٦- باخەوانی چاکترە لە چاوەڕوانی:
یانی ئەگەر کارەکەت باش نەبێ باشترە لەوەی چاوەڕوانی کارێکی تر بکەیت.

٤٧٧- بینە ژ دەرییا بدە خێری مرییا:
یانی کابرایەک دەرۆزە دەکات و دەیکات بەخێری مردییان ئەمە کارێکی باش نییە چونکە خێر دەبێ لە ماڵی خۆی بدات کە ڕەنجی پێوە دەبینێ.

٤٧٨- بخوازە ژ دار و پارا بدە فەقیر و ژارا:
یانی ئەوەی ئیمکان بێ بۆ هاوکاریی هەژاران پیاو نابێ درێغی بکات.

٤٧٩- بە هەنجە تاسلکێ خۆ گەهاندە کوتلکێ:
ئەوەی پیاو بەبیانووی شتێکی تر خۆی بگەیەنێتە ئامانجی خۆی یانی فێڵ و فڕ و تاکێک بزانی بەکار بهێنێت.

٤٨٠- بزۆتێ مقەلی وەک مێرێ لەبەر حوکمێ ژنێ:

٤٨١- بۆ کۆرە شەو و ڕۆژ یەکە:
لە کاتێکدا دەگوترێ بۆ کابرایەکی ڕوودانێک ببێ و خێری وی تێدا نەبێ و هیچ

سوودی لێ وەرنەگرێ و بوون و نەبوونی وەکی یەک بێ.

٤٨٢- بەرژنگێ بارانێ عەورن (عەلامەت):
هەروەک لە پێشەوە وتمان هەموو شتێک عەلامەت و نیشانەی خۆی هەیە.

٤٨٣- بەهارە لە هەمزە کۆری:
هەمـزە کۆر گـوندێکە لە دەشـتـی هەولێـر و لە کـاتـێکدا دەگـوترێ یەکـێک بەهاری بگەیەنێتە چۆکان و کابرایەکیش گاڵتەی پێ دەکات و دەڵێ: بەهارە لە هەمزە کۆری.

٤٨٤- بێ جل و کەفتە مل:
یانی بووە چەل و مل وەک جلی بە ملی کابرایەکی دادێ و خۆشـی کابرا بە کەڵک هیچ نایەت.

٤٨٥- بەرێ خۆ نەدەنە ڕەنگێ مێری:
یانی پیاو جەوهەر لە رەنگی نییە بەڵکەم لە ئەقڵ و هۆش و ئازایی و کارکردندایە.

٤٨٦- بێنا دارێ بدارێ هەڵچت:

٤٨٧- بەیانی بە ئەنگوستی دەکاتەوە:
بۆ کـابرایەکی دەگـوترێت کـە بەشـەو زۆر پەلە بکات و بەیانی کـارێکی خـۆش و گرینگی لەپێش بێ.

٤٨٨- بەرازی یەک ڕوو باشترە لە پیاوی دووڕوو:
ماناکەی وەکی خۆیەتی و پیاوی دووڕوو زۆر خراپە.

٤٨٩- بۆیە بەفری شکاندووە ئاوی سارد بخواتەوە:
مرۆڤ هەر کارێک کە دەکات بۆ ئەوەیەتی بەرهەمی بخوات.

٤٩٠- بە پیکی ئەو لێ دەدا:

بۆ یەکێک دەگوترێ بەفیتەی خەڵکی هەڵپەڕێ.

٤٩١- بەفر دەڵێ بۆ ئەوەی ناکەوم بمێنم بەڵام قەڵس و جوامێری دەجەڕبینم:
یانی ڕۆژگاری ناخۆش پیاوی قەڵەس و جوامێر لەیەک جیا دەکرێنەوە بەڵام لە ڕۆژی خۆش دیار ناکەون.

٤٩٢- بە گورگیان گۆت ئەورۆ نۆبەتە گاڕانی تۆیە وتی گوێدرێژی لەگەڵ بێ ناچم:
یانی گورگ زۆر خێرایە بەخواردنی کەر و زۆر کەسیش هەن هەندێ شتیان پێ خۆشە بەڵام خۆیان سەرگران دەکەن و لە ئاستیدا ناز دەنوێن.

٤٩٣- بوویکا سالێ بەردە ناو مالێ:
چونکە دڵی بەکارەکەی خۆشە و زەینی ڕوونە و بەباش کار دەکات.

٤٩٤- بەهارێ ئەز و پەز، هاڤینێ ئەز و ڕەز، زستانێ ئاگر و ئەز:
یانی هەر کاتێک کاری خۆی هەیە دەبێ ئەنجام بدرێ.

٤٩٥- برا ناچێتە ماڵی برای:
بۆ ڕۆژێکی زۆر سارد و ناخۆش دەگوترێ.

٤٩٦- بەحرا شینە ئاڤ تێ نینە:
وەک دەڵێ ماڵی گەورەی دەرگە وێران یانی ناوی گەورەیە و بەڵام هیچ ناوەڕۆکی نییە.

٤٩٧- بارێ هەنجەتا بە کەس هەڵناگیرێ:
ئەگەر یەکێک لە بیانوو گرتن بگەڕێ بەکەس هەڵناگیرێ و هەر بەزوویی هەنجەتی ببڕە و کارێکی وا بکە لێی ڕزگار بیت.

٤٩٨- بۆستێک بێ خەمی گزێک خەسارەت:
یانی پیاو لە ئەنجامی گوێ پێ نەدان و ئیهمال زۆرجار تووشی زەرەری گەورە

دەبێت بۆیە دەبێ بەهیچ شێوەیەک مرۆڤ لە کاری خۆیدا ئیهمالی نەکات.

٤٩٩- بدەستا بدە بە دوو پێیا لە دوو بگەڕە:

یانی زۆرجار وایە پیاو لە ئەنجامی ئەوەی قەرز دەکەیت زۆر لەدوای بگەڕێت و تووشی ماندووبوون دەبێ و لە ئیشی تریش.

٥٠٠- بێ زراڤو عەمر درێژو:

یانی ئەوەی زراوی نییە و خۆی لادەدات عومری درێژ دەبێ بەڵام چی تەمەن درێژی؟

٥٠١- بۆ خاتری خاتران خەڵک دەچنە سەر دینی کافران:

واتە زۆرجاران ئادەمیزاد تووشی ئەوە دەبێ لەبەر خاتری خاتران هەندێ شت لەسەر خۆی قەبووڵ بکات کە لەگەڵ ڕا و بیروباوەڕی ناگونجێ.

٥٠٢- پێش هات لەسەر ماڵدارا ئاڤێتن ل سەر فەقیر و ژارا:

یانی پیتاک و بێشە هاتە سەر پووڵداران بەڵام هەژارانی گرتەوە چونکە هەمیشە هەژارە بێ چارەکان لە ژێر باری گرانی دەسەڵاتدارانی تردان و ئەرکی خۆشیان خستووەتە سەر ئەوان.

٥٠٣- بە منەمنێ دەرناکەڤت ژ حوکمێ ژنێ:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر ژن لە حەدی خۆی پتر ماوەی پێ درا حوکم لە پیاوەکەی دەکات و لە ژێری دەرناچی بۆیە دەبێ بزانێ چۆن رەفتاری لەگەڵ دەکات.

٥٠٤- با شێر پشتی خەڵک بشکێنی نەوەک ڕێوی دەوی خەڵکی بلێسێ:

یانی باشتر وایە پیاو رەفیقی پیاوانەی هەبێ ئەگەر ئەزیەتیش بدات نەوەک وڵداش پیاوی خۆڕی بێ و خزمەتیش بکات چونکە وڵداشی تەئسیری خۆی هەیە وە یا لەلای کابرایەکی کار بکەیت و بەم شێوەیە بێ.

٥٠٥- بە بێنی درێژ پەسیرە دەبیتە دۆشاف:

واتە بەپشی درێژ پیاو دەتوانێ زۆر کاری سەخت ئەنجام بدات.

٥٠٦- بلا ستینی زلک بت شارەستین ملک بیت:

واتە ئەگەر کار تا ئەستوور و بەقوەت بوو و قەڵاکانی باریکیش بن هیچ قەیدی ناکات. کەوابێ ئەگەر ڕێبەر بەهێز و توانا بوو و خەڵکەکە بەهێزیش نەبێ هەر بەهێز دەبێ و خەتەر نابێ.

٥٠٧- بەفر قەیدا مێرانە:

ئەگەر بەفر زۆر بوو پیاوی ئازا و دلێریش پەکی دەکەوێ و هیچی پێ ناکرێ و ئێستاش بۆ پیاوی ئازا لەم زەمانەدا قەیدی تر زۆر بووینە.

٥٠٨- بی هات هاتا میرێ کۆرە:

زۆرجار وا دەبێ بەهاتەهات و پڕوپاگەندە زۆر شتی سەیر دروست دەبێ و دیارە کاتی خۆی هاتەهاتی پاشای کۆرەش لەو سەردەمیدا شتی سەیری لێ دروست بووە و بێ ئەنجام بووە.

٥٠٩- بەدناوکردنی خەڵک چەکی نامەردانە:

واتە نامەرد بە ناهەق ناوی خەڵکی بێ گوناح ناوبەد دەکەن.

٥١٠- بۆ دەستەوەستان چ گەرمین چ زستان:

بۆ یەککەوتن گەرمیان و کوێستان فەرق ناکات واتە بۆ لێقەومان لە هەر جێگەیەک فەرقی وای نییە و موهیم لێت قەوماوە.

٥١١- بێچووە گەدا مەخەرە تەما:

یانی کەس لە ژوانی ژوژکان دامەنێ و ئەگەر وەعدت بەخەڵک دا جێبەجێی بکە وە یا وەعد مەدە و هەتا منداڵی سواڵکەریش بەتەما مەکە ئەگەرنا زیانی دەبێ.

٥١٢- بە شێتیان وت بۆ شێتی وتی بۆم دەلوێ:

هەندێ کەس هەن هەندێ کار دەکەن هۆی ئەوەیە ماوەیان هەیە و ناترسن کە سزا بدرێن بۆیە دەیکەن.

٥١٣- بەتەمای عامێ دەچیە شامێ:

هەروەک دەڵێ بە پرسیاران دەچیە هەموو شاران یانی مرۆڤ دەتوانێ بە زۆر شت شارەزا بێ ئەگەر گوێ لە خەڵک بگرێ و چاو بداتە خەڵک و لە هەر یەکێک شتێک فێر بێ.

٥١٤- بەلاقی خێوتەوە هیچی نەهاتووە پێوە:

لە ئەنجامی ئەوە دەگوترێ کابرایەک کارێکی کردبێ و بڕوای وا بێ بەرهەمی باش دەبێ و لە دواییدا وا دەرناچێ و ئەمە دەڵێن.

٥١٥- بە خەیاڵپلاو خوانە ڕەنگین نابێ:

بەقسە و خەیاڵ ژیانی مرۆڤ خۆش نابێ بەڵکەم بەزانین و کارکردن ژیان و خوانی مرۆڤ سەنگین و ڕەنگین دەبێ.

٥١٦- باز لەسەر داری پیر دەنیشێ:

واتە زۆر کاری گرینگ هەیە بە پیاوانی پیر و بەسالاچوو دەکرێ.

٥١٧- بۆ دڵی خۆش هەردەم بەهارە:

واتە ئەگەر مرۆڤ دڵی خۆش بوو هەر چوار کەژی ساڵ بۆی بەهار دەبێ.

٥١٨- بە گۆڕی بابت مەنازە، مووچەت هەر نان و پیازە:

هەروەک کوڕ بە مەلەی باوکی ناپەڕێتەوە. ئەمەش هەمان مانا دەگەیەنێ یانی دەبێ هەر کەس بۆ خۆی پیاو بێ و زیرەک بێ ئەگەرنا دەبێ هەر نان و پیوازی بخوات.

٥١٩- باری خۆم لەسەر پشتی خۆم:

مەبەست ئەوەیە منەتی خەڵکی هەڵنەگری زۆر باشترە.

٥٢٠- بەقێ چاڤ لە چێڵی کر پەقی:

واتە هەر کەس بەپێی بەڕی پێی خۆی درێژ بکات ئەگەرنا وەک ئەو بۆقەی لێ دێ و دەتەقێ.

٥٢١- بەو بایە دەژی کە لای ئەو دێت:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە یەکی تری زۆر خۆش بوێ.

٥٢٢- بە پیاوی فەقیر کەس ناڵێ ماڵت لە کوێیە:

واتە کە پیاو فەقیر بوو خەڵک هەتا پێی ناڵێ ماڵیشت لە کوێیە.

٥٢٣- بە دەردی سەگی ڕەش چوو:

بۆ کابرایەک دەگوترێ دەردێکی خراپی پێ کرابێ وەک سەگی ڕەشی لێ هاتبێ و دیارە کاتی خۆی سەگی ڕەش خراپی پێ کراوە.

٥٢٤- بەجۆ نادات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بە شتی کەم ڕازی نەبێ و زۆر خۆی لەوە بەزلتر دەزانێ هەروەک دەگوترێ ساواری ناخوات.

٥٢٥- بە ئیشە نەک بە ڕیشە:

واتە ئەنجامی هەموو شتێک بەکارکردن دەردەکەوێ نەوەک بەهۆی شتی تری دیمەنی، کەوابێ دەبێ هەموو ڕێز و تەقدیرێک و لێکدانەوە بەکارکردن دەبێ.

٥٢٦- بە منداڵی چوجکەترسێن کراوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ بەرامبەر هەندێ کەس ڕووی نەبێ و دەڵێن بە منداڵی چوجکەترسێن کراوە.

٥٢٧- بارانی بەهارێ دەرمانە:

وا دەڵێن گـوایە ئاوی بارانـی کـە پێت کـەوێ دەرمـانە و ئەگـەر بیـخـۆیتـەوە هەر دەرمــانە بۆیـە بەهاران خــەڵک لـە ئاوی بارانـی دەخـواتـەوە و لە لایەک حــەز دەکـەن بارانیــان پێ بکەوێ و ئـەگـەر هیچ نەبـێ زەرەری نیـیــە و لە لایـەکی تریش بـۆ ئەوەیە خەڵک بەهۆی بارانەوە لە کار و کاسبی نەبێ.

٥٢٨- با ئەوە گەورە بکەین خوا کەریمە بۆ یەکی تر:

لە کاتێکدا دەبێ گوترابێ یەکێک لەناو کارێکدا بێ و دەبێ فلان ئیشیش دەکەین و یەکی تر پێی دەڵـێ با نەوەی گــەورە بکەن خــوا کـەریمـە بۆ ئەوەی تـر و مـەســەلەش لەسـەری هەیە لەبارەی ئافرەتێکەوە.

٥٢٩- بە دووسێ کوچا گران، ماڵ نایەتە دانان:

واتە چ مـاڵ چ هەر کـار و شــتی تر پێـویسـتی بە شـتـە ئەسـیـیـڵـەکـان هـەیە بۆ دامەزراندن و رواندنی.

٥٣٠- با لە گووپی خۆی بدات:

بۆ بێ قیمـەتکردنی کابرایەک دەگوترێ و یانـی هیـچی پێ ناکرێ و توانای ئەوەی نییە بەرسنگی وی بگری.

٥٣١- بەهەڵەداوان، کەوتە داوان.

یان بـەهـەراداوان کـــەوتـە داوان، یانـی ئەوەی پـەلە بـکات دەکـــەوێتـــە ناو داران و تووشـی بەڵا دێت.

٥٣٢- بادی دەڵێ بمپسێنە بەڵام مەمزرنگینە:

٥٣٣- بالوولی بەغدایە بەکای رازی بوو کاشیان نەدایە:

بۆ پیـاوێکی گەورە بەکار دێ کە بەشـتێکی کـەمیش رازی بـێ پێی نەدرێ وە یا بۆ هەر کەسێک کە لێوەشاوە بێ بۆ کاری و پێی نەدرێ.

٥٣٤- بەڕی بێ غیرەتیی بە خۆی دادایە:

هەم دەگـوترێ (کـابرایـەکی نەکـارایە بـەڕی بێ غـیـرەتیی بە خـۆ دادایە واتـە بۆ کـابرایەکی تەمـبـەڵ و نەکـارا و نیـمـچـە ترسنۆک بـەکـار دێ کـە باریـەک بی باری تەمـبـەڵی لە خـۆی بار بکات و بـەکـورتی بەکـەڵک هـیـچ نەیەت و لە ڕووی بـەدەنیـیش قابیلەتی هەبێ).

٥٣٥– بە تڕان خۆی کوێر دەکات:

کـاتی خـۆی جـوولەکـەیان بە ترسنۆک دادەنا و زۆر مـەسـەلەی لەسـەر هەیە لێرە بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر ترسنۆک بێ و لە جوولەکەش ترسنۆکتر بێ.

٥٣٦– بنیادەم چەمە هەموو دارێکی لێ شین دەبێ:

یان دەگوترێ دنیا چەمـە و هـەمـوو درەختـەک تێ شین دەبێ. مـەبەست ئەوەیە لەناو ئادەمیزاد هەموو جۆرە مرۆڤێک هەیە.

٥٣٧– بوو بە ساڵی هات و نەهاتێ:

بۆ شتێک بگوترێ و هیچ ئەسەری نەبێ واتە زیاتر لایەنی پڕوپاگەندەییی هەبێ.

٥٣٨– بەو سبەینەی ساڵحان نە خێر بەش کرایە نە شەڕ:

لە کاتێکدا ئەم قسـەیە دەکرێ کە لە کاتی بەیانی دوو سێ کەس قرەقرِ و کێشـەیان دەبێ یانی کارێکی نابەجێیە.

# پ

٥٣٩- پیاوی تەڕبووی لە باران ناترسێ:
واتە ئەگەر یەکێک زۆر بەسەرهاتی بەسەر هات و ڕووداوی ئازاردەری بەسەر هات هەراسان نابێ.

٥٤٠- پیاو کە ناچار بوو سەر بە ماڵی دوژمن دادەگرێ:
بێگومان زۆرجار وا دەبێ ئینسان سەر بەماڵی دوژمن دابگرێ بەڵام کارێکی چاک نییە ئەگەر ئیمکان بێ.

٥٤١- پیاو ناچار بوو بەزڕبابی دەڵێ بابە:
ئەوەش وەک ئەوی پێشوو.

٥٤٢- پیاوی ترسنۆک لە سێبەری خۆی دەترسێ:
بەراستی پیاوی ترسنۆک لە زۆر شت دەترسێ.

٥٤٣- پیاو ئەگەر ناچار بوو بە ماڵی دەڵێ بەڕیشی موبارەکت قەسەم:
واتە پیاوی موسڵمان کە ناچار بوو بەماڵیی جوولەکان دەڵێ بەڕیشی موبارەکت قەسەم کە بڕواشی پێ نییە.

٥٤٤- پیری و هەزار عەیب وە یا پیری و سەت عەیب:
زۆر ڕاستە کە پیاو پیر بوو دەردی زۆر لە بەدەنی و لە خارجی بەدەنیش بۆ دروست دەبێ و ئەم پەندەش لە زۆر کاتدا دەگوترێ.

٥٤٥- پەنجەی دەست هەمووی وەک یەک نییە:
وا دەبێ چەند برایەک لە دایک و باوکێکن ئەوجا وەکی یەک نین و جیاوازیی زۆرە

لە نێوانیان و لە زۆر شتی تر دەگوترێ.

٥٤٦- پاش خۆدۆڕاندن با تاجی زێڕ لە سەری بنێ:
یانی مرۆڤ کە ئابڕووی چوو پاش ئەوە هەرچییەکی بکات وەکی خۆی لێ نایەتەوە.

٥٤٧- پاش تایێ بەڕی بەخۆی دادا:
واتە مرۆڤ دەبێ پێشی تایێ بەڕی بەخۆی دادا یانی دەبێ خۆپاراستن و ئیحتیات هەبێ.

٥٤٨- پیشەی لاوان بۆق خواردن:
باڵندەیەک لە جێگەیەکی بەرز دەبێ و سێبەری بەیان زۆر دەبێ و دەڵێ من شای هەموو تەیرانم و دوای ئەوە کە نیوەڕۆ دادێ و سێبەری دێتەوە بن کلکی خۆی دەڵێ پیشەی لاوان بۆق خواردنە و ئێستا ئەم جۆرە کەسانە دەگوترێ کە خۆیان بەزل بزانن و واش نەبێ.

٥٤٩- پوور نەدەترِی بە زۆر دەیانترِاند:
واتە بۆ یەکێک دەگوترێ کە بەخۆشی کارێک هەبێ نەسەلمێنن و دوای ئەوە بەزۆر پاش ئەزموون قەبووڵی بکات.

٥٥٠- پرسا بە دانا بە:
یانی ئەگەر زۆر بپرسی زۆر فێر دەبی.

٥٥١- پیاوی ئازا یەک جار دەمرێ، پیاوی ترسنۆک هەموو ڕۆژێ دەمرێ:
زۆر ڕاستە پیاوی ئازا ئەوەندە بیر لە کوشتن و مردن دەکاتەوە و زۆر هەراسان و نارەحەت نییە بەڵام پیاوی ترسنۆک لە سێبەری خۆی دەترسێ و هەموو ڕۆژێ چەند جار دەمرێ بۆیە ئازایی بەشێکی خوایە و ئەوەی هەبێ دەبێ شوکرانەی خوا بکات.

٥٥٢- پیسایی چەند داری تێ وەردەیت بۆنی زیاتر دێت:

واتە هەمـوو ئیـشـی خـراپ چـەندی باسـی بکەیت و لەسـەر بڕۆی گـڕی کـورە زیاتر دەبن بۆیە ئەم جۆرە شتانە چەندی زوو چارەسەر بکەیت زۆر چاکترە.

٥٥٣- پارێز دەبێ لە دەستی شکاش بکرێت:

پارێزکردن لە نەخـۆشییەکانی کە مرۆڤ لێی دەگرێتـەوە (ساری) دەبێ پارێز هەبێ هەتا لە دەســتی شکاش بکرێت زۆر باشــە چونکە وەک ئیــحــتــیــات و زیاتر بۆ موبالەغەیە ئەگەرنا دەستی شکاو وە یا شکاو بەگشتی وا گیر نین.

٥٥٤- پاشای بە سەپانی خۆی نازانێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ چەلەنگ و میرخـاس بێ هەتا پاشـا بەسـەپانی خـۆی نەزانی و ئەمەش زیاتر بۆ موبالەغە وتراوە.

٥٥٥- پاڵەوانی قسان کۆڵەواری دەستان:

بەڕاسـتـی ئەم جـۆرە پیـاوانـە لەم زەمـانـە زۆر بووینە و بـەقسـە هەمـوو شت دەکەن بەڵام بەکردەوە ئامادە نین لە پاڵ قسـەکانیان دارێک لەسـەر بەردێک دانێن و ڕۆژێکی ناخۆشی لە ژیانیان قەبووڵ بکەن بەڵام بەقسەش چی تێ نامێنێتەوە.

٥٥٦- پەڵە کەوت جۆخین کەوت:

واتە ئەگەر لە پایزی بەچاکی پـەڵە کەوت و بـاران زۆر باری مانـای ئەوەیە لە هاوین جۆخین دەبێ چونکە پەڵە دەبێتە هۆی ئەوە دەغڵ و دان ببێ.

٥٥٧- پێوە نێ گومرگی لەسەر نییە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە دەرو زۆر بکات و هەتا دەرپێی بۆ نەکات.

٥٥٨- پیاو سەگ سفەت بێ نەوەک پشیلە سفەت:

واتە مرۆڤ دەبێ وەفادار و ئەمەکدار بێ.

٥٥٩- پەللاری کۆرەی بوو تێی ئالا:

بۆ یەکێک دەگوترێ شتێک بزانێ و هەڵی بهێنێ بە تووشهات.

٥٦٠- پیرەژن دەیگوت بشمکەوێ نامەوێ:

گوایە گاوان چێڵی پیرێژنی قاچ دەشکێنی و دەچنە لای مەلا شەرح دەکات و کوڕە کەچەڵ دەڵێ لە رەقس و هەڵپەڕین لە کاتی بلوول لێدانی من قاچی شکاوە و مەلا دەڵێ شتی وا نابێ دەڵێ بلوول لێ دەدەم و ئەگەر پیرێژن هاتە شاییکردن مانای وایە قسەی من ڕاستە و کەچەڵ شمشاڵی لێ دەدا و پیرێژن لەگەڵ مەلا دەست دەگرێ و دەڵێ بشمکەوێ نامەوێ.

٥٦١- پای عەدالەت هەردەم گرانە:

یانی لنگە تەرازووی عەدالەت گرانە و بەلای ئەودا دەچێ.

٥٦٢- پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش:

واتە پیاو دەبێ هەمیشە ئابووری بکات و بای ئەوەندەی پاشەکەوت کردبێ و لە ڕۆژانی ڕەشدا بە کەڵکی بێت.

٥٦٣- پیاو لە کاتی ڕق هەڵسان رکێ نەگری:

واتە ئەگەر مرۆڤ ڕقی هەڵسا و تووڕە بوو هیچ کارێکی ناشایستە نەکات و خۆی بگری پاش ماوەیەک دێتەوە سەر خۆ لەسەر کەللەی شەیتان دێتە خوارێ و تووڕەییی لەناو دەچێ و تووشی بەڵا نابێ.

٥٦٤- پێیەکت لێرە و پێیەکت لەوێ کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ:

یانی هەرچەندە ئیشوکاری ڕۆژانەت زۆر بێ کاری ئەمڕۆ مەخەرە بەیانی هەروەک لەوەوپێش باسمان کردووە.

٥٦٥- پاروو لە زاری پیاوی بکەوێتە کۆشی بە فیرۆ نەچووە:

یانی ئەگەر زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانج حسابە وە یا مەبەست ئەوەیە کارێکت بکەوێتە لای خزمێکی خۆت مانای ئەوەیە هەر لە کۆشی خۆیەتی وە یا

ئەگەر شتێکت لێ قەوما و کەوتە لای خزم و دۆستێکت هەر بەفیڕۆ ناچێ وە بەمانای خۆشی.

٥٦٦- پێ بکەنە لەگەڵ دنیا، بگری بۆ خۆت بە تەنیا:

واتە لە کاتی خۆشی و سەرکەوتن ئاوەڵ و برادەرت یەکجار زۆرن بەڵام لە کاتی تەنگانە بە پێچەوانەیە.

٥٦٧- پیر تا نەکات تەگبیر نابێت بە میر:

واتە بۆ پیاوی گەورە پێویستە پرس و مەشوورەت لەگەڵ خەڵکی خۆی بکات وە بەوە دەبێتە میر و گەورەتر دەبێ.

٥٦٨- پێش ئەوەی بچیت بۆ ناو بیر؛ بیر لە هاتنە دەرەوەی بکەوە:

واتە هەر شەڕ و کار و گیروگرفتی کە بۆی دەچی پێویستە بەباشی بیر لە ئەنجامەکەی بکەیتەوە.

٥٦٩- پینەیەکی لە خۆی داوە وا دەزانێ کار تەواوە:

واتە کابرایەک عەیبێکی هەبێ و بیەوێ دای پۆشی و وا تەسەور بکات کەس نەزانێ بەڵام تەنیا خۆی خۆی لێ گێل دەکات ئەگەرنا هەموو خەڵک زانیویەتی.

٥٧٠- پیاوی قەردار زمانی کورتە:

پیاو ئەگەر قەرداری کابرایەک بێ لە هەر ڕوویەکەوە هەمیشە چاوڕووی نییە و زمان کورت دەبێ بەرامبەری.

٥٧١- پەڕی قازێ لە کلکی مریشکی دەنێ:

باری هێستری لە کەرێ دەنێ واتە دەیەوێ کارێک لەگەڵ کارێکی تر جووت بکات کە لەگەڵ یەک ناگونجێن.

٥٧٢- پێ دەتەزی چاو دەلەرزی:

که مرۆڤ قاچی دەتەزی زۆرجار وایە چاوەکانی دەلەرزی و بەڕاستی لێک دوورن بۆیە دەڵێن زۆر کاری تری بەم شێوەیە ڕوو دەدات.

٥٧٣- پیاو کە مرد لاقی ڕادەکشێن:

زۆر ڕاستە و جار وایە لە کاتێکدا دەڵێن کە پیاو ئەگەر موشکیلەیەک ڕووی دا شتی تریش ڕوو دەدات واتە کە ڕیشت هێشتەوە دەبێ شانە هەڵگری.

٥٧٤- پیتە و پاڵۆز ساڵیان کرد ئاڵۆز:

دوو حەوتەی چلەی زستانی و لەم دوو حەوتەیەدا زستان زۆر توند دەبێ و مرۆڤ دەبێ بۆ هاموشۆ بە ڕێگە سەختەکانی کوێستانی خۆیان بپارێزی ئەگەرنا تووشی بەلای گەورە و هەتا مردنیش دێن.

٥٧٥- پیر کەچکی ماڵێ:

واتە پیرە پەککەوتووەکانی ناو هەرماڵ وەک کەوچک وایە و زۆر کاری ورد ئەوان ئەنجامی دەدەن بە تایبەتی لە زەمانی کۆندا.

٥٧٦- پارە بەردی نەرم دەکات:

بەڕاستی پارە ئێستا شاخەکان وێران دەکات مەبەست ئەوەیە کاری زۆر گران هەیە بە پارە نەرم دەبێ و ئەنجام دەدرێ و ئێستا پارە زیاتر دەوری لە ژیانی مرۆڤ پەیدا کردووە و دەتوانین بڵێین خەریکە ببێتە هەموو شت.

٥٧٧- پووشکەی لە چاوی خەڵکی دەبینێ و کاریتەی لە چاوی خۆی نابینێ:

واتە بۆ مرۆڤێک دەگوترێ نەنگیی بچووکی خەڵکی تر ببینێ و عەیبی گەورەی خۆی نەبینێ.

٥٧٨- پارەی بدە و مەلای لە مزگەوت دەربکە:

یانی مەلا هەرچەندە مزگەوت وەک ماڵی خۆی دەزانێ و ئاسان نییە دەرکردنی لە مزگەوت بەڵام پارە تەئسیری خۆی هەیە و لەوانەیە دڵی بگۆڕێ بەدەرکردنی بدات و

زۆر شتی لە بیر بچێت و ئەمە وا بووە بە عەمەل ڕووی داوە.

٥٧٩- پارەی چەرمگی پێ داوە جق بکە فق بکە هەر دەیخوات:

واتە یەکێک بەشتێک زۆر ماندوو ببێ و کۆسپی زۆر دروست بێ و خەڵک پێی بڵێن وازی لێ بێنێ ئەویش وازی لێ ناهێنێ و ئەم مەسەلەیە دەڵێ.

٥٨٠- پاشی بارانێ کەپەنگ:

واتە کابرا دەبێ تەڕ دەبێ و ئەوجا قابووتی لەبەر دەکات و،

٥٨١- پایز هات و هاوین چوو بەڕەی فەقیر دڕا:

واتە هاوین ماڵی فەقیرە و کە ڕۆیشت بەڕەکەی دەدڕێ وە یا دیبەنەوە و لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەکی فەقیر باشی بۆ هاتبێ لەلای کابرایەکی دەوڵەمەند و ئەویش بمرێ و هەژارەکە وا بمێنێتەوە.

٥٨٢- پیساییی وشک بەکەسیوە نانووسێ: یان (گووی وشک......)

واتە ئەگەر کابرایەک شتێکی نەکردبێ ئاسان نییە لەو گۆڕەی بە ملیدا بێ.

٥٨٣- پەنجەیەک شەرع ببڕێ خوێنی لێ نایەت:

لە کاتێکدا دەگوترێ قازیی شەرعی و مەلای گوندی کاتی خۆی شەرعەکیان بکردایە کابرا ئەگەر زەرەریشی بکردایە دەیگوت پەنجەی شەرع ببڕێ خوێنی لێ نایێ یانی پێی رازییە چونکە شەرع ڕاست دەکات.

٥٨٤- پیاو کە ناچار بوو سەر بەماڵی دوژمنی دادەگرێ:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک ڕوو لە کابرایەکی تر بکات بەناچاری بۆ کارێک و ئەمەش دەڵێ لەلای برادەرانی خۆی.

٥٨٥- پێچک چارە بە ئەژمارە:

بۆ شتێک دەگوترێ ژمارەی زۆر نەبێ و کابرایەکیش هەر خەریکی ژماردنی بێ و

بۆ ئەوەی تریش نەسەلمێنێ کە چەندە جا ئەمە دەگوترێ مەبەست ئەوەیە کە شتێک زۆر ڕوون و ئاشکرا بێ.

٥٨٦- پیرخەنی پیران دەکات خەنی:

پیرخەنی جۆرە شیوێکە و بەڕاستی کاتی خۆی بۆ پیری بێ ددان زۆر باش و ئەم قسەیان دەکرد.

٥٨٧- پارووی چەوریش بێ جوین قوت نادرێ:

یانی بۆ هەموو کارێک کۆشش و ماندووبوونی دەوێ.

٥٨٨- پنتکە هەورێک لەبەری ئاسمان هەیە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک باسی یەکێک بکات و خزمێکی لە کوڕەکە هەبێ و یەکتر ئەمە دەڵێ یانی وریای زمانی خۆت بە و خەڵک لێرە هەیە کە خزمی کابرایە.

٥٨٩- پێت دەوەستم ڕاناوەستم:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە دژی کابرایەک شتێکی بەزیانی ئەو بکات و بڵێن پێ دەوەستم ڕاناوەستم یانی زۆر خەڵک هەیە دەسەڵاتیان بۆ زۆر شتی خراپ دەکەن و لە زۆرداری ناپرینگێنەوە.

٥٩٠- پەیمان لەسەر زوێرە چەرم کراوە:

بۆ ئەوەیە دوو سێ برادەر پەیمان و هەری بەیەک دەدەن تا مردن و لە پشتی یەک بن ئەمە دەگوترێ.

٥٩١- پشیلە ئەگەر لە ماڵێ نەبوو مشکان ترلیللییە:

واتە بۆ ئەوان دەگوترێ کە لە ژێر چاودێری و یاسایەک بێ و دوای ئەوە بەرەڵڵا بن و بە ئارەزووی خۆیان تەسەڕوف بکەن.

٥٩٢- پیاوی پیاوانە هی مەیدانی شێرانە:

واتە مرۆڤ پیاوانە و شەرم لەخۆکەرەوە هی ئەوەیە لە ڕۆژگاری تەنگانە پشتی پێ ببەستی و لە هانات دێت.

٥٩٣- پیاو بێ کەس بێ هەژار دەبێ، ژن بێ کەس بێ هار دەبێ:
زۆر ڕاستە ئافرەت بێ کەس و خاوەن بی تووشی زۆر شتی خراپ دەبێ و پیاویش تەنیا هەژار دەبێ بەڵام تووشی ئیشی خراپ کەمتر دێت.

٥٩٤- پشتی دەستی خۆم سووتاندووە:
یەکێک ئەمە دەڵێ بەسەرهاتی بەسەرهات بێ و پشتی دەستی خۆی سووتاندبێ بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی ئەم کارە نەبێتەوە.

٥٩٥- پیاوی گەورە لە کوێ دانیشێ ئەوێ سەرەوەیە:
واتە لە هەر شوێنێک پیاوی گەورە لە کوێ دانیشێ ئەوی بەسەرەوە حساب دەکرێ و پیاوی گەورە هەرچی بڵێ ئەو بەڕاستی دەزاندرێ.

٥٩٦- پاش ڕووتکردن با تاجی زێڕ لە سەری بنێ:
واتە کابرایەک لە ڕێگە ڕووت کرا پاش ئەوە زێڕ و شیری برین و هەرچییەکی بیکات ئابرووی ناگەڕێتەوە.

٥٩٧- پرسێ بە ژنێ بکە بەڵام بە گوێی مەکە:
یانی پێویستە پیاو لە زۆر شت پرسی بە ژنی خۆی بکات بەڵام مەرج نییە بە گوێی بکات کارێکی زۆر چاکە.

٥٩٨- پارە دین بەرە، دین دەرە:
یانی دەتوانی بەپارە چاکەش بکەیت و خراپەش بکەیت.

٥٩٩- پێمەڕەی زۆر بڵاوە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ قسەکانی ئەلەق و بەلەق بن و هیچی بەسەر یەکەوە نەبێ.

٦٠٠- پیرەژن ئەوەندەی نەگوت تەڵاقیان دا:
بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر قسەی بێ مانا و نابەجێ بکات.

٦٠١- پارچە بەرێکی هاوێشتە مزگەوتێ:
بۆ یەکێک دەگوترێ کە ئەویش لەسەر کابرایەک قسە بکات وەکی خەڵکی تر کە تەوەقوع نەدەکرا.

٦٠٢- پۆرکی پێ وەرکرد:
بۆ یەکێک دەڵێن ئاگری شتێک خۆش بکات.

٦٠٣- پانی بەپانی قازانجی کانی:
بۆ دوو شت کە لەگەڵ یەک نەگونجێن و بەکەڵک ئەوە نەیەت سوود لە یەکتر وەربگرن.

٦٠٤- پیاوی ئازا چاوی بۆ چاوان ناترووکێنێ:
بۆ یەکێک دەڵێن زۆر ئازا بێ و چاوی بۆ کەس دانەینی چونکە لەلایەک ئازایە و لەلایەک عەیبی نییە.

٦٠٥- پیسی وەک ئاگر و پووشە ئەگەر بەری نەگری هەر بەبەر دادەچێ:
یانی خراپە و خراپەکاری و بێ ڕەوشتی ئەگەر بەری نەگریت وەک ئاگر و پووشی باوان چوون بەبەر دادەچێ ئەوهایە بۆیە دەبێ خراپە لە سەرەتاوە بەرگریی لێ بکەیت ئەگەرنا چارەی ئاسان نییە و بەبەردا دەچێ.

٦٠٦- پاش پیرییا سەرا نابمە گاوانێ گوڵک و کەرا:
یانی کابرایەک بە پیری داوای شتێک و کارێکی لێ بکەن کە لەگەڵ تەمەنی ئەو نەگونجێ.

٦٠٧- پێی لە تەختەی چروک ناوە:

یەکێک کارێک بکات لە دژی کابرایەکی تری کاربەدەست و زەبربەدەست.

٦٠٨- پێکەنین گریانی لە دوایە:
واتە ئەگەر مرۆڤ بەخەڵک پێ کەنی ڕۆژێک دێت خەڵک بەوی پێ دەکەنن بۆیە نابێ ئینسان بە ناخۆشیی خەڵک خۆشحاڵ بێ.

٦٠٩- پارەی خەڵک کیسەی دەدڕێنێ:
واتە ئەگەر پارەی یەکێک لەلات بوو تا زوو بیدەیتەوە باشترە چونکە کیسەکەت دەدڕێنێ و دەبێ هەر پێشی دەیتەوە.

٦١٠- پلاوخواردنیش دەست خڕکردنەوەی دەوێ:
واتە هیچ کار و کاسبی بێ ماندووبوون نابێ.

٦١١- پیاو بە زمانی دێتە گرێدان، ولاغ بە تاوێلە دێتە گرێدان:
مرۆڤی پیاوانە بە زمانی گرێ دەدرێ و هەر بەڵێن و هەرێیەک بدات ئەگەر سەریشی تێدا بچێت هەر هەوڵی لە پێناوی دەدا.

٦١٢- پیری بە تەنیا نیعمەتە، پیری و هەژاری نەگبەتە:
زۆر ڕاستە ئەگەر پیاو پیر بوو و عەیبی پێوە دیار نییە بەلام پیر بێ و هەژار بێ دەردی زۆر گرانە.

٦١٣- پیاو ئەو پیاوەیە بە چاکە پیاو بێ نەک بە وەزیفە ناوی بە ناو بێ:
واتە پیاو بێ وەزیفە چاکە لەگەڵ خەڵک بکات و تەنیا مەبەست ئەوە بێ کە لەگەڵ خەڵک چاکە بکات نەوەک بۆ ناوبانگی بێ.

٦١٤- پیرە لە مردنە جوانیش لە بردنە ماڵیش لە خراکردنە:
لێرە ئەوە پێشان دەدا گەورەی ماڵ زۆر موهیم و گرینگە بۆیە نەمانی دەبێتە هۆی ئەوە کە لاو و گەنجەکان و سۆرەوتۆرە هەریەکە بۆ خۆی ماڵەکە ببەشنەوە و ماڵ خراپ بکرێت.

٦١٥– پیاوی ڕەزیل بەدوای ماریدا دەڕوا وا دەزانێ گوریسە:
واتە پیاوی ڕەزیل و قرچۆک بەدوای شتی زۆر کەم دەسووڕێتەوە و ئەم ڕووداوە.

٦١٦– پێڵاو هەبێ چما شەڕ منەتە:
دیارە کابرا پێڵاوی نەبووە و هەنجەتی کردووەتە پێڵاو و ئێستاش زۆر لە کاتی شەڕ دەبینی هەندێ کەس هەن لە کاتی شەڕ بیانگەی زوو دەدۆزنەوە.

٦١٧– پیاو ئەگەر ناچار بوو بە دۆستی دایکی دەڵێ کاکە:
وەک ئەوەیە کە دەڵێ پیاو ناچار بوو سەر بەماڵی دوژمن دادەگرێ.

٦١٨– پیاوێک پیاو بێ ژن هەر ژنە:
یانی بۆ پیاوی پیاوانە ئافرەتەکەی هەرچییەک بێ و کچی کێ بێ هەر ئافرەتە و کاری وا دەکات ڕێز و ئیحتیرام و تەبایی لە نێوانیاندا دروست بێ و پیاوی هیچ و پووچیش بە پێچەوانە دەبێ.

٦١٩– پیرێ باوەڕ نەکرد کە شوو دکەت داوای مار و هەشتێکا کرد:
واتە لە خۆشییان ئاوی لە دەوی دەهات و قدیلانەی دەبووەوە جا شەرت و مەرجی لە پێشی شووکردنی خۆی دادەنا مەبەست ئەوەیە یەکێک بڕوای نەبێ کارێک دروست بێ شتی سەیر بڵێ وەکی ئەم پیرەژنەیە.

٦٢٠– پیاو ئەگەر تفی ڕوو کردە عەردی هەڵی ناگرێتەوە:
واتە پیاو ئەگەر بەڵێنی دا نابێ پەشیمان ببێتەوە و یەک قسە بێ.

٦٢١– پیرەکێ باوێنە خۆشییا، جوانەکیش باڤێنە تاڵییا وێ بۆ خۆ وەرنە عەجێبییا:
یانی شتی بێ عەدالەت بکرێ وەک ئەم مەسەلەیە دەبێ شتی سەیر و عەنتیکە ببینێ.

٦٢٢– پیاوی پیاوکوژ گوێچکەی قیتە:

یانی ئەو دەست بکاتەوە و زەلام بکوژێ گوێیەکانی قیتن و هەمیشە کابرا وشتە و ئاگای لە خۆیە وەک پشیلەی جووجکەخۆر.

٦٢٣- پیرێ شامێ تەبای عامێ:

یانی کاری پیریش وەکی خەڵکی بێ واتە بەگوێرەی خەڵکی لەگەڵ خەڵکی تریش هەر چۆنێ هەبێ وا ڕەفتار بکرێت.

٦٢٤- پووش بەسەری کرد:

بۆ کارێک دەگوترێ کە بە نارێکوپێکی بکرێت و سەرەوەی جوان بێ و بنیشی خراپ بێ واتە ڕووی دەرەوەی باش بێ و ڕووی ناوەوەی خراپ بێ.

٦٢٥- پاڵە قەلسە هەجەت داسە:

واتە سەپان خۆی تەمبەڵ و تەوەزەل و بیانگەی داسە. بۆ یەکێک دەگوترێ کە بیانگەی ناڕاست بدۆزێتەوە.

٦٢٦- پیاوی بێ وەفا کەپری بۆ بکەی وە یا کەپری لێ بسووتێنی هەروەک یەکە:

پیاوی سفڵە هەرچی بۆ بکەی و هەرچی لەگەڵ بکەیت هەر وەکی یەکە.

٦٢٧- پشیلەی بێبەش دووگی پێ سوێرە:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە خۆشییان دەوی ناگاتەوە یەک.

٦٢٨- پەشیمانی شاخی هەبوایە سەت گەز دەبوو:

واتە پەشیمانی کارێکی کرێت و نەنگە و ئەگەر شاخی لێ بڕسکابوایە شاخەکەی سەت گەز دەبوو.

٦٢٩- پشیلە ئاشچی بوایە خواردنی بۆ کەس نەدەهێشت:

واتە هەندێ کەس هەیە ئەگەر دەسەڵاتدار بوایە دنیای دەخوارد.

٦٣٠- پارووی کەوتە ناو ڕوونی:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە باشی بۆ هاتبێ و کاروباری باش بڕوات لە جێگەیەک و پێی دەڵێن پارووی کەوتە ناو ڕوونی.

٦٣١- پیاو ئاقڵ بێ تەمەنی کەمە، وە یا پیاو ڕاست بێ تەمەنی کەمە:
لەبەرئەوەی تەمەنی کەم دەبێ چونکە لە لایەک خەم زۆر دەخوات و لە لایەکی تریش لەوانەیە بیکوژن و لەناوی بەرن چونکە ئاقڵ و ڕاستە.

٦٣٢- پیر لەسەر ڕۆخی قەبرییە،ماڵی نوێی لە فیکرییە:
واتە زۆر بێوەژن و بێوەمێرد هەن زۆر پیریش دەبن چاویان لەوەیە شوو بکەن و ژن بهێنن و تازە ماڵی نوێ دابنێتەوە بەڵێ ئەمە لە هەموو کارێکی ژیاندا سروشت دەوری زۆری هەیە مرۆڤ تا دەمرێ ئومێدی بە ژیان زیاتر هەیە.

٦٣٣- پیسی بەپیسی دەچێ:
ئەمە دوو مانای هەیە مانایەک ئەوەیە مرۆڤی پیس بە شتی پیس لەناو دەچێ و لە ڕێگەی پیس لەناو دەچێ و ماناکەی تر ئەوەیە دەبینی کابرایەک نەخۆشییەکی پیسی خراپی لێیە و شتێکی پیسی لێ دەدەی و کابرا چاک دەبێتەوە و دەڵێن پیسی بەپیسی دەڕوات، وە یا دەچی یانی چونکە خۆی پیسە بەپیسی نەبێ چاک نابێتەوە.

٦٣٤- پیسکە پیاوی، دووری ئاوایی:
کابرایەک سەرکزۆڵ و بێ توانا دیار بووە و لە گوندی لە دوور و پەرگەی بووە و کەس حسابی بۆ نەکردییە و ڕۆژێک لە تەنگانە دێتە دەست و کەرخی دیسان دەبێ و مەسەلی پێدا هەڵدەڵێن.

٦٣٥- پەندی پێشینان لە بیر نەچێتەوە، کۆر بە مەلەی باوکان ناپەڕێتەوە:
زۆر ڕاستە ئەگەر کوڕێک بۆ خۆی نەبێ با باوکی باش بێ ئەوە دەبێ بەگەدا کەس نانی پێ نادا.

٦٣٦- پشتەوشاری کردەوە:

بۆ یەکێ دەڵێن تۆڵەی خۆی بە زیادەکی بکاتەوە.

٦٣٧- پێی لەسەر پێی دانایە دەڵێی کوڕی ترتڕ پاشایە:
بۆ کەسانێ دەگوترێ کە لاسای خەڵک دەکەنەوە و کەشخەیان لێ ناوەشێتەوە.

# ت

٦٣٨- تۆڵە بەتۆڵە قازانجی زۆرە:

واتە تۆڵەکردنەوە شتێکی پیرۆزە.

٦٣٩- تۆڵە بەسەبرە، بەڵام بەزەبرە:

یانی تۆڵە چەندی دواکەوێ زیاتر بەزەبر دەبێ.

٦٤٠- تا نەیخوات تێرە نەیگۆت سوێرە:

یانی تا کابرا قرپی نەهاتووە ناشوکریی نەدەکرد:

٦٤١- ترِ لە کوێ و تەورداس لە کوێ:

دوو شت کە پێوەندییان پێکەوە نەبێ و بیانەوێ لێکیان گرێ بدەن.

٦٤٢- تەماشای ئاسمان بکە و خوا ببینە، یان تەماشای ئاسمان بکە ئەوجا قسە بکە:

واتە لە کاتی حوکمکردن دەبێ خوات لە بیر بێ و ناڕاستی و ناعەدالەتی نەکەیت.

٦٤٣- تاقە سوار تۆزێ ناکات:

مرۆڤ بە تەنیا ناتوانێ کاری گرینگ بکات و دەبێ لەگەڵ کۆمەڵ بژی و هاوکاری بکات و کاری بەکۆمەڵی ئەنجام بدات.

٦٤٤- تا سەری لە بەردی ئەلحەدی نەدا باوەڕی نەهێنا:

یانی تا پیر نەبوو و نەهاتە سەر ڕۆخی قەبری بڕوای نەهێنا.

٦٤٥- تا نەینا لە تەبەق نەیگۆت اللّە صدّق:

یانی تا زەرەری نەدی و ئەزموونی نەکرد باوەڕی نەکرد.

٦٤٦- تا ماڵ پێویستی پێ هەبێ مزگەوت بەتاڵە:
واتە مرۆڤ خۆی و ماڵی و منداڵی و کەسوکاری لەپێش خەڵکی ترن لە زۆر شت و بەتایبەتی لە کاری خۆیدا.

٦٤٧- تا خاوەن ماڵ دزی دەگرت، دز خاوەن ماڵی دەگرت:
لەم ڕۆژگارەدا ئەم کارە بەپێچەوانەیە و یەکجار زۆرە.

٦٤٨- تۆبەی گورگ مەرگە:
واتە هەندێ کەس هەن لە خراپە چووینە خوارەوە وەک گورگی دەو بە خوێنیان لێ هاتووە و بەتۆبە چارەیان ناکرێ جگە لە مردن.

٦٤٩- تەماع وەکی ئەسپی سەرکەشە جڵەوی نەگری هەڵت دەدڕێنێ.
بەڕاستی تەماع زۆر پیسە و مرۆڤ ئاگای لە خۆی نەبێ تووشی زۆر کاری خراپ و ناشیرین دەکات.

٦٥٠- تەماشای سەر و سەکوتی مەکە، تەماشای بن و مێکوتی بکە:
واتە جەوهەری مرۆڤ لە دەروونیدایە و دیمەن زۆر گرینگ نییە.

٦٥١- تەڕاشیان کردە ئاش، یان ئاشیان کردە تەڕاش:
دوو کابرا لە ڕێی ئاش تووشی یەک دەبن و یەک دەچێ و یەک دەگەڕێتەوە و ئەوەی دەچێ دەڵێ ئەگەر من لەوێ بوومایە پێشی تۆ لێم دەکرد و لە ئەنجامدا تەڕاشی دەکەنە ئاش ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە دوو کەس کێشە لەسەر شتێکی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆک بکەن.

٦٥٢- تەیری گوڵ عاشقی داری زەقنەبووتە:
بۆ یەکێک دەڵێن کە خۆی پیاوێکی باش وە یا بەباش دیار بێ وە ئاوەڵ و هاوڕێی

خراپ بۆ خۆی هەڵبژێرێ ئەمە بەکار دێت.

٦٥٣- تا مردن هەر کردن:

واتە کارکردن شتێکی زۆر زەرووڕییە بۆ هەموو ئادەمیزاد و پێویستە هەموو ئینسانێک لە ژیانی تا پەکی دەکەوێت کارێکی پاک و بەسوود بۆ خۆی هەڵبژێرێ و ئەگەرنا ئەوەی نەکات ناخوات و ناژیت.

٦٥٤- تڕی خۆت و سڕی خۆت:

واتە پیاو دەبێ نهێنی و سڕی خۆی زۆر بپارێزێ و لەم بارەیەوە مەسەل و پەندی تریش زۆرە کە لە شوێنی خۆی باس دەکرێ.

٦٥٥- تەشی ڕێس بێ بە کلکی کەریش دەڕێسێ:

واتە ئەگەر مرۆڤ لە کارێک شارەزاییی هەبێ بە زۆر جۆر دەتوانێ ئەنجام بدات شوانێک مەڕیان تالان کرد بلوولی لێ دا و مەڕەکە گەڕایەوە و دوای ئەوە جەردەکان پەنجەکانی شوانەکەیان بڕی بۆ ئەوەی نەتوانێ بلوولی لێ بدات بەلام ئەوە جارێکی تر بە نزمی (هاوارە بەلۆ) لێ دا دیسان مەڕەکان گەڕانەوە و لە ئەنجام شوانیان کوشت کەوابێ مرۆڤی کارکەر کاری ناوەستێ.

٦٥٦- تا گوندۆر گوندۆر بوو خزمی بابم زۆر بوو کە گوندۆر هاتە بڕانێ خزم هاتنە قڕانێ:

بەڵێ بەڕاستی زۆر ڕاستە تا هەتبێ و سەرکەوتوو بیت خزم و برادەر و دۆست یەکجار زۆرن بەلام کە پارەت نەما یا شکستت خوارد خوا نەکات خزم هەبێ بۆ پرسکردنیش و ئەگەر پەیداش بێ زۆر بە کەمییە.

٦٥٧- تۆ لە کێ تەکییە لە کێ بزنەگەڕی مەزناوە:

بۆ مرۆڤێک دێتە بەکارهێنان کە لەگەڵ کارێک و ڕەفتارێک گونجاو نەبێ و لێی دەوەشێتەوە ئەمەی بۆ دەگوترێ.

٦٥٨- تا ماشە هەبێ دەستی خۆت مەسووتێنە:

یانی هەر کێشەیەک تا بە ئاشتی چارەسەر بکرێت بە شەڕ چارەسەری مەکە وە یا زۆر میسالی تر.

٦٥٩- تیر و پەڕ هەڵکەوتینە:

بۆ دوو کەس وە دوو شت کە لەگەڵ یەک ئاوکوف و گونجاو بن.

٦٦٠- ترشە و دەوی ناگاتێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ وا نیشان بدات کە بۆ فیسار ئیشی دڵی تێ ناچێت بەڵام لە ڕاستیش کە باس دەکرێ وەک باسی هەنار بکرێ و لە خۆشییان ئاوی لە دەوی بێ وا بێ.

٦٦١- تا دەنگی لێوە نێ نازانی پاشەڵی لە کوێیە:

یانی هەندێ کەس هەن هەندە گەلحۆ و نەزانن هەتا شتێ کە پێوەندیی بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە هەیە نازانن جا دەبێ ئیشوکاری سیاسی و کۆمەڵی چلۆن بزانن.

٦٦٢- تا لە تەپڵی سەری نەدرێ ئیمان ناهێنێ:

یانی بۆ هەندێ کەس ئامۆژگاری و ڕوونکردنەوە و شتی تر هیچ بەکەڵک نایێ و دەبێ کوتەکی لەگەڵ بەکار بهێنێ ئەوجا شەهادە دەهێنێ یان ئیمان دەهێنێ و ڕێی ڕاست دەگرێ و لە ڕێی چەوت لادەدات.

٦٦٣- تفی سەرهەوراز بە ڕووی خاوەنی دەکەوێتەوە:

یانی زۆر شت هەیە خراپە و ناتوانی باسیش بکەیت چونکە شەرمی و عەیبەکانی خۆت دەگرێتەوە و ناچار دەبێ بەردێکی لەسەر دانێت و بن بزری بکەیت.

٦٦٤- تا سەر بمێنێ بن عەجایبان دەبینێ:

یانی ئینسان چەند عومری درێژتر بێت شتی سەیرتر دەبینێ.

٦٦٥- تفەنگی تۆ خاڵییە بەڵام دڵی من وا ناڵێ:

یەکێک تفەنگی خاڵی لەسەر دڵی یەکی تر دادەنێ و ئەوەی تر دەڵێ لای بە و یەکەم دەڵێ بۆچی و هیچی تێدا نییە کابرای دووەمیش دەڵێ بەڵێ دەزانم بەڵام دڵی من وا ناڵێ و ئێستاش لە کاتێکدا دەگوترێ کە کابرایەک بیەوێ کارێکی خەتەر لە دژی یەکتر بکات.

٦٦٦- تاریکەشەو کەلێنی مێردانە:

یانی پیاوی ئازا کاتی خۆی لە تاریکەشەوێ کاری خۆی ئەنجام دەدا بەتایبەتی ئەوانەی بیویستبایە بە نهێنی بکات.

٦٦٧- تیر بۆ تیرەنداز، کەو بۆ کەوباز:

یانی هەر کەس و هەر شت بەگوێرەی لێوەشانەوە و شارەزاییی خۆیەوە بێ باشترە کە کاری پێ دەدرێ.

٦٦٨- تەنیایی هەر بۆ خوا باشە:

یانی تەنیایی باش نییە لە کاتی ڕێکردن و هەوڵ بدات هاورێ بۆ خۆی پەیدا بکات هەروەها بۆ کابرایەکی بێوەمێردیش بەکار دێت و مانایەکی فەلسەفیش هەیە.

٦٦٩- تۆیەکی وای چاندووە بەکەس نادوورێتەوە:

واتە کابرایەک موشکیلەیەکی گەورەی دروست کردبێ بە کەس چارەسەر نەکرێ.

٦٧٠- تووشی کوردە غیرەتی بووم، وە یا کورتە غیرەتی:

بەناچاری کابرایەک خۆی داوێتە ناو کێشەیەک و بەڵایەک بەهۆی ئەوەی دەڵێ کوردە غیرەتییە.

٦٧١- تا ئێستا بەهی منداڵێتی دەمیزێ:

کابرایەک گەورە بێ و ئاقڵی هی منداڵیی بێت.

٦٧٢- ترێیان دەخوات و درۆیانیش دەکات:

یەکێک بەڵێن بەیەکی تر بدات و شتێ بخوات گوایە کاری بۆ دەکات و بەڵام شتەکە دەخوات و کارەکەش ئەنجام نادرێ و ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

٦٧٣- تاریکیی نەزانی باشترە لە ڕووناکیی درۆزنی:

واتە مـرۆڤ هاوڕێی پیـاوی نەزان بێ باشـتـرە لە بەناو زانایەکی درۆزن چونکە هەموو شتێ درۆ و نەزانی و دووڕوویی دەبێ بەڵام نەزانەکە تەنیا نەزانیی بێ گەردە.

٦٧٤- تورک و توخوا پێی دادا:

واتە یەکێک شتێک هەڵێنێ و لە ڕێگەی تووشهاتەوە بیزانێ.

٦٧٥- تۆ سوار و منیش پیادە قەت ناگەین بەیەک:

لە کـاتێکدا دەگـوترێ دوو برادەر وە یا دوو کـەس هەریەکـە جـۆرە بیـروبـاوەڕێکی هەبێ وە یا یەکیـان زۆر خـۆی بەزلتر و زانـاتر بزانێ جـا ئەمـە دەڵێ یانی من و تۆ ناگەین بەیەک چونکە یەک سوار و ئەوەی تر پیادە ئاسان نییە گەیشتن بەیەک.

٦٧٦- تاژی نابێ بەسەگ، سەگیش نابێ بە توولە:

واتە هەر کەس بە چینی خۆی و ناگۆڕێ بۆ جۆرێکی تر.

٦٧٧- تەبارە لە چاوان دیارە:

کـابرایەک بیـەوێ شـتێکی بچـکۆڵە نیـشان بدات بۆ ئـەوەی بۆی بکرێ ئەوەی تریش دەڵێ تەبارە لە چاوان دیارە یانی ئەم شـتە لـە بەرچاوە و ناتواندرێ کەم بکرێتـەوە وە یا زیاد بکرێت، (تەبارە) بـە گـەنم و جـۆ کـە هیـشک دەبێ هـێـشـتـان نەدووراوەتەوە دەگوترێ.

٦٧٨- تفەنگی بە تاریکییەوە مەنێ:

یانی قسەی لە گۆترە مەکە و قسە لێک بدەوە و ئەوجا بیکە.

٦٧٩- تێکوشین بەتەمای جیرانان هیشکە:

یانی ئەگەر بتەوێ نانی لەناو شلە و ماست و شتی تر بکوشیت و بەتەمای خەڵکی بیت مانای وایە نەکراوە و هەر هیشکە. بۆیە دەبێ لە هەموو کارێکدا پشت بە خۆت ببەستی.

٦٨٠- تا سەگی ڕەش لەبەرماڵتانە ئەوە حاڵی منداڵتانە:

پیاوی گەورە تا دەست و پێوەندی خراپ بن کاری بەباش ناڕوات و جەماوەریش لێی ڕازی نابن.

٦٨١- تەرسی خۆی گێرە دەکات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ هەر لەسەر ئیشی خۆی بڕوات و ئیشەکانیش باش نەبێ و خەڵکیش پێی وتبێ کە خراپن.

٦٨٢- تا کڵاوی لەبەر نەنا لە جێی خۆی دانەسەکنا:

بۆ کابرایەکی زۆر عەجول و بزێو دەگوترێ و زۆر ئامۆژگاری کرابێ بەڵام نەوەستێ تا تووشی کۆستی خۆی دەبێ ئەو کاتە لە جێی خۆی دادەسەکنێ.

٦٨٣- تڕی خۆی و گێسکی لێک ناکاتەوە:

بۆ کابرایەکی زۆر کەودەن و نازیرەک دەگوترێ.

٦٨٤- تۆ گۆرانیی خۆشت بۆ من گۆت وە منیش قسەی خۆشم بۆ تۆ کرد:

واتە دەبێ بەرامبەر بەچاکە چاکە بێ.

٦٨٥- تا لەپی دەست ڕەش نەبێ تامی دەو خۆش نابێ:

یانی ئەوەی کار نەکات و ماندوو نەبێ تامی ژیان نازانێ.

٦٨٦- تازە بە شێخی باڵەکانەوە:

بۆ یەکێک وەکی مەڕی کەڕە درەنگ تێ بگات.

٦٨٧- تا جام پڕ نەبێ لێی نارژێ:

واتە فشار و پاڵەپەستۆ چەندی زیاتر بێ تەقینەوە و هەڵچوون زیاتر دەبێ.

٦٨٨- تا بەدی نەبینێ بەندیخانە بەیاد ناکات:

واتە ئەزموون وەرناگرێت لە شتی بەسەری هاتووە.

٦٨٩- تێر کوتایە ملی برسی وتی هەرزانی هەی هەرزانی:

یانی زگی تێر ئاگی لە زگی برسی نییە و ئەوەی هەیبێ کەشخەی لەسەر ئەوەی نییەتی لێ دەدات.

٦٩٠- ترشکە (تروشکە) لە خۆی بەشکە:

وەک ئەوەیە کە دەڵێ قەل قەلاشک لە خۆی بە شک.

٦٩١- تێنوو ئاو لە هەوا دەبینێ:

چاوی ڕێشکە و پێشکە دەکات و لە دوورەوە ئاو دەبینێ.

٦٩٢- تۆ ئاغا و من ئاغا کێ جێمان بۆ ڕاخا:

یانی ئەگەر لەناو کۆمەڵ و ماڵ و هەتا دوو نەفەریش برا گەورەیەک نەبێ مانای ئەوەیە ئیشوکار ناڕوات.

٦٩٣- تەنگانان بەریان کورتە:

واتە هەر تەنگانەیەک دێت کۆتاییی پێ دێ و پیاو ئەوەیە خۆی لەبەر ڕاگری هەراسان نەبێ.

٦٩٤- تا ئارەقی نەرێژی شیرینی ناچێژێ:

ئەگەر ماندوو نەبی و زەحمەت نەکێشی شیرینی و خۆشی نابینێ.

٦٩٥- تڕی لە حەمامێ و درۆی لە غەریبی:

زۆر کەس لە هەندێ جێگە کە کەس نایناسێ پاکی پێوە دەنێ و بەئارەزووی خۆی درۆیان دەکات جا دەڵێن ترِی لە حەمامی و درۆی لە غەریبی.

٦٩٦- تازی فەرن، داوەت قەرن:

یانی پرسە و تەعزییە شتێکی واجبە و دەبێ بکرێ بەڵام داوەت قەرزە چونکە خەڵک بۆ ئێوە هاتووە و دەبێ ئێوەش بۆ خەڵک بچن.

٦٩٧- تفی خۆی قووت دایەوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە هەرێ و بەڵێنی خۆی جێبەجێ نەکات.

٦٩٨- تفەنگا دوورحوکم نەدە دەستێ نەزانی:

واتە هەموو ئیشوکار دەبێ بدرێتە دەستی پسپۆڕی خۆی.

٦٩٩- تەیری گۆشتخۆر دمکی خوارە:

واتە ئەوەی عەیب و گوناحی هەبێ نیشانەیەکی هەر لێ پەیدا دەبێ ئەمە و لەلایەکی تریش یانی خوا دمکی تەیری خوار کردووە بۆ ئەوەیە گۆشتی پێ بخوات و هەر کارێکی لە جێگەی خۆی دەکات.

٧٠٠- تەرِک لەبن بەرِێ نایەتە شاردنەوە:

واتە هەندێ عەیب هەیە زۆر گەورەیە بەئاسانی بزر ناکرێ و نایەتە حەشاردان.

٧٠١- تەڤرملێ بابێ خۆشە:

واتە ئەگەر ئیشەکی کە خۆت نایکەیت و پێوەی ماندوو نابێ زۆر خۆش و ئاسانە و با باوکت بیکات.

٧٠٢- تبل درێژ و پێ بقرێژ هەموو بوونە سابوو پێژ:

یانی لەو گۆڕەی هەموو بوون بە زانا و دانا و کەچی لێش نازانن.

٧٠٣- شۆلی بە شۆل کرییا بکەن:

یانی هەر کەسە کاری خۆی پێ بدرێ کە لێی دەزانی و سەری بە تەواوی لێ دەردەچێ.

٧٠٤- تاڤ تاڤۆکی بەهارێ، خۆ بدەنە بەر قورمێ دارێ:

یانی بارانی بەهاری و تا ئەوساوە و پێی ناوێ خۆت تەڕ بکەیت و تۆزێک لەبن دارێک یا دیوارێک خۆت بشارەوە بۆ ئەوەی تەڕ نەبی جا زۆر ڕووداویش بەم شێوەیە کەسێک خۆڕاگرتنی هەبێ لێی دەرباز دەبێ.

٧٠٥- تا سافیرا عەردی کەت چ باش چ خراپ ناڤ لە دنێ کەت:

پیاوی گەورەش ئەگەر شتێکی لێ ڕوو دا بڵاو دەبێتەوە جا چ بەچاکە بێ وە یا بەخراپە.

٧٠٦- تەبیعەت دەرمانی نییە:

هەندێ کەس هەن تەبیعەت و ڕەوشتیان هەیە گۆڕینی هیچ دەرمانی نییە ناتوانێ چارەیەکی لەگەڵ بکەیت.

٧٠٧- تالانێ مێرووی لڤا جوەهییە:

وەک ئەوەیە دەڵێ کیژۆڵە خۆی چییە و چەلاوی هەبێ واتە هەندێ کەس خۆی چییە و گەفکردنی بەرامبەر هەندێ خەڵکی موهیم چییە و یانی ناتوانێ کارێک بکات.

٧٠٨- تەیر بە چەنگا دەفڕن، میر بە مێرا دەخوڕن:

یانی هەر چین و تاقمەیەک هێز و توانای خۆیان لە سەرچاوەیەک وەردەگرن وەک ئەوەیە تەیر بە چەنگی خۆی دەتوانێ بفڕی و خۆی ڕزگار بکات و میریش بە پشتی مێران دەخوڕن.

٧٠٩- تێگەیشتن خۆشترە لە پڵاوخواردن:

بەڕاستی وایە هۆش و زانست و تێگەیشتن بۆ ئینسان لە خواردن زۆر باشترە چونکە ئەمانە خواردنی چاکیش پەیدا دەکەن.

٧١٠- تیر کە لە کەوان دەرچوو جارێکی تر ناگەڕێتەوە:

زۆر شت وایە کە لە دەستی پیاوی دەرچوو ناگەڕێتەوە بۆیە دەبێ ئینسان هەموو شتێکی بە لێکدانەوە و حساب بێ.

٧١١- تا ئێوارە قەزوان بخۆیت بە گوێزێک پێت دەگەم:

یانی مادەی خواردنی کە لە گوێز دەست دەکەوێ لە قەزوان نییە.

٧١٢- تێ نەگەیشتن لە بەڵای خوای نزیکە:

واتە پیاوی نەزان هەمیشە لە بەڵا نزیکە و پیاوی تێگەیشتی زۆر لێی دوورە بۆیە زانست و زانین لە هەموو گێتیدا باوی هەیە و بایەخی زۆری پێ دەدەن بۆ ئەوەی خەڵک هۆشیار بێ نەوەک ناتێگەیشتن.

٧١٣- تاژی ئەگەر زۆری تێ بەردەی ئاخیری لە ڕاو دەکەوێ:

واتە هەموو ئینسانیش ئەگەر زۆر ماندووی بکەیت چ لە کار وە چ لە خوێندن وە چ لە کاری تر ئاخیری ماندوو دەبێ و لە بەرچاوی دەکەوێ و زەرەری زیاتر دەبێ.

٧١٤- تۆ میر و من میر کێ بکەین بە گزیر:

یانی دوو میر لە جێگەیەک نابێ و دەبێ میرێک هەبێ یا وەکی ئەوەیە دەڵێ من ئاغا و تۆ ئاغا کێ جێمان بۆ ڕاخا.

٧١٥- تەبیعەت میش میشییە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر وا دابنێ کە هەموو شت ناخوات و بێزی نایێ خواردنی هەموو کەس بخوات کەچی خۆشی لە بنەماڵەیەکی هەژار وە یا مامناوەندی بێت شایستەی ئەم هەموو لەخۆڕازیبوونە نەبێ.

٧١٦- تەرازووی عەدالەت لەنگە:

یانی زۆر کەم وایە لە دنیا عەدالەت بکرێت بۆیە تەرازووی عەدالەت لەنگە.

٧١٧- تووشی گونە ڕەشی خۆی هات:
بۆ کابرایەک دەگوترێ تووشی کابرایەکی تر بێت لە خۆی گەلەک ساختەچی و بەدتر بێت وە یا کابرایەکی بێچارە تووشی گیروگرفت بێت و زۆری لا گران بێ.

٧١٨- تەمبەڵی بەغدایێ کەس نانی نەدایێ:
لە کوردستان بۆ ئەم جۆرە کەسانە بەکاری دەهێنن کە زۆر تەمبەڵ و تەوەزەل بن و دیارە تەمبەڵی بەغدایێ کاتی خۆی مەشوور بووینە و مەسەلی پێ لێ دراوە و بەم شێوەش دەڵێن دەڵێ تەمبەڵی بەغدایە و بە چەند جۆری تر.

٧١٩- تەمرخان ترێی هێنا:
یان دەگوترێ بەڕاستی تەمرخان ترێی هێنا واتە بۆ کارێک دەگوترێ کە لە جێی خۆی نەبێ.

٧٢٠- تەماع لەسەری نەدەی لەسەرت دەدا:
یانی تەماع نەیکوژی دەتکوژێ و شتێکی زۆر پیسە و دەبێ خۆی لێ بپارێزی.

٧٢١- تەندور تا گەرمە نان دەبرژێنێ:
واتە دەبێ کار گەرماوگەرم بکرێ.

# ج

٧٢٢- جاهیلی گەورە وەکی کەندووی بۆشە:

نەزان هەر چەندی گەورەش بێ وەک کەندووی گەورە بێ و بۆش بێ.

٧٢٣- جێی شێران ڕێوی لێ دەکەن گێران: یان لێی دەکەن سەیران:

وا دەبێ پیاوێکی گەورە دەمرێ وە یا دەکوژرێ و خەڵکی تر لە شوێنەکەی کار دەکەن بەڵام نەیانتوانی جێگەی ئەو بگرنەوە جا دەڵێن جێی شێران ڕێوی لێ دەکەن گێران.

٧٢٤- جەڕەی ئاوی لە ڕێی ئاویدا دەشکێ:

واتە ئەگەر کابرایەک هەر خەریکی دزی بێ ئاخیری سەری تێدا دەچێ وە یا کابرایەک هەر خەریکی چەتەیی و ڕێگری بێ ئاخری هەر دەکوژرێ واتە ئینسانێک لە چ ڕێگەیەک خەریک بێ هەر لەو ڕێگەیە تێ دەچێ.

٧٢٥- جارێک سینگ دەخوات جارێک سینگ دەکوتێ:

واتە دنیا ڕۆژێک لە قازانجی تۆیە و سینگ دەخۆی و ڕۆژێک دنیا لە زیانی تۆ دەبێ و سینگ دەکوتێ و ئەمە یاسای ژیانە.

٧٢٦- جێی سەبرانی سۆتایە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ ئارامی لێ هەڵگیرابێ.

٧٢٧- جەهەنمی لە چاوان دیارە:

بۆ یەکێ گوناهبار و تاوانبار دەگوترێ کە ئاگری دۆزەخ لە چاوانی دەباری.

٧٢٨- جوانی ژنان نە لە ڕەنگە بەڵکەم لە ڕەوشتە:

یانی ژن هەر چەندی جوان بێ بەڵام ئەگەر ڕەوشتی بەرز نەبێ پوولێکی سووتای

ناهێنێ و ئەگەر جوان و ڕەوشت بەرز بێ ئەوا موڵکی خۆراسان دەهێنێ.

٧٢٩- جاحێڵ کۆرەیە:
یانی مرۆڤی لاو وەک کوێر وایە و خۆی بەهەموو شتێک دادەدات.

٧٣٠- جەرگی هەندی سێڵی پانە:
بۆ یەکی ئازا دەگوترێ.

٧٣١- جا وەرە ئەو کەرەی لەو قوڕەی دەربێنە:
کابرایەک کەرەکەی بێ کلک دەبێ و لێی دەکەوێتە قوڕی ئەم قسەی دەکات و بەڕاست ئاسانیش نییە ئێستاش بۆ کارێکی پڕ گیروگرفت بەکار دێت.

٧٣٢- جارێکی تر پێ لە سوسنان نانێم:
لە کاتێکدا دەگوترێ کە کابرایەک بەرامبەر بە گەورەیەکی خۆی کارێکی خراپی کردبێ و تووشی سزا ببێ ئەمە دەڵێت.

٧٣٣- جاحێڵ عەقڵی لە چاویەتی:
واتە پیاوی نەزان لێکدانەوەی نییە تەنیا ئەوەی دەبینی ئەوە دەزانێ.

٧٣٤- جۆتی بێ سەرسەدە مەکە:
واتە دەبێ هەموو کارکردنت بەپێی پیلان و سەرسەدە بێت نەوەک هەروا بێ پیلان و لێکدانەوە بێ.

٧٣٥- جەبارە لە چاوانی دیارە:
یەکێک شتێکی کردبێ پێی دەڵێن لە چاوانی دیارە کە ئەم کردەوەی کردووە.

٧٣٦- جنۆکەی لە چاوان دیارە:
یانی لە چاوانی دیارە کە ئەقڵ ناتەواوە.

٧٣٧- جگە گورگی پێیە:

بۆ کەسانێ دەڵێن کە شانس زۆر لە کار بێ و هەموو کەس خۆشیان بوێ ئەوەی بیەوێ بۆی بکەن.

٧٣٨- جیرانێ بەحرێ نابێ تێنی بێ:

یانی پیاو جیرانی پیاوی زانا بێ زۆری لێ فێر دەبێ.

٧٣٩- جوان بەجوانی پیر بەنانی:

یانی لاو بەلاویەتیی خۆی دەتوانێ ماوەیەک بێ نان بەهێزی خۆی بژیت و کار بکات و رێ بڕوات بەڵام پیر وا نییە و دەبێ نانی پێ بدرێ.

٧٤٠- جۆگەی ئاوی لێ دەچێ هەر لێی دەچێ:

یانی جۆگەیەک بەهۆی ئەوەی کونەمشک و جورجی هەبێ ئاوی لێ دەچێ ئەمرۆ چاکی بکەیتەوە بەیانی ئاوی لێ دەچێ بۆیە ئەگەر جێگەی نەگۆڕی ئاوی هەر لێ دەچێ واتە هەندێ کەس هەن فێرە هەندێ شتی خراپ دەبن وازی لێ ناهێنن.

٧٤١- جۆلکە و جۆت و کرمانج و خانووت و فەلە و گیانێ خۆ بشۆت:

یانی دەبێ هەر کەس بەکاری خۆی بێ نەوەک بەپێچەوانە وەک ئەم مەسەلەیە واتە جوولەکە و جووت نابێ و کرمانج و جوولەیش نابێ و.. ئەمە کاتی خۆی وا بووە بەڵام ئێستا ئەمەش تێ پەڕیوە و دنیا گۆڕاوە.

٧٤٢- جیرانی خراپ مرۆڤی دەکاتە خودانی حاجەت:

یانی ئەگەر جیرانی ئینسانی باش نەبی زۆر شت بۆ خۆت پەیدا دەکەیت چونکە ئەو پێت نادات واتە لێی فێرە زۆر شت دەبی ئەوەی تۆ بەخراپی دەزانی لەو نابێ خۆت بیکەیت.

٧٤٣- جو کوڕێ خۆ قوتا هێشتا نەچوویتە سەر ئاڤێ:

یانی جوولەکە گومانی کردییە کوڕەکەی هەڵە دەکات بۆیە لێی داوە بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێ.

٧٤٤- جیرانی نێزیکتر فەرترە لە برای دویر:

یانی مەبەست چاکە و خێر لەگەڵ یەکی نزیک بکرێ و لەلایەکی تر ئەوە نزیکە و بەکەڵکی دێت.

٧٤٥- جێی ئاڤ گرتبی دێ هەر گریتەڤە:

یانی ئەوەی فێرە شتێک بێ هەر وا دەبێ.

٧٤٦- جاحێڵ ئەگەر هەشکی بدوڤە بێ لێ مەگرە:

هەروەک دەڵێن جاحێڵ کۆرەیە چاوی نابینێ بۆیە نابێ لێی بگیرێ لە هەندێ مەسائیل.

٧٤٧- جۆلا بەسەردڕی خۆی نارازییە:

یانی جۆلایی خۆشە هەر خەڵک سەردڕ بێ و خۆی وا نەبێ و پێی ڕازی نابێ.

٧٤٨- جەرگ ئەگەر نەبوو سیپەلاک چییە:

گوتراوە فلان پیاو جەرگی گەورەیە یان بەجەرگە واتە ئەگەر غیرەت نەبێ ئەوی تری چی بەکەڵک دێ.

٧٤٩- جێی گا هەر دۆڵە:

چونکە دۆڵ گیای زۆرترە و هەر بۆی دەچێ واتە جێگەی پیاوی ترسنۆکیش هەر دۆڵە و ڕاکردنە.

٧٥٠- جوولەکەی یەک ڕوو باشترە لە موسڵمانی دووڕوو:

چونکە لە ڕووی دین بە دوو کتاب کافرن واتە بە ئینجیل و بە قورئان ئەگەر ئەویش یەک ڕوو بێ هێشتان باشترە لە موسڵمانی دووڕوو یانی دووڕوویی کارێکی یەکجار خراپە و خوا لە قورئانی پیرۆزدا نەفرینی لێ کردووە.

٧٥١- جیرانی دزی هەر ناوبەدیی بۆ دەمێنێ:

واتە دۆست و جیرانی پیاوی خراپ پێی ناوبەد دەبی.

# چ

٧٥٢- چ بچینی ئەوە دەدووریتەوە:

واتە مرۆڤ چۆن کار بکات و چی بکات ئەوی دێتە دەست و ئەوە دەدوورێتەوە.

٧٥٣- چاکە بکە بەئاوێ دادە:

واتە هەر چاکە چاکە و مرۆڤ چاکە بکات باشترە لە خراپە وە یا لە نەکردنی چاکە.

٧٥٤- چاکە چاکەی لە جێ شین دەبێتەوە و خراپەش خراپەی لە جێ شین دەبێتەوە:

واتە چی بچینی ئەوە دەدووریتەوە هەرچەندە زۆرجار وا دەبێ پیاو چاکە لێی دەبێ بە خراپە و خراپەش دەکات لێی دەبێ بە چاکە، بەڵێ ئەوە زۆر نییە و هیچ خەڵک چاکە بەچاک دەزانن و خراپە بە خراپ دەزانن مانای وایە لە بەرچاوی خەڵک دیار دەبێ و ئەنجامەکەی دیارە.

٧٥٥- چاکە بە هەموو کەس ناکرێ و خراپە بە هەموو کەس دەکرێ:

بەڵێ ڕاستە چاکە بەهەموو کەس ناکرێ بەڵام خراپە بە مرۆڤی زۆر بێکەڵک دەکرێ بۆیە دەبێ پیاوی چاکە هەر چاکە بکات و لە دژی خراپەش بێت.

٧٥٦- چاوبرسی بە خۆڵی نەبێ چاوی تێر نابێ:

واتە تەماعکار بە مردن نەبێ چاوی تێر نابێ.

٧٥٧- چاو هەموو شتێک دەبینێ تەنیا خۆی نابینێ:

مرۆڤ بەم شێوەیە عەیبی خەڵک دەبینن و عەیبی خۆی نابینێ.

٧٥٨- چەپڵە بەیەک دەست لێ نادرێت:

واتە زۆر کار و چاکەش هەیە بە یەک کەس ناکرێ.

٧٥٩- چیا بە چیا ناکەوێ چاو بە چاوان دەکەوێ:

مەبەست ئەوەیە دنیا هەر ئەو ڕۆژە نییە کە مرۆڤ تێیدا دەژیت و ڕۆژگار دەگۆڕێ و ڕۆژێک دێت کە تۆ ڕوو لە دەرگەی ئەو کابرایە بکەیت کە ڕووی لە دەرگەی تۆ کردووە.

٧٦٠- چەم بێ چەقەڵ نابێ:

واتە لە هەر هۆز و زۆم و کۆمەڵێکدا کەسانی خراپ پەیدا دەبێ.

٧٦١- چرای هەڵکە گووی تێ ماوە:

لە کاتێکدا دەگوترێ شتێک لە کۆتایی بێ و دەستی پێوە نەگیرابێ و جا لە دواییدا بیانەوێ ئابووریی تێدا بکرێ جا کابرایەک دەڵێ چرای هەڵکە گووی تێ ماوە.

٧٦٢- چوون لە دەست خۆتە بەڵام هاتنەوە لە دەست خۆت نییە (یان هاتنەوەی لە دەست خوایە):

واتە پیاو کە دەچێت دەتوانێ بڵێ فلان سەعات دەڕۆم و لەو سەعاتە ئیمکانە دەست بکات بە ڕۆیشتن بەڵام گەڕانەوەی بەم شێوەیە ئاسان نییە.

٧٦٣- چاکەی سەربەخۆ سەری خاوەنی دەشکێنێ:

زۆرجار وا دەبێ کابرایەک لە خۆیەوە لەگەڵ یەکێک وە یا لەگەڵ چەند کەسێک چاکە دەکات ئاخری لێی دەبێ بە خراپە.

٧٦٤- چێڵ (مانگا) بە دزی کەڵ دەخوات و بە ئاشکرا دەزێ:

زۆر خەڵکیش هەنە بە دزی کارێک دەکەن و وا دەزانن کەس پێ نازانێ بەڵام کاتێک هەموو خەڵکی دەوروبەر بەتەواویان زانیوە.

٧٦٥- چوو هات دەستی لە گونان بەرەژێرتر:

واته بۆ کابرایەک دەگوترێ کە زۆر هەوڵ بدات کارێکی چاکە بکات دەبینێ لەلایەکی تر کونی تێدا دەبێ.

٧٦٦- چەقۆی برد گیزانی هێنایەوە:
بۆ کابرایەک بچێتە حەجێ و کە بگەڕێتەوە خراپتر بێت و هەروەها بۆ یەکێ تر کە ئیدیعای دین بکات و واش نەبێ.

٧٦٧- چێ دەبێ جێی خەنجەران نە چێ بێ جێی خەبەران:
واتە یەکێک لە پاشملە باسی یەکێک بکات بوختانی پێدا بکات و ئەم قسەیە قەت لە بیر ناچێ بەڵام شوێنی خەنجەران دەگونجێ لە بیر بچێ.

٧٦٨- چەندی دانیشی کاروان دوورتر دەکەوێتەوە:
واتە پیاو کارێکی لەپێش بوو چەند توانای خۆی خەرج بکات بۆ جێبەجێکردنی هەر کەمە و چونکە هەر لە پێشیەتی و ئەگەر دانیشی دواتر دەکەوێ.

٧٦٩- چاو هەڵێنە دنیا ببینە:
واتە لە خەڵک ئەزموون وەربگرە.

٧٧٠- چوومە گوندی کەسنەناسی خۆم هەڵکێشا پڕ بەکراسی:
واتە بۆ کابرایەک دەگوترێ کە قسەی زل بکات و ئاگای لەبەری پێی نەبێ و نەزانێ شارەزا و ناسیاو لەوێ هەن.

٧٧١- چلۆن دڵت دێ بە هەناری بێژی بەدمەست:
هەروەک دەڵێن حەیفە بشکێن بەختی شەمامک واتە باسی کابرایەک بکرێ بە خراپە و واش نەبێ و ئەم مەسەلەی بۆ دەڵێن.

٧٧٢- چاوی ڕەشم کاڵ بووە:
واتە یەکێک کە زۆر چاوەڕوان بکات و چاوی خێل بێتەوە.

٧٧٣- چاوی سۆر بووەتەوە و شتێکی لە چاوییە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە زۆر تووڕە بێ و چاوی سوور ببێتەوە و نیشانەی خراپە ڕوودانی لێ دەرکەوێ.

٧٧٤- چی باوێتە مەنجەڵێ ئەو دێتە ئەسکوێ:

یانی چ بچینی ئەو دەدووریتەوە و زۆر شت هەیە کە لە ژیانی پیاو ڕوو دەدات لە ئەنجامی کاری خۆیەتی.

٧٧٥- چاوی حیز لە خۆیەوە پووت دەبێتەوە:

ئەوەی کاری خراپی کردبێ لە چاوانیڕا دیارە و چاوی پووت و مات دەبنەوە.

٧٧٦- چارمێخیان کردووە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە هەموو ڕێگەیەکی لێ گیرابێ.

٧٧٧- چت لە برای هێشت دایکی برات هەژاند:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە برایەک وە دۆستێکی خۆی زۆر ئازار بدات.

٧٧٨- چەقۆ و خەیار هەردووکی لە دەستی خۆتە:

یەکێک خراپەی بەرامبەر یەکی تر کردبێ بچێت بۆ لای و پێی بڵێ چەقۆ و خەیار لە دەستی خۆتە و یانی خۆت سەرپشکی لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی ئیجرائات.

٧٧٩- چەندی لە کەرێ بەردەبێ ئەویش ئەوەندە درۆیان دەکات:

بۆ کابرایەکی زۆر لەوچە و درۆزن دەگوترێ.

٧٨٠- چەند دەخوا و چەند دەبەزێ:

بۆ کابرایەکی تەمبەڵ و تەوەزەل دەگوترێ کە زۆری دەخوات و کەمیش کار بکات.

٧٨١- چەندی بخوات ئەوەندەش دەبەزێ:

بۆ یەکێک بە ئەندازەی مووچە و خواردنی کار بکات واتە ئەگەر مرۆڤ هانی بدات زیاتر کار دەکات ئەگەرنا نا.

٧٨٢- چەک کەوتە دەستی کێ دەبێتە هی ئەو:

زۆر ڕاستە و دەبێ کابرایەک لە چەکی خۆی وریا بێ ئەگەر بکەوێتە دەستی دوژمنی خۆی دەبێتەوە دوژمنی. بۆیە وترا چەک شیری دووسەرە و یەکی بۆ دوژمنە و یەکیش بۆ خاوەنی دەگەڕێتەوە.

٧٨٣- چووە سەر کلکی دارێ و نەهاتە خوارێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە زۆر سوور بێ لەسەر شتێک و قەت لێی دانەبەزی و ئەوەش باش نییە لە هەندێ حاڵات.

٧٨٤- چاک کردیان و خراپ خواردیان:

واتە زۆرجار جەماعەتێک بە شتێک زۆر ماندوو دەبن و خەڵکی تری تازە دێن بۆ خۆیان دەیقۆزنەوە و سوودی لێ وەردەگرن.

٧٨٥- چاوساغێک بەلای خەزێنە تێ دەپەڕی و چاوی خۆی دەگرت و دەیگوت کوێرە وا دەڕۆن:

واتە پیاوی بێ شانس زۆر دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێ و لەسەری باز دەدات و سوودی لێ وەرناگرێ.

٧٨٦- چەند بەربووک لە بووکێ جوانترن بەڵام بووک بەختی دێتەوە:

واتە زۆر شت شانس و بەخت دەوری خۆی تێدا دەبینێ.

٧٨٧- چونکە لەکین هەموو یەکین:

واتە چەند هۆیەک کە هەندێ خەڵک کۆ بکاتەوە سەر یەک و پارێزگاری لەیەک بکەن.

٧٨٨- چاوی دەران خۆڵی سەران:

واتە ئەوەی بەتەمای خەڵکی بێ هیچ بۆ بەهیچ ناکرێ.

٧٨٩- چڵمی خۆی پێ ناسڕێ:

ئەمە زیاتر بۆ ئەوە دەگوترێ کە کیژێک کە دڵی کوڕێک نەهێنی و خەڵک وا تەسەور بکات حەزی لێ دەکات و ئەمە دەگوترێ.

٧٩٠- چاو بازە و بە کەس ناگیرێ:

واتە تەماشاکردن بەملا و بەولا بەهەموو کەس ناکرێ و ئەم جۆرە تەماشاکردنانەش هیچ عەیبی تێدا نییە چونکە بە دەستی خۆت نییە.

٧٩١- چوومە سەر دارێ و هاتمە خوارێ:

کابرایەک لەسەر کارێکدا زۆر سوور بێ و دوایی پەشیمان بێتەوە.

٧٩٢- چ دەکەنە کوارێ (کەندو) ئەو دێتە خوارێ:

ئاو بەجێی خۆیدا دەڕواتەوە و چی بچینی ئەو دێتەوە ڕێگەت.

٧٩٣- چاڤۆ نەبینە دلۆ نەئێشە:

یانی زۆر شت هەیە خۆتی لێ لابدە و دڵی خۆت تووشی ئێش و ئازار مەکە.

٧٩٤- چیڤ (دار) ئەستوورە حدوود زۆرە:

یانی ئەگەر زەبربەدەست بوو زۆر شت دێتە بەردەست و سنووری دەسەڵاتت فراوان دەبێ.

٧٩٥- چێڵەکی ریخەڵۆ گاڕانێکی پیس دەکات:

واتە زۆرجار عائیلەیەک وە بنەماڵەیەک بەیەکێکی خراپ ئابڕوویان دەچێ کەچی نابێ وا بێ.

٧٩٦- چێڵی ببینە ئەوجا دۆی لێ بخوازە:

پێویستە مرۆڤ داوای شتێک لە برادەرێک بکات ئەگەر دڵنیا بێ کە هەیەتی و

خۆشی زۆر پێویستی پێ نییه.

٧٩٧- چیا پێش چیا بڵند دەبن:
واتە گەورە بەرامبەر گەورەیەکی تر قیمەتی دەردەکەوێ.

٧٩٨- چیڤی ئەستوور ژ بەهەشتێ هاتییە:
یانی عەدالەت بە قوەت و هێز دروست دەبێ.

٧٩٩- چی دەشتە چ زۆزانە عەسڵی تشتی خودانە:
لە هەموو شتێک گەورە و لێپرسراو خاوەنی شتی گرینگە کە چۆن شتەکەی خۆی ڕادەینێ.

٨٠٠- چووە تازییا دایکی کێلا بابێ هەلنگفت:
دەبینی مرۆڤ بۆ کارێکی تر دەچێ و لە کارێکی تر هەڵدەنگوێ.

٨٠١- چەندی مێر بی ژ تە مێرتر هەر هەنە:
چەندی ئازا و بەدەست و لێهاتوو بێت لە تۆ بەرزتر هەر هەیە کەوابێ نابێ بەخۆت بنازی.

٨٠٢- چ سەر لە بەردی بدەیت وە یا بەردی لە سەر بدەیت هەر سەر دەشکێ:
واتە لە هەموو حاڵەتێکدا شتی ناسک و لاواز و بێهێز بەرامبەر بە هێزدار تووشی زیانی گەورە دەبێ.

٨٠٣- چرا بلا ڕۆناهی بدەت بلا دۆنێ سەی تێدا بت:
با کابرایەک سوود و قازانجی بۆ خەڵکی هەبێ با خۆی کوڕی هەر کابرایەک بێ وە یا خەڵکی هەر جێگەیەک بن مەرج ئەوەیە ڕووناکی و عەدالەت بکات.

٨٠٤- چاڤی کێر نەئێت تلیا خوە ل بن بدە و دەرینە:
واتە ئەگەر لەناو کۆمەڵ و خزم و ڕێکخستنەکانی تۆ و تۆش دەسەلاتدار بوویت

کەسانی پیس و خراپ بوون وەک چاوی مرۆڤ چەند خۆشەویست بێت دەری بهێنە و ئیجرائاتی لەگەڵ بکە و لێی مەوەستە ئەگەر بە بەردا دەچی و هەموو خەڵکەکەت لێ خراپ دەکات.

٨٠٥- چاو ئەگەر لووتیان لە بەین نەبوایە یەکتریان دەخوارد ئەو دوو برایە:
واتە دوو برا ئەگەر گەورەیەکیان نەبێ گیروگرفت لە نێوانیان دروست دەبێ و زیاتریش بۆ برا یان باوکە وە یا برا گەورەیان و لە شتی تریش جۆرە ڕێکخستنی تر هەیە.

٨٠٦- چۆمن بە درۆ سەرچاوەی نزیکە:
واتە درۆ بەئاسانی لە خاوەنی سپی دەبێتەوە و بۆ خەڵک دەردەکەوێ کە درۆی کردووە و چاوگەی نزیکە.

٨٠٧- چۆنم لێ بڕوانی من وات دەبینم:
یانی تۆ هەڵوێستت چۆن بێ بەرامبەر بە خەڵکی تر هەڵوێستی ئەوانیش وا دەبێ.

٨٠٨- چەقەڵ مەشهوورە کە ئامۆزای سەگە:
وەک ئەوەیە دەڵێ کەشک برای دۆیە واتە زۆر کەس هەن خزمی یەکن وە یا لەیەک نزیکن بە جۆرێکی تر بەرامبەر بەو جیاوازییان نییە.

٨٠٩- چەنە زۆر لێدان شەویلکە دەشکێنێ:
واتە ئەوەی زۆر بڵێ و لە زۆر شت خۆی نزیک بکاتەوە و لە هەموو دیزان ئەسکو بێ ئاخیری تووشی بەڵا دێت.

٨١٠- چاو لە ڕێی خەڵک خێل دەبێ:
واتە ئەوەی چاوی لە دەستی خەڵکی بێ خۆی تێر ناخوات و کاری بەڕێکی ناڕوات بەڕێوە.

٨١١- چەندی بەط قەلەو بت قوینی وی تەنگ دبت:

هەیە چەندی دەوڵەمەند بێ هەر دەستکورت و بێچارە دەبێ و بەخۆی هیچ ناخوات و بەکەسیش نادات.

٨١٢- چەندی بەرد قەڵەشت دەوێ ویش ئەوەندە لێک بووەوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ لە کاتێکدا پێویست بێت قسە بکات بەڵام دەوی خۆی بگری لەبەر هۆیەک و قسە نەکات.

٨١٣- چونکە مەردە کەس دەستی لە بەردەستی هەڵناده:

لە زەمانی کۆندا بەپیاوی مەرد و دلێر شەهادەیان پێ دەهێنا لە هەموو کۆڕ و مەجلیسان ڕێز و کڕنۆشیان بۆ دەبرا.

٨١٤- چوونی هەبێ هاتنەوەی نەبێ:

بۆ یەکێک دەڵێن کە زۆر خراپ بێ و بۆ لایەک بچی وای پێ دەڵێن.

## ح

٨١٥- حەقی من بدە و حەقی تۆش خوا کەریمە:

ئەمە زۆر تەبیعەت وایە هەر قازانجی خۆی دەزانێ.

٨١٦- حەسەن کەچەڵ یان کەچەڵ حەسەن هەر یەکە:

واتە هەندێ شت چۆن بکرێ و چۆن بگوترێ و چۆنی مەیسەر بێت هەر یەکە و بکرێت باشترە.

٨١٧- حەمۆکۆیە خاوەنی تفەنگی خۆیە:

بۆ یەکێک دەڵێن زرنگ و پیتۆل بێ و منەتی کەس نەزانێ و بەدەست و قامی خۆی لە هەموو مەیدانێک دەرچێ.

٨١٨- حەیفە ئەو بمرێ و بەتۆش بڵێن خۆت خۆش:

بۆ یەکێک دەڵێن کوڕی پیاوێکی ئازا وە زانا بێ و کوڕێکی زۆر توڕوهاتی لەدوا بەجێ مابێ.

٨١٩- حەق لەبن ناحەقی هەر نەحتەنەحتیتی:

زۆرجار وایە حەق لە ژێر ناحەقی هەر ترەترِ و ناڵەیەتی و بە تایبەتی لەم زەمانە زۆرە.

٨٢٠- حرینێت هەسپا ژ ملێت شێرا تێن:

هەسپ و ماین ئەو کاتە دەحرێن هەر کات چاپووک سواری هەبێ.

٨٢١- حوشتر بە کۆتکێ ئاو نادرێ:

کۆتک زیاتر بۆ ئاودانی ئینسان، بۆ حوشتر نابێ و زۆر شتی تریش هەیە بەم شێوەیە.

٨٢٢- حەچی نزانت قوەتا خوە ئەو دویرە ژ دەولەتا خوە:

واتە هەر کەس بە پێی بەڕی خۆی پێی خۆی ڕاکێشێ و بەپێی هێز و تین و ئیمکانیەتی خۆی هەنگاو بهاوێژێ.

٨٢٣- حەنەک دەبنە گەنەک:

زۆرجار دەبێ شتی بەگەمە دەبێتە ڕاستی.

٨٢٤- حەفتیارۆ لەبەر چاڤا دیارۆ:

واتە ئەوەی لە بەرچاو بێ ئەو دیارە و بەشی هەیە.

٨٢٥- حەچی لەسەر سێ سنگا بلەیزت ئێکێ هەرەت تێدا:

هەندێ جار دەڵێن ئەوەی بەسەر دوو پەتان یاری بکات ئاخیری ملی دەشکێ.

٨٢٦- حیزی هەمبانەی لۆکەیە چەندی تێی بکەیت دەگرێ:

واتە ترسنۆکی و مل حیزی وەک هەمبانەی لۆکەیە و هەموو شت قەبووڵ دەکات ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ تەوەقوع دەکرێ کابرایەک دەست بکاتەوە بەڵام ئەوە دەگوترێ دەرحەقی.

٨٢٧- حوکمی حاکم و دەردی موفاجات:

یانی ئەم دوو شتە دەرمانی نییە.

٨٢٨- حکوومەت کەروێشکی بە عارەبانەی دەگرێ:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەکی دەسەڵاتدار شتێکی لەسەر یەکێکی بێت و نەیداتێ ئەمە دەڵێن وە یا کاتی خۆی ئەوەی لە حکوومەت یاخی بوایە وایان پێ دەگوت.

٨٢٩- حەمام بە تڕان گەرم نابێ:

واتە هەر شتێک ئەگەر هۆ و ئەسبابی بۆ ئامادە نەکرێ ناکرێت.

٨٣٠- حەیای بوو بە حەیای پیازفرۆش:
واتە یەکێک زۆر بە فەزاحەتەوە حەیای بچێ وای پێ دەڵێن.

٨٣١- حیزی و سەلامەتی:
واتە ئەگەر کابرایە ترسنۆک بوو خۆی لە شەڕوشۆڕ و ئاژاوە و ئەم جۆرە شتانە دوور دەکات و زۆریش دەژی.

٨٣٢- حەیا تنۆکێکە کە ڕژا ڕژا:
واتە حەیا یەک جار دەڕژێ و ئەگەر ئەوجارەش ڕژا ئیتر تەواو دەبێ.

٨٣٣- حیلە هەر دەبێتە قیلە:
واتە ئەوەی حیلە و فێڵ بکات ئاخیری تووشی زیان دەبێ.

٨٣٤- حەوجە حەوجە گای گەوجە:
واتە ئەوەی پەشیمان بێتەوە و حەوجە بێتەوە بەگای گەوج دەژمێرێ.

٨٣٥- حوشتری ناو پەمووی سەری خۆی دەشارتەوە و ئەو کەس نابینێ و وا دەزانێ کەسیش ئەو نابینێ:
هەندێ کەس هەن لە حوشتر خراتر هەندێ کاری خراپ دەکەن و وا دەزانن کەس پێی نازانێ چونکە خۆی گێل و نەفامە.

٨٣٦- حوشتر و حەمام نەگوترایە:
بۆ دوو شت کە پێکەوە نەگونجێن.

٨٣٧- حوشتر خەت پیشەم نییە قەت:
گوایە ئەمە بەحوشتر گوتراوە کە جووت بکات ئەویش لە وەڵام وتوویەتی پیشەی من جووت نییە یانی دەبێ هەر کەس بە پیشە و کاری خۆی بێت.

٨٣٨- حازری مەدە بە قەرز:

ئەمە هەروەکی خۆیەتی.

٨٣٩- حیساب بە دینار بەخشیش بە خەروار:

حیساب و مامڵەت جیایە و دەبێ بەفلس حیساب بکرێت بەڵام بەخشین و پێدان حسابی پێ ناوێت.

٨٤٠- حەق هەنگی دەسەڵاتدارە:

واتە حەق هی ئەو کەسەیە کە دەسەڵاتی هەبێ وەک دۆزینەوەی هەنگ.

٨٤١- حەلوا حەلوا زاران شیرین ناکا:

یانی پیاوی برسی بەقسەی خۆش تێر نابێ بەڵکەم دەبێ خۆراک و پێویستی تری پێ بدەیت.

٨٤٢- حەیا پەردەیەکە ئەگەر دڕا پینە ناکرێ:

ئەمەش پێ چوونێکی زۆر جوان و نایابە لە شەرم و حەیای مرۆڤ و پێویستە هەموو ئینسانێک حەیای خۆی تێبینی بکات.

٨٤٣- حەقی خۆی دایەوە دەستی خۆی:

بۆ کابرایەک دەگوترێ چاکەی لەگەڵ یەکێک کردبێ و ئەویش خراپەی لەگەڵ کردبێ و ئەوە بەکار دێن وەک پەلار و پێچەوانە و موبالەغەی تێدایە.

# خ

٨٤٤- خزم گۆشتت بخوات هێسکت ناشکێنێ:

واته خزم و کەسوکار باشتره له بیانی و ئەگەر دژایەتیش بکات بەو جۆره نابێ تا سەر هێسک بێ.

٨٤٥- خوا له سوڵتان مەحموودی گەورەتره:

له کاتێکدا دەگوترێ کابرایەکی گەوره دژایەتیی پیاوێکی هەژار بکات و یەکی تر ئەم مەسەلەیەی بۆ دەڵێ.

٨٤٦- خووی شیری تاکو پیری:

واته مرۆڤ هەر خوو و ڕەوشتێکی به منداڵی گرتبێ بەری نادات تاکو پیری و تا دەمری و ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوه بۆ پەروەردەی ئەو منداڵه چ به چاکه و چ بەخراپه بێ.

٨٤٧- خۆ مار نییه به خۆڵ بژیت:

لەبارەی یەکێکەوه دەگوترێ کە به شتێک بژی بەڵام دیار نەبێ و یەک دەپرسی دەڵێ وا بزانم فلان هیچی نییه بخوا و ئەویش دەڵێ خۆ مار نییه به خۆڵ بژی و دەبێ شتێکی هەبێ.

٨٤٨- خزمی خەزووری سەپانی شێخی:

بۆ کابرایەک دەگوترێ وای نیشان بدات کە خزمی کابرایەکی بەناوبانگه و یەکی تریش دەڵێ خزمی خەزووری سەپانی شێخییه.

٨٤٩- خەنه زۆر بوو له گونان دەندرێ:

واتە نەدی و بەدی شتیان دەسکەوت و بە شێوەیەک بەکاری دەهێنن وەک ئەم مەسەلەیە.

٨٥٠- خانوو بناغەی لەسەر گوفەکێ بێ زوو دەڕووخێ:
واتە قایمیی هەموو شتێک لە بناغەی دەبێ.

٨٥١- خێری نییە و شەڕیشی بە پێی سەگە:
بۆ یەکێک دەگوترێ کە خێری نەبێ و شەڕیشی زۆر پیس بێ.

٨٥٢- خوا تا سەران نەبینێ بەفری ناهاوێتێ:
هەندێ کەس هەن تووشی بەڵا دێن و موستەحەق بوونە بۆ ئەم بەڵایە ئەوجا ئەو مەسەلەیە دەگوترێ.

٨٥٣- خۆی ڕووت نییە ئاگاشی لە زۆمێ نییە:
وەک ئەوەیە کە دەڵێ زگی تێر ئاگای لە زگی برسی نییە واتە ئەوەی خۆی نەخۆش و کەموکووڕیی نەبێ وا دەزانێ هەموو خەڵک وانە.

٨٥٤- خزمی خراپ وەک گونی قۆڕە:
بەراستی خزمی خراپ شتێکی زۆر ناخۆشە و ناتوانێ لەبەری دەرچێ و ئابرووشی پێ دەچێ.

٨٥٥- خوا حەقی بزنی بێ شاخ لەسەر بزنی بە شاخ ناهێڵێ:
واتە خوا حەقی کەسانی بێچارە و بێدەسەڵات لە دەسەڵاتداران وەردەگرێتەوە.

٨٥٦- خوا بۆ بەڕووش کڵاوی دروست کردووە:
یانی خوای گەورە هەموو کەس دەبینێ و ئەمەش لە کاتێکدا دەگوترێ کە پیاوێک لێی قەومابێ و پێویستی بەهاوکاری بێ.

٨٥٧- خۆ ماست نییە بە بەرچێڵوە بێ:
بۆ یەکێ بێ ئەمەک دەگوترێ و چاکەی لەگەڵ کرابێ و لە بیری کردبێ.

٨٥٨- خۆی و گونی فاتەکەی ژنی:
بۆ پیاوێک خۆی و ژنی بێ و قورسایی ماڵی نەبێ بۆ کاتی لێقەومان و بارکردن ئاسان بێ.

٨٥٩- خۆ شەمامکە نییە بۆنی بکەم:
بۆ یەکێک دەگوترێ کە تەسەوڕ بکرێ خۆشیان ناوی و فرێ درابێ و ئەویش دەڵێ خۆ شەمامکە نییە بۆنی بکەم و لەمە زیاتر چی لەگەڵ بکەم.

٨٦٠- خابوور ئەویش ئابوور:
یانی دەست پێوە گرتن و ئیقتیسادکردن کردن هەتا دەبێ لە ئاویش بکرێ.

٨٦١- خۆ لە بۆری بدە بلا کوێر بت، هەرەرێ بلا دور بت، کچێ بینە بلا پیر بت:
واتە کە لە زێ بپەڕینەوە بڕ بیت باشترە لە بێ بڕی و ڕێگە باشترە لەلاری و کیژی بهینی باشترە لە بێوەژنی و بەراستی هەرسێکی زۆر ڕاستن.

٨٦٢- خدر و ئەلیاس ساڵ خڵاس:
ئەم خدر و ئەلیاسە ئاخر حەوتەی زستانە کۆتایی دێت.

٨٦٣- خەیار لە توێکڵی دیارە:
یانی هەموو شتێک لە سەرەتایەوە دیار دەکەوێ کە چۆنە.

٨٦٤- خەمە خەمێکی گەورە بت، بەڵام لەبەر دەرگەی من نەبیت:
یانی هەر خەم و ڕووداوێک با گەورە بێ موهیم ئەوەیە لەبەر دەرگەی تۆ نەبێ:

٨٦٥- خۆ کەڵەباب نیم بە دوندکی شەڕ بکەم:

کابرایەک چەکی پێ دەبێ و سواری ئەسپ دەبێ، تووشی ڕێگران دەبێ و ڕادەکات و حەوت گەڕ و ئاوڕ ناداتەوە و لێی دەپرسن و دەڵێ دەستێکم تفەنگ و دەستێکم جەڵەوی ئەسپ بێ خۆ کەڵەباب نیم بە دەنووک شەڕ بکەم.

٨٦٦- خۆشی بۆ بووک و زاوایە و هەڵپەڕینیش بۆ خەڵکە:

زۆر ڕاستە و لە زۆر ئیشوکاری تریش هەر وایە.

٨٦٧- خوا ڕازیقە بەڵام بێ ئحم نابێ:

واتە هەرچەندە خوا ڕازیق بێ بەڵام کار و جووڵانەوەشی هەر دەوێ هەروەک گوتراوە (لە ئاسمانان بۆ کەس نەباریوە).

٨٦٨- خۆت بەدوای درۆزنان مەدە خنکاندن:

واتە دەبێ پیاو لە درۆی درۆزن و ساختەچی هەڵنەخەڵەتێ و خۆی نەداتە خنکاندن.

٨٦٩- خواردنیش جوینەوەی دەوێ:

یانی هەتا خواردنیش جووڵانەوەی دەوێ ئەویش جۆرە کارێکە ئەگەرنا بۆت ناخورێ.

٨٧٠- خوا دەردی داوە و دەرمانیشی داوە:

واتە دەبێ لە کاتێکدا کە تووشی نەخۆشی دەبێ بەدوای چارەسەر بسووڕێت.

٨٧١- خوا کڵاوی کردووە بۆ بەڕوو و عەیبی بزنی خستووەتە ڕوو:

واتە ئەم جۆرە کارانە نەخشی خوایە هەموو کارێکی لە دەست دێت و ئەمەش دەکات و ئەوەش دەکات.

٨٧٢- خێر بۆ خوێش نەک بۆ دەروێش:

واتە خێرکردن بەخەڵکی نزیکی خۆت باشترە نەک بەدەروێشێکی کە نازانی

خەڵکی کوێیە چونکە لە قورئانی فەرموویەتی (والاقربون اولی بالمعروف).

٨٧٣- خوێن بەری چاوانی گرتووە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر تووڕە بێ و وا پێ بچێ کارێکی خراپ بکات.

٨٧٤- خەوی نایێ هەنجەت کێچە:

دەبینی کابرایەک خۆی لە کارێک وە لە شتێک لادەدا بە هەنجەتی شتێکی تر.

٨٧٥- خزم خەزێنەیە بە بێگانە مەیگۆڕەوە:

واتە هەر چۆنێ هەبێ خزمی پیاوی لە زۆر حاڵات لە بیانی باشترە.

٨٧٦- خۆهەڵکێشان وەکی ڕێوی کە تازە دێتە دەرێ لە لان:

ڕێوی کە لە کونی خۆی دێتە دەرێ و خۆی هەڵدەکێشێ و ئەگەر پیاوێکیش خۆی هەڵکێشێ وەک ڕێویی لێ دێت.

٨٧٧- خوای فەقیرانیش هەیە:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک لێی قەومابێ ئەمە دەڵێ.

٨٧٨- خلە لە بلەی کەمتر نییە:

دەبینی کابرایەک کارێک دەکات و یەکی تریش دەیکات یەک گلەیی نیشان دەدات ئەویش خلە لە بلەی کەمتر نییە بۆ فلان وای کرد و ئەویش وا دەکات.

٨٧٩- خوا ئەگەر دەرگەیەکت لێ بگرێ، سەت دەرگەی تر دەکاتەوە:

واتە لە کاتی لێقەومانی مرۆڤ نائومێد نەبێ و ئەگەر دەرگەیەک بگیرێ سەت دەرگەی تر دەکاتەوە.

٨٨٠- خۆ بەری دەستی خۆم بۆن نەکردووە:

ئەوە لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک گلەیی لە یەکتر بکات و بەهاواری نەچووبێ وە یا

بۆ شتێکی تر نەچووبێ ئەویش دەڵێ نەمزانیوە خۆ بەری دەستی خۆم بۆن نەکردووە واتە کەرامەتی نییە هەتا بزانێ.

٨٨١- خەزێنەی خوای زۆری تێدایە:

لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک منداڵی بمرێ وە یا لە کاتێکدا باران نەبارێ و لەو بابەتە شتانە.

٨٨٢- خۆ ئێمە لە ژنە دۆمەکە نین:

لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک بەشی نەدرێ لە شتێکدا.

٨٨٣- خاڵە میوانی کێ دەبی؟ وتی تۆ نا مزگەوت:

یانی ئەگەر توش نەبی دەتوانم کاری خۆم ئەنجام بدەم.

٨٨٤- خانوو ئەگەر هاتە ڕووخانێ، مشک دەکەن جەولانێ:

واتە ئەگەر کارێک تێک بچێ هۆی تێکچوونی دیار دەکەون.

٨٨٥- خوا ئەگەر قاچ بە مار دەدا، دنیای دەخوارد:

واتە زۆر کەس هەیە دەسەڵاتی ببێ دنیا دەخوات.

٨٨٦- خلە ژنی دەگوازتەوە بلە خۆی دەڕازێنێتەوە:

واتە زۆر کەس بەخۆشیی خەڵکی تر زۆر خۆش دەبن.

٨٨٧- خەتای خۆمە، خەتای خۆمە، ئەوجارەش خەتای خۆمە:

بۆ یەکێک دەگوترێ خۆی دانی بنێ کە هەڵەی کردووە و ئەمەش کارێکی زۆر چاکە مرۆڤ خۆی دەست لەسەر عەیبی خۆی دانێ.

٨٨٨- خێر و شەڕت بەرامبەرە قون هەڵپچڕانەکەت بۆ دەمێنێ:

یەکێک کار بکات گوایە چاکە دەکات بەڵام خێر و شەڕی وەکی یەک بێ و

ماندووبوونەکەش بۆ بچێتەوە وەک مەسەلەی پیرەژنی.

٨٩٨- خالآن خوارزا بڵند کرد مامان برازا بزر کرد:
واتە خاڵ خوارزای زۆر خۆش دەوێ و حەز دەکات بەرز بێتەوە بەڵام بۆ برازای وا نییە.

٨٩٠- خوا ئەگەر شانسی بردی سەی بەر دەرگەشت حیز دەکات:
واتە ئەگەر پیاو شانسی چوو سەی بەردەرگەشی ناڕەوێ و لەبەر سەگی خۆڕی کلکی بادەدات.

٨٩١- خۆ من داوەڵ نیم لە بەردەرگەی تۆ بلەرێم:
یەکێک بە یەکێکی دەڵێ کە قیمەتی پێ نەدا و ئەویش پێی دەڵێ خۆ من خزمەتکاری تۆ نیم و داوەڵ نیمە لە بەردەرگەت بجووڵێمەوە.

٨٩٢- خەسووی چاک باشترە لە جووتێک هێستر:
خەسووی چاک بۆ زاوا زۆر چاکن و هەمیشە زاوای خۆی خۆش دەوێ و لە ماڵی خۆی شتیان بۆ دەنێرێ و زیاتر بەهۆی کچەکەیەوە.

٨٩٣- خوا هێلانە بۆ تەیری کۆرەش دروست دەکات:
واتە لەم دنیایەدا کەس بێبەش نابێ.

٨٩٤- خواشتی دەوێ و خۆرماشی دەوێ:
واتە دەیەوێ دوو شتی باش لە یەک ئاندا دەستی بکەوێ کە ئەم دوو شتەش لەو کاتەدا ئاسان نەبێ.

٨٩٥- خەنجەر لە کالان مەکێشە ئەگەر کێشات بوەشێنە:
چونکە ئەگەرنا پێی سووک نەبێ و ئەو پیاوە قیمەتی نامێنێ واتە پیاو ئەگەر قسەیەکی کرد دەبێ جێبەجێی بکات.

٨٩٦- خەنجەر هەتا لە کالانە بەجەوهەرە:

چونکە جەوهەری دیار نییە و پیاویش هەتا قسان کەم بکات جەوهەری زیاترە.

٨٩٧- خەتی خوار لەژێر سەری گای پێ پیرە:

بێگومان لاوەکان ئەگەر فێرە خراپەیەک بن ئەوانەی لە خۆیان گەورەتر فێریان دەکەن.

٨٩٨- خودێ سەر تبینت شاشکێ تێ تورینت:

وەک ئەوەیە دەڵێ خوا سەران دەبینێ ئەوجا بەفری داوێتێ.

٨٩٩- خوێی پێ دەرخوارد دەدات و ئاویشی پێ لەسەر دەکات:

وەکی ئەوەی لێ دێت کە کەری پێ بگێیت شەهادەشی پێ بینی.

٩٠٠- خواش لەگەڵ سەرکەوتووانە:

چونکە خۆی ویستویەتی ئەوان سەرکەون بۆ بەشی لەگەڵیانە و لای ئەوانە و کەوابێ خەڵکیش لەگەڵ سەرکەوتوو دەبن.

٩٠١- خۆی بەمەلەوان دەزانێ وە لە تەنکاوانیش دەخنکێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ خۆی زۆر بە زانا بزانێ و هێرش لە مری دەرنەکات و خۆی بە مەلەوان بزانێ و لەو گۆڕەش بخنکێ.

٩٠٢- خوا بتبات مەرگ زاوا نەتکات بەرگ:

زاوا هەرچەندە زۆر نزیکە لە تۆ بەلام هەتا چاوت لە دەستی ئەویش نەبێ و بە کورتی پیاو موحتاجی دەستی کەس نەبێ.

٩٠٣- خودانێ مری کۆرەیە:

٩٠٤- خوا گەورەیە، گەورە بەزێنیشە:

یانی هەرچەندە خوا خۆی گەورەیە بەڵام زۆر گەورەیش لێ دەخات واتە خوا دوو سـیفـەتی هەیە لە لایەک بەزەیی و رەحـمی زۆرە و لەلایەکی ترەوە تووڕەیی و توندکاریشی تێدا هەیە و تۆڵەی لە زۆرداران وەردەگرێتەوە.

٩٠٥- خودێ کو برد دانی بهەویرێ دێشکینی:

واتە مرۆڤ ئەگەر بەختی چوو لە ئەرزی ڕاست و سان ساتمەی دەکات و دەست و پێی دەشکێ.

٩٠٦- خوا کەزوانی دەداتە بێ ددان:

یانی زۆر شت هەیە بە پێچەوانە دروست دەبێ.

٩٠٧- خوێن سەر مشتن بالولی هەسپ کوشتن:

واتە گاڕان بە گردەوە چووبوو پیژن لە گۆلکە سوورەی خۆی دەپرسی و ئاو لنگە دەستاڕی دەبرد و لە چەقەنەی ئاشیان دەپرسی.

٩٠٨- خەو و کەو هەردوو ناگەنە یەک:

واتە دوو شتی دژی یەکتر پێکەوە کۆ نابنەوە وەک ئەوە ئاو و ئاگر لە جێگەیەک کۆ بکرێتەوە ئەوهاش ناتوانێ کابرایەک بیەوێ چێشتەخەوی بکات و ڕاوەکەویش هەبێ نابێ چونکە بۆ ڕاوەکەو دەبێ لەگەڵ ئەوەلی بەیانی لە جێگەی ڕاو ئامادە بێ.

٩٠٩- خەونا گایێ لە کەرێیە:

واتە هەر کەس غەنیمی خۆی لە بەرچاوە و لە خەو ئەو دەبینێ کە لەناو چووە و نەماوە.

٩١٠- خودانێ پەندێ دکەڤیتە کەندێ:

واتە ئەوەی پەند و بەسەرهاتی دیبێ نابێ جارێکی تر بەو ڕێیەدا بچێتەوە ئەگەرنا دەکەوێتە کەندێ و ملی دەشکێ.

٩١١- خوا غەزەبی لە داری گرت دەیکاتە چەقەنەی ئاشی:

واتە مـــرۆڤ ئەگـــەر تووشـی بەڵا بێ هـەر هەنگاوێکی باوێژێ لـەوی تر خـــراترە و ئاخیری تووشی دەردێکی خراپ دێت کە حەیای پێوە بچێ.

٩١٢- خوارنا ئەڤرۆ بهێلە بۆ سباهی، شۆلێ ئەڤرۆ نەهێلە بۆ سباهی:

زۆر ڕاستە خواردن ئەو ڕۆژەی تێیدا دەکرێ هەڵگری و قازانجیشی ڕەنگە هەبێ بەڵام هی کاری بە پێچەوانەیە.

٩١٣- خەلەفرۆش لە من دەپرسی:

واتە هەر کەس بەدوای ئامانجی تایبەتی خۆی ئەگەڕێ و هەر کەس لە یاری خۆی دەپرسێ.

٩١٤- خوشکی بێ برا وەک داری بێ گەڵا:

ئەمە زیاتر لە زەمانی کۆن دەوری بووە و ئێستاش تا ڕادەیەک هەر وەکی خۆی ماوەتەوە.

٩١٥- خەم هەیە خەمڕەوێنیش هەیە:

مانایەکەی وەکی خۆیەتی.

٩١٦- خۆش خەبەرە بەڵێ من نەباوڕە:

لە خۆشییان باوەڕ ناکات.

٩١٧- خودانێ مولکی نائێخت خولکی:

یانی ئەوەی هەبوون بێ، قەت بێ خوڵک نابێ.

٩١٨- خاوەن ماڵ دەڵێ خوایە بە تەمای تۆ دزیش دەڵێ خوایە بە تەمای تۆ:

خـاوەنی مـاڵ کـە دەخـەوێ دەڵێ خـوایە بەتـەمـای تۆ و دزیش کـە دەچێ بۆ دزیی ماڵەکە ئەویش هەر دەڵێ خوایە بەتەمـای تۆ. واتە لە دنیا ئەوەی چاکە دەکات هەر دەڵێ بەتەمای خوا و ئەوەی خراپەش دەکات هەر وا دەڵێ.

٩١٩- خێرمان خێر شەڕمان شەڕ:

لە کـاتێکدا ئەمــە دەگـوترێ دوو نەفــەر وە یا دوولا لە کـارێک هاوبەشی بکەن و مەبەس ئەوەیە لە خێر و شەڕی یەکتر هاوبەش بن.

٩٢٠- خورمای دەکڕی و هەنجیری دەفرۆشی:

یانی مامڵەتی بێ سوود دەکات.

٩٢١- خەمساردی و کەسادی:

واتە ئیهمال و پشتگوێخستن دەبێتە هۆی کەسادی و بێهێزی.

# د

٩٢٢- دایە ببینە دۆتە بخوازە:

واتە کیژ دەچێتەوە سەر ڕێوشوێنی دایکی خۆی.

٩٢٣- دونگی قەڵەو بێ عەلامەت نییە:

قەڵەوی بێ عەلامەت نییە و سەری گەورە بێ عەلامەت نییە و هەر شتێک عەلامەتی خۆی هەیە و هەر عەلامەتێکیش مانای خۆی هەیە.

٩٢٤- دۆم و ڕمبازی نەگوترایە:

یان دەڵێن دۆم چەند لە ڕمبازی دەزانێ ئەوەیش ئەوەندە لە ئیشە دەزانێ چونکە دۆم لە ڕمبازی نازانێ و ئەوەش لە کاتێک دێتە گوتن کابرایەک لە کارێک نەزانێ و خۆی تێ هەڵقوتێنێ.

٩٢٥- دەرزی لە چاوی ماری دەردێنێ:

بۆ یەکێک دەڵێن دزێکی زۆر زیرەک و شارەزا بێ.

٩٢٦- دەست دە داری بکوژە ماری، یان = شەرعی ماری بەداری:

یانی پیاو نابێ لەسەر دوژمنی خۆی باز بدات و رەحمی پێ بکات و هەوڵ بدات سەری پان بکاتەوە ئەگەرنا ئەو بە تۆوە نەدات.

٩٢٧- دەستی تەماعی درێژە:

مرۆڤ تەماعی و چاوبرسی یەکجار زۆرە و دەستی بەهەموو جێگەیەک دەگات ئەگەر تەماعی تێدا هەبێ.

٩٢٨- داری بریایان بەری ناگرێ:

بەتەمــای بریا و خـۆزیا و کـاشکێ بێت دارێکت بۆ ناچێـتـە سـەر بەردێکی دەبێ مرۆڤ بیر و کاری هەبێ.

٩٢٩- دەست کردنەوە پیرۆزییە:
پیـاو ئەگەر تووشی شـەڕ بوو دەست بکاتەوە زۆر باشـترە ئەوەی دەست بـە خـۆی شۆڕ بکاتەوە.

٩٣٠- دڵ وەک مێشە لەسەر شتی پیسیش دەنیشێ:
ئەمـە زیاتر لە کـاتێکدا دەگـوترێ دەبینی یەکـێکی جـوان حـەز لە یـەکی ناشیـرین دەکات ئەمەی بۆ دەڵێن.

٩٣١- دۆست ئەو کەسەیە بتگرییێنێ و دوژمن ئەو کەسەیە بتکەنێنێ:
بەڕاستـی وایە ئەگەر یەکێک بەرەو رەخنەی لێ گرتبێ و قسەی وای لەگەڵ کردبێ بۆنی خـوێنـی لێ دەهات ئەوە دۆسـتـە ئەوەی بە دەوت پێ دەکـەنـێ و قـەت رەخنەی لێ ناگرێ و زیاتر بە بەژن و باڵایدا دەگوتی ئەوە دوژمنە.

٩٣٢- دوژمنت بە شەکراوی بخنکێنە:
واتە دەبێ بەرامبەر بە دوژمنانت تاکتیک بەکار بهێنی.

٩٣٣- دەیەوێ دەستی چەوری بەسەر من دابهێنێ:
بۆ یەکێک دەگوترێ عەیبێکی هەبێ و بیەوێ بیخاتە سەر یەکی تر.

٩٣٤- دەنگی دەهۆڵێ لە دوورەوە خۆشە:
زۆر شت هەیە ناوبانگی دەبێ بەڵام لە دواییدا وا دەرناچێ.

٩٣٥- دیاریی شوانی ئالەکۆکە، یان هەلەکۆکە:
ئالەکۆک و هەپەپۆک دوو جۆرە گیای خواردنییە و لە بەهار شین دەبن و شوان بە دیاری بۆ دەسـتگیـران و یاری خـۆی دەهـێنن واتە دیاریی هەر کـەسـێک لە ئەندازەی خۆیەتی.

٩٣٦- دەستی ماندوو لەسەر سکی تێر:

واته ئەگەر ئینسان کاری کرد ژیانی خۆش دەبێ و پێویستیش ئەوەیە کە مرۆڤ کار بکات.

٩٣٧- دەهۆڵ درا تەقەی برا:

وەک ئەوەیە کە دەڵێ مانگا مرد و دۆ برا ئەمە لە کاتێکدا دێتە گوتن شتێک هەبێ و تەواو و کاری هەندێ کەسیش کە پێوەندیی پێوە هەبێ تەواو دەبێ.

٩٣٨- دوو گندۆرە بە دەستێک ناگیرێ:

زۆرجار وا دەبێ دوو کاریش پێکەوە ناکرێ.

٩٣٩- دۆستی وەکی تۆم هەبێ دوژمنم پێ ناوێ:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ دۆستێکی پیاوی خراپەی بڵێ.

٩٤٠- دنیای لە خۆ کردووە بە کونەمشک:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بە خەیاڵ دنیای لە خۆی تەنگ بکات.

٩٤١- دار بە پیری ناچەمێ:

واته مرۆڤیش لە کاتی منداڵ و هەرزەکاری رەوشت وەردەگرێ و بەپیری و گەورەیی ئاسان نییە.

٩٤٢- دۆنیەی بەرزە پونگییە:

بۆ شتێکی نەپرژاو دەوترێ کە باش رێک نەخرابێ.

٩٤٣- دنیا بە ئومێدان خوراوە:

واته هەموو دنیا و ژیان لەسەر ئومێد دروست دەکرێ ئەگەرنا و مەردوم نائومێدی بیانگرێ بە مردن دێتە ئەژماردن.

٩٤٤- دەست لە چۆک وەرینان هی پیاوان نییە لە کاتی لێقەومان:

واتە پیاوی پیاوانە کە لێی قەوما دەست لە چۆکی وەرنایەنی و دەست دەخاتە ناو کار و پێویستییەکانی.

٩٤٥- درۆ دوژمنی خوایە:

واتە درۆ شتێکی زۆر خراپە و خوا درۆ و درۆزنی خۆش ناوێ و دژیەتی و بەڕاستی شتێکی ناشیرینە و پیاویش ناشیرینی دەکات.

٩٤٦- دەڵێی بیسمیللای لێ نەکرایە:

بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر بیژی و حەرامزادە بێ و شەیتانی زۆر بکات.

٩٤٧- دەریا بە دەوی سەگی ئاوەگڵ نابێ:

واتە پیاوی چاک و گەورە بە قسەی خەڵکی هیچ و پووچ کەم ناکات.

٩٤٨- داری هەڵاویێت بە ئەرزی ناکەوێت:

بۆ قەرەباڵغی بەکار دێت.

٩٤٩- دین و دنیا لێک نابن جودا:

واتە دین و ژیان پێکەوە بەستراوە کەوابێ سیاسەتیش بەشێکە لە دین و لێی جیا نابێتەوە.

٩٥٠- دەهۆڵێ بۆ کەرێ لێ بدە گوێی دەلەقێنێ:

واتە هەندێ کەس هەرچەندە ئامۆژگاریی بکەیت لەو گوێ ناچێت لە گوێیەکەی تری و لەوانەیە گوێچکەکانی خۆی بگری.

٩٥١- دەستی خۆی دی بابی خۆی ناناسێ:

بۆ کەسانی سپڵە و هەڵپەرست دەگوترێ.

٩٥٢- دەردی ئەجەلێ دەرمانی نییە:
واتە ئەگەر مەرگی ئینسان هات هیچ دەرمانێک دوای ناخات و هەر دەمرێ.

٩٥٣- دەڵێی سەری ئەوەی بڕاوە بەوەی ترەوە ندراوە:
بۆ دوو کەسان وە یا دوو برایان کە زۆر پێک بچن.

٩٥٤- دایک ئەگەر بووە زڕدایک باوکیش دەبێتە زڕباب:
زۆر ڕاستە لەبەرئەوەی زڕدایکەکە تەئسیری لە باوکی منداڵەکە دەکات و ئەویش لە بەرچاوی دەکەوێ.

٩٥٥- دەڵێی کوڕە بە کۆتکێ ئاو دراوە:
بۆ یەکێک دەڵێن زۆر قەڵەو بێ و خۆش قیافە بێ.

٩٥٦- دەستی خۆت و مستی خۆت:
واتە ئەگەر دەستی خۆت کارێ نەکات هیچت بۆ ناکرێ.

٩٥٧- داندۆکە و کابان کۆکە:
واتە شیوی داندۆک کابانی زۆر ماندوو ناکات و زوو پێ دەگات و لەبەر ئەوە کابان کۆک دەبێ و ماندوو نەبووە و دەموچاوی ڕەش نەبووە.

٩٥٨- دکرێکی پێ کرد ناوی خۆی پێ لە بیر کرد:
بۆ یەکێک دەگوترێ کە لە ئەنجام زۆر ئازاردان زۆر پەشۆکاو بێ و ناوی خۆی لە بیر بچێ.

٩٥٩- دەوی خۆتی پێ پیس مەکە:
یەکێک باسی یەکێ لە خۆی بچووکتر بکات و یەکێ تر لەوی بێ وای پێ دەڵێ واتە باسکردنی لە خۆت خوارتر جوان نییە.

٩٦٠- دەستی چەپت حەوجەی دەستی ڕاستت نەبێ:
واتە پیاو حەوجەی کەسوکاری خۆشی نەبێ.

٩٦١- دەروێش دەزانی چی لە کەشکۆڵدا هەیە:
واتە کەشکۆڵی دەروێش هەموو شتی تێدایە و خۆی خوا نەبێ کەس سەری لێ دەرناچێ و ئەمەش لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک کەڵەکێکی هەبێ و خۆی نەبێ کەس سەری لێ دەرناچێ.

٩٦٢- دۆست بە زەحمەتە و دوژمن ئاسانە:
پەیداکردنی دۆست ئاسان نییە بەڵام پەیدابوونی دوژمن زۆر ئاسانە.

٩٦٣- دز لە تاریکەشەو ناترسێ:
ئەگەر تاریکەشەو نەبێ ڕەنگە دز نەتوانێ بچێتە دزی واتە دز لە هیچ ناترسێ و دزیی خۆی هەر دەکات.

٩٦٤- دار هۆرەی (پواز) لە خۆی نەبێ ناقەڵەشێ:
واتە هەر میللەت و حزب و کۆمەڵێک ناپاکیی ناوەخۆی نەبێ دوژمن ناتوانێ بەئاسانی دەستی بۆ ببات.

٩٦٥- دەڵێی مارە و هەشتێکی دایکی پێ داوە:
کابرایەک ڕەزیلی بە ماڵی خەڵکیش بکات وای پێ دەگوترێ.

٩٦٦- دەڵێی خۆڵ و دۆی بەسەردا کرایە:
بۆ یەکێک دەڵێن کە زۆر خەمبار و بێتاقەت بێ.

٩٦٧- دەوی لە قونی سەی پیسترە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کە دەوی زۆر پیس بێ هەمیشە قسەی ناشیرین بکات.

٩٦٨- دەڵێی ماری پێوە داوە و هەڵدەفاوە:
کابرایەک ورگی زل بێ و قەڵەو بێ.

٩٦٩- دەستی کەریمی کەس نایگیرێتەوە:
لە کاتێکدا دەگوترێ کە یەکێک بیەوێ شتێک بەیەکی تر بدات.

٩٧٠- دەستی خێزان دەخرێتە سەر چاوان:
واتە هەر کەسێک چاکە بکات خەڵک دەستی دەخاتە سەر چاوی خۆی وە یا دەستی بۆ دەخەنە سەر چاو.

٩٧١- دەزەڕێ و ناپەڕێ:
بۆ کابرایەکی قرۆمە گەورە و لە خۆڕازی و هیچی پێ نەکرێ.

٩٧٢- دەوڵەمەند هەیە سەربڵند و دەوڵەمەندیش هەیە سەرکزۆڵە:
واتە دەوڵەمەند هەیە دەستڕۆیی و چاکە دەکات و دەوڵەمەندیش هەیە قرچۆک و سەرکز و هەتا مریشک لە پیسایی تێر ناخوات.

٩٧٣- دەست ئەگەر شکا دەبێ هەڵی بەستی:
ئەگەر ڕیشت هێشتەوە دەبێ شانەی بۆ هەڵگری و...

٩٧٤- داری بێ بەر بۆ بڕین باشە:
مرۆڤی زیانبەخش بۆ بڕین چاکە و ئەگەر ئینسانێکیش بەری نەبوو بەڕاستی حەقی بڕینی هەیە.

٩٧٥- دوو کۆرە تووشی یەکتر بوون یەکێک وتی چۆنم دەبینی وات دەبینم:
واتە لێی گەیاند کە هەردووکیان کۆرن و لە لایەکی تر مانای وایە کە تۆ من نابینی منیش تۆ نابینم ئەمە بۆ چاوساغیش بەکار دێت.

٩٧٦- دار كه كرمی بوو شكانی مسۆگەره:

هەر شتێكیش كه گەندەڵ بوو لەناو دەچێ.

٩٧٧- دەست دەستی دەناسێ:

ئەمــه زیاتر بۆ قــەرز و ئەم جــۆره شــتــانه بەكــار دێت واته دەبێ دەسـت بەدەست بدرێته خاوەنی.

٩٧٨- دەستێک كه شكا وەكی خۆی لێ نایەتەوه:

هەر شـتێكی تریش له جێی خـۆی لاكەت وەكی خۆی لـێ نایەتەوه وەک دەڵێن بەرد هەڵقەنا جێی خۆی ناگرێتەوه.

٩٧٩- درۆی دەكات و دەرپێی بۆ ناكات:

بۆ كابرایەک دەگوترێ درۆی زۆر گەوره بكات.

٩٨٠- دەڵێ ژەنگی هەڵێناوه:

بۆ یەكێ دەگـوترێ دڵی كرمی بێ و گومـانـی بۆ دروست بێ له بـرادەرێكی خۆی كه شتی خراپی له دژی كردووه.

٩٨١- دەچییه ماڵی بۆنی لێ دێ و ناوی ژنی نارنجۆكه:

واته كابرا له دەرەوه پۆشتەیه بەڵام ناوماڵی پیس و پەڵۆسه.

٩٨٢- دووركوژی نێزیک خەسار:

بۆ یەكێک دەگـوترێ دەنگ و ڕووی یەک نەبێ وه یا له دوورەوه نـاوبانگی بەباش بێ و له نزیكەوه شـتێكی تر بێ وه یا له دوور جـوان بێ و له نزیک ناشـیرین بێ ئەمـەش بۆ ئافرەت زیاتر بەكار دێت.

٩٨٣- دەنگی هەیه و ڕەنگی نییه:

بۆ یەكێک دەڵێن ناوبانگی زۆری هەبێ بەڵام كردەوەش نەبێ.

٩٨٤- دڵ ئاوێنەی دڵە، یان «دڵ ئاگای لە دڵە»:

تۆ چۆن من دەبینی منیش تۆ وا دەبینم ئەگەر تۆ منت خۆش بوێ منیش تۆم خۆش دەوێ و بەڕاستی دڵ بە دووربین و وردبین یەکتر دەدۆزنەوە.

٩٨٥- دوژمنی دوژمنت بە دۆست حسابە:

ئەمەش ڕاستە ئەوەی دوژمنی دوژمنەکەی تۆ بێ تۆ دڵت بۆ لای دەچێ و خۆشت دەوێ.

٩٨٦- دار تا کرمێ نەبێ ناڕزێ:

واتە هیچ شتێک لە خۆیەوە گەندەڵ نابێ و هۆی تایبەتی خۆی هەیە.

٩٨٧- دار کلکی لە خۆی نەبێ نایبڕێ:

واتە بیور ئەگەر کلکی دار نەبێ ناتوانێ دار ببڕی واتە هەر شتێک لەناو خۆی خراپە نەبێ شکانی ئاسان نییە.

٩٨٨- درۆ فەقیرە هەموو کەس پێی دەوێرێ:

بۆ کەسانێک دەگوترێ کە بێدەسەڵات بن و درۆیان زۆر بکات وە یا بۆ تەشەرلێدانی هەندێ کەس دەگوترێ.

٩٨٩- دەستی کۆرەیان دەکێشا بۆ سەر خەزێنە و دەستی خۆی دەکێشایەوە:

واتە هەندێ کەس باشی بۆ دێ بەڵام لەقەی لە بەختی خۆی دەدات.

٩٩٠- دیوار بە گوێیە:

واتە دەبێ مرۆڤ لە قسەکردن وریا بێ چونکە لەوانەیە ئەوەی ئەو قسەیان لەلا دەکات و قسەکەی لە جێگەیەکی تر باس بکەن.

٩٩١- درۆزن ماڵی سووتا کەس پێی باوەڕ نەکرد:

واتە ئەوەی درۆیان بکات خەڵک باوەڕی پێ ناکات و هەتا ڕاستەکانیشی لەلای

خـەڵک بـەدرۆ حـسـاب دەکـرێ هـەتا مـاڵیـشی ئاگـری تـێ بەربێ و هاوار بکات و لە سەری خۆی بدات کەس باوەڕی پێ ناکات.

٩٩٢- دز و ماخۆماڵ یەک بن گای لە کولانکەی ئاوا دەکەن:

ئاواکردنی گا لە کولانکە ئیمکان نییە بەهۆی ئەوە گا گەورەیە و کولانکەش بچووک بەڵام ئەگەر هەردووکیان بەیەک بوون گەورەی دەکەن و ئاوای دەکەن مەبەست ئەوەیە کە لە ڕێزەکانی ئێوە پیاوی خراپی بوو هەموو شت دەگونجێ بکرێ.

٩٩٣- دۆم بێ و کڵاش بۆ کوڕی خۆی دروست بکات:

لە کـاتێکدا دەگوترێ کـە یەکـێک لە کـارێک باش بزانـی بۆ خـۆی وە یا بۆ خـزمی خۆی بکات چاکی دەکات بۆ ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

٩٩٤- داری هەڵاوێی سەگی حیز بەخۆی ڕادەکات:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک گومانی لێ بکرێ و بەخۆشی هەندێ پەرتاوان بکات و نیشانەی پێ بەدەربکەون و یەکیش بڵێ فڵان وای کردووە و لێی بپرسن چۆن دەزانن ئەویش دەڵێ داری هەڵاوێی سەگی حـیز خـۆی ڕادەکـات خۆ سەگی حـیز و دزیش وایە.

٩٩٥- دۆست دوو جۆرە دۆستی جانی و دۆستی نانی:

زۆر ڕاسـتـە دوو جـۆرە دۆست هـەن یەکـیـان دۆسـتی گـیـانی و برایەتی و خـۆشـەویسـتـیـیـە و ئەم دۆسـتـە پێی دەوترێ دۆست و جـۆرە دۆسـتی تریش هەیە دۆسـتـایـەتی بەهۆی ئەوەیە قـازانج و بەرژەوەندیـی خـۆی لەمـەدا دەبینی ئەمـە پێی دەڵێن دۆسـتی نـانی و دۆسـتی... بەڕاسـتی ئەمـە بەناو دۆسـتـە بەڵام لە ڕاسـتـیـدا دوژمنە چونکە بـۆی بکرێ لە هەندی دەرفـەت وەک مـار پێتـوە دەدا بۆیە پیـاو دەبێ لە دۆست گرتن دەبێ زۆر هۆشیاری و زیرەکی بـەکار بێنێ و مەرجی زۆری هەن و لێرە ناتوانم باسی بکەم.

٩٩٦- دەرگەی خۆت قایم بگرە و جیرانان بەدز مەزانە:

واته دەبێ هەمـــوو شـــتێ خـــۆی بەهەند هەڵبگرێ و مـــاوه نەدات گـــومـــان له دەروجیرانی خۆی بكات.

٩٩٧- دنیا وەک تاسی حەمامە هەر ڕۆژە لەسەر یەکێکە:

بەڕاستی وایه بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هەموو سیاسەتوانانی دنیای عاشقی ئەم جامەن و کە گرتییان بەری نادەن تا پێیان بکرێ پێی لە سەر و سەکوتی خەڵکی تر دەدەن وە یا دەگوترێ دنیا وەک پەشتەماڵی حەمام و هەردەم بە بەر یەکێکی وەیە و ئەمەش ڕاستە و میسالی لەمەش خراپتر هەیە. بەهەرحاڵ ئەمە دنیایە و هەر ڕۆژە وەک تۆپی یارییە بۆ چەندین کەسە.

٩٩٨- دەزانی کێندەرێ نیسکان دەینی:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە ئیشان باش بزانێ.

٩٩٩- دنیای بێ سەر بەسەرانی نابێ:

واته دنیا هەموو کێشە و سیراعە لە نێوان هێزی خێرخواز و هێزی شەڕخواز و هیچ کات ئەم دوو هێزە لە کێشە و بەرەکانێ ناوەستن تا لایەکیان سەرکەوتوو دەبێ.

١٠٠٠- دەیباتە سەر ئاو ئاوی ناداتێ و بە تێنوویەتی دەیگێڕێتەوە:

واته بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر زرنگ و هۆشیار بێ بتوانێ بەم شێوەیە لەگەڵ هەندێ کەس ڕەفتار بکات و ئێستاش ئەم دوو جۆرە مرۆڤە هەن.

١٠٠١- درۆی عەردان بڕا ئەوجا نۆرەی درۆی ئاسمانانە:

بۆ یەکێک دەگوترێ درۆی زۆر گەورە بکات.

١٠٠٢- دەستی لەبن هەمبانە دەرچوو:

لە دوو حاڵەت بەکار دێت یەکەم کابرا ئیفلاس بکات و دووەم زۆری درۆ کردبێ و هیچی پێ نەمابێ و لەلای خەڵک ئاشکرا بێ.

١٠٠٣- دەنگی لە تێری دێت:

بۆ کابرایەک دەگوترێ قسەی قەڵەو بکات و ئاگای لە دەروونی خەڵکی تر نەبێ.

١٠٠٤– دەنگی دەهۆڵی هات پیرەژن بە کەچە سۆلی ڕانەگەیشت:

واتە شتی خۆش پیرانیش دەهەژێنێ جا دەبێ گەنجەکان چی بکەن بەڵام بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدا جەنگ و گیروگرفتی زۆر لە وڵاتەکەمان و هەتا لە هەرێمەکەش پشتی لاوانی شکاندووە بە دەیان و بەسەتان و بەهەزاران دەکوژرێن و شەهید دەبن و بەند دەکرێن.

١٠٠٥– دنیا هەمووی بسووتێ دەسکە پووشێکی تۆی تێدا نییە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ لە ئاژاوە و فیتنەی بسوورێتەوە و ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٠٠٦– دەردێکی پێ کرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ:

واتە کابرایەک دەردێک بە کابرایەک بکات و بێزەوەری بکات و با بە دەواری نەکردبێ.

١٠٠٧– دەستێکم کەوتە پێش دەستێکم کەوتە پاش:

یانی بۆ کابرایەک دەگوترێ دوودڵی لە ئیشوکار بکات و ئەویش باش نییە.

١٠٠٨– دارێکی لەسەر بەردێکی دانانێ:

بۆ کابرایەکی بێ کاری و لە ماڵ دانیشتوو وە نیمچە تەمبەڵ بەکار دێت.

١٠٠٩– ددان ئێشان و ڕۆح کێشان:

واتە ددان ئێشان ناخۆشە و لەگەڵ ڕۆح کێشان جیاوازیی نییە و کاتی خۆی ئەمەیان دەگوت بۆ ئەوەی کە ددانی دەئێشا هاواری زۆر دەکرد بۆ ئەوەی لێی بەعەیب نەگیرێ.

١٠١٠– دەڵێی گۆلکەسۆرە پێی لێ نایە:

بۆ یەکێک دەڵێن شل و خاو و شێلدراو و بێزار بێ.

١٠١١- دینی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کارێکی نهێنی لە نێوان دوو سێ کەس هەبێ و بیانەوێ ئاشکرای بکەن ئەمە دەڵێن.

١٠١٢- داری بگوشی ئاوی لێ دەینی:

بۆ جۆرە کاربەدەستێک دەڵێن توندی و تیژی زیاد بەکار بهێنێ.

١٠١٣- دەزبار بە تەنێ ناگیرێ:

واتە زۆر کار هەیە وەک دەزبار بە تەنێ ناگیرێ و دەبێ بەهاوکاری و هەرەوەزی بێ.

١٠١٤- دەستی کورتی من و دامەنی درێژی تۆ:

ئەمە زیاتر بۆ پاڕانەوەیە لە کاتێکدا یەکێک بێ چارە لە پیاوێکی دەسەڵاتدار بپاڕێتەوە ئەمە دەڵێ وە یا هەر دەڵێ دەستی من و دامێنی تۆ.

١٠١٥- دیزەیەک کابان بیشکێنێ دەنگی لێ نایێ:

واتە ئەگەر گەورە و لێپرسراو و دەسەڵاتدار کەتنێکیش بکەن دەنگی لێوە نایێ و پەردەی بەسەر دادەدرێ و هەژارێکیش بایەکی لێ بەربێ دەنگ دەداتەوە.

١٠١٦- دوور برۆ سەلامەت وەرەوە:

واتە بۆ هەر کارێکی دەچی گرینگ ئەوەیە سەرکەوی زۆری پێ دەچێ و زۆری پێ دەوێ زۆر گرینگ نییە بەڵکەم گرینگ سەرکەوتنە.

١٠١٧- درۆزن شیوی بخوات ناشتای ناکاتەوە:

واتە مەودای درۆیان کورتە و زۆری پێ ناچێ و خاوەنی درۆ زوو بەزوو ئاشکرا دەبێ و نانبڕای دەبێ.

١٠١٨- دەڵێی ئاوی دانوانی پێدا کراوە:

بۆ کابرایەکی سست و تەوەزەل دەگوترێ.

١٠١٩- دوو لە ئاداریّ و یەک لە نیسانیّ باشترە لە موڵکی خوراسانیّ:

بە نیسبەت دەشتی هەولێر ئەم مەسەلەیە دێتە جیّ واتە ئەگەر دوو باران مانگی ئادار بباریّ و یەک بارانیش لە مانگی نیسان بە تەواوی کشتوکاڵی دەشتی هەولێر زۆر چاک دەبیّ رەنگە بیّ موبالەغە باشتر بیّ لە موڵکی خوراسانی ئێران.

١٠٢٠- دۆشاو بۆ پاشای قاتی نییە:

واتە ئەوەی دەسەڵاتدار بیّ هەموو شتیّ بۆ دیّ و پەکی لە هیچ ناکەویّ بەڵام دیارە ئەم پاشایە لە شوێنێک بووە دۆشاوی لیّ نەکراوە وە یا نەبووە.

١٠٢١- دەشیخوریّ دەشیئێشیّ:

بۆ کابرایەک دەگوتریّ کارێکی پیّ خۆش بیّ و لەلایەکی تریش پێی ناخۆش بیّ ئەوەیش لەبەر هۆیەکی تر جا ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٠٢٢- دنیا هەمووی دوژمنی سەری کەوە و کەویش دوژمنی سەر خۆیەتی:

بەڕاستی وایە و زۆر میللەت و جەماعەتی واش هەن.

١٠٢٣- دنیا بێتە بۆست (بست) دوژمن نابێتە دۆست:

ئەو کەسە نەزانە باوەڕ بە دوژمنی خۆی بکات.

١٠٢٤- دوژمنی باوکی نابێتە دۆستی کوڕی:

واتە ئاسان نییە یەکێک دوژمنی باوکت و عائیلەکەت بیّ بێتە دەستی تۆ ڕەنگە خۆی نزیک بکاتەوە بەڵام نیازی نییە.

١٠٢٥- دیتنی عەزیزان چ ساڵێک و چ سەعاتێک:

واتە مرۆڤ دۆستی خۆی وە یا خزمی خۆی نەبینیّ و لەیەک تێر نابن و ئەوە دەڵێن.

١٠٢٦- دەڵێی دایکی بووکێیە:

دایکی بووکێ زۆر خەریک و مشەوەش دەبێ و ئاگای لە خۆی نامێنێ لە لایەک کیژی دەڕوا و لە لایەک کاری ڕازانەوە و بەڕێکردنی هەیە و لە لایەک میوانی زۆر ئەمە بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر بێسەروبەر و مشەوەش بێ.

١٠٢٧- درونە (دروێنە) لەبەری دەستی ناکرێ:

بۆ هەر کارێک پێویستییەکانی ئەنجامدانی دەبێ ئامادە بکرێ ئەگەرنا ناکرێ.

١٠٢٨- دەرۆزە کیمیایە بەشم تێیدا نەبێ:

سواڵکردن زۆری پێ پەیدا دەبێ بەڵام کارێکی زۆر خراپە وە گوترێ دەسکەوتی زۆرە بەڵام بەشم تێدا نەبێ.

١٠٢٩- دەڵێی نانی بە سێڵێوە سووتاوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ پەلە لە ئیش بکات بەتایبەتی لە ژنهێنان.

١٠٣٠- دۆشاو بەگونی لە جێگەیەکی بێ ئاو:

بۆ کابرایەک دەگوترێ ئاگای لە مەسەلەیەک نەبێ و خۆی تێ وەردا و بەپێخواسی بکەوێتە ناوی.

١٠٣١- دەڵێی لە سەربانی بەربووەتەوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بێ خوڵق و بێزار بێ لە ژیانیدا چ کاتی وە یا بەگشتی.

١٠٣٢- دۆ و دۆشاوی تێکەڵی یەک کرد:

بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر تووڕە و ناڕەحەت بێ و پەرتاوان بکات و هیچی لەسەر هیچی نەمێنێ و دۆ و دۆشاوی تێکەڵ بکات.

١٠٣٣- دارێکم بەدەستەوەیە هەردوو سەری پیسە:

واتە کابرایەک کارێکی لە پێش بێ کردن و نەکردنی وەکی یەک بێ و خۆلادانیش

لێی ئاسان نەبێ چونکە دەڵێ بەدەستم وەیە واتە لە پێشیەتی.

١٠٣٤- دەستی زێڕی دەبڕی:

بۆ ئافرەتێک دەگوترا کە نەخش و تەون و وردەکاریی زۆری بزانیبووایە دەیانگوت دەستی زێڕی دەبڕێ.

١٠٣٥- دۆست ئەوەیە لە تەنگانە بە هانات بێت:

یانی دۆستی بناسە لە ڕۆژی تەنگانە و نالەبار و ئەوەی لەم ڕۆژە بە هاوارت هات و یارمەتیی دای و پشتگیریی لێت کردبی ئەوە ئەو دۆستە بگرە و بەری مەدە و باوەڕ بکە لە دواڕۆژ بۆ منداڵەکانیشت سوودمەند دەبێ.

١٠٣٦- دەستی کێر لەسەر زگی تێر، کێر یانی کارکردن:

لەوەوپێش باسمان کردووە واتە دەستی ماندوو و ئیشکەر لەسەر زگی تێر.

١٠٣٧- دەڵێی هەیاسی دوڕناسە:

بۆ یەکێک دەڵێن زۆر زرنگ بێ وەک هەیاس بێ هەیاسی کە لەگەڵ سوڵتان مەحموودی خەزنەوی بووە و وەزیر بووە، زۆر زیرەک بووە، جا دوڕناس مانای ئەوەیە ناوەوەی شت دەناسێ وە یا دوڕی ناسیوە.

١٠٣٨- دایک بە زگی خۆی کافرە:

یان دەڵێن دایک بە زگی خۆی کولافەیە واتە دایک لە پێناو زگی خۆی واتە منداڵانی خۆی هەموو شتێک دەکات و هەتا ئامادەیە لە پێناویان کافریش بێ و زیاتر بۆ موبالەغە گوتراوە.

١٠٣٩- دۆم بە دانیشتن ماڵی وێرانە:

چونکە ژیانی دۆم لەسەر کارەکەی بووە و ئەگەر دانیشی لە برسان دەمرێ واتە پیاو کارێکی لە پێش بێ نابێ لێی بوەستێ، دەبێ پەلە لە کردنی بکات و لە لایەکی تر مرۆڤ دەبێ کار بکات.

١٠٤٠- دووگردی لەسەر ئاوی بڕوات کەس باوەڕی پێ ناکات:

بۆ کابرایەکی دەڵێن خۆی وا نیشان بدات کە پیاوێکی دیندارە و بە ڕاستی یان بە ڕواڵەتیش وابێ بەڵام لەبەر هەندێ سابقەی کەس باوەڕی پێ ناکات، ئەمە زیاتر بۆ خەڵکانی ساختەچی بە ئاین دەگوترێ.

١٠٤١- دۆنی بەرازی لە پشتی سەی دەدات:

واتە بۆ کابرایەک دەگوترێ بەکارێک خراپ کارێکی تر خراپ داپۆشێ وەیا چاکە لەگەڵ کابرایەکی خراپ بکات بە شتێکی خراپ و...

١٠٤٢- دنیا بەردەق بەردەقە پێی ناوێ ئەم لەقە لەقە:

یانی لەوەتی دنیا هەیە کێشە و بەردەق بەردەقی تێدا بووە و دەبێ و بۆیە نابێ خۆی لەسەر هەراسان بکەیت و هەندێ جاریش دەڵێن پێی ناوێ ئەم گورگە لوقەلە لە جیاتیی ئەم لەقە لەقە.

١٠٤٣- دەرچوو دەست لە قاچی کورتتر:

بۆ کابرایەکی بێ چارە و بێدەسەلات دەگوترێ.

١٠٤٤- دوعایەکی بکە خەڵک بڵێ ئامین:

واتە مرۆڤ کە قسە دەکات دەبێ ئاگای لەوە بێ لەلای ئەم خەڵکە کە قسەیان لەلا دەکات بەعەقڵیان دابچێ.

١٠٤٥- دنیا شامی شەریفە مەڕ و گورگ پێکەوە ئاوی دەخواتەوە:

لە کاتێکدا دەگوترێ لە شوێنێکدا ئارامی و خۆش بەرپا بووبێ.

١٠٤٦- دەستی لێ مەدە چەچە بڤەیە:

بۆ یەکێک دەگوترێ وەکی منداڵی نازاندی کرابێ و بەکەڵک هیچ نەیەت وە یا بۆ یەکێک دەگوترێ لەبەر هەر هۆیەک هەبێ نەتوانێ هیچی لەگەڵ بکەیت وە یا هیچی پێ بڵێیت.

١٠٤٧– دڵ شووشەیەکە کە شکا چاک نابێتەوە:

واتە زۆر پێویستە هەموو کەسێک هەوڵ بدات دڵی هاوڕێی خۆی نەهێڵێی و تێبینیی بکات ئەگەرنا کە شکا وەک شووشەیە بۆیەش گوترا (دڵ شکان).

١٠٤٨– دوژمن ببێ بە دۆست بەرد نابێ بە پۆست:

دوژمنی ڕیشەی مرۆڤ ئاسان نییە ببێ بەدۆست هەروەک بەرد نابێ بە پۆست و هەندێ شتی تر.

١٠٤٩– دەو دەخوا و چاو دەبینێ:

واتە مرۆڤ هەر کارێکی چاک بکات خەڵک هەیە شاهێدیی بۆ بدات.

١٠٥٠– دەڵێی جەریدەی قوت داوە:

بۆ کابرایەکی پڕبێژ دەگوترێ.

١٠٥١– دۆنی زەنگ کراوە لە پێستی سەگ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ هەندێ سیفەتی زۆر چاکی هەبێ بەڵام هەندێ خوڵقی باش نەبن و بە تایبەتی تووڕە و توندوتیژ بێ.

١٠٥٢– دایکی کوڕانە و قسەی لە بانە:

کابرایەک دوو ژنی دەبێ و یەکیان کوڕی زۆر بێ یەکیان کچی زۆر دەبێ و پیاوەکە بەردەوام گوێ بە دایکی کوڕان دەدات دایکی کچەکان ئەمە دەڵێ و ئێستاش ئەوەی قوەتی هەبێ قسەی ئەو لە بان دەبێ واتە لە سەرەوە دەبێ.

١٠٥٣– دەستێکی زاڵم بیبڕی خوێنی نییە:

چونکە تەرازووی بەلای ئەودا دەلەنگێ و کەس نییە بتوانێ هەقی لێ وەرگرێ.

١٠٥٤– دوژمنێ قەلبێ خۆ نەکەی بە خۆت قلەکی بخۆی:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە دەڵێن شتێک دەرمان بۆ فلان شت و کابرا خۆی ئەم

قسەیە دەکات و ژنەکەشی وای پێ دەڵێ واتە بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامۆژگاریی خەڵک دەکەن خۆشیان بە کردەوە نایکەن.

١٠٥٥- دەڵێی کورتانی کەری دەجالییە و تەواو نابێ:
بۆ کارێک زۆر بگنخێنێ و تەواو نەبێ ئەمە دەگوترێ.

١٠٥٦- دنیا تەنیا پێنج و دوو ڕۆژێک نییە:
واتە تەنیا دنیا ئەوەندە نییە کە لە بەرچاوە، دەبێ پیاو دووربین بێ لە ژیانیدا و ئەمە زیاتر بۆ ئەوە دەگوترێ مرۆڤ دواڕۆژی لە بیر بێ.

١٠٥٧- دوو بان و باگوردانێک نابێ:
وەک ئەوە کە دەڵێ دوو گوندۆری بەدەستێکی ناگیرێ.

١٠٥٨- دۆشاوی پێدا کرد و مێشی بەردانێ:
وەک ئەوەیە ئاگری پێوە نێ و نەفتی زیادی بەسەردا کات.

١٠٥٩- دیاری قەسپێکە، شوێن دیاری ئەسپێکە:
واتە هەروەک لەوەوپێش باسمان کرد دیاری لە قەدەر توانای مرۆڤدایە و ئەگەر بچووکیش بێ بە گەورە دەژمێرێ.

١٠٦٠- داوەتێ میران گڕ لە فەقیران:
واتە شاییی میرییە و فەقیر گڕی دەگری و زۆر شتی وا هەیە.

١٠٦١- دەرمانی خواستنێ هەر دانە:
واتە ئەگەر یەکێک داوای شتێکی لێ کردووە دەرمانی ئەوەیە پێی بدەیت.

١٠٦٢- دەنگی بکەم دەنگم دەچێ دەنگی نەکەم ڕەنگم دەچێ:
واتە هەندێ شت هەیە ئینسان دەنگی بکات پیاوخراپ دەبێ دەنگی ناکەی شەرمەزار دەبێ و هەندێ جار دەڵێن دینم دەچێ لە جیاتیی ڕەنگم دەچێ.

١٠٦٣- دەوڵەمەندی بە دڵە نەک بەماڵە:

واتە مرۆڤ دڵی دەوڵەمەند بێ لە هەموو سەرمایەک باشترە کە بە دڵ هەژار و بێ چارە بێ و وا دابنێ ئەم پیاوە هیچی نییە. بەڵام ئەگەر بە دڵ و ماڵ بێ زۆر باشە.

١٠٦٤- دۆینە بێ و شازێ لێی بنێ:

دۆینە خۆی خواردنی باش نییە و دیارە شازێش کابانی باش نەبووە ئەوەش بۆ کارێک دەگوترێ خۆی و کارگەرەکەی باش نەبێ.

١٠٦٥- دەستی لە هی باوکی بەربوو لە هی دایکیش گیر نابێ:

وەک ئەوەیە دەڵێ لە قەلانیش بوو لە کۆترانیش بوو. واتە مرۆڤ لە دوولا بێ.

١٠٦٦- دەمنی شایە و تەختی لێ وەرگەڕایە:

بۆ یەکێکی دەڵێن کارێکی بچووکی هەبێ و موشکیلەی بۆ لێ دروست بێ بەڵام زۆر گرینگ نەبێ و کابراش زۆر بە موهیمی وەرگرێ.

١٠٦٧- دیا کوڕا بە لێ نەبن دارێ کوڕا:

واتە مرۆڤ ئارەزوو دەکات کوڕی ببێ بەڵام حەوجەی دەستی ئەو نەبێ کەواتە کە پێی خۆش نەبێ لەبەر سێبەری کوڕی خۆی بێگومان پێی خۆش نییە لەژێر داری خەڵکی تر بێ و مرۆڤ بمرێ و حەوجەی دەستی خەڵکی تر نەبێ.

١٠٦٨- دانوویان پێکەوە ناکوڵێ:

بۆ دوو کەسان دەگوترێ پێکەوە هەڵنەکەن.

١٠٦٩- داری ڕاست ڕەگی چەوتی هەیە:

واتە پیاوی چاک منداڵی خراپی دەبێ و ڕەوشتیان بە هی باوک و دایکیان ناچێ.

١٠٧٠- دەستی بتەنێ نەچە سەر خوارنێ:

واتە بە تەنیا بۆ هیچ ئیشوکار مەچوو هەتا بۆ سەر خواردنیش.

١٠٧١- دەڵێی خەنجەری دەبانە و لە کالانی کێشراوە:
بۆ یەکێک دەگوترێ ئازا و زیرەک و چاپووک بێ.

١٠٧٢- دزی هەیە و دزیی بە بارەبارِیش هەیە:
واتە دزی دوو جۆری هەیە زۆر بە نهێنی و هەشە بە ئاشکرایە، بەڵام ناوی دزییە ئەگەرنا وەکی تالانییە.

١٠٧٣- دەردێکی پێ کرد بە هەنگینی بلێت ژەهرەمار:
بۆ یەکێک کە کابرایەکی زۆر ئازار بدات و شیرینیی ناو دەوی پێ تاڵ بکات.

١٠٧٤- دوو هەسپ لەسەر ئافرەکی ناچەرِن:
لەبەرئەوەی پێکەوە هەڵناکەن و زۆر کەسی واش هەن.

١٠٧٥- دوو تشت مرۆڤی ددەن عەزابێ، ژنباب و دەنگێ دوولابێ:
مانای هەروەکی خۆیەتی و بە ڕاستیش وایە.

١٠٧٦- دەستی بە چاوی خۆی دەنا لە برِی شێری دەدا:
بۆ یەکێک دەگوترێ کارێکی زۆر سامناک بکات.

١٠٧٧- دەستی لای تۆم شکاوە:
یەکێک بە هۆی برادەرێکی خۆیەوە نەتوانێ کارێک هەیە بکات وە ئەمە دەڵێت.

١٠٧٨- دەوی شەکری لێ دەبارێ:
بۆ یەکێکی گەورە و ڕێزدار دەگوترێ و هەندێ جاریش یەکێک بەدڵی یەکتر قسە بکات و بەدڵی بێ ئەم قسەیە دەکات.

١٠٧٩- دەردێکم بەسەر هات هەردوو دنیام بە چاوی خۆم دیت:
واتە مردن و ژینم بە چاوی خۆم دیت لە کاتێکدا دەگوترێ کارەساتێکی بەسەر هاتبێ.

١٠٨٠- دەڵێی بەڕووی لە دەوی تەقیوە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ قسەی بەپەلە و بەدەنگی بڵند بکات و کەس لێی حاڵی نەبێ.

١٠٨١- دەڵێی ئاردی دڕییە و دۆنی مەیموونییە:
ئەمە هەردووکی بەکەڵک نایەت.

١٠٨٢- دەمە و چیت لێ کەمە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ هەر قسە بکات و گومرگی لەسەر نەبێ.

١٠٨٣- دەیەوێ ببێتە مەلا و بە کۆچیش رابگات:
وەکی ئەوەیە دەیگوت بارم لەسەر پشتی کەرێیە و کوڕم فێری خوێندن بکە واتە دەیەوێ کارێکی زۆر گرینگ کە فێربوونی عیلم دەکات فێری ببێ و کارێکی تریش هەیە ئەویش کە کاری خۆیەتی بیکات و هەردوو کار لە یەک کات ئەویش نابێ.

١٠٨٤- دار کرمی لە خۆی نەبێ عومری هەزار ساڵە:
هەروەک لەوەوپێش باسمان کرد کرمی ناوەخۆ گەورەترین بەڵای هەر کۆمەڵ و میللەتێکە.

١٠٨٥- دنیا پێچی میزەرێکە:
واتە دنیا شتێکی کاتییە و زۆری پێ ناچێ لە مرۆڤ تەواو دەبێ.

١٠٨٦- دوعای کرد کوڕێکی ببێ جێگەی باوکی بگری بەڵام کە بوو جێگەی دایکی گرتەوە:
واتە زۆر کەس خۆیان ئازا و دلێرن و کوڕەکان وا نین و جێگەی باوکیان ناگرنەوە.

١٠٨٧- دەڵێی کەڵەبابی سەر بارەدارییە:
بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر هەڵبەزێتەوە و لە زۆر شت خۆی تێ هەڵقوتێنێ وەکی کەڵەشێری سەر بارەداری.

١٠٨٨- دوور هەڕە و دروستیست وەرە:

وەکی دوور برۆ سەلامەت وەرەوە یانی مرۆڤ ڕێگەی لێک بداتەوە و ئەوجا پێیدا بچێت.

١٠٨٩- دیواری راست هەڵناوەشێ:

واتە ئەگەر دیوارێک بە چاکی کرا پێویستی بە خراکردن و هەڵوەشاندن نییە و هەموو کارێک بەم شێوەیە دەبێ.

١٠٩٠- دەڵێی کەڵەبابی بەیانیانە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە ناوەخت قسان بکات.

١٠٩١- دەستی بە کلاوی خۆیەوە گرتووە با نەیبات:

یەکێک ئەمە دەڵێ کە لە کارێک نائومێد بووبێ و لەم بارەیەوە زۆری بەسەر هاتبێ جا کابرا دەستی بە کلاوی خۆیەوە گرتووە تا با نەیبات.

١٠٩٢- دەستی خۆی دیت باوکی خۆی ناناسێ:

بۆ یەکێکی سپڵە و لەخۆبایی دەگوترێ کە دەسەلاتی بوو هەتا باوکی خۆی ناناسێتەوە جا دەبێ برادەرەکانی چۆن.

١٠٩٣- دایکی دزی یان سینگ دەخوا یان سینگ دەکوتێ:

ئەوەیە کاتی خۆی دزیی دەکرد زۆرجاران دەسکەوتی دەبوو وە زۆرجاریش بریندار و کوژراو و گیراو دەبوو جا دایکی ئەم جۆرە دزە هەردوولای لە پێشدایە واتە مرۆڤ دەست بۆ ئیشی خراپ درێژ بکات دەستی تووشی شتی ناخۆش و خۆش بێ.

١٠٩٤- دەست لە دەست و قوەت لە خوا:

واتە ئەگەر یەکەتی و برایەتی هەبێ قوەتیش لە خوا دێ.

١٠٩٥- دوژمنت کێیە وتی خزمم نییە:

واته پیاو کە خزمی بوون پیاوی خراپی تێدا دەبن و تووشی مەشاکیل دەبێ لەسەر ئەوان و کەوا ئەوان دوژمنی ئەو دەبن، خزم لە لایەک قوەتە ئەگەر باش بن و لە لایەک دوژمنن ئەگەر خراپ بن.

١٠٩٦- دەوارێ دوو خودانا ما ل کۆلانا:

واتە ئەگەر هەر کارێک خاوەن و سەرپەرشتی زۆر هەبێ ئاتاری لە پاتاری نامێنێ و وەک ئەم مەسەلەی لێ دێ.

١٠٩٧- دەوسا کەرێیە و فیعلا پەرێیە:

واتە زۆر شت وا پێ دەچێ کابرایەک کردبی بەڵام لەبن سەری یەکی ترە و ئەویان ئەم کابرایەی هان داوە بۆ ئەم کارە.

١٠٩٨- دەزوو دەبێت لە دەرزی درێژتر بێت:

پێڵاو لە پێ گەورەتر بێت واتە دەبێ سەرکردە و مەسئوول و گەورەی ماڵ و... پشییان لە خەڵکی تر درێژتر بێت و زوو هەراسان نەبن.

١٠٩٩- دراوی خۆ باوێژە بەر هەتاڤێ دانیشە بەر سێبەرێ:

واتە ئەگەر پارەت هەبوو دەتوانی مەلای لە مزگەوت دەربکەیت و دەتوانی بە خەڵکی تر کار بکەیت و خۆت لەبەر سێبەری ڕۆنیشی.

١١٠٠- دەست دزانت کیرێ دەخوریت:

واتە هەر کەسە بەخۆی دەردی خۆی دەزانێ و خەڵکی تر وەک پێویست هەستی پێ ناکەن.

١١٠١- دەستێ منۆ کەسێ منۆ:

واتە هەر کەسێک و هێزی و توانای خۆی ئەگەر هێز و توانات بوو بەو ئەندازەیە حسابت بۆ دەکرێ و ئەگەر نەبوو هیچ.

١١٠٢- دۆی خۆی پێ خۆشترە لە ماستی خەڵکی:

واته هەر کەسە کاری خۆی وە شتی خۆی پێ باشترە لە هی خەڵکی چونکە هی خەڵکی بە وی چی.

١١٠٣- دەڵێی جوە شەپۆپەی لێ تێک چووە:

بۆ یەکێک دەگوترێ دڵتەنگ و پەرێشان و چی لەسەر چی نەمابێ.

١١٠٤- دەڤ خۆش پشت ڕەق:

١١٠٥- دیتنا چاڤا سۆتنا هەناڤا:

بۆ یەکێک دەگوترێ بەزەییی بە شتێک بێتەوە کە خەڵکی تر پێوەی ماندوو دەبن و بە ئارەزووی خۆیان پەرتی بکەن و پێی تێ هەڵدەن و گوێی پێ نەدەن.

١١٠٦- دنیا پردە خەڵکیش ڕێ گوزار:

زۆر ڕاستە و هەر ڕۆژە یەکێک ئەسپی خۆی تاو دەدات و خەڵک لە ژێر پێی خۆی دەشێلێ و بەسەریدا تێ دەپەڕن و وا دەزانن هەر ئەوان لە دنیا ژیاون و ئاگایان لە پاش و پێشی خۆیان نابێ.

١١٠٧- دەنگێ نەکەرێ قوینا دەنگ کەرێ دڕاند:

یەکێک ئازاری یەکێک دەدات و لە ژێرەوەش خەڵک وا دەزانێ ئەو زۆری لێ کراوە و یەکێک دەنگ دەکات و بەڵام ئەو زیانی پێ کەوتووە.

١١٠٨- درۆی بە کلک و گوێ دەکات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ درۆیەکانی جوان بڕازێنێتەوە و خەڵک زۆر بەئاسان هەستی پێ نەکات هەشن درۆ دەکەن بێ کلک و گوێ و دەرپێی لە پێ نییە.

١١٠٩- دەرەوا مێری بەر هاڤێتنا وییە:

بۆ پیاوان درۆکردن وەک زگ لەبەرچوونی ئافرەت وایە و زۆر زیانی پێ دەگەیەنێ.

١١١٠- دلێت ناسک ناگەنە چ مرادا:

ئەوەی دڵناسک و دڵ بەناز بێت ناگاتە ئامانجی خۆی چونکە ناتوانێ هیچ کارێک تا سەر ئەنجام بدات.

١١١١- دارا بێ بەڵگ (پەلک) سێبەری ناکەت:
چونکە بۆ خۆی نابێ تا بۆ خەڵکی هەبێ بۆ کەسانی بێ سوود و نالەبار دەگوترێ.

١١١٢- دایێ و دۆدا شەڕ کر خەڵکی دین باوەڕ کر:
واتە زۆر خەڵک هەیە ئەگەر بە شەڕیش بێن بۆ هەندێ خەڵکی تر بەشەڕ نەهاتوون و هەر بۆ خۆیانە و دوای ئەوە چاک دەبنەوە وەک بەشەڕهاتنی دایک و کیژ.

١١١٣- دەرۆ بۆ تە بێژم پشت دەرۆ گوچیکی خۆ بدرێ:
وەکی ئەوەیە بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ؛ واتە بە پەلار (کینایە) قسە دەکات بۆ یەکێک و مەبەستی یەکی ترە.

١١١٤- دەڵێی بە تەشی بادراوە بە تەواوی خۆی دەرهێناوە:
بۆ یەکێک دەگوترێ چوست و چالاک و لێهاتوو و خۆی ئامادە کردبێ بۆ کارێکی گرینگ و شایستە.

١١١٥- دۆم بێ و سیرمەی بکێشێ:
سیرمە جۆرە پێستێکی خۆش کراوە لە زۆر شت بەکار دەهات وەک شەنە و سەرەند و مەبەست ئەوەیە هەر کابرایەک بە کاری خۆی و ئەگەر ئەو کارەی لێ شارەزایە و بە چاکی بکات دەبێ چۆن بێ.

١١١٦- دەڤێ تە تەژی خوین بی، تف نەکە عەردی:
چونکە کارێکی بێزەوەرە و لە بەرچاوی خەڵک جوان نییە.

١١١٧- دەوی بوو بە تەڵەی تەقی:
بۆ کابرایەک دەگوترێ بەرامبەر یەکی تر دەوی نەجووڵێ و نەتوانێ چرتەی بکات بەهۆی ترس وە یا شتی تر.

١١١٨- دز خۆماڵی بێ دەرگە گرتن بەتاڵە:

واتە ئەگەر لەناو ماڵ خۆت دز و دەسکێش (دەسکیس) هەبێ دەرگە گرتنی ناوێ.

١١١٩- دیزێ گوت ئەزا زێڕینم هویسکی گۆت ئەز تێ گەڕای:

واتە ئەگەر تۆ شتێکی گرینگ بی و لە تۆ گرینگتر هەیە وەک ئەم مەسەلەیە وە یا یەک بە خۆی هەڵدەڵێ و ئەویش دەڵێ دەتناسم بای چەندی.

١١٢٠- دەخوات نانی فەقیری ددات سلاوەتا ل میری:

نانی کابرایەک دەخوات و خزمەتی کابرایەک دەکات و ئەمەش جۆرە سفلەییەکە.

١١٢١- درۆ پشتی مرییا خۆشە:

واتە پاش ئەوەی کابرایەک بمری و نەمابێ خەڵک بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ باس بکات و ئەمەش بۆ جۆرە درۆزنێکە.

١١٢٢- دبێژیت بەڵام ناپێژیت:

بۆ یەکێک گوتراوە کە قسەی بێ حساب بکات.

١١٢٣- دایکا دزی دوو تڕان دەکات یەک لە خۆشییان یەک لە ترسان:

زۆر کاری وا هەیە.

١١٢٤- دنێ ب دنێڤە مەندۆ ب قوینا ژ نێڤە:

بۆ یەکێک دەگوترێ هەر خەریکی لای ژنی بێ و دنیای لە خراکردن بێ ئەو ئاگای لێ نەبێ.

١١٢٥- دەوارا نەکرە لە نیسانێ ژنا نەبژێرە لە دیلانێ:

واتە لە نیسان هەموو جۆرە حەیوانێک قەڵەوە و پیر و جوانی و باشی و نەباشیی پێوە دیار نییە ئافرەتیش لە کاتی خۆشی و سەیران و شایی، جوانی و ناجوانیی پێوە دیار نییە چونکە هەمووی جوانن.

١١٢٦- دەڵێی بۆ دایکی هەتیوان هاتووە:

بۆ یەکێک دەگوترێ دەغڵ و کار و کرداری بەباشی بۆی بێ.

١١٢٧- دەست دەکا و چاو دەترسێ:

زۆرجار وایە مرۆڤ دەستی بۆ کارێک درێژ دەکات و دەستەکەی ناترسێ بەڵام چاوی دەترسێ و ئادەمیزادی واش هەن.

١١٢٨- دڵ خەبەر دەدات:

زۆرجار وابێ مرۆڤ زۆر شت دەزانێ و دڵی بۆی دەچێ وەک ئەوەی ناوی گورگی هات و گورگ پەیدا بوو یان وەک ئەوەیە دڵ ئاوێنەی دڵە.

١١٢٩- دەڵێی نانی بۆ نەخۆشی هێناوە:

وا دەردەکەوێ کاتی خۆی لە ماڵێک وە لە گوندێک عادەت بووبێ وەک ئەفەرک نانیان بۆ نەخۆش هێنابێ و ئەوەی نانەکەی هێناوە زۆر ڕانەوەستاوە و ئێستاش بۆ ئەو کەسانە دەگوترێ کە دەچن بۆ لای یەک زۆر پەلە بکەن لە گەڕانەوە.

١١٣٠- دەستی نەکردی داینێ لەسەر مردی:

واتە ئەوەی کار نەکات و تەمبەڵ بێ بۆ مردن باشە.

١١٣١- درۆی دەکات دەرپێی بۆ ناکات:

واتە درۆیەکە قونی لە دەرێیە و زۆر ئاشکرایە.

١١٣٢- دەڵێی دۆنی سەی لە بەدەنی دەدەن:

بۆ کابرایەک دەگوترێ شتێکی زۆر پێ خۆش بێ چ بەکار بێ یان بە قسە بێ و وا دیارە لە زەمانی کۆن دۆنی سەگی دەرمان بووە بۆ نەخۆشییەک و قەلبی پێ خۆش بووە.

١١٣٣- دنیا بە با دروست بووە و بە باش خراپ دەبێ:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە بای زۆر بەهێز بێت و بەپێی ئەم پەندە کورد وایان زانیوە دنیا بە با دروست کراوە و بە باش خراپ دەبێ لە ڕۆژی قیامەت.

١١٣٤- دڵی ساز و سەمتووری دەوێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ داوای شتێک بکات کە بە ئاسانی پەیدا نەبێ.

# ڕ

١١٣٥- ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵییە:

ڕێوی هیچ گۆشتی وای نییە و خەڵک کە ڕاوی بکات بۆ کەوڵەکەیەتی، مەبەست ئەوەیە دەبینی کابرایەک ڕێزی لێ دەگیرێ و ڕووی پێ دەدرێ لە لایەنەکەوە کارێکیان پێ هەیە لەبەر دوو چاوی کاڵی نییە.

١١٣٦- ڕێوی خۆی بە کونەوە نەدەچوو قەلقەلاشکی لە خۆی کۆ دەکردەوە:

واتە بۆ کابرایەکی بە خۆژی بەکار دێت و خۆی لە جێگەیەک جێی نابێتەوە وە یا وەک پێویست ڕووی پێ نادرێ جا دەبینی خەڵکی تر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و بەرەو ئەم شوێنە دەیانبات.

١١٣٧- ڕێویەکی گەڕۆک باشترە لە شێرێکی نووستی:

واتە ڕێویەکی گەڕۆک باشترە لە ڕوویەکی بەخەوی و نەجووڵێتەوە و مرۆڤیش بەم شێوەیە با زۆر بەتوانا بێ کە کار دەکات و دەجووڵێتەوە و چالاک نەبێ زۆر خەڵکی بێ خێر پێشی ئەو دەکەون.

١١٣٨- ڕۆژێ لە جێگەیەکی خراپ بێ ئاوا بوو:

لە وەختێکی نەگونجاو پیاو ڕووداوێکی بەسەردا بێ.

١١٣٩- ڕۆژی باران هەر قوڕە:

دەبینی ڕووداوێک ڕوو دەدات لەم پێناوەدا هەندێ شت ڕوو دەدات کە نەدەبوایە بکرێ و ئەمە بەکار دێت.

١١٤٠- ڕاوەبەرازە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر سەیران بێ وە یا بۆ کارێکی زۆر خۆش و سەیران ئاوەر بێ.

١١٤١- ڕێگەی دوور دەرمان نییە:
واتە هەندێ کەس دەبینی بۆ کارێکی کە لە نزیک دەبێ و بۆ دوور دەچن ئەمە بەکار دێت وە یا لە جێگەی پرسیار بەکار دێت وەکی بڵێت خۆ ڕێگەی دوور دەرمان نییە.

١١٤٢- ڕێوی ئەگەر لە حاڵی خۆی نەپێچێتەوە پێستی دەچێتە دەباغخانە:
واتە ئەگەر کەس پەرۆشی خۆی نەبێ و لە حاڵی نەپرسی لە ڕێوییەکەی خراپتری بەسەر دێت و بۆیە هەر مرۆڤێک دەبێ خۆی لە حاڵی خۆی بپرسێ.

١١٤٣- ڕێوی بە فێڵ ناگیرێ مەگەر تەڵە پێی بگرێ:
واتە ڕێوی زۆر فێڵبازە و دەبێ بە تەل و شتی تریش بگیرێت و ئەو کەسانەی کە ڕێوی سفەتیشن دەبێ بەرگری لە پیلان و فرت و فێڵیان بگریت.

١١٤٤- ڕووبار کە هەڵسا ئاوماڵکی لەگەڵ خۆی دەبا:
واتە هەر لافاو و کارەساتێک بوو زۆر شتی تر لەگەڵ خۆی دروست دەکات لە کاتی شەڕوشۆڕ دزی و پیاوکوژی و تالان و... بڵاو دەبێتەوە.

١١٤٥- ڕاست بە لە ڕێی شێری برۆ:
واتە ئەگەر پیاو ڕاست و پاک و بێگەرد بوو دەچێتە چاوی هەموو کەس و نە لە کەس دەترسێ و نە لە کەس شەرم دەکات.

١١٤٦- ڕۆڵە ئەباسە لە دیوانان چ باسە:
بۆ یەکێک دەگوترێ بە ئومێدی شتێک بێ و هەر ئەوەی دڵی بێ و هەر پرسیاری وی بکات وەک پیرەژن و ئەباسی کوڕی کە پیرەژن بەتەمای مێردی بووە و لە ئەباسی پرسیوە لە دیوانان چی هەیە و ئێستاش مەسەلە بۆ ئەو جۆرە کەسانە.

١١٤٧- ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە:
واتە پیاو بەرچاوی تەنگ نەبێ و دەبێ بزانی ڕۆژگار وەک چەرخە و ڕۆژێک بۆ تۆ دەبێ و ڕۆژیش دێ لە زیانی تۆ.

١١٤٨- ڕیسی لێ بووەتەوە خوری:
واتە کابرایەک کارێک دەکات و لێی تێک دەچێ و خانووەک دروست دەکات و لێی دەڕمێ و....

١١٤٩- ڕۆژی تەنگانە ڕێوی کلکی خۆی لێ بەڵایە:
واتە هەموو کەس هی ڕۆژی تەنگانە نین و هەن وەک ڕێوی کلکی خۆیان لێ دەبێتە بەڵا و هەتا بۆ خۆیان سوودیان نابێ هەتا بۆ تۆ.

١١٥٠- ڕەزا دانێ ڕاستییا - ئاڤێ بینە ژ کانیا - ژنا بینە ژ ئەسڵییا:
زۆر ڕاستە و دەبێ مرۆڤ تا پێی دەکرێ ئەم سێ شتەی لە بەرچاو بێ.

١١٥١- ڕووبار بەرداشی دەبرد پیرێژن بەدوای پەلکە کەنگران دەگەڕا:
دەبینی کارێکی زۆر گەورە ڕوو دەدات و یەکێکیش لە وردە کاران دەپرسی.

١١٥٢- ڕێوی دەیگوت مەمخەنە ناو کۆلینێ دەنگی مریشکانێ تێرا دێ:
وەک ئەوەیە کە دەڵێ لە خۆشییان ئاوی لە دەوی دێت و ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک حەزی زۆر لە شتێک بێ بەڵام خۆی گران بکات.

١١٥٣- ڕێبوار چەندی دانیشی لە کاروان دوور دەکەوێتەوە:
واتە ئەوەی ڕێی لەبەرە دەبێ هەر بڕوات و ئەوەی کارێکی لە پێش بێ دەبێ بیکات و دواخستنی زیانی دەبێ.

١١٥٤- ڕاستووکی نەدەزانی جا نۆرەی خواروکییە:
بۆ یەکێک دەگوترێ بە ئاشکرا لە شت نەگات و یەکێک بە پەلار قسەی لەگەڵ بکات

یانی بە لەغز لەگەڵی بدوێ و ئەمە دەگوترێ.

١١٥٥- ڕیخەڵۆکی لە دوای خۆی کێشا:
بۆ کابرایەک دەگوترێ وەزعی باش نەبێ و بە ناچاری کارێک ئەنجام بدات.

١١٥٦- ڕۆژ دێ شەو دەڕوا قەزا و بەڵای دنیایێ ناڕوا:
لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک بەڵایەکی بەسەر هاتبێ کە دەستی تێدا نەبێ و بە هۆی خەڵکی ترەوە تووشی ببێ.

١١٥٧- ڕۆژ لەسەر ئاوابوونە فاتێ دەلینگی لوول دەدا:
بۆ ئافرەتێکی دەگوترا کە لە کارکردن تەمبەڵ بوایە و هەر خەریکی ڕازاندنەوەی خۆی بوایە.

١١٥٨- ڕێوی کە مریشکان دەبینێ لە خۆشییان باوشکی دێنێ:
وەکی ئەوەیە دەڵێ لە خۆشییان لیکاوی لە دەوی دێ و واتە یەکێک ئارەزووی لە شتێکی بژاردەی خۆی بێ و بیبینێ.

١١٥٩- ڕایەڵی کورت بوو تێوەرێخیش نەدەگەیشتێ:
ڕایەڵ و تێوەڕیخ لە تەون بەکار دێت مەبەست ئەوەیە ئیشێک لە هەموو لایەکەوە باش نەبووبێ و نەتواندرێ بکرێ.

١١٦٠- ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێ:
واتە هەر کەس بە میللەتی خۆی بوەڕێ و لە دژی ڕاوەستێ بێگومان تووشی زۆر دەردەسەری دێ و لەوانەش تووشی ڕووڕەشیش ببێ بۆیە ئومێدەوارین نەوەکانی تازەی نەتەوەی کورد وەک ئەم جۆرە ڕێوییە نەبن و لە دژی میللەتی کورد نەبن.

١١٦١- ڕەحمەت لەو کەسەی دوو دڵان یەک دەکا و لەعنەت لەو کەسەی دوو دڵان لێک دەخا:

واته مرۆڤ دەبێ زیاتر هەوڵی ئەوە بدات کە نێوانی خەڵک باش بکات و نێوانیان تێک نەدات و ئەمە زیاتریش کاتی بۆ مەسەلەی حەز لێکردنی کوڕ و کچ بەکار دەهات.

١١٦٢- ڕەز تۆوی لە خۆیە:

چونکە جارێکی تر پێویستی بە تۆودان نییە و هەر لە جێگەی خۆی ماوە و پێویستی بە گردار هەیە و نەک چاندن، بۆ کارێکی تریش بەکار دێت کە قازانجی بە ئاسانی دەست بکەوێت.

١١٦٣- ڕەمەزانی زۆر گرتییە ئەوجا نۆرەی شەشەڵانە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ ڕاستە ئیشی نەکات ئەوجا داوای ئیشی زۆر گرانی لێ بکرێ.

١١٦٤- ڕووت نەبوو برسی نەبوو لە هارییان مرد:

گوایە یەکێک یەکێکی لێ دەمرێ و ژنەکەی دەڵێ ڕووت نەبوو، برسی نەبوو، لە هارییان مرد و لە مەسەلەی مردن حاڵی نەبووە ئێستا بۆ جۆرە کاری لەم بابەتە بەکار دێت.

١١٦٥- ڕەش و سپی لە دەست خۆیان:

بۆ هەندێ کەس دەگوترێ کە ئیشوکار بە کەیفی خۆیان بسووڕێنن و جارێک بڵێن فلان کار وایە و جارێکی تر هەر هەمان کار بڵێ وایە.

١١٦٦- ڕدێن ئەگەر کەوتە دەستی منداڵان زۆر شت دەکەوێتە بەینی مووان:

واتە ئەگەر ئیشوکار کەوتە دەستی خەڵکی ناباب و نامولائیم ئەوا زۆر شتی خراپ ڕوو دەدات وەک ئەوەی ڕیش بکەوێتە دەستی منداڵ دەبێ چی بەسەر بێ.

١١٦٧- ڕۆڵە گیان کارێکی باشم بۆت هەڵگرتبوو بەڵام گورگ خواردی:

بۆ کابرایەک دەگوترێ هیشکە پیاوەتی بکات.

١١٦٨- ڕەنگی تری لە خۆی داوە و هاتووەتەوە مەیدانێ:
بۆ کابرایەک دەگوترێ ئابڕووی چووبێ و جارێکی تر بیەوێ بە شێوەیەکی تر خۆی ڕاست بکاتەوە وە یا بۆ کابرایەک خۆی بگۆڕێ و هەر ڕۆژە بە بەرگێک بێتە مەیدان.

١١٦٩- ڕیوی ناچار بوو خۆی لە نێوچەوانی شێری دەدات:
واتە ئەگەر هەر گیاندارێک وە یا هەر مرۆڤێک فشاری زیادی بۆ چوو خۆی لە تەختی پاشای دەدات و خۆی لە نێوچەوانی شێری دەدات و...

١١٧٠- ڕەخش قابیلی ڕۆستەمە:
وەک ئەوەیە گۆشت قابیلی بازە.

١١٧١- ڕوونی خۆی دایەوە لە سمێڵی خۆی:
یان ڕوونی خۆمان دایەوە لە سمێڵی خۆمان بۆ ئەوەیە کابرایەک فێڵی لێ بکرێ.

١١٧٢- ڕۆژێک لە دار بوو حەوتان لە خوار بوو:
بۆ مەشکەی چێڵی کەندو بەکار دێت و بە هەندێ کەس نەکراو بی بێکەڵکیش بەکار دێت.

١١٧٣- ڕێنجبەری یا ساناهییە بەلێ ڕێبەری یا بزحمەتە:
پیاو تەنیا کارگەی ماڵی خۆی بێ ئاسانە بەڵام کاری ڕێبەری و گەورەی میللەت و حزب و تایفە ئاسان نییە.

١١٧٤- ڕەزێ خاتێ ماڵ ئاڤایی لە فاتێ:
یەکێک چاکەی لەگەڵ دەکات و سوپاسی یەکی تر دەکات.

١١٧٥- ڕاستی دێ کڵاڤ خوارن:
واتە ئەوەی ڕاستی بڵێ کڵاوی دەپەڕێ و ئەمەش هەموو کات وا نییە و لە هەندێ حاڵەت وایە.

١١٧٦- ڕێوی بەر دەرکا کونا خۆ شێرە:

زۆر ڕاستە هەر کەس لە حاڵی خۆی پیاوە و هەر کەس لەبن کراسی خۆی پیاوە و...

١١٧٧- ڕۆژێ گەڕێن کۆلانا شەڤێ دەچنە بن کەسکانا:

بۆ کەسانێ لۆتی و سەرسەری و بێکەڵک و تەمبەڵ بەکار هاتووە و ئەم ڕۆژ ئەم جۆرە کەسانە زۆرن.

١١٧٨- ڕاستۆ دورستۆ خوارۆ شکستۆ:

دار ئەگەر خوار بووەوە دەشکێ کەواتە مرۆڤ خوار بڕوات هەر دەشکێ زوو نا درەنگ.

١١٧٩- ڕووی لە بیعارا ئیش لە کەندالا:

١١٨٠- ڕووی ڕەش حەوجە نییە بە تەنی:

واتە ئەگەر یەکێک بەختی ڕەش و هەژار بوو و بێچارە بوو پێویست ناکات پێی بڵێین بەختی ڕەشە وەک ڕووی ڕەش حەوجەی بە تەنی نییە.

١١٨١- ڕەنجبەری مالا خوە بە ئاغای مالا خەڵکییە:

زۆر ڕاستە ئەگەر پیاو بۆ خۆی کاری کرد و پیاوی کەس نەبوو و سەربەخۆیی خۆی پاراست بێگومان دەبێتە ئاغای ئاغای خەڵکی و ئەگەر بە پێچەوانە بوو بە پێچەوانە دەبێ.

١١٨٢- ڕۆژی تەنگانە مەحەکی دۆستە:

هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد لە ڕۆژی تەنگانە پیاو دۆستی خۆی بە تەواوی دەناسێ.

١١٨٣- ڕەخش بۆ ڕۆستەم و گاڕان بۆ دووشەم:

ڕۆستەم ئەو پیاوە ئەفسانەییيە کە بە ڕۆستەمی زاڵ و ڕۆستەمی مازەندەران ناودارە و دیارە لێرەش دووشەم کابرایەکی زۆر بێ توانا بووە واتە هەریەکە بەکاری خۆی ڕەخش بۆ پیاوێکی وەکی ڕۆستەم و گاڕانیش بۆ پیاوێکی وەکی دووشەم و نابێ بە پێچەوانە بێ.

١١٨٤- ڕامەسێ تا دۆخینت نەپسێ:

ئەگەر شەڕ نەکەی تووشی هەندێ شتی شەڕاوی نابی، ئەگەر زۆر قسە نەکەی قسەی خراپ لە دەوت دەرناپەڕێ و...

١١٨٥- ڕێوی تا قانگی نەدەی لە کونێ نایەتە دەرێ:

واتە هەر شتێک دەبێ پێویستی خۆی بۆ ئامادە بکەیت و دوژمن دەبێ ئەسبابی دەرپەڕاندنی بۆ ئامادە بکەیت و...

١١٨٦- ڕووی لە پێشن دابێشن:

١١٨٧- ڕەنگی وەک پەلکە پیازی هەڵپوورزکا لێوی هیشک بوو ئاوی تێ نەما:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە ترسان وە یا لە شەرمان ئەمەی بەسەر بێت.

١١٨٨- ڕەنجبەری بێ خەڵات و بەرات تاجی سەری ئاغای خۆیەتی:

بۆ یەکێک دەگوترێ کارێک ئەنجام بدات هیچ جۆرە بارگرانی و گیروگرفت سەربار و بن باری نەبێ.

١١٨٩- ڕەزێ خەڵکێ و ناقێ مە و بەریێ خەڵکێ:

واتە زۆر شت هەیە بەناوی یەکی تر تەواو دەبێ و سوودیش بۆ خەڵکی تر دەبێ.

١١٩٠- ڕاست بە ڕاست خوار بە شکست:

وتراوە خواوڕاستان وە ڕاستی دروستی واتە ڕاست و سەرکەوتوو دەبێ و خواریش ژێرکەوتوو دەبێ.

# ز

١١٩١- زاڵم بوو بە پرد بەسەریدا مەڕۆ:

واتە پیاو ئەگەر بۆت بکرێ لەبەر سێبەری زاڵمی دانەنیشی و زاڵم جۆری زۆرە و هەر کەس زۆرداری و بێ مروەتی بەکار بێن لە دژی خەڵکی تر پێی دەگوترێ زاڵم وە یا بەهەر شێوەیەک خەڵک بچەوسێنێتەوە هەر زاڵم و زۆردار دەژمێرێ و بۆیە لە ئاینی ئیسلام بە تایبەتی قورئانی پیرۆز زۆر دژی زوڵم و زۆرداری بووە.

١١٩٢- زگی تێر ئاگای لە زگی برسی نییە:

واتە ئەوەی پێخواس نەبێ دەردی پێخواسی نازانێ ئەوەی نەخۆش نەبێ ئازاری نەخۆش نازانێ و...

١١٩٣- زمانە سۆرە درۆی ناکات:

یەکێک حاشا لە شتێک بکات و دوایی لە دەوی دەرپەڕی و دەڵێن زمانە سۆرە درۆی ناکات واتە زۆرجار زمان شتی ڕاست دەردەپەڕێنێ.

١١٩٤- زۆر سەراو و دەراوی دیوە و قاچی تەڕ نەبووە:

بۆ کابرایەکی فێڵباز و ساختەچی دەگوترێ.

١١٩٥- زێڕ لە لای زێڕنگر بە قیمەتە:

کوڕی ئازا پیاوی ئازا و شارەزا دەیناسن و مرۆڤی زانا و دانا کەسانی زانا دەیناسن و نەزان چ قیمەتی دەزانی و ئافرەتی ڕەوشت بەرز و لێهاتوو کەسانی لە باری خۆی دەیناسن و...

١١٩٦- زۆر گوتن قورئان خۆشە:

واته زۆر گـوتن و هەڵـەپاسی کـارێکی چاک نییـە و تەنیا قـورئانـی پیـرۆز چەندی بخوێندرێ دروستە بە مەرجێک ئەویش لە کات و شوێنی خۆیدا بێ.

١١٩٧- زۆر گوتن لە زگ سۆتن:

واتە مرۆڤ هەندێ شـتێک زۆر دووبارە دەکـاتەوە لە داخـانە و دڵی بەکـارە کەوایە بۆیە چەند بارەی دەکاتەوە.

١١٩٨- زمان بەڵای سەرە:

واتە مرۆڤ زۆرتر تووشی بەڵای خۆی دێ لە ئەنجامی شەڕی زمانی، بۆیە مەردوم دەبێ لە زمانیان وریا بن.

١١٩٩- زێڕ گچکەش دەبێ:

بۆ هەندێ مرۆڤی پڕ نرخ بەکار دێت کە بە دیمەن بچووکن.

١٢٠٠- زار خۆشی، زگ ڕەش:

بۆ هـەندێ کـەس دەگـوترێ کـە زمـانیـان جـۆرێکە و لـە ژێرەوەش وەک مـاری کولەوەیباب پێوە دەدەن.

١٢٠١- زێی بادینان با هەر هارەهارێ بێ من لێی ناپەڕمەوە:

یەکێک لە کاتێکدا ئەمە دەڵێ کە خەڵکی تر دەیانەوێ کاری پێ بکەن کە زیانی وی تێدا بێ و ئەویش ئەمە دەڵێ.

١٢٠٢- زستانان خۆت گیر مەکە، بەهاران خۆت تەڕ مەکە:

مـەبەست ئەوەیە بارانی زسـتـانی درێژەی هـەیە و نابێ کـاری خـۆت لەسـەری بوەستێنی و بارانی بەهاری کێشـەی نییـە و پێی ناوێ خۆت تـەڕ بکەیت چونکە زوو تەواو دەبێ.

١٢٠٣- زستان سەروەشێن بێ نەوەک دواوەشێن:

چونکە خـەڵک تفـاقی خـۆی و مـاڵاتی دێتـە کـۆتـایی لە دوایی زسـتـان، بۆیە لە

سەرەتای زستان چەندی توند بێ خەم ناکات بەڵام لە دواییدا زیانی زۆری دەبێ.

١٢٠٤- زاری خەڵکی بە من و تۆ ناگیرێ:

چونکە خەڵکەکە زۆرە و قسە دەکەن و بە دوو سێ کەس ناگیرێ و لە جیاتیی ئەوە پیاو ئاگای لە خۆی بێ نەکەوێتە بەر زاری خەڵک.

١٢٠٥- زاری خەڵک کونە دیوار نییە پەڕۆکی تێ پەستی:

ئەوەش هەر مانای وەکی ئەوەی پێشووە واتە تۆ ناتوانی زاری خەڵک بگری و دەبێ مرۆڤ خۆی ئاگای لە خۆی بێ.

١٢٠٦- زستان زستانی خۆی دەکات ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێ:

واتە دەبێ حساب بۆ زستان بکرێ و بەوە کە سەرەتای خۆش بێ نابێ باوەڕی پێ بکەیت و لێی بترسی و بە پەلار بۆ شتی تریش دەگوترێ.

١٢٠٧- زاوا باربەری خەزوورانە:

واتە زاوا زیاتر بۆ لای کەسوکاری خەزووری دەچێ بۆ وان کار دەکات وە دەگوترێ کەری خەزوورانە.

١٢٠٨- زگی برسی هیچ ناپرسی:

مرۆڤ کە برسی بوو بەڕاستی نانی وشکی لێ دەبێتە گۆشت و پڵاو و حەلوا و هەموو خواردن چاک و پێویست بە پێخوری نییە مەبەست ئەوەیە پیاوی هەژار و ناچار و برسی بە هەموو شت ڕازییە و ئەوەی دڵگیری دەکات زیاتر لە تێری و هەبوونییە.

١٢٠٩- زگەک و دوو منەتان مەکە:

واتە مرۆڤ کە لە جێگەیەک نانی خوارد نابێ شەرمێ بکات و تێر بخوات مەبەست ئەوەیە پیاو ئەگەر لە جێگەیەک شتێکیان پێ دا بەتەواوی هەڵی بگرێ بۆ ئەوەی تووشی دوو منەت نەبێ.

١٢١٠- زۆری هات قەواڵە بەتاڵە:

هەزار قەواڵە و سەنەدت هەبێ کە زۆرداری بوو هیچ سوودی نابێ چونکە یاسا و قانوون لەناو دەچێ.

١٢١١- زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە بە قازانج حسێبە:

ئەگەر پیاو لە نیوەی ڕێگەش هەستی کرد تووشی زیان دەبێ بگەڕێتەوە کارێکی چاکە و لەناو کارێکی خراپدا هەستی کرد خراپە دەستی لێ هەڵگرە هەر بەباش دەژمێرێ و...

١٢١٢- زاڵم کە لووتی وەرگێڕا وەک بەرازە:

پیاوی زۆردار ئەگەر بوو بە دۆستیش جێی بڕوا نییە چونکە لەوانەیە لووتی لێت وەرگێڕێ و شتێکت لێ بدات پشتی سەرت لە زەوی بدات.

١٢١٣- زۆری نەمابوو کفنی زەرد بکات:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک تووشی مەترسییەکی گەورە بووبێ و زۆری نەمابێ لەناو بچێ.

١٢١٤- زەنگەسۆرە چەندی داری لە کونی وەردەی هارتر دەبێ:

واتە مرۆڤ ئەگەر نەیتوانی بەرهەڵستی کابرایەکی بەهێزتر لە خۆی بکات کاری واش دەکات لە خۆی هار بکات.

١٢١٥- زگ تێشووی هەڵناگرێ:

مرۆڤ چەندی بخوات پاش برسیبوونی وا دەزانێ هیچی نەخواردووە و لە هەموو شتی تر وایە چەندی خۆشی ببینێ وا دەزانێ نەیدیوە پاش ئەوەی تووشی ناخۆشی دێ.

١٢١٦- زگی من ئەمباری بابی کەس نییە:

لە کاتێکدا دەگوترێ سرەکی کابرایەکی لەلای یەکی تر بێ و بیەوێ باس بکات و

پێی دەڵێ زگی من ئەمباری بابی کەس نییە.

١٢١٧- زگی بە سێڵی گەرم بسووتێ:
بۆ یەکێک دەگوترێ گوایە زگی بە کـابرایەک دەسـووتێ و ئەویش دەڵێ با زگی بە ساجی گەرم و داغبووی بسووتێ یانی ڕاست ناکات بە درۆ وا دەڵێ.

١٢١٨- زمانی درێژ بۆ بڕین باشە:
واتە ئەوەی زمانی درێژ بکات و زۆر قسە بکات زمانی بۆ بڕین باشە چونکە زمانی بەڵای پێوەیە:

١٢١٩- زەلامی درێژ ئەقڵی لە چۆکییە:
وەک جنێودان بۆ هەندێ کەسـی درێژی نەزان بەکـار دێت و مـانـای وا نـییـە هـەمـوو پیاوی درێژ ئەقڵی سووک بێ بە زۆری وان.

١٢٢٠- زۆربلێی کەس لێ حاڵی نەبووی:
بۆ هەندێ کـەس دەگوترێ و زۆر دەڕێسێ و کـەس نـازانـێ چی دەڵێ و هـەتا خـۆشـی لە خۆی حاڵی نییە.

١٢٢١- زمانت بگرە و سەرت ڕاحەتە:
واتە ڕاحەتی سەر لەوەدایە مرۆڤ زمانی خۆی بگرێ.

١٢٢٢- زەمانە بەزمی ڕەندانە یەک لە ئەرزی و یەک لە ئاسمانە:
واتە ڕۆژگار هەر ڕۆژە یەکێک بڵند دەکات و یەکێک نەوی دەکات و سەیرانی دلێر و ڕەندانە و بەڕاستی بۆ کەس نەبووە بە تەواوی و نە بۆ کەسیش دەبێ بە تەواوی.

١٢٢٣- زگ و بن زگ لێک بوونە هاڤەڕک خودان کرە تەرک:
واتە مرۆڤ ئەگەر ئارەزووی خۆی بەر دا و بەکەیفی هەوەس و نەوسی کرد خاوەنی تووشی بەڵایەکی دەکەن هەتا بەسەریش تەواو بێ.

١٢٢٤- زمان كورت به ژی درێژ به:
واته مرۆڤ ئەگەر زمانی خۆی کورت کرد و بەری نەدا ژیانی درێژ دەبێ و خۆشی لە خۆی دەبینێ.

١٢٢٥- زگی مەنجەڵێکی نیسکێ دەگرێ بەڵام یەک کەلیمەی ناگرێ:
نیسک خواردنێکی زۆر بە باوبژە و پێچی زۆرە و لەگەڵ ئەوەش خەڵک زۆری ئەخۆن و پێشی نارەحەت نابن بەڵام وتەیەکی تۆزێک دڵ بریندارکەر هەڵناگرێ و پێی توورە دەبێ.

١٢٢٦- زستانێ تەقەل پارۆ هاوینێ پێخواس برۆ:
مرۆڤ دەبێ زستانان زۆر ئاگای لە خۆی بێ بەهۆی سەرما کاری تێدا دەکات و هاوینان هەر چۆنێ بێ خەم ناکات.

١٢٢٧- زەرکێ کێمە لە مافیرا:
لە کاتێکدا دێتە گوتن کە برادەرێکی مرۆڤی ئەویش تۆزێک نەوت بەسەر ئاگری دژی وی وەرکات.

١٢٢٨- زگی تێر چەکی مێرانە:
واتە کاتی خۆی و ئێستاش لە کاتی شەڕیان و تفاق چەکێکی گرینگی ئەو کەسانەیە کە دەچن بۆ شەڕ و برسیەتی و تینووەتی و سەرما و گەورەترین دوژمنی شەڕکەرەکانن.

١٢٢٩- زگ برسییا مرۆ دێ تێر کەت چاوبرسییا نەشێ تێر کەت:
زۆر ڕاستە ئەوانەی تەنیا برسین و پێویستیان بە یارمەتی هەیە ئاسانە تێرکردنیان بەڵام ئەوانە تەماع و چاوبرسین بەکەس تێر نابن.

١٢٣٠- زینی ئەسپی بۆ گوێدرێژان نابێ:
واتە هەر شتێک بە شتی خۆی.

١٢٣١- زانیمان کێ دزە:

لە کاتێکدا دەگوترێ نیشانەی کردەوەیەک لەسەر یەکێ دیار کەوێ و برادەرێکی بۆ خۆشی و دڵ گەشانەوە ئەمە بەرامبەری برادەرەکەی خۆی دەڵێ و لە حاڵەتی تریش بەکار دێ.

١٢٣٢- زار دەخوات زگ منەتان هەڵدەگرێ:

زۆر کاری واش هەیە و ڕوو دەدات.

١٢٣٣- زمانی لە ئەڵماس تیژترە و لە گوریس درێژترە:

بۆ یەکێک دەڵێن بە ڕاستی زمانپیس و دەمدرێژ و ترزل و هیچ و پووچ بێت.

١٢٣٤- زار دڕای چ پێ نەبڕای:

بۆ یەکێک دەگوترێ دەو پەل بێ و قسە بکات و هیچ کارزانی لێ نەکات.

١٢٣٥- زۆر خواردن پیشەی چێڵە:

واتە ئینسانی زۆرخۆر پەسند نییە و زۆرخۆری نەخۆشیی تێدایە و مرۆڤ دەبێ هەوڵ بدات بە کەم خواردن خۆی ڕابێنێ و ئەوەش بزاندرێ قوەت لە زۆرخواردن نییە.

# ژ

١٢٣٦- ژن هەیە و ژنۆکەش هەیە:

واتە ژن دوو جۆری هەیە جۆرێکیان هەر بەناو ژنە بەڵام چی بە ژنان ناچێ و کەموکورتیی زۆرە.

١٢٣٧- ژنی شەرمن شارەکی دەینی، پیاوی شەرمن شەیەکی نایني:

ئەگەر شەرمن و بە حەیا بی دنیایەکی دەینی و پیاوی شەرمن و فەقیرۆکە شانەیەکی نایني واتە ژن دەبێ شەرمن بێ و پیاویش دەبێ ئیشکەر و چاوکراوە بێ و شەرم نەکات.

١٢٣٨- ژنی چاک ژیانە و ژنی خراپ ژانە:

بەڕاستی جوانترین و چاکترین وەسفە بۆ ئافرەتی چاک و خراپ یانی ئەگەر ئافرەتێکی چاک و تەواو بێ ژیانی پیاو و عائیلە و کۆمەڵێکە و ژنی خراپیش بە ڕاستی ژان و دەردی بۆ پیاو و بۆ عائیلە و بۆ کۆمەڵیش و زۆر پێویستە بایەخ بە ئافرەت بدرێ واتە لە منداڵییەوە تا ئافرەتی چاکی لێ دروست بێ.

١٢٣٩- ژن پیاوی دەکاتە پیاو و لە پیاوەتیشی دەخات:

واتە دەگەڕێتەوە بۆ ژنی چاک و بۆ ژنی خراپ.

١٢٤٠- ژنی بدە بە ژن مردییان، مەڕی بدە بە مەڕ مردییان:

واتە ئەمانە بەسەریان هاتووە و ئەزموونیان هەیە و قەدر و ڕێزی ژنی دەزانن و هەندێ کەس بە داخەوە ئیحتیرام و نرخی ئافرەت نازانن.

١٢٤١- ژووژک بە فەرخەی خۆی دەڵێ ئۆخەی چەند نەرمە:

واتە هەر کەس بێچوو و منداڵی خۆی پێ شیرین و جوانە و لە بەرچاوی ئەو هەموو دنیا دەهێنێ.

١٢٤٢- ژنی خراپ لە کولانان چێترە و ژنی چاک لە دایە و بابان چێترە:
ئەمەش وەسفێکی تری ژنی چاک و خراپە.

١٢٤٣- ژن پرسی پێ بکە بەڵام وەک ئەڵقە لە گوێی مەکە:
ژن وەک هاوبەشی ژیانی مێرد واتە پیاو و دایکی منداڵانی نرخ و قیمەتی یەکجار زۆرە و دەبێ پیاو پرسی پێ بکات بەڵام دەبێ لەوە وریابێ قسەکانی وەک ئەڵقە لە گوێ نەکات و ئەوە نەبێ بە دەوراستی ئەو چونکە ئەوەش کارێکی چاک نییە.

١٢٤٤- ژن ئەگەر نەخشینە ماڵی ڕەنگینە:
پێشان ژنی نەخشین هەبوون و ماڵیان ڕەنگین دەبوو.

١٢٤٥- ژن بە شەوێک دەبێتە مەلاژن:
زۆر ڕاستە ئافرەت مێرد بە مەلا دەکات پێی دەڵێن مەلاژن بێ ئەوەی هیچی خوێندبێ و زۆر کەسیش هەیە بێ ئەوەی ماندوو بێ مەسئوولیەتی گرینگ وەردەگرێ.

١٢٤٦- ژن ئەگەر دایە بێ شەرمی، پێی لە دەلینگی دەردێنێ:
زۆر ڕاستە ئافرەت هەن کە بێ حەیا بن و ئەوەی دەڵێن و ئەوە دەکەن و هەر جێگەی باس نییە خۆ زەلامی واش هەیە بەڵام بۆ ژنان ناشیرینترە بۆیە زیاتر باسی کراوە.

١٢٤٧- ژن ژنی مێردان بێ با لەبن بەردان بێ:
ئەمە زیاتر قسەی ئافرەتانە و خۆیان وا دەڵێن و ئەمە پێشتر وا بوو بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک مۆدە گۆڕاوە و شتی تر لە باوە.

١٢٤٨- ژن هەتا سەگ پێی ناوەڕێ:

واته ئافرەت ئیحتیرامی خۆی هەیە دەبێ بەچاوی سەنگین وەڵامی بدرێتەوە و ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ و ئەگەر ئافرەتێک بەرامبەرت قسەیەکیش بکات پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ.

١٢٤٩- ژنێک نۆزدە مێردی کردبوو وە بە ژنێکی تری دەوت بەهەردووکمان (٢٠) مێردمان کردووە:

زۆر خەڵک هەن وا دەبین عەیبیان زۆرە و خۆیان دەهێننە ڕیزی ئەو کەسانە کە عەیبیان نییە وە یا زۆر کەمە.

١٢٥٠- ژنێ بینە رویا دا عەیال بگات مییا:

لە کۆمەڵگەی کوردەواری لەمەوپێش زۆر باو بوو کە کوڕ زوو ژنی بێنێ لەلایەک لە زۆر بەڵا دوور دەکەوێتەوە وە لەلایەکی تریش هەر بەجاحێڵی منداڵی پێ دەگەن و کار دەکەن و دەبن بە هێز و ئێستاش بۆ کوردەواری ئەمە باشە پێی ئیمکان. هەورەها ئەمەش گوتراوە (ژنی بێنە بەجوانی تا منداڵان پێ بگەن بە لاوێنی).

١٢٥١- ژن ترشکە مێری بۆ خۆ خۆش دکە:

ئافرەت وەک ترشۆکەی بەهارییە و دەتوانێ پیاوی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

١٢٥٢- ژیری بە گەورەیی و بچووکی نییە:

واتە هۆش و زیرەکی بەوەی نییە کێ گەورەیە و کێ بچووکە.

١٢٥٣- ژن هەم دینە و هەم دینبەرە:

هەروەک لەوەوپێش باسمان کرد ژن دەتوانێ زۆر کاری گرینگ ئەنجام بدات و لە هەموویان گرینگتر ئەوەیە منداڵەکانی خۆی بەچاکی بەخێو بکات و پەروەردەیان بکات بە شێوەیەکی سوودمەند بۆ خۆیان و وڵاتیان کە ئەمە باشترین قوتابخانەیە دەتوانی کاری زۆر خراپیش ئەنجام بدات.

١٢٥٤- ژنی ژنانە داینێ لە دیوەخانە:

له مێژووی سەرتاسەری مرۆڤ وە هەروەها لە مێژووی میللەتەکەمانیش زۆر ژنی ژنانە واتە پیاوانە هەڵکەوتوون و دەوری چەلەنگی و قارەمانیەتییان بووە و لە دیوەخانان و مەقامی زۆر زل دانیشتوون و خانزادی سۆران و قەدەم خێر و بەدەیان ئافرەتی تر نموونەی ئەم ڕاستییە بووینە بەڵام بەداخەوە ئێستا لەناو میللەتی کورد لە نرخی ئافرەت کەمتر کراوەتەوە و ئەم جۆرە ئافرەتانە هەڵناکەون چونکە کەمتر ماوەی ئافرەت دەدرێ و بەڕەئی من هەروەک لە چوارخشتەکییەکی شیعری لەبارەی ئافرەتەوە بەشێوەی دایک وتوومە هەقە ماوەیان پێ بدرێ و دەبێ لە پێناویدا خەبات بکرێ و چونکە دایک سەرچاوەی ژیانە.

دایە بخوێنە زانیاری هێزی گیانتانە
کار و ئابووری یەک خەن مایەی ژیانتانە
بێچووەکانت بەخێو بکە لە ئاستی زەمان
ئازادی یەکسانی بچەسپێنە لە میانتانە

١٢٥٥- ژن دەڵێن وەک هەناسەیە بۆ مێرد:
ئەمەش دەرهێنانێکی تر لەبارەی ئافرەتەوە.

١٢٥٦- ژنی بێ شەرم وەکی چێشتی بێ خوێیە:
ئەمەش زۆر ڕاستە دەبێ شەرمی هەبێ وەک لەپێشەوە باسمان کرد ئەگەر وەک خواردنی بێتامی لێ دێ.

١٢٥٧- ژن نەبێژە عەسل خێرە:
واتە ئەسڵی ژنی هەر ژنە و ئەمین لەسەر پەروەردە و ڕاهێنانی لەلایەن کەسوکاری و بردیەوە.

١٢٥٨- ژن بۆ شەو و ڕۆژێکی نییە:
واتە کە پیاو ژن دەهێنێ باشتر وایە بڵێن پیاو و ژن کە یەکتر دەکەن دەبێ بۆ مردن بێ نەوەک بۆ دەمێک.

# س

١٢٥٩- سەد قەل و بەردێک:

لە کاتێکدا دەگوترێ لەشکری دوژمن بەهیچ بزانێ و ئەمە دەگوترێ و لە حاڵەتی تریش دەگوترێ.

١٢٦٠- سوێرە دەوی ناگاتێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ کەوا نیشان بدات حەزی لە فلان شتی نییە و جا ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٢٦١- سەگ ئەگەر لە قەسابخانە نەمری عومری بەخەسار دەچێ:

بۆ کابرایەکی خراپ دەگوترێ و ماوەیەک وازی لە خراپەکە هێنابێ و دوایی بگەڕێتەوە سەری و وای بۆ دەڵێن.

١٢٦٢- سەگ ئەگەر هەر دەوی بگاتە برینی خۆی چاکی دەکاتەوە:

بۆ کابرایەکی زرنگ و لێهاتوو و نیمچە ساختەچی دەگوترێ کە هەر زمانی بگەڕێ کاری خۆی چاک دەکات.

١٢٦٣- سەربار لەبن باری گرانترە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ وەک ئەوە دیاری لە قیمەتی شتێک زیاتر بێ و بار لەژێر بارگرانتر بێ و بەم شێوەیە.

١٢٦٤- سەری ئاشە و بنی ماشە:

بۆ کابرایەکی زۆرخۆر وە یان نارێکوپێک دەگوترێ.

١٢٦٥- ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار:

ئەوە بۆ کابرایەک دەگوترێ ساڵ بەساڵ خراپتر بێ نەوەک باشتر کەچی مەفرووز وایە ساڵ بەساڵ باشتر بێ چونکە مرۆڤ لە پێشکەوتندایە بەڵام هەندێ ئیشی بە پێچەوانەوە...

بەرەواژی ڕێک دەکەوێ و وا دەبێ.

١٢٦٦- سەگ بەهۆی کلکی هێسکی دەشکێنێ:

دوژمنیش زەفەرمان پێ نابا ئەگەر نۆکەری ناوەخۆ نەبێ.

١٢٦٧- سەرت ئەگەر نایەشی سێ تای لێ گرێ مەدە:

یانی ئەگەر چۆن سەرت نەیەشی نابێ دەسرۆکی لێ ببەستی دەبێ بەو شێوەیەش کارێک ئەگەر دەزانی دەردەسەریی بێ سوودت بۆ دروست دەکات دەستی لێ مەدە باشترە.

١٢٦٨- سوار تا نەپەڕی نابێتە سوار یان (سوار تا نەگلێ نابێتە سوار):

واتە مرۆڤ هەتا هەڵە نەکات ڕاستی نازانێ کەوابێ مرۆڤ تا هەڵە نەکات و خۆی و هی تر لەم هەڵەیە سوود وەرنەگرن هەندێ شت هەیە ساغ نابێتەوە وە یا ئێش و ئازار نەبینێ مانای خۆشی نازانێ.

١٢٦٩- سەر قۆزی بن ئاڵۆز:

وەک ئەوەیە کە دەڵێ دوورکوژی نێزیک خەسار واتە ڕووپۆشی وە یا ڕوودیاری جوان و ڕێکوپێکە بەڵام ناوەڕۆک و ژێرەکەی شتێکی ترە و لەم دنیایەدا پڕە لە ساختە و ساختەکاری. شتی وا یەکجار زۆرە ئەگەر پێشان بە هەزاران بووبێ ئێستا بە مەلایین لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤ پەیدا دەبێ.

١٢٧٠- سواری کەرێ عەیبەکە و هاتنە خوارەوەش عەیبەکی ترە، یان (دوو عەیبە):

لەمە دەردەکەوێ لەمەوبەر و لە سەردەمێکدا سواری کەرێ عەیب بووە، ئەم مەسەلەیە نووسراوە ئێستاش مەبەست ئەوەیە پیاو ئەگەر خۆی هاوێشتە ناو کارێک تا تەواو دەکات نابێ بگەڕێتەوە بەتایبەتی ئەگەر بەجێهێشتنی برادەرەکانی تێدا هەبێ وە یا ئەگەر بەڵێن و هەرێ بە یەکێک دەدەیت نابێ پەشیمانبوونەوە هەبێ.

١٢٧١- سەگ بە ئاسمان وەڕینە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە باسی یەکێ لە خۆی بالاتر بکات لە هەموو ڕوویەکەوە و لە ئەندازەی ئەو نەبێ و تەنیا زمانی درێژ بێ و ئەمەش لەم زەمانە زۆر زۆرتر بووە.

١٢٧٢- سەد گوڵە زیوان بە خێرای گوڵەگەنمێک ئاوی دەخواتەوە:

زۆرجـــار هەندێ کـــەس تـــووشـی پاداش و خـــۆشی و ڕێز لێگرتن دەبن بەهـۆی کابرایەکی دلێر و زیرەک کە پێکەوە بووینە وە زۆر بابەتی تری هەیە.

١٢٧٣- سەگی هار عومری چل شەوە:

هەر کـابرایەک دەسـتی بـەزۆر کـوناندا کـرد و دەسـتی لە زۆر شـتی خـراپ وەردا ئاخیری وەکی سەگی هار تێ دەچێ.

١٢٧٤- سەگی نان بدە بەڵام سفڵەی نان مەدە:

بەڕاستی سەگ زۆر بەوەفاتر و بەئەمەکترە لە هەندێ مرۆڤ بۆیە دەگوترێ سـەی نان بدە بەڵام سفڵە و سپڵە و بێ وەفا نان مەدە.

١٢٧٥- سواری خەڵکی هەر پیادەیە:

زۆر ڕاستـە چونکە دەبێ هەر بیداتەوە واتە مرۆڤ هەر شتێک ئەگەر ماڵی خۆی نەبێ سـوودی نییـە و بەئامراز و هێزی خـەڵک هـەر کارێک ئەنجام بدەیت بەڕاسـتی خێری تێدا نییە.

١٢٧٦- سنگی بەرئاگری بێ کوتەکە یا (بێ کوتکە):

لەبەر ئاگری دانیشـی و جێگەت گـەرم و نەرم بێ قسـەی زل زۆر نەبێ شـیـری بە گوێی دەگرێ و فیل خۆی لەبەر ئاگری.

١٢٧٧- سەری دەخورێ بۆ گۆنگەلان:

بۆ یـەکـێک دەگـوترێ کـە زۆر حـەز لە شـەڕ و ئاژاوە و تێک هەڵچـوون بکات جـا هەندێک بەهۆی ئازایی و هەندێکیش بەهۆی پیاوخراپی.

١٢٧٨- سەری زمانی خۆم سووتاندییە:

یانی کابرایەک زۆری بەسەر هاتبێ و لە زۆر شت خۆی دوور بگرێ و قسە لە هەموو شت نەکات ئەمە دەگوترێ.

١٢٧٩- سەری هار و ماری تێدایە:

بۆ شتێک دەگوترێ کە زۆر شتی سەیر و نەگونجاو لەگەڵ یەک پێکەوە لە جێگەیەک هەبێ.

١٢٨٠- سەد ڕۆژ چەک یەک ڕۆژ گەڕەک:

دەبینی کابرایەک سەرتاسەری عومری خۆی چەک هەڵدەگرێ بەهۆی ئەوەی دوژمنی هەیە، ڕۆژێک چەک لە خۆی دوور دەکات تووشی دوژمنەکەی دێت. بۆیە دەبێ ئەوەی چەک هەڵدەگرێ بەردەوام لە خۆی دوور نەخاتەوە وەک هاوڕێی لەگەڵدا بێ.

١٢٨١- سەبر تاڵە بەڵام بەری شیرینە:

واتە مرۆڤ لە ئارامگرتن خێری وەدەست دەبێ و دەبێ هەموو کات هەوڵ بدات لە زۆر ئیش و کار ئارامی و پشی درێژی و سەبر بە خۆیەوە ببینێ.

١٢٨٢- سەی ڕاو دەنێ بۆ نانێکی:

بۆ کابرایەکی ڕەزیل و قرچۆک دەگوترێ.

١٢٨٣- سەرتاشین بێ تیف تیفە نابێ:

واتە پیاو ئەگەر خۆی هاوێشتە ناو کۆسپ و تەگەران دەبێ خۆی لەبەر هەندێ ناخۆشی بگری.

١٢٨٤- سۆری شینی دەکا خەڵکیش پێ قەرزار دەکا:

واتە وەک ئەوەیە بە کەرێوە دەنێ و دواییش شەهادەی پێ دەینێ وە یا بەخۆی کارێکی خراپ و قەڵپ دەکات خەڵکی پێ ئیتیهام دەکات و خۆشی لەبەر دەردەکات.

١٢٨٥- سێ شت هەن بێ مـوسـەمما (تەیری عـەنقـا- شـاری جـابولقـا- پلاوی خانەقا):

زۆر ڕاسـتـە کـە زمـان دەست ناکـەون و هەر ناویان هـەیە و ئەمـەش لە کـاتێکدا دەگوترێ ناوی شتێک زۆر بێ و بەلام دیار نەبێ.

١٢٨٦- سەری گەورەی بەوی وەندراوە:

بۆ یەکـێک دەگـوترێ لـە نێـوان هەندێ دۆست و برادەر بکەن بە ڕیشـسـپی و بەتایبەتی کە دەچن بۆ چێشتخانە و ئەمەی پێ دەڵێن.

١٢٨٧- سەد ڕەحمەت لە کفندزی:

کـابرایەک پێشـتـر لە جـێگەیەک دەسـەلاتدار بێ و خـەڵکەکە لەو نارازی بن و ئەو نەمێنێ و یەکی تر بێتـە جێگەی و بەلام زۆر خـراپتر بێ جـا دەڵێن سـەد ڕەحمـەت لە کفندزی و مەسەلەی لەسەر هەیە.

١٢٨٨- سەگ لەبەر دەرگەی ماڵی خۆی دڕترە:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە ماڵی خۆی و لە هەندێ جێگە قسەی زۆر زل و قەڵەو بکات بەلام لە جێی پێویست دەوی لێک نەدات.

١٢٨٩- سەگی حەوت گوندانی پێ وەڕیوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر خۆی بە نەجیبزادە حیساب بکات و وای نیشـان بدات لەناو لۆکـە گەورە کـراوە کـەچی کابرایەکی زۆر هەژار و بێچـارە بووە و ئەمـەی بۆ دەڵێن.

١٢٩٠- سەر زندی پاشەڵ مردی:

بۆ کـابرایەک دەگوترێ لە قونەوە هەموو قسـەیەکی دەکات و قورحـەکانی زۆر زلن بەلام بەکردەوەش هیچی لە دەستی نایێ و لە جێگەی خۆی ناتوانێ بجووڵێتەوە.

١٢٩١- سەرپیکی خۆش کرد و خەڵکی پێ وەرکرد:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە لە شـایی و کـاری وەک ئەو پێش قـەلەور بێ و لە دواییـدا خەڵکی پێ وەربکات.

١٢٩٢- ساوارە کابان هارە:

ڕۆژێ کابان شـیوی سـاواری هەبێ توورەیی لە نێـوچەوانی دەباری و لە کـاتێکدا دەگوترێ یەکی تریش بەم شێوەیە توورە بێ.

١٢٩٣- سەری دوو بەرانان لە مەنجەڵێکی ناکوڵێ:

واتە دوو گـوندۆرە بە دەسـتـێکی ناگـیـرێ و دوو کـێـخـوا لە گـوندێکی نابێ و دوو سەردار لە جێگەیەکی نابێ و...

١٢٩٤- سنگیان لە کابرایەکی دەکوتا دەیگوت ئەو تەقەتەقە چییە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە نەزانێ چی بەسـەر هـاتووە و وا بزانێ نە بای پێ کەوتووە نە باران.

١٢٩٥- سیری بخوا و زوورنای لێ بدە:

وەک ئەوەیە کە دەڵێ (با لە گوپی خۆی بدات) واتە کەس حسـابی بۆ ناکات و ئەو قیمەتەی نییە وەک خۆی بۆ خۆی حساب دەکات.

١٢٩٦- سەری کەچەڵان دەچنە باغەڵی گەردەن زەران:

ژیان ئەوەیە زۆر شتی ناهـاوتا و نابەجێ ڕوو دەدات وەک ئەوە زۆر پـیاوی کەچەڵ و پۆخڵ ژنی زۆر جوانیان دەس دەکەوێ.

١٢٩٧- ساوار ئالیکی مێردانە:

واتە ئەوەی خواردنـی ساوار بخوات توانای زۆر دەبێ و وایان دانـا وەکی خواردنـی کەسانی بەهێز و توانا و دلێر بووە.

١٢٩٨- سەی بە پیستەوە دەخوات:

بۆ کـابرایەک دەگـوترێ حـەڵاڵ و حـەرامی نەزانێ و حـەرام لەلای ئەو ئەوەیـە کـە

دەست نەکەوێ و هەتا شتی پیسیش بۆی رێک کەوێ لەسەری باز نادات و هەرچییەکی لە بەردی نەرمتر بێ دەیخوات.

١٢٩٩- سەری شای بۆ هێناوین بۆیە وا منەتان دەکات:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کاری زۆر گرینگ و سامناکی نەکردبێ بەڵام وا نیشان بدات کە ئەو زۆر موهیمە و ئەو کەسی ئەو نەیکوژێ ناکوژرێ و ئەوەی ئەو بیەوێ لەناو دەچێ و خۆی ناگرێ.

١٣٠٠- سەرێک لەگەڵ سەران نەبێ بۆ برین چاکە:
واتە هەر پیاوێک کە لەگەڵ ئاوەڵ و دۆست و کەسوکاری خۆی ئامادەی ناخۆشی نەبێ بۆ لەناوبردن باشە.

١٣٠١- سەر بڵند بکە و خوا ببینە:
بۆ یەکێک دەگوترێ بێ بەختی زۆر بکات.

١٣٠٢- سەری گوریسی کورت بوو نەگەیشتە تۆ:
یەکێک پرسیار دەکات لە شتێک بەو پێوەندیی نەبێ و پێ درێژی بکات و ئەوەی تریش وای پێ دەڵێ واتە مرۆڤ نابێ لە شتێک پرسیار بکات وە یا خۆی تێدا هەڵبقوتێنێ.

١٣٠٣- سۆرە بۆم ساز داوی ئەگەر بۆت سەربگرێ:
یەکێک بە یەکێک دەڵێ فلان شتم بۆت ساز داوە ئەگەر سەربگرێ و دیارە کاتی خۆی ئەوەی قسەی لەگەڵ کراوە سۆر بووە وە یا یەکێک لەگەڵ ئالەتەکەی خۆی قسەی کردووە و وای وتووە و ئێستاش بۆ کارێک یەکجار زۆر حەزی لێ بکات.

١٣٠٤- سێ شت پەسندن: منداڵی چڵمن - گۆلکی زگن - جاشکی کوڵکن:
واتە کاتی خۆی ئەم سێ شتە لایان پەسند بووە و ئێستاش ئەمە تا ڕادەیەک زەمانی نەماوە و دەوری بەسەرچووە.

١٣٠٥- سەد بەردی بە بابی داداوە چۆنی هەڵاخنیوە وای دەریناوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە باوکی خۆی تێپەڕ بێ وە یا وەکی خۆی بێ و لە باوکی کەمتر نەبێ.

١٣٠٦- سەد بەردی بە دوا فڕێ بدە:

بۆ شتێک دەگوترێ لەگەڵ کابرایەک بێتەوە و شتەکە زۆر بەد و خراپ بێ.

١٣٠٧- سەری بێ ناز لەسەر بالیفی خەوی لێ ناکەوێ:

واتە مرۆڤ چۆن خووی گرت هەر وا دین و عادەتی خۆی پێ خۆشە بۆیە یەکێک فێرە ئەوە بێ سەر لەسەر بەرد دانێ لە کاتی خەوتن ناتوانێ سەری بخاتە سەر سەرین و خەوی لێ بکەوێ و...

١٣٠٨- ساحێب مەڕ ئەگەر لە گورگ بترسابوایە مەڕداریی نەدەکرد:

واتە مرۆڤ هەر کارێک بکات نابێ لە هەندێ شت بترسێ و نەبێ ملی پێوە نێ پاش هەندێ لێکدانەوە و دیارکردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەنجامدانی و مانایەکی تریش مرۆڤ نابێ بە قەرز بترسێ.

١٣٠٩- سم سمی خەرە - چەنگ چەنگی مەیاسە - سەرم سوڕمایە لەم دەنگوباسە:

شتێک کرابێ و دوو نیشانەی هەبێ نیشانەیەک وا بێ فلان کەس کردبێ و نیشانەی تر ئەوە بێ یەکتر وەک ئەم ڕووداوە ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

١٣١٠- سەگ و مزگەوتیان نەگوتییە:

کابرایەک دەیەوێ کارێک بکات کە لە شانی ئەو نەوەشێتەوە و ئەو پیاوە نەبێ ئەم کارە چاکە بکات ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٣١١- سەری کەچەڵ با لەبن کلاوی بێ:

کابرایەک هەبێ عەیبدار بێ و زمان درێژی بکات و یەکی تر پێی دەڵێ با سەری کەچەڵ لەژێر کلاوی بێ.

١٣١٢- سیرم خوارد زمانم سووتا:

له کاتێکدا یەکێک ئەمە دەڵێ بەڵێنێکی بە یەکێک دابێ و ئەویش پەلەی لێ بکات و ئەمە دەڵێ.

١٣١٣- سەر و ماڵم لە تۆ درێغی نییە، بزن لە چواردە شایی کەمتر نییە:

شایی جۆرە پارەیەکە بۆ سەردەمێک لە ئێران رەواجی هەبووە ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە فلسێک لە هەقی خۆی کەمتر نەدات و ئەمەش بڵێ واتە هیشکە پیاوەتییان دەکات.

١٣١٤- سەگی خۆڕیی دوایی کاروانی کلکی ناوە لە ناوگەلانی:

بۆ یەکێک دەگوترێ بە نوزە نوز کە بەدوای خەڵک بکەوێ و خۆی قیمەتی خۆی نەبێ.

١٣١٥- سرکە هەر چەندی ترش بێ زەرەری خۆیەتی:

بۆ یەکێک دەگوترێ زۆر تووڕە و توندوتیژ بێ واتە هەر خۆی زەرەر دەکات خەڵکی تر کەمتر زەرەر دەکات.

١٣١٦- سەگی گورگ خنکێن لە دێڵی خۆڕی هەڵناکەوێ:

واتە مێیینە چ لە مرۆڤ بێ وە یا لە گیاندار سەرچاوەی باش و خراپییە بۆیە ئاسان نییە لە دێڵی خۆڕی سەگی گورگ خنکێن هەڵکەوێ هەروەها لە ئافرەتی بێ کەڵک کوڕ و کچی چاک زۆر زەحمەتە هەڵکەوێ.

١٣١٧- سەگ لە ڕاستی ژنان بێدەنگ دەبێ تەنیا سەگە خۆڕی نەبێ:

سەگ وەک حەیوانێکی کەم و زیرەک و بە ئەمەک زۆر شت لە مرۆڤ فێر بووە و بۆیە کە کەسانی غەریبە بێن بۆ ماڵی خاوەنی پێی دەوەڕی و ڕێگەی پێ دەگرێ بەڵام لە ئاستی ژنان بێدەنگ دەبێ و زۆر کات ڕەچاوی شەرم و ئەدەب و ڕێزگرتن دەکات بەڵام هەندێ سەگی خۆڕی ڕەچاوی ئەم دەستوورە ناکات و ئەمە لە

ئادەمـیـزادیش هـەردوو جـۆر بـەرچاوی دەکـەوێ بۆیە نـابێ گلەیی لە سـەگـەکـە بکرێ چونکە هـەردووکی لە ئادەمیزاد فێر بووینە.

١٣١٨- سێ شت هـەن پەسند نین: ساڵی دوو بەهـار - کچی فۆتە لار - کوڕی گوێ بەگوار:

واتە سـاڵێک زسـتـانیش بەهار بێ و خـۆش بێ بـاش نـیـیـە چـونکە ئاو نـابێ و کشـتوکـاڵ خراپ دەبێ و کیژەکیش هـەر خـەریکی خـۆجوانکردن و ڕازانـەوەی خـۆی بێ و نەخـەریکی کـار بێ ئەویش سـوودی چی دەبێ و کـوڕیش عـادەتـی ئافـرەتان هـەڵگرێ بێگومان سیفەتەکانی خۆی لە دەست دەدات و ئەوەش زۆر خراپە.

١٣١٩- سەد ڕەحمەت لەو دایکەی کە شیری پێت داوە:

ئەمـەش نیشـانەیەکی تر کـە دایک بۆ منداڵ سـەرچاوەی بنەڕەتی ژیان و نەریت و ڕەوشتی مرۆڤییە بۆیە وتوویانە لەبارەی کەسێکەوە سەد ڕەحمەت لەو دایکەی بێ کە شیری سپیی پێت داوە.

١٣٢٠- سێبەری بەردی بەقای مێردی:

ئافرەتیش بۆ بەرگری لە مـافی خـۆیان و دەربڕینی هـەسـتی خـۆیان ئەمـەیان وتووە کە سێبەری بەردی چەند دەوامی هەیە وەفای هەندێ مێردیش بەم شێوەیە بەڕاستی ئەوانیش ڕاسـتـیـان وتووە و هەندێ پـیـاویش هەن کـە بەرامـبـەر بە ژنی خـۆیان زۆر خـراپن و بەچـاوی سـووک تەمـاشـایان دەکـەن و کـە هەقـە ئافـرەت بە چـاوێکی زۆر بەڕێزەوە تەماشایان بکرێ.

١٣٢١- سابوونێکی لەبنی پێی دا، تۆقی سەری بە عەردی دادا:

لە کـاتێکدا ئەمـە دەگـوترێ کـە یەکـێک بەقـسـە وە یا بە کـردەوە بە شـێـوەیەکی زیرەکـانە دوژمنی خـۆی وە یا ناحـەزی خۆی وە یا کـابرایەکی تر فـێـڵـی لێ بکات و پشتی سەری لە عەردی بدات.

١٣٢٢- سەرتان لێ شێواندم خوا سەرتان لێ بشێوێنێ:

یەکێک ئەمە دەڵێ کە دۆست و برادەرانی خۆی کارێکی لەگەڵ بکەن و سەری لێ بشێوێ و لەم کاتەدا ئەوە دەڵێ و دەبێ مرۆڤ هەموو کات وریا بێ فێڵی لێ نەکرێ.

١٣٢٣- سەد جەردە لاتێک ڕووت ناکەنەوە:

چونکە لات هیچی نییە تا بتوانن لێی بسەنن و ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەکی تواندار لە دژی کابرایەکی هەژار هەڵی بە کردارێکی نالەبار و هەژار بێ چارەکە ئەمە دەڵێ.

١٣٢٤- سوار ئاگای نییە لە پیادە:

یانی ساغ ئاگای لە ناساغ نییە و هەبووی ئاگای لە نەبوونی نییە.

١٣٢٥- ساڵێک ڕاوەستایت مانگێکیش ڕابوەستە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ لە گڕ کارێک بێ و ماوەیەکی زۆر سەبری گرتبێ بەڵام لە هیکەوە پەلەی لێ ڕوو بدات ئەمەی بۆ دەڵێن و مەبەست ئەوەیە ئاراس و ئاکامن.

١٣٢٦- سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە زەرەری هەیە:

وەک ئەوەیە مەلایەک بانگی دەدا و کابرایەکی سەرداری نەزانی گوێی لێ بوو وتیان ئەمە بانگی محەمەدی ڕەسووڵە و وتی بۆ پەز زەرەری نییە ئەوانیش وتیان نەخێر وتی کەوابێ زۆرباشە و ئەمەش نزیکەی وەکی ئەوە.

١٣٢٧- سەگی خۆڕی گورگی لە خۆی بەردەدات:

زۆر خەڵکیش هەیە بەقەدەر لێدانی خۆیان قسە دەکەن.

١٣٢٨- سەروکانی شێلوو بوو، جۆگە ڕوون نابێ:

زۆر ڕاستە و هەموو کارێک لە سەرچاوەی خراپ دەبێ.

١٣٢٩- سێ کەس نەزانن لە دنێ: ئەوەی ماڵی دەباتە ماڵی بابی ژنی - لە هەورازێ دەکێشێ تووتنێ - ئەوەی دەچێتە ڕێگە بەتەنێ:

ئەمانەش زۆر ڕاستن و هەقە ئەم سێ شتە نەکرێ و هەوڵ بدرێ پێچەوانەکانیان بکرێت.

١٣٣٠- سەری دەتاشی و ئاوێنەش دەداتە دەستی:
سەرتاشین لە زەمانی کۆن زۆر عەیبەکی گەورە بوو بەتایبەتی بۆ ژنان و ئاوێنەش بدرێتە دەستی دیارە عەیبتر بووە و ئێستاش زۆر کاری وا بەدۆست و برادەران و هاونیشتمانی خۆیان دەکەن.

١٣٣١- ساحێبی مەڕان چوونە لای ساحێبی کەران بۆ ڕوونی سەران:
بۆ هەندێ کاری بەرەواژی دەگوترێ.

١٣٣٢- سەگ وەڕی کاروان تێ پەڕی:
هەروەک جارێکی تر باس کراوە ڕێگەی ڕاست و دروست بگرە کەس ناتوانێ ڕێگەت پێ بگرێ.

١٣٣٣- سوارە و پیادە ئەگەر هەوەسیان لێ بێ دەستە و موشتاق دەکەن:
واتە ئەگەر دوولا ئارەزووی هاوکاری و برایەتییان هەبێ هەر چۆنێ هەبێ دەتوانن پێ بگەن با یەک لە بڵندی بێ و یەکیش لە نزماییدا.

١٣٣٤- سەگ بەگورگەلوقە خاوەن ماڵ بەڕەوت هەر پێکەوە دەگەنەوە ماڵ:
چونکە سەگەکە نابێ خاوەنی بەجێ بێڵی و دەبێ هەردووکیان پێکەوە بگەنە ماڵ لەم دنیایەشدا زۆر کاری وا هەیە کابرایەکی چەندی هەوڵ بدات بۆ پێشەوە بچێت هەر دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی چونکە ناحەزی زۆرن و ماوەی نادەن و لەلایەکی تر ئەوەیە نابێ پیاو لە هەندێ کار پەلە بکات.

١٣٣٥- سەیێ ماخۆ ڤەچەغاندی خەڵک بەر تێ فڕاندی:
واتە ئەگەر تۆ لە بەرچاوی خەڵک منداڵی خۆت ڕووشکێن بکەیت و خەڵکیش قەشمەرییان پێ دەکات و...

١٣٣٦- سەرچۆپی بدرێتە سەگی بۆ لای سەبەتە نانی دەبات:

ئەگەر کار بدرێتە دەستی خەڵکی نەباش بۆ لای خراپەی دەبەن و هەروەک سەگ هەر چاوی لە قەسەبخانە و سەبەتەی نانییە.

١٣٣٧- سەگی نوستوو وەخەبەر مەهێنە:

مەبەست ئەوەیە هەتا سەگیش کە خەوت هەق نییە بە خەبەری بهێنن و ئیحتیمالە مانای تریش هەبێ.

١٣٣٨- سەرمایەت چەندە؟ وتی قەرزار نیم:

واتە مرۆڤ ئەگەر قەرزار نەبێ سەرمایەی زۆرە.

١٣٣٩- سەگی خۆت بترێنێنتەوە هێشتا لە خەڵکی تر باشترە:

بۆ یەک کەس دەگوترێ خەڵکی باسی بکەن بە خراپە و ئەویش بەرگریی لێ دەکات و لە بەرپەچی خەڵکیدا بەو شێوەیە دێتە وەڵام.

١٣٤٠- ساڵ ڕەشە بەشە:

لێرە بەشە یانی بێ خێر واتە مەبەست ئەوەیە کە ساڵێک بەخێر نەبێ و زستان ڕەش بێ ئەم ساڵە خراپ دەبێ و نەهات دەبێ.

١٣٤١- سفرەی کەلەمییا زگ وەک گەمییا:

ئەوەش وەسفی خواردنێکی تر و لەناو کوردان هەموو شتێک بەپەند و مەسەل باس لەسەر کراوە هەتا خواردن و زۆر شتی تریش.

١٣٤٢- سەگ بە کۆلیتی خۆی دانامیزێ:

واتە هەتا سەگ بە کۆلیتی خۆی دانامیزێ بەڵام هەندێ بنیادەم هەن بەگەل و وڵاتی خۆیان خیانەت دەکەن.

١٣٤٣- سێ شت زۆر ناخۆشن: قرەقرِی قەرداری -مشەمشی زرِبابی- چکەچکی دوولەپەی:

بەراستی ئەم سێ شتە زۆر ناخۆشن و زەمانی کۆن هەرسێک باویان هەبوو لە کوردستاندا بەڵام ئێستا کەمتر بووینەوە و ئومێدەوارین وا رِۆژێکی نزیک هەر لەناو بچن.

١٣٤٤- سێ چشت هەن دڵ ئێش: موترب و مشک و مێش:

ئەم سێ شتەش لە کوردستان باویان بووە و خەڵک رِەنجی کێشاوە لە چەنگیان و تا ئێستاش مشک و مێش ئازاری خەڵک دەدەن.

١٣٤٥- سەر دەڵێ بە زمانی هەتا ئەتووم جیرانی خۆشیم نابێ لە گیانی:

بەراستی زمان جیرانێکی چاک و خراپە بۆ سەر گەر باش بەکار بێنی باشترین هاوسێیە و ئەگەر بەرەڵڵای بکات و راست و چەپ کار بکات و لە هیچ نەپنگێتەوە خراپترین دراوسێیە بۆ سەری مرۆڤ.

١٣٤٦- سەری پیری لەبەر دەرکی ماڵی نەزانی:

مەرِوماڵات و وڵاغ کە پیر بوو سوودی نامێنێ خاوەنی عاقڵە دەیفرۆشێ و کابرایەکی نەزان دەیکرِێ.

١٣٤٧- سەگ بە بەلاش ناوەرِی:

واتە وەرِینی سەگ نیشانەی ئەوەیە یان دز وە یا گورگ وە یا دەعبایەکی تر لەو ناوە پەیدایە.

١٣٤٨- سەرکزی دڵ وریا:

هەن بە سەروکەللە زۆر بێ چارەن بەڵام بە دڵ وریان و زیرەکن.

١٣٤٩- سەری دەشکێنێ و پرِی کۆشی گوێز دەکات:

وەک گیسکەکەی هەیاسی لێ دەکات و قەڵەوی دەکات و دوایی فەرخە گورگی تێ بەردەدات.

١٣٥٠- سەبە ژ قەومێ خۆ بە:

واتە مرۆڤ هەرچی بێ لەناو میللەتی خۆی بێ و دژی قەومی خۆی نەبێ.

١٣٥١- سلاو لە سفرەی حازرە:

واتە چ لە گۆڕە ئەو لە باوە.

١٣٥٢- سەد چەکوچ و یەک سندان:

بۆ کابرایەکی کەللەڕەق و هیشکە پیاو بەکار دێت.

١٣٥٣- سەبارەت بە سەری بازان کۆلارە دەخوێنن لە ڕازان:

هەروەک وتمان سەد گوڵەزیوان بە واسیتەی گوڵەگەنمێک ئاوی دەخواتەوە؛ هەروەها زۆر خەڵکی تر هەیە بە هۆی خەڵکی ئازا و زیرەک ڕێزیان دەگیرێ و ئیحتیرامیان هەیە و ژیان دەبەنە سەر.

١٣٥٤- سەری بێ ڕزق لەبن گڵێدایە:

واتە ئەگەر سەرێک بێ ڕزق بوو بۆ بنی گڵی باشە وە یا ئەگەر یەکێک بێ شانس بوو قوڕی لە سەری خۆی بدات زۆر باشترە.

١٣٥٥- ساغ دەبن شوێنێت خەنجەرا ساغ نابن شوێنێت خەبەرا:

واتە ئەو شوێنەی زمان بریندار بکات و زامدار بێ بە ئاسانی برینەکەی سارێژ نابێ بەڵام شوێنی خەنجەر و تیر و شتی تر ئاسانترە بۆ چاکبوونەوە. مەبەست ئەوەیە لە پاشملە باسکردن کارێکی زۆر خراپە و لە ئاینی ئیسلام (غەیبەت)ی پێ دەڵێن و بە گوناهێکی زل حیساب دەکرێ بەڵام بە داخەوە ئەم جۆرە گوتنانە زۆر باوە.

١٣٥٦- سەری نە بە سەرێک ڤە ناچی دەڤێک ڤە:

واتە دوو کەس ئەگەر لە کار وە یا لە پێشەوە یا لە بیروباوەڕ لەیەک نزیک نەبن

پێکەوە ناتوانن بژین وە یا کوڕ و کچێک ئەگەر ئارەزوویان لەیەک نەبێ بۆ لای یەک ناچن.

١٣٥٧- سیرمەش زۆری لێک ڕاکێشێ ئاخیری هەر دەپسێ:

یانی سیرمە زۆر ئاسان نییە بەڵام کە زۆرت لێک ڕاکێشا بێگومان هەر دەپسێ وە مــردی ئەگــەر زۆر دەست بە زگی داهات لەوانەیە شــتی پیــسی لێ دەرچێ بۆیە فشارهێنان بۆ خەڵک شتی تری لێ دروست دەبێ.

١٣٥٨- سەری گەورە بێ عەلامەت نییە:

زیاتر ئەمە بۆ کابرایەکی سەرزل و نەزان بەکار دێت.

١٣٥٩- سەرسەدەی درۆیان کورتە:

بێگومان ئەوەی درۆیان دەکات سەرسەدە کەواتە سەرقزگە و سەرحەدی نزیکە و زوو دەردەکەوێ.

١٣٦٠- سەد گوڵەجۆ بە قوربانی یەک گوڵەگەنم بێ:

بەڵام لەم زەمانە جۆ زۆر لەباوە هەتا کاش نرخی زۆر هەڵساوە.

١٣٦١- سۆر فشن ڕەش بە بەشن:

واتە ئەوەی سوور و سپی بێ توانای کەمە بۆ کارکردن و بەختیشی نییە و ئەوەی ڕەش بێ واتە ئەســمەر بێ کارکردەن بەختیشیان باش دەبێ ئەمە زیاتر بۆ ژنان بەکار دێ و ژن بەکاری دەهێنن.

١٣٦٢- سەری هێشتا لە هێلکە نەجوقاوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە کارێک سەری دەرنەچێ.

١٣٦٣- سەری دەخورێ بۆ گۆنگەلان:

بۆ کابرایەک دەگوترێ (لە بەراوان وەستابێ) و چاوی لە شەڕوشۆڕ بێ.

# ش

١٣٦٤- شەڕ لە بەتاڵی باشترە:

مەبەست ئەوەیە شەڕ هەرچەندە زۆر خراپە و شتێکی چاک نییە بەڵام هێشتان ئەو لە بەتاڵی باشترە چونکە بەتاڵی شەڕێکی بە جۆرێکی تر پیسترە و زۆر شتی خراپی لێ ڕوو دەدات بۆیە وا گوتراوە.

١٣٦٥- شەڕ لە بادینان و تۆز لەبەر دەرگەی مە:

بۆ شتێک دەگوترێ کە کابرایەک زۆر دوور بێ لێی و بای ڕەحمەتی بیگرێتەوە و ئەویش ئەمە دەڵێ.

١٣٦٦- شیردا بۆ داپیردا و داپیریش بە کلکە قوڵەی وەدا:

بۆ شتێک دەگوترێ کە زۆر دوور بێ وا بەئاسانی نەگاتە دەست.

١٣٦٧- شەلە نییە و پای سەقەتە:

یەکێک وای نیشان دەدا کە فلان کەس ئەو عەیبەی نییە بەڵام شتێکی تر دەڵێ کە لە عەیبەکە نزیک و پیزیک وەک ئەم مەسەلەیە.

١٣٦٨- شین و شایی بە دەستەوایی:

واتە دەبێ خێر و شەڕ بەهاوبەشی بکرێ.

١٣٦٩- شیوی بە زۆر کابان یان سوێر دەبێ یان بێ خوێ دەبێ:

واتە دەبێ ئیش و کار دابەش بکرێ و هەر کەس بە کارکردن کار و مسئوولیەتی دیار بێ و کەس دەست نەخاتە ناو کاری ئەوی تر ئەگەرنا وەک ئەو خواردنەی بەسەر دێ.

١٣٧٠- شەڕ و نیوەشەڕ هەر یەکە:
بۆیە ئەگەر شەڕ بوو پیاو دەستی خۆی زوو وەچاک بوەشێنێ و چونکە شەڕ و نیوەشەڕ هەر یەکە.

١٣٧١- شەڕەکە لەسەر شیوی مام سوارییە:
یانی شەڕەکە لەسەر تەماع بووە و بۆ شەڕێک دەگوترێ کە بۆ قازانجی چەند کەسێک بێ.

١٣٧٢- شەرم تنۆکێکە ئەگەر ڕژا هەڵناگیرێتەوە:
هەروەهاش دەگوترێ شەرم وەک تنۆکی خوناوە کە بەربووەوە هەڵناگیرێتەوە وە یا شەرم تنۆکێکە ئەگەر ڕژا ڕژا. بەڕاستی وایە (حەیا پەردەیەکە ئەگەر دڕا پینە ناکرێ).

١٣٧٣- شیوی خۆش ئاشتییماڵییە:
واتە هەبوون خێزان و کۆمەڵ تووشی خۆشی و ئاشتی و کۆکی دەکات.

١٣٧٤- شەموو نەحسە لە کەس کەسە:
لە کۆندا ڕۆژی شەمووان بەنەحس و خراپ دەژمێردرا بەڵام بۆ هەموو کەسیش وا نەبووە مەبەست ئەوەیە هیچ دەستوور و قاعیدەیەک گشتی نابێ.

١٣٧٥- شەڕی بەیانیان باشترە لە خێری ئێواران:
مەبەست ئەوەیە مرۆڤ سەرلەبەیانیان کار وە یا ڕێکردن وە یا هەر شتی تر دەستی پێ بکات باشترە، چونکە ئێوارە شەوی بەسەر دادێ و کاری شەویش لە زەمانی کۆندا زۆر مەترسیی تێدا هەبووە بۆیە وا گوتراوە.

١٣٧٦- شەو قەڵای میرانە:
واتە پیاوی زرنگ و چەلەنگ بە شەو دەتوانن هەموو شتێ کە بە ڕۆژ ناتوانن بکەن بە شەو ئەنجامی بدەن بە تایبەتی مەسەلەی شەڕ و تۆڵەسەندن و شتی تر.

١٣٧٧- شەوی خۆش لە ئەنگۆرەوە دیارە:

واتە شەوی زستانان کە خۆش بێ لە ئێوارە دیارە وە هەموو کاری تریش لە سەرەتایەوە باش و چاکیی دەردەکەوێ.

١٣٧٨- شەڕی مێرد و ژنان تا ماڵ نوستنان:

زۆرتر وایە ژن و مێرد کە بەشەڕ دێن وە یا لەیەک تووڕە بن درێژەی تا کاتی خەوتن و ئیتر بۆ خۆیان ئاشت دەبنەوە بەڵام هەندێکیان لەمەی تێ دەپەڕێنن و کار لە کار دەترازێ.

١٣٧٩- شەڕ لە شۆ نەک لە تۆ:

زۆر پێویستە هەموو شتێک لە سەرەتایەوە چارەسەر بکرێ و ڕوون بکرێتەوە و نەخرێتە کاتێکی ناسک و پڕ مەترسیی تر وەک ئەوە ئەگەر لەسەر زەوییەک کێشە هەبوو لە کاتی شۆبڕین واتە سەرەتای جووتکردن چارەسەر بکرێ نەوەک لە کاتی تۆوکردن و درەو و ئەو کاتە زۆر مەترسیی تێدایە و لە کۆندا زۆرجار زەلامی لەسەر دەکوژرا.

١٣٨٠- شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کۆرە کرد:

واتە پەلەی زیاتر لە پێویست کارێکی زۆر خراپە و مرۆڤ زیانی لێ دەبینێ.

١٣٨١- شێخ بە و لەسەر بەردی بە:

لە کاتی خۆی شێخەکان بەهۆی دینداری ڕێزیان زۆر بوو و لە هەموو لایەک شتیان بۆ دەهات و ژیانیان زۆر باش بوو و پیاوی چاکیان تێدا هەبوو و پیاوی خراپیشیان تێدا هەبوو و هەر بەناو شێخ بوون بۆیە خوا لێخۆشبووی حاجی قادر وتوویەتی "بەڵێ شێخ قوطبە ئەمجا قوطبی ئاشە بە نان و نیعمەتی خەڵکە گەڕانی" واتە ئەوەی شێخ بوو ژیانی خۆش بوو و لەسەر بەردیش بێ بۆی پەیدا دەبێ.

١٣٨٢- شەڕ بە شیران، بازاڕ بە دراوان:

واته دەبێ هەر شتێک ئامراز و هۆ و وەسیلەی خۆی بۆ دابین بکرێت هەروەها دەگوترێ (شەڕ بە شیران ماملّەت بەدراوان).

١٣٨٣- شێر لە بێشان خلاّس نابن:
واته لەناو هەر بنەماڵە و کۆمەڵێکدا خەڵکی ئازا و دلێر دەمێنێ و هەڵدەکەوێ.

١٣٨٤- شام شەکرە، ولاّت شیرینترە:
کاتی خۆی شام بە شامی شەریف مەشوور بوو وە خۆش بووە بەلاّم ولاّتی هەر مرۆڤێک لە هەموو جێگەیەک خۆشترە بۆیە دەبینی بەهەزاران کەس لەسەر ولاّتی خۆی بەکوشت دەدات و پێی دەڵێن نیشتمانپەروەر لەبارەی شامەوە مەسەلەیەکی تریش هەیە دەڵێن "ئەوەل شام و ئاخیر شام".

١٣٨٥- شەرع سنگە، حوکم دینگە:
واته دەبێ لە هەموو ولاّتێک و لە نێوان هەموو میللەتێکدا شەرع و یاسا و دەستووری تایبەتی خۆی هەبێ و حوکمیش لە دەوری بگرێ وەک دینگە و پارێزگاریشی لێ بکات.

١٣٨٦- شەلم کۆرم ناپارێزم:
لە کاتێکدا ئەمە دەگوترێ کابرایەک وە تاقمەک ڕاست و چەپ بداتە بەری و چاک و خراپی نەزانێ.

١٣٨٧- شتی بپێژە ئەوجا بیبێژە:
واته قسەکردن پیشەیەکی لێکی بدەوە و هەڵی بژێرە و سەرەدەری بکە ئەوجا لە دەوت دەری بکە نەک هەرچییەکی هەتا بەردە و بەرەڵلای بکەیت.

١٣٨٨- شەیتان کەڕ بێ کەس گوێی لێ نەبێ:
واته هەر قسەیەکی خۆت دەیکەیت و بێ پەروا بێ هیچ گومانت نەبێ کە شەیتان زۆرن و بەبای دەکەن و لە هەموو جێگەیەک دەنگ دەداتەوە و ئاگاشت لەوە هەبێ کەس شەیتانی نەدیوە و هەر بنیادەم قسەکانت دەبات.

١٣٨٩- شەڕی ژنان یان لەسەر سەگە یان لەسەر منداڵان:

زۆر ڕاستە کاتی خۆی کە ژن بەشەڕ دەهاتن لەگەڵ یان بە هۆی شەڕەمنداڵ بوو وە یا بەهۆی شەڕەسەگ و ئەمڕۆش لەسەر منداڵ و شتی تر ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێ.

١٣٩٠- شل و مل و چاوبەکل لە بۆ ئیشی بێ دەست و پل:

زۆر ئافرەت هەن هەر خەریکی خۆیانن و کاتی خۆی بە کل و کلدانەوە زۆر مەشغول دەبێ و کلیان لە چاوی خۆ دەکرد و ئێستاش بەشتی تری تازە مۆد بەلام بە ئیش و کار و خوێندن و پەروەردەی منداڵانیان هەوەس و کللەیان بەلایەوە ناچێ و مێردی و منداڵانی بەدبەخت دەکات و خێزانێکی بەختەوەری لێ دروست نابێ.

١٣٩١- شاهێدی ڕێوی کلکە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک شتێک دەڵێ و یەکی تر باوەگۆی دەداتەوە و شایەدیی بۆ دەدات و یەکی تر ئەمە دەڵێ.

١٣٩٢- شێرێکی لە جێگەیەک هێنا و ڕێوییەکیش لە جێگەیەکی تر:

واتە کابرایەک هەندێ شتی نارێکوپێک و نەگونجاو لەگەڵ یەک بهێنێ و تێکەڵی بکات وەک شیوی حەمە شێتی لێ بێ وە یا قسەکانی بەم شێوەیە بێ.

١٣٩٣- شایی بۆ دووانە گڕ لە هەمووانە:

دەبینی بووک و زاوا شایی بۆیان دەکرێ و خۆشی و هەڵپەڕکێ هەموو کەس دەگرێتەوە و لە زۆر شتی تریش وێنەی هەیە.

١٣٩٤- شێخی پێ بەزەنگوڵە:

کابرایەک بووە و گوایە شێخ بووە و زەنگوڵی لە پێی خۆی کردووە و بەئاشکرا زۆر بەدین بووە و بەلام ڕاستیش وا نەبووە و ئێستاش بۆ هەندێ کەسی شێوە بابەت دەگوترێ.

١٣٩٥- شێت هەموو کەسی وەکی خۆی پێ شێتە:
گەلێ خەڵک وان خۆیان چۆنن و وا دەزانن خەڵکیش وایە و دەبێ هەر واش بێ.

١٣٩٦- شەیتان ناوبژیکەریان بێ:
ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ دوو دوژمن وە یا دوو ناحەز خەریکی یەکتر بن و ئەمە نیشانەی خۆشحاڵییە.

١٣٩٧- شەوە لێی دەترسێ:
بۆ یەکێک زۆر ناشیرین و نەپرژای بێ و خەڵک لە دیمەنی بترسێ.

١٣٩٨- شام و دەبان و قەزبێن، خوراسان چارن ناچەمێن:
کاتی خۆی چوار جۆرە خەنجەر پەسند بووینە وەک خەنجەری شام و دەبان و قەزبین و خوراسان و لە کاتی وەشاندن نەچەماون بۆیە وا گوتراوە و بە ئەزموون دەرکەوتوون.

١٣٩٩- شەلە و قولە حەمەدە برمە:
بۆ کۆمەڵێک خەڵکی بێ کەڵک و نەگونجاو تێکەڵی یەک بن و چیان لێ دروست دەبێ.

١٤٠٠- شاخی لێ ڕسکاون:
بۆ جۆرە کەسێکی نامەرد و ئابڕووچووی بەکار دێت.

١٤٠١- شەڕ ئەگەر دەرگەی ماڵی لێ گرتی دەبێ بڵێی بەخێر بێ:
هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد شەڕ کردارێکی چاک نییە بەڵام ئەگەر دەرگەی لێ گرتنی و بۆ بەرگری لە خۆت و ماڵ و نامووس وولات دەبێ پێشوازیی گەرمی لێ بکەیت.

١٤٠٢- شێر کە لە لانی هاتە دەرێ چ نێر چ مێ:

واتە پیـاوەتی و ئازایەتـی و دلێـری نێـر و مـێ نازانێ زۆرجـار وا دەبێ ئـافـرەتی واهەڵکەوتوو و هەڵدەکەوێ سەد بۆرە زەلامی بەخولاّم بی.

١٤٠٣- شەریکی قەلێ دندوکی بە گووە:

واتە ئەوەی بووە هاوکـار و هـاوڕێی پیـاوی خـوێڕی و نـامـەرد ئەویش هەندێکی لە پیسی دەگەڕێتەوە بۆیە دەبێ مرۆڤ لە دۆست گرتن و هاوڕێتی وریا بێ.

١٤٠٤- شێر بە و لەپی خۆت دابگرە و شێخ عادی نایەتە هاواری تۆ:

واتە هەموو شتێک هەر خۆتی و بەتەمای خەڵکی مەبە.

١٤٠٥- شەڕی خەڵکی مەکە بە هی خۆت:

واتە خۆت بپارێزە لە شەڕی لابەلا و شەڕێ کە هی تۆ نییە مەیکە بە هی خۆت.

١٤٠٦- شاباشی خۆت بدە و قیت هەڵپەڕە:

واتە هـەمـوو شت بە پارە و شـتی تـر دەڕوات واتە ئەگـەر پارەت بوو دەتـوانی زۆر شت بکەیت وە لە لایەکی تر ئەگەر ئەرکێکت لەسـەر بوو بەپێی توانا جێبەجێت کرد سەربەرز دەبی و کەس ناتوانێ لۆمەت بکات.

١٤٠٧- شەڕ و شەڕکەر ئاشت بوونەوە، ناوبژیکەر بۆ دار دەخولێتەوە:

دەبینی دوو لای کێشـە ڕازی دەبن بەڵام ناوبژیکەر مـامناوەنـدی ئاگری کێشـەکە خۆش دەکەن چونکە خێریان تێدایە.

١٤٠٨- شایەدی ڕێوی کلکی بێ ئەڤ شۆل بەگوش دەبێ:

هەروەک لەوەوپێش باسـمـان کـرد ئەگـەر شـایەدی ڕێوی کلک بێ دەبێ ئەو کـارە چەرەنگ بێ و چی بەسەربێ.

١٤٠٩- شەموو هەر لە ماڵی جوولەکەیە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە یەکێک کارێکی لەپێش بێ و بەتەمای خەڵکی لێ گەڕابێ

وه یا وای پێ بڵێن و ئەویش وا دەڵێ.

١٤١٠- دیکێ بە سێ کابان هەر بۆسییە:

واتە شـــێـوی بـە زۆر کـابان هـەر بۆن ســۆ و تـام دووکـەڵ دەبـێ وەکی لەوەوپێش باسمان کرد.

١٤١١- شەو دەنوێ بە جلی گایە، بە ڕۆژ دەڵێی قوچ پاشایە:

بۆ یەکێک دەڵێن کە لە ماڵی چ نەبێ بەڵام لە بەرچاوی خەڵک زۆر خۆی بە جوانی و بە کۆکی نیشان بدات.

١٤١٢- شەلە باوان کوێرە باوان:

بۆ ئافرەتێک بێ کەسوکار و بێچارە بەکار دێت.

١٤١٣- شاران بە ئەزرەتی بەغدا دروست بوون تۆش دەڵێی بەغدا وێران بێ:

بۆ یەکێک بەکار دێت کە باسی پیاوێکی گەورە بکرێ بە خراپە و لە جێگەی خۆی نەبێ وە یا باسی کارێکی گرینگ بەخراپە بکرێ.

١٤١٤- شلاقەی باڵ شکاوە:

بۆ کابرایەکی بێچارەی بێ سەروبەر بەکار دێت.

١٤١٥- شەڕ لە شێڤ نەک لە خەرمەن:

هەروەک لەوەوپێش باسمان کرد لەپێشەوە باسی بکرێ و ئاشکرا بێ بەکێشەیی نەمێنێ.

١٤١٦- شایی شاییکەران و خروێ دراوسێیان:

شاییکەر بۆ خۆیان خۆش دەبن و دراوسێ قسەیان لێ پەیدا دەبێ و زۆر کاریش بەم شێوەیە هەیە.

١٤١٧- شەیتان شەرمی لە ڕیشی سپی کردووە:

واتە دەبێ ڕیشی سپی ڕێزی بگیرێ و ڕێزی پیاوە ڕیش چەرمووەکان بگرێ و لە بەردەمیان ڕاست نەبنەوە.

١٤١٨- شەڕکەریش بی دەبێ بەشی ئاشتبوونەوەی تێ بێڵیەوە:

لە کاتی لەگەڵ یەک بەینت تێک دەچێ دەبێ بای چاکبوونەوە و پێکهاتنەوە لای تێ بهێڵیتەوە.

١٤٢٠- شەڕێک بێ خێری منی تێدا بێ:

واتە ئەگەر شەڕیش ڕوو بدات خێری منی تێدا نەبێ با لە دژی دوژمنیش بێ سوود نابێ.

١٤٢١- شەرمی بەراهی باشترە لە شەرمی دووماهی:

ئەگەر مامڵەت و سەودا بوو دەبێ پێشتر ساغی بکەنەوە و شەڕ و کە لەپێشەوە بێ نەوەک لە دواییدا ئەمە لە نێوان دوو دۆست و برادەر دەگوترێ.

١٤٢٢- شەقی لە قسەی خۆی هەڵدایەوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ لەگەڵ وەعدی خۆی درۆ بکات.

١٤٢٣- شەڕ گۆڤەندی مێرانە:

بەڕاستی وایە بۆ کوڕانی ئازا و دلێر شەڕ ئاهەنگی ئەوانە بەڵام بۆ کەسانی ترسنۆک و هیچ و پووچ لە دۆزەخ ناخۆشترە.

١٤٢٤- شیرێ تیژ خۆ ت کاڤلانی ناگریت:

واتە مەیدانی شیران دیارە.

١٤٢٥- ڕەشۆ دەستی خۆ نەخۆ ئاڤا تە دبات:

واتە دەستی خۆت و کاری خۆت.

١٤٢٦- شمشێری ڕاستی کۆل دبت بەڵام ناشکێت:

واتە ڕاستی و دادوەری هی سەرکەوتنە.

١٤٢٧- شۆڤ ڕەش کر دلێت ماخۆ خۆش کر:

دەبینی کابرایەک هەیە کارێکی دەکات و پوش بەسەری دەکات و لای سەرەوە جوانە و خاوەنی دڵی خۆش دەبێ بەڵام زۆری پێ ناچێ لای ناوەوەی دەردەکەوێ کە چییە؟

١٤٢٨- شوغلا بکە ب ئەساس دا دلێ تە نەکەت وەسواس:

واتە هەموو ئیش و کارێک پێویستە ئەساس و پەساسی بە ڕێکوپێکی دابندرێ بۆ ئەوەی تووشی دوودڵی نەبێ.

١٤٢٩- شاقۆلی نەپەیا بت بلا لە چێلەکی سوار بت:

دیارە گرینگ ئەوەیە پێی لە ئەرزی بڵند بێ و پێی بڵێن سوار و بەپێیان نەبێ یا ڕچیلیک بێ واتە مرۆڤ با ناوبانگی باش بێ ئەگەر ژیانیشی باش نەبێ.

١٤٣٠- شولێن ژنا بیست و چوارن ژوا دوو دیارن ئەویش نان و گرارن:

زۆر زۆر ڕاستە ئیش و کاری ئافرەتی بێچارە و هەژار یەکجار زۆرە دیارە ئەوەی گرینگن ٢٤ کارن بەڵام تەنیا دوو سێ کاری دیارە وەک نانکردن و گرار دروستکردن و منداڵ بەخێوکردن بەڵام زۆر شتی تر هەن لە بەرچاوان دیارە.

١٤٣١- شە لەسەری فەقیری دەشکێ:

هەمیشە هەژار و بێچارە و بێدەسەڵات گوناحی دیارە بەڵام دەسەڵاتدار و زۆردار و پوولدار عەیبیان دیار نییە.

١٤٣٢- شێت نییە بەڵکەم شێت تڕێنە:

لەبارەی کابرایەکەوە دەگوترێ کە خۆی بە شێت نیشان دەدات و لەژێر ئەوە فێڵ لە زۆر کەس دەکات و یەکیش دەڵێ بابە شێت نییە بگرە شێتترێنە.

١٤٣٣- شەڕ بە تیران نەک بە تڕان:

واتە شەڕ چەک و تفاقی شەڕی پێویستە و بە قسەی گەورە و تڕەتڕ ناکرێ و ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ هەندێ کەس شەڕ زۆر بە ئاسان و سووک نیشان بدەن.

١٤٣٤- شەڕی خۆتڕێن مەکە:

واتە ئەگەر زانیت لە شەڕێکدا دەدۆڕێنی لە پێشان مەیکە باشترە.

١٤٣٥- شێخ نەباتینە بەڵێ زۆر بسەر هاتینە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کەوا نیشان بدرێ شێخە و شت دەزانی و یەکێکیش دەڵێ باتین نییە بەڵام زۆر بەسەر هاتییە و بە ئەزموون دەزانی.

١٤٣٦- شێر بم شکێنێ ڕێوی نەمخوات:

واتە ئەگەر لێت بقەومێ لەگەڵ پیاوان لێتان بقەومێ نەوەک لەگەڵ پیاوی هیچ و پووچ وە پیاوی گەورە وە پیاو بتکوژێ بەڵام کە کوژرای ڕێوی گۆشتەکەت دەخوات.

١٤٣٧- شیرینی نیڤە کادینی:

١٤٣٨- شۆلا خەڵکی وەکی ئاڤا سلکی:

کاری خەڵکی وەکی ئاوی سڵقە و بێتام و شامە و سوودی نابێ.

١٤٣٩- شێر کە پیر بوو ڕێوی و چەقەڵ گاڵتەی پێ دەکەن:

لە هەموو زەمانێک زۆرە پیاوی ئازا و دلێر کە لێ کەوت خەڵکی ناکەس و خوێڕی گاڵتەی پێ دەکەن.

١٤٤٠- شیری کەرێی خواردووە بۆیە مێشکی لە کار کەوتووە:

بۆ یەکێک کەللە زلی و مێشک پووک و هیچ نەزان بەکار دێت.

١٤٤١- شەیتان لەبن گوێی خوێندووە:

بۆ کـابرایەک دەگوترێ کە شـتـێکی خـراپی زانیبـێ وای پێ دەڵێن وە یا کـارێکی خراپی کردبێ وە یا  خراپ بووبێ.

١٤٤٢- شەیتان داری لەبن کلکی داوە:

بۆ یەکێک دەڵێن تێ بتیزێنێ و لە جێگەی خۆی نەبێ و بۆ بێقیمەت نیشاندانی کابرایەکی وای بۆ دەگوترێ.

١٤٤٣- شەش کەس بچن بۆ بۆقێ ئەگەر نەشکوژن دەتۆقێ:

مەبەست ئەوەیە لەشکری زۆر لەشکری کەم دەڕەتێنێ.

١٤٤٤- شوان ئەگەر شوانە بە کەپەنک و گۆپاڵی جوانە:

هەموو کەسێک و هەموو شتێک بە پێویستییەکانی خۆی جوانە وەک ئەوەی پێشمەرگە بەچەک و تفاق و ڕێکخستنی باش جوانە فەرماندە و ڕێبەر بەئازایی و دادوەری جوانە و ئیتر...

## ع

١٤٤٥- عەقڵی منداڵی ترِی لە کەنداڵی:

واتە عەقڵی منداڵی سووکە و نابێ شتی موهیمی لا باس بکەیت.

١٤٤٦- عەینی تاس و عەینی حەمام:

واتە مرۆڤ لە شتێک ڕابکات تووشی هەمان شت بێتەوە یان دەبینی کابرایەک کە کاری باش ناکات لەو کارە لادەدرێ و یەکی تر دێتە جێگەی بەڵام ئەمەش لەوەی پێشتر باشتر نییە.

١٤٤٧- عوزری لە قەباحەت گەورەترە یان (خراپترە):

کابرایەک دەیەوێ بۆ کابرایەکی عوزرخوازی بکات بەهۆی ئەوە هەڵەیەکی کردووە بەڵام کە عوزرەکە دەڵێن لە خراپە و هەڵەکەی گەورەتر و ناشیرینترە.

١٤٤٨- عومری خۆی لە کودی نەکردووە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە تەسەور دەکرێ زۆر بژی و یەکی تر دەڵێ خۆ عومری خۆی لە کودو نەکردووە و چەند ساڵێکی تر دەژین.

١٤٤٩- عەنزەل بەگوێی مامۆستای یان (حەنزەل):

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک لە کارێک هیچ نەزانێ و بە گوێی خەڵکی بکات وە یا وەکی خەڵکی کات ئەمە دەڵێ یان ئۆباڵ بەملی خەڵکی.

١٤٥٠- عیلم وەک بیرێ بە دەرزی لێ بدرێ وایە:

واتە عیلم و زانست کارێکی ئاسان نییە و دەبێ مرۆڤ لە فێربوون پشیی درێژی هەبێ و لە پێناوی خۆی زۆر ماندوو بکات.

١٤٥١- عیلم دەریای بێ بنە:

واتە زانست ئەو عیلمە بەرفراوانەیە کە ئێستا لە دنیادا هەیە لە دەریاش تێ پەڕیوە و وەک ئۆقیانووسە هەر مرۆڤێک چەندی زیرەک و زانا بێ تەنیا لە گۆشەیەکی بچووکی دەزانی و بە ڕوونتر وەک چەند تنۆکێک لە دەریا دەزانی بۆیە دەبێ ئەوەش بزاندرێ مرۆڤ چەندی زانا بێ لەوی زاناتر هەیە و نابێ بە زانستەکەی کەشخەیی لێ بدات و شانازیی پێوە بکات بگرە دەبێ خەڵک بە زانستەکەی شانازی بکەن.

١٤٥٢- عەقڵ لە دایک و باوک باشترە:

واتە عەقڵ و هۆش بۆ مرۆڤ لە هەموو شتێک هەتا لە دایک و باوکیش باشترە چونکە ئەگەر ئاقڵت بوو زۆر شت دەست دەکەوێ بۆیە گوتراوە هەتیو ئەو کەسە نییە دایک و باوکی مردبێ بگرە هەتیو ئەو کەسەیە کە عەقڵی نییە و کارێ نازانێ ببات بەڕێوە.

١٤٥٣- عەیبە بۆ ئەو کەسەیە کە عەیبە دەزانێ:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک کارێکی نە باش و نە قنج دەکات یەکیش پێی عەیبە و ئەوەی تریش دەڵێ عەیبە بۆ ئەو کەسەیە کە مانای عەیبە بزانی یانی ئەو خوڵقاوە مرۆڤێکی بێ خێری ناکەسە و مانای عەیبە نازانێ.

١٤٥٤- عومری درێژ شەرم لە کەس ناکات:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە زۆر پیر بێ و رزی بێ و کەڵکی بڕابێ.

١٤٥٥- عەقڵ تاجی زێڕینە بەڵام لەسەر هەموو کەس نینە:

زۆر ڕاستە هەردوولا هەنە.

١٤٥٦- عەرد ئەوەندەی هەڵدەگرێ ئەوەندەی دەبارێ:

واتە هەر شت بە ئەندازەی خۆی بێ.

١٤٥٧- عومرت چەندە وتی نەخۆش کەوتیمە:

واتە ئەوەی نەخـۆش نەکەوێ تەندروسـتیی باشـە و ئەو عومـری دەبات بـە خـۆشـی دەیکات و عومریش درێژ دەبێ.

١٤٥٨- عەباس خۆت دەرهێنە ئەوجا گاڵتە بە شایی (داوەت)ی من بکە:

مرۆڤ دەبێ خۆی لەناو کارێک ببینێ ئەوجا ڕەخنە لە خەڵک بگرێ.

١٤٥٩- عێلی خۆ لە پیرێ گرت پیرێ خۆ لە عێلی نەگرت:

لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک دەستی خۆی ببینێ بابی خۆی دەناسێ.

١٤٦٠- عەمری لەق لەق چوو تەق تەق:

بۆ یەکێک دێتە گوتن عومری خۆی بەلاش سەرف بکات.

١٤٦١- عەقڵی نەزانی لەپاشەوە دێت:

واتە یەکێک نەزان بێ لە کـاتێکدا لە شت دەگات کـە کـار لە کار ترازابێ و سـوودی نەمـابێ و هـەندێ جـار لە جیـاتیی نەزانی کـرمـانج بەکـار دێت واتە ئەوەی لە دەشت و لادێ دەژی و ئەویش هـەر نەزان بووینە.

## ف، ڤ

١٤٦٢- فێرکردییان فێر مەکە ئەگەر فێرت کردن لە بیریان مەکە:

واتە ئەگەر یەکێکت فێرە شتێ کرد دەبێ جاروبار بەسەری بکەیتەوە ئەگەرنا لێت زویر دەبێ.

١٤٦٣- فەیلەسووفی دەبەنگ:

بەو کەسانە دەگوترێ زۆر ڕای لە خۆیە و هەر دەڵێ و ناگێرێتەوە، نە خۆی تێ دەگات و نە کەسیش تێی دەگات.

١٤٦٤- فیتەی حەرامزادەی دیارە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کابرایەک قسەیەک دەکات و یەکێکی پێ توورە دەبێ و دەڵێن لەگەڵ تۆی نییە دەڵێ فیتەی حەرامزادەی دیارە.

١٤٦٥- فێڵ هەیە و فێڵی بن فێڵیش هەیە:

لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک بەهەموو عەقڵی خۆی دەیەوێ فێڵ لە یەکێکی تر بکات و ئەویش بەرپێنەی لێ دەدا تۆقی سەری دەداتە عەردی و بەمە دەڵێن فێڵی بن فێڵی.

١٤٦٦- فیرعەونیش ئەوەندەی کرد، خوا غەزەبی لێ گرت:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە کارێکی خراپی کردبێ و وای پێ دەڵێن چونکە دەڵێن غەزەبی خوا لە فیرعەونی زۆر گەورە بووە.

١٤٦٧- فرە وتن بۆ کەلامە:

یانی زۆر گوتن قورئان خۆشە.

١٤٦٨- فەقیرا دل خۆش کر بە تەگبیرا:
واتە هەژار بەخەیاڵ و تەگبیر دەژی.

١٤٦٩- ڤیانا دلا ژ دانا دەستا دیارە:
واتە مرۆڤ کە بەیەک دەست لێک دەدەن و چاکوشی دەکەن لەگەڵ خۆشەویستی و ڤیان دێتە ئاشکرابوون.

١٤٧٠- فەلەی پیر موسڵمان نابێ:
واتە هەموو بیروباوەڕ زیاتر لە قۆناغی لاوێتی وەردەگیرێ.

١٤٧١- فیلی شای دیوە دەماغی بەرزە:
دەماغ لێرە بەمانای لووتە یانی بەهۆی خەڵکییەوە وە بە شتی خەڵکی لووتبەرز دەبێ کە نابێ وا بێ.

١٤٧٢- فەقیری بەتەنێ خۆشە و فەقیری و قۆڕی ناخۆشە:
واتە فەقیری ئەگەر شوکر بێ خۆشە بە مەرجێک دەردی تری لەگەڵ نەبێ ئەگەرنا زۆر ناخۆشە.

١٤٧٣- فاتا رومێ - ئاگر بەردا زۆمێ - چو روینشت لسەر کۆمێ:
بۆ یەکێک دەگوترێ کورەیەک هەڵکات و خۆی لێ دوور بگرێ و خەڵکی تر بەو هۆیە بسووتێ واتە گێرەشێوێنی و فیتنەیی بکات.

١٤٧٤- فەقیر ژی لەوما ژارە، چونکی حەزرەتی وی ئاڤ و دارە:
بۆ یەکێک دەگوترێ پێویستی زۆری هەبێ و هەتا نانیش نەبێ بخورێ و دەگونجێ بۆ حاڵەتی تریش بەکار بێ.

١٤٧٥- فیزی ناهێنێ باوکی بدوێنێ:
بۆ یەکێکی ترزل و لووتبەرز بەکار دێت.

## ق

١٤٧٦- قسە هەزارە دووانی بە کارە:

یان دەڵێن قسـە بیـست و چوارە دووانی بە کـارە یانی لە زۆر قسـەکردندا چەند قسەیەکی بەسوود دەکرێ و دەبێ مرۆڤ لە گوێی خـۆی بگری و بچێتە ناو مێشکی و بەکاری بهێنێ.

١٤٧٧- قسەی لە ترِی دێت:

بۆ کـابرایەک دەگوترێ زۆر لە بەرزی لـێ بکات و قسـەکـانی قەڵەو بن و ئـاگای لە دەردی خەڵکی نەبێ.

١٤٧٨- قەرد کۆن دەبێ بەڵام لە بیر ناچێ:

بۆ قـەرزیش بـەکـار دێ و بۆ ئەوەش بەکـار دێ کـابرایەک قـەرزێکی کـۆنی لەگـەڵ یەکتر هەبێ و لە بیر نەکات.

١٤٧٩- قسەی خۆش لە بەهەشتێ هاتووە:

ئەگەر هیـچت پێ نەکرێ قـسـەی خـۆش بکە لەگـەڵ خـەڵک و لەگـەڵ مـاڵ و منداڵی خۆت.

١٤٨٠- قسە کەوتە زارێکی کەوتە شارێکی:

بەڕاسـتی وایە مـرۆڤ زۆر بایەخ بەنهێنیی خـۆی وە ئەو نهێنییـانەی کە پێوەندیی بەباری گشتیی میللی و نیشتمانی هەیە ئەویش بپارێزی.

١٤٨١- قەیسەریی لێ بووە بە کونە مشک:

یان دەگوترێ کونە مشکی لێ بووە بە قـەیسـەری هەردووکیـان یەک مـانا دەگەیەن

واتە بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر تەنگاو بووبێ و زۆر بترسێ و هۆشی لە خۆی نەبێ و لە جیاتیی لەسەر کورسی دانیشێ لەسەر مێز دادەنیشێ.

١٤٨٢- قەڵقەڵاشک لە خۆی بە شک:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە مرۆڤێک گومان لە خۆی بکات و باسی یەکی تر دەکرێ ئەو لە خۆیەوە ڕەنگی تێک دەچێ و بزووتنەوەی ناڕێکوپێک دەکات و قسەکانیشی لە جێی خۆی نابن.

١٤٨٣- قیاسی کەشکێ لە مەشکێ ناکرێ:

واتە ئەگەر مەشکە بوو مانای وا نییە کەشک هەیە و زۆر شتی لەم بابەتەش هەیە لە کاتێکدا دەگوترێ قیاس نابەجێ بێ.

١٤٨٤- قسەی بکە جێی بگرێ و ڕبە بپێوە سەربگرێ:

هەر قسەیەک ئەگەر بزانی سوودی نییە و جێی خۆی ناگرێ پیاو نەیکات زۆر بە خێرترە.

١٤٨٥- قسەی پیاوان یەکە نابێ بە دوو:

یانی مرۆڤ پیاوانە لە قسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە کە بەڵێنی دا سەریشی تێ بچێ لێی هەڵناگەڕێتەوە.

١٤٨٦- قسەی زۆر هی پیاوی بێ دەسەڵاتە:

پیاوی دەسەڵاتدار و کارکردە زۆر قسە ناکات و بڕوای بەکارکردن پترە واتە زۆر گوتن باش نییە.

١٤٨٧- قەرسەقول بە کەرتک بێ و هەردوو لای بە نەعلەت بێ:

بۆ شتێک وە یا کارێک وە یا دوو کەس دەگوترێ کە جیاوازییەکی وا لە نێوانیان دەبێ و وا نیشان بدرێ کە جیاوازیی هەیە.

١٤٨٨- قاز و قولینگ دەخوێنێ مژدەی بەهار دەهێنێ:

کاتێک کە قاز و قورینگ ڕەو دەکەن و دەخوێنن نیشانەی بەهارە و بۆ ئەوەش بەکار دێت یەکێک خەبەرێکی خۆش بهێنێ بۆ یەکی تر و ئەمە دەگوترێ.

١٤٨٩- قسەی مەزنان نەقشە لە بەردان:

واتە هەر پیاوێکی مەزن و گەورە و پڕ ئەزموون و بەسەرهات زۆر شت دەزانێ وەک نەخشی لە بەردییە و پێویستە گوێی لێ بگیرێ و پەیڕەوی بکرێ.

١٤٩٠- قازی لەو قازی هەر کەس لە خۆی ڕازی:

واتە کەس بە دۆی خۆی نالّێ ترشی و کەس بە منداڵی خۆی نالّێ ناشیرینە و هەر کەس بەکاری خۆی ڕازییە.

١٤٩١- قسەی بەرئاگردانی و نانی مام ڕەحمانی:

گوتنی بەرئاگردان و جێگەی خۆش و تێروپڕی جیایە لەگەڵ ڕۆژی ناخۆش و تەنگانە.

١٤٩٢- قەرد قەردە و دانەوەی دەوێ:

ئەگەر هەر قەردێکت لەسەر بێ دەبێ بدەیتەوە.

١٤٩٣- قادیانە سەد ئاغا و یەک شانە:

قادیانە گوندێکە لە نزیکی هەریر و شەقڵاوەیە، ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کارێک زۆر کوێخا و مەسئوول و سەرپەرشتی لێ پەیدابێ و لە ئەنجامدا ئاژاوە دروست دەبێ.

١٤٩٤- قەردار قەرداری نەخواردییە:

لە کاتێکدا یەکێک قەرزار بێ و بڵێن ناتوانی جێبەجێی بکەیت و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە.

١٤٩٥- قسەی چاک نازانی و قسەی خراپیش دەستەکانی ماچ دەکات:
بۆ یەکێک دەگوترێ هەر قسەی خراپ بکات.

١٤٩٦- قسە بە پارە بوایە هەندێ کەس دەوڵەمەند دەبوون:
بۆ هەندێ کەسی زۆربڵێ و زۆروەڕ دەگوترێ.

١٤٩٧- قادرم کوڕ بێ ئەوڕۆم جەژن دەبێ:
یەکێک ئەوەی گوتییە کوڕەکەی زۆر خراپ و بەردەوام تووشی سەرئێشەی کردووە و مەبەست ئەوەیە منداڵی خراپی هەبێ خۆشی لە خۆی نابینێ.

١٤٩٨- قسەی باوکان بۆ کوڕان سەنەدە:
یانی کوڕ و کچ دەبێ بە گوێی باوکیان بکەن و ئەوەی زیاتر سەرپێچی دەکات کوڕە بۆیە ناوی کوڕان هاتووە.

١٤٩٩- قسەی دڵی خۆت هەتا لەلای ژنی خۆت مەکە:
واتە هەندێ نهێنی هەیە پیاو دەبێ لەلای ژنی خۆی نەیڵێ چونکە بڵاو دەبێتەوە.

١٥٠٠- قسەی بەرئاگردانی و هۆنەهۆنی بەرازی زۆر لێک دوورە:
واتە قسەی کاتی شێنەیی و کاتی تەنگانە نەزۆر لێک دوورە.

١٥٠١- قسە دورست عەمەل سست:
بۆ یەکێ دەڵێن لە قسان پاڵەوان بێ لە کردەوەش کۆڵەوار بێ.

١٥٠٢- قسەی وا دەکات بۆنی خوێنی لێ دێ:
بۆ یەکێک بەکار دێت کە قسەکانی هەمووی بۆ تێکدانی نێوانی دوو وە یا چەند کەسێک بێ.

١٥٠٣- قسەی شەوێ دەڕوا لەگەڵ خەوێ:

هەندێ قسـە هەیە بەشـەو دەکرێ و لـەگەڵ خـەو دەڕوات و کە بووە بەیانی خـاوەنی لە بیر نەماوە.

١٥٠٤- قوڕی بنی دەرهێنا و هیچی تێدا نەهێلا:
واتە شتێک ناڕۆن بێ و کێشەی لەسەر بێ و یەکێکیش بیزانی و یەکی تریش دەڵێ قوڕی بنی دەرهێنا.

١٥٠٥- قەدری مانگ نازاندرێ تا نەگاتە شەوێ:
هەر ڕێبەر و فەرماندەی ئازاش قەدر نازاندرێ لە ڕۆژی تەنگانە دەبێ ئەو کاتە بۆ خەڵک دەردەکەوێ.

١٥٠٦- قەپەقەپ تەرۆزی خۆشە:
بۆ یەکێ دەگوترێ کە زۆر قسە بکات.

١٥٠٧- قسە یان لە شێتان یان لە منداڵان:
واتە شـێت و منداڵ هی ئەوە نین قسـەیان لەلا بکرێ چونکە لایان گیـر نابێ و دەڕوات.

١٥٠٨- قاویت و ڕەشەبا پێکەوە ناگونجێ:
قاویت خواردن لەبەر بای نابێ هەروەها هەندێ کاریش هەیە لە هەندێ کات نابێ و هەندێ قسەش بەم شێوەیە.

١٥٠٩- قەردی کردییە بەسەر برنجی بیرەبۆتی:
بیرەبۆت گوندێکە لە دەشتی هەولێر و ئاوی کەم بووە و برنجی لێ نەکراوە و ئەمە بۆ کابرایەک دەگوترێ قەرزی بکات و هیچ بنکەیەکی ئابووریی نەبێ.

١٥١٠- قالۆچەش لە پیسایی ئەو خێری نابینێ:
بۆ کابرایەکی ڕەزیل و قرچۆک و خنس دەگوترێ.

١٥١١– قەرز بەقەرز دەستت ئارداوی دەبێت:
واتە زۆرجار وایە پیاو قەرز نەکات بۆ خێرکردن و چاکە بەڵام ئاخیری تووشی زیانیش دەبێ لەسەریدا.

١٥١٢– قەرز ئەگەر نەیدەی رووێکت ڕەشە و ئەگەر بیدەی هەردووکی:
واتە قەرزکردن مەشاکیلی هەبووە هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد.

١٥١٣– قەزای دیزە کەوت لە گۆزە:
زۆرجار وا دەبێ کێشە لەگەڵ پیاوێکی گەورە هەیە بەڵام یەکی سەر بە ئەو تووشی بەڵا دەبێ.

١٥١٤– قەل بە قەلی دەڵێ ڕووت ڕەشە:
زۆرجار مرۆڤی خراپ بە یەکی تری خراپ دەڵێ تۆ خراپی وە هەندێ جار بە هی باش وا دەڵێ.

١٥١٥– قسەی بکوڵێنە ئەوجا دەرپەڕێنە:
دەبێ مرۆڤ قسەی خۆی هەمووی بە حیساب بێ.

١٥١٦– قسە لە زیوی بێت بێدەنگی زێڕە:
زۆر ڕاستە دەنگی لە زۆر حاڵەت لە زێڕ باشترە و هەندێ کاتیش گوتن زێڕە.

١٥١٧– قوچانێ لەگەڵ کەڤری یا ژ خۆیە:
واتە نابێ پەنجەوانێ بکەیت لەگەڵ کابرایەک پەنجەی لە ئاسن بێ و لە خۆت بەتینتر بێ.

١٥١٨– قەنجییا ل گەل مرۆڤی خراپ، خرابییا ل گەل مرۆڤێ چاک، وەکی یێکن:
زۆر ڕاستە و دەبێ هەوڵ بدرێ چاکە لەگەڵ پیاوی چاک بکرێ و لەگەڵ پیاوی خراپ چاکە نەکەیت.

١٥١٩- قەدری ددانی ها بە لێوەوەیە:

ئەگەر لێو نەبێ ددان چەند ناشیرین و بێ ڕەزا دەبێ و هەموو مرۆڤێکیش قەدری بەهۆی خەڵکی ترەوەیە.

١٥٢٠- قیزا کەرێمە ژنا مێری چێمە:

ژن دەڵێ گرینگ نییە کیژی کێیە بگرە گرینگ ئەوەیە ژنی پیاوی چاک بێ و با کیژی هەر کەسێ بێ.

١٥٢١- قەل چوو خەبەریش چوو:

١٥٢٢- قالبێ مێشایە دەنگێ شەشایە:

١٥٢٣- قوەت هەموو عەیبیان دەبڕێ:

واتە هەر مرۆڤێک کە قوەتی هەیە عەیبی کەمە بەڵام کە بە هۆی پیری وە یا نەخۆشی وە یا هەژاری قوەتی نەبێ عەیبی زۆر دەبێ.

١٥٢٤- قاچنکێ ژ دەڤێ شڤانێ دزت:

یانی دزێکی زۆر نەقووڵایە و باشی لێ دەزانێ.

١٥٢٥- قسە هەند بخودانە هەندێ بن ددانە:

واتە کە قسەی لە دەوی خاوەن دەرچوو هی خۆی نییە.

١٥٢٦- قالبێ پێ خوارانە: یان دەگوترێ (کەری لابارانە):

بۆ یەکێک دەگوترێ هەر کەسێک بێ کاری خۆی پێ ڕاهی بکات و ببێت بە پرد بۆ خەڵکی تر.

# ک

١٥٢٧– كە گلۆڵەت كەوتە لێژی كەس چاكت بۆ نابێژی:

واتە كە مرۆڤ شكستی خوارد كەس چاكی بۆ ناڵێ و عەیبەكانی دەردەخەن یان بۆی دروست دەكەن.

١٥٢٨– كاڵا لە قەد باڵا:

واتە هەر شتێک بە ئەندازەی خۆی بێ.

١٥٢٩– كچی خۆت بە قوربانی كوڕی خەڵكی مەكە:

كوڕی خەڵک بە تۆ چی و كیژی خۆت بۆ تۆیە و بەكەڵک دێ و دەبێ لە هەموو كارێكدا بەرژەوەندیی خۆت نەكەیتە قوربانیی بیانی.

١٥٣٠– كوڕەكەمان دار بێ با چاوی باوكی دەرینی:

واتە ئەگەر كوڕ ئازا بێ هیچی لێی چاو نییە ئەمە لە كاتێكدا دەگوترێ كە یەكێک وا پێشان دەدات زۆر شت بكات بەڵام ماوەی نییە و ئەویش وای پێ دەڵێ.

١٥٣١– كا لە كادینان و جۆ لە جۆخینان:

لە وەڵامی كابرایەک دەگوترێ كە سەری لە هیچ دەرناچێ وەكو گاڵتە پێكردن ئەمەی پێ دەگوترێ.

١٥٣٢– كوتەک دەزانی قۆناغ لە كوێیە:

هێز و قوەت دەزانی هەموو شت بە چاكی بخاتە ڕێگە و ئەگەر هێزت بوو زۆر شتت پێ دەكرێ و ئەگەر هێزت نەبوو دەبێ چی بێ.

١٥٣٣- كە ماڵم بوو کەماڵم بوو کە ماڵم چوو کەماڵم چوو:

ئەگەر ماڵت بوو ڕێز و کەمالت هەیە و ئەگەر ماڵت نەبوو ڕێز و ئیحتیرام زۆر کەمە و ڕەنگە لای زۆر کەس نەمێنێ.

١٥٣٤- کوڕی باش ماڵی بۆ چییە و کوڕی خراپ ماڵی بۆ چییە:

واتە کوڕی چاک بۆ خۆی کار دەکا و ماڵ پەیدا دەکات و کوڕی خراپ ئەگەر لە بابیەوەش بۆی بەجێ بمێنێ هەمووی لە دەست دەدات.

١٥٣٥- کەشک برای دۆیە:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوترێ کە بڵێن فلان لە فلانی باشترە ئەویش دەڵێ کەشک برای دۆیە و هیچ جیاوازیی نییە.

١٥٣٦- کەر بچێتە بەغدا و بگەڕێتەوە نابێتە هێستر:

واتە شوێن و جێگە زۆر تەئسیری نییە لەسەر شت بگرە زاتی خۆی و لێهاتوویی و زانین جیاوازی دروست دەکات و ئەگەر بچێتە هەر جێگە و بگەڕێتەوە هەر وەکی خۆیەتی.

١٥٣٧- کەو ئەو کەوەیە بەرامبەر کەو بخوێنێ:

واتە نابێ مرۆڤ لە پاشملە باسی پیاوان بکات وە یا باسی خەڵک بکات بگرە دەبێ لە ڕوویدا بڵێ.

١٥٣٨- کەری لەلای کەرێ ببەستییەوە ئەگەر ڕەنگی هەڵنەگرێ خەسڵەتی هەڵدەگرێ:

واتە مرۆڤ ڕەفیق و هاودەمی خەڵکی خراپ و بەدڕەوشت بکات بێگومان تووشی ئەوە دەبێ هەندێ سیفەتی وی هەڵگری بۆیە کەسانی باش خۆیان و منداڵیان دوور بن لە کەسانی خراپ.

١٥٣٩- کەر بە کاروانییان قەڵەو نابێ:

واتە کەس بەوەی تێروتەسەل نابێ بەهۆی خەڵکی.

١٥٤٠- کۆزێ ببینە و پارووی لە ماستی بدە:

کۆز ئەو جێگەیەیە کە کار و بەرخی تێدا دەکەن و ئەگر کابرایەک مەڕیشی هەبێ و کۆزی نەبێ مانای وایە مەڕی نەزاون و بەرخی و کاری نییە بۆیە ماستیش نابێ و ئەمە بۆ زۆر کاران وا دەگوترێ.

١٥٤١- کەری خۆیەتی گوێی ناڵ دەکات:

بۆ ئەوەیە مرۆڤ فزولی و خۆ تێ هەڵقوتان نەکات و خەڵک بۆ خۆی کاری خۆی ئەنجام بدات.

١٥٤٢- کورتە و کەژێ لێک دەهەژێ:

بۆ دوو شت وە یا دوو کوڕ و کچ کە ئاوکوفی یەک بن بەکار دێت.

١٥٤٣- کەم خواردن لە بێدەسەڵاتییە:

زۆر کار هەیە کە پیاو نایکات لەبەر ئەوەیە پێی ناکرێ.

١٥٤٤- کەر بەجۆ بمرێ یان بتۆپێ بە جوانەمەرگ دادەنرێ:

واتە بۆ کابرایەک دەگوترێ لە ئەنجامی کارێکی خراپ تووشی هەندێ شتومەکی ناتەواو بێ ئەوەی پێ دەڵێن.

١٥٤٥- کلۆ (کوللە) کە چاوی ڕەش بوو خۆی بە هەموو شتێک دادەدا:

هەموو مرۆڤ و گیاندارێک کە برسی وە یا تەنگاو کرا خۆی بە هەموو لایەک دادەدا.

١٥٤٦- کە کارێکت کرد باشتر وایە دەستی چەپت بە دەستی ڕاستت نەزانێ:

واتە کە کاری نهێنی دەکەیت هەقە نزیکترین کەست پێی زانی ئەگەر پێوەندیی بە کارەکەوە نەبێ.

١٠٤٧- كارێكی پێ كرد بەهەنگوینی بڵێ ژەهرەمار:
یەكێك كارێكی دەرداوەر بە كابرایەك بكات.

١٠٤٨- كەس بە كڵاوی ئەو هیچ ناپێوی، یان كەس بەكڵاوی گوی ناپێوی:
واتە كەس حیسابی بۆ ناكا بەڵام ئەو لە خۆیەوە وەك ڕبەی قەرەتەپە دەڵێ شازدە.

١٠٤٩- كێشوولەش (چۆلەكە) لە خوێنی بێچووی خۆی - خۆش نابێ:
واتە ئەگەر دوژمنت بوو دەبێ هەموو حیسابی بۆ بكەیت ئەگەر دوژمنەكەش بێهێز بوو.

١٠٥٠- كارێكی پێ كرد ناوی خۆی پێ لە بیر كرد:
وەكی ئەوەیە كارێكی پێ كردووە و بە هەنگوینی بڵێ ژەهرەمار.

١٠٥١- كابرایەكی دەست و پێ سپییە:
بۆ یەكێ بەبێ دەسەڵات و كارنەكەر دەگوترێ.

١٠٥٢- كێ ساوەری خواردییە ئەو بچێت لای بووكێ:
بۆ كابرایەك دەگوترێ كێ سەرئێش و خوراندبێ و خۆی هۆی دروستبوونی كارێك وە یا گیروگرفتێك بێ.

١٠٥٣- كتێب باشترین هاودەمە:
بەڕاستی وایە كتێب هاودەم و هاوڕێیەكی زۆر چاكە بۆ مرۆڤ ئەمەش بۆ ئەوەیە پیاو بخوێنێ و بخوێنێتەوە.

١٠٥٤- كاولە ئاشی خۆت خۆشترە لە قەسری خەڵكی:
واتەماڵی خۆت و خانووبەرەی خۆت هەر چۆن بێ خۆشترە لە قسەی خەڵك وە بۆ نیشتمانیش بەكار دێت.

١٥٥٥- کۆسە و کەچەڵ و کۆرە فێڵیان یەکجار زۆرە:

لە کۆنەوەدا زۆر مەسەل و چیرۆک لەسەر فێڵبازیی ئەم جۆرە بنیادەمانە هەبوو.

١٥٥٦- کرمانج تێرە خەوی خێرە:

لێرەش مەبەست لە کرمانجی لادێیە واتە بۆ یەکێک دەگوترێ تێروپڕ بێ و خەوی خۆش بێ دیارە، هۆیەکی هەیە.

١٥٥٧- کوڕی کەس نابێ بە هی کەس:

لەو کاتەدا گوتراوە زۆرجار وا بووە کەسان هەبووینە منداڵی دۆزراوەیان بەخێو کردووە وە یا منداڵی خەڵکی تر دوایی بەجێی هێشتووە.

١٥٥٨- کەم بژی و کەڵ بژی:

ئەمە نموونەی پیاوەتی و خۆبەختکردنە و دەبێ مرۆڤی شاکار و ئازا و دلێر و نەبەز وەک ئەم پەندە بژی.

١٥٥٩- کەڵەشێر بێ وەخت بخوێنێ دەبێ سەری ببڕی:

بۆ مانایەکی وەکی وی بەکار دێت واتە بۆ یەکێک کارێکی ناوەخت بکات ئەمەی بۆ دەڵێن و پێشان کەڵەبابی ناوەخت بانگی بدایە سەریان دەبڕی و دەیانگوت بەڵای بە پێوەیە.

١٥٦٠- کلکی کەری بە دەسرۆکێ ناگیرێ:

واتە کاری بە بسمیل بسمیل ناکرێ و هەر کارێکت کرد دەبێ بەتەواوی ملی بدەیتە بەر.

١٥٦١- کار بە بسمیل بسمیل ناکرێ:

واتە هەموو کارێک جیدییەت و هەڵدانی دەوێ و نابێ دوودڵی و وەسواسیی تێدا هەبێ ئەگەرنا کار ناچێت بەرێوە.

١٥٦٢- کڵاشی مام ئاشەوانی لەسەر سنگی خەڵکی تر دادەنێ:
ئەوەیە کابرایەک بیەوێ گوناحی خۆی بخاتە ملی خەڵکی بێ گوناح.

١٥٦٣- کەس لە باوکی ناپرسن و هەموو لە دایکی دەپرسن:
واتە مرۆڤ بەدوای بەرژەوەند و قازانجی خۆیان دەگەڕێت و کەس ئاگای لە دەردی ئەوەی تر نییە، کوڕە باوکی مردبوو لە دایکیان دەپرسی.

١٥٦٤- کەشتی لێ وەرگەڕایە بۆیە حاڵی وایە:
بۆ یەکێک دەڵێن گیروگرفتی بەسەر هاتبێ بەڵام هی ئەم هەموو ناڕەحەتییە نەبێ.

١٥٦٥- کەس بەم سەردولکانە گریانی نایێ:
سەردورکە وە یا سەردولکە لە کاتی خۆی بۆ مردی و شین و زاری بەکاریان دەهێنا و ئێستاش مەبەست ئەوەیە کابرایەک هەندێ قسە بکا کەس پێی باوەڕ نەکات بە ڕاست نەچێ.

١٥٦٦- کڵاویان بۆ دووری، یان کڵاویان لە سەری نا:
یانی فێڵیان لێی کرد.

١٥٦٧- کار هەتا دەمرێ لەبەر سێبەرێکی نامرێ:
واتە هیچ گیاندار و مرۆڤێک لەسەر یەک خاڵ نابێ تا دەمرێ.

١٥٦٨- کەر لە چاو ئەو فیلە قۆچە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کە زۆر ڕای لە خۆی بێ و بەڵام زۆر نەزانیش بێ.

١٥٦٩- کابان کە شیوی سوور بوو یان بێ خوێ، مانایەکی لێ وەردەگیرێ:
واتە هەر عەلامەت و نیشانەیەک دیارە مانایەکی خۆی هەیە.

١٥٧٠- کەشکی لێ بووە فەریک:

کابرایەک کارێکی کردبێ و لێی هەڵوەشابێتەوە.

١٥٧١- کابرا جگی میرە:

بۆ یەکێک کاری سوار بێ و بە باشی بۆی بڕوات. کاتی خۆی جگانە هەبوو یارییەکی خۆش بوو زیاتر هی منداڵ و مێرمنداڵ بوو و ئەوەی جگی میر بوایە کاری لەو بارەیەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوو.

١٥٧٢- کەرکۆلی بارسووک:

بۆ کابرایەک دەگوترێ ماڵەکەی زۆر سووک بێ و بۆ بارکردن ئاسان بێ.

١٥٧٣- کاریگەری ماڵی خۆت بە شیرینی دڵی جیرانان بە:

بۆ کابرایەکی زۆر ئیشکەر بێ دەگوترێ.

١٥٧٤- کەس بە خەونان نەبوویتە پاشا:

واتە مرۆڤ دەبێ بە کارکردن بە ئامانجی خۆی بگات.

١٥٧٥- کەر کە کەوتە قوڕی خاوەنی لە هەموو کەس بەتێنترە:

خاوەنی کار و لێقەومان لە هەموو کەس دەبێ بەتینتر و کردەتر بێ.

١٥٧٦- کۆرە چت دەوێ؟ گوتی: دوو چاوی ساغ:

هەموو مرۆڤێک چ ئامانجی هەبێ هەر بەو ئومێدە دەژی:

١٥٧٧- کەس ئاگای نییە لە دەردی کەس:

کەس بە دەردی کەس نازانێ.

١٥٧٨- کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە:

کەس نییە بە ڕێباز و کار و ئامانجی خۆی بێژی خراپە بگرە خۆی زۆر پێوەی پابەند و بڕوادارە بۆیە نابێ گلەییی لێ بکەی.

١٥٧٩- کەرە مەمرە بوهار هات کورتانت بۆ لە شار هات:

بۆ کابرایەکی ڕەبەن و بێچارە دەڵێن کە بەتەمای زۆر شتی دەکەن و ئەویش ئەمە دەڵێ وە یا یەکی تر وا دەڵێ.

١٥٨٠- کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە:

بۆ دوو کاری کە هیچ پێوەندییان بە یەکەوە نەبێ و بیانەوێ پێکیان ببەستنەوە و وای نیشان بدەن کە پێوەندییان هەیە وە یا بیانەوێ کارێک بە ملی کابرایەک دابێنن کە لێی نەوەشێتەوە.

١٥٨١- کوڕ هەبێ تاریکەشەو زۆرە:

هەن دەڵێن ئەگەر من بوومایە لە فلان شتی وام دەکرد و لەبەر دەستی من دەربازی نابوو ئەویش دەڵێ کوڕ هەبێ تاریکەشەو هەیە و مەیدان مشکان نەخواردووە و فەرموو بیکە.

١٥٨٢- کەس نەبێ و ڕەجەب سەرپاڵە بێ:

واتە بۆ کابرایەک دەگوترێ بۆ کارێک دەست نەدات و بەوی بسپێرن و دەوری سەرکاریشی پێ بدەن.

١٥٨٣- کردەی پەشیمان بە نەک نەکردەی پەشیمان:

واتە کارکردن باشترە لە کارنەکردن هەرچەندە لە دواییش پەشیمان بییەوە چونکە تۆ کردووتە و خوا بردی.

١٥٨٤- کەس نەبوو، بە برای بێ لێو بلوولیان لێ دەدا:

واتە ئیش و کار بە یەک ڕاسپێرن کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو ناگونجێ و زۆر لێی دوور بێ.

١٥٨٥- کۆرە بە کۆرەی دەگوت هی منت بە لاچاوی:

واته یەکێک عەیبێکی هەبێ و بیەوێ بە ملی کابرایەکیدا بهێنێ وە یا خۆی عەیبەی هەیە و دەیەوێ بە هی خەڵکی تر هی خۆی داپۆشێ.

١٥٨٦- کەچە شیری پشت کەندوویە:

بۆ یەکێک دەگوترێ خرابێتە پشتگوێ و لە کاتی تەنگانە بێتەوە مەیدان و دەوری خۆی ببینێ.

١٥٨٧- کێشکەی (چۆلەکە) ئەم ساڵ بەهی پاری دەگوت ئەتو نازانی چیکەچیکێ بکەیت:

لەم زەمانە ئەمە زۆر تازەپێگەیشتوو بە ئەزموونداەکان دەڵێن ئێوە بەلای ئەو کارەوەش ناتوانن بچن.

١٥٨٨- کۆنە جوولەکە بەلای کلێسادا تێ بپەڕێ ئاورێکی لێ دەداتەوە:

واتە مرۆڤ ئەگەر فێرە شتێک بووبێ و دوایی وازی لێ بێنێ هەندێ جار مجێزی بۆ دەچێت و بیری دەکاتەوە.

١٥٨٩- کۆلکە مەلا دینی دەبا، کولکەتەبیب گیانی دەبا:

بەڕاستی هەر مرۆڤێک کە لە کاریک چاکی لێ نەزانێ و بە پێخواسی بکەوێتە ناوی و بە نەزانی خۆی لێ بدات بێگومان تێکی دەدات وەک چۆن کۆلکە مەلا دینی دەبا و کۆلکە دختۆر گیانی دەبا.

١٥٩٠- کولیکە گاگرۆ بوهاری هێنا بە درۆ:

ئەم کولیکەیە گوڵێکە لە دەشتی هەولێر لە کۆتاییی زستان شین دەبێ و هێشتان بە تەواوی نەبوویتە بەهار و ئەمەش بۆ هەندێ کەس دەڵێن کە بەهاری بە درۆیان دەگەیەننە چۆکان.

١٥٩١- کەس ناتوانێ پێی بڵێ لە پشتی چاوت دوو برۆیە:

واتە ئەگەر هێز و توانا و یەکیەتی هەبێ کەس ناتوانێ شەڕی پێ بفرۆشێ و

هەموو کەس خۆی لێ لادەدا وە بەم شێوەش دەگوترێ کێ دەتوانێ پێی بڵێ،

١٥٩٢- کوچک لە ئاگر گەرمترە:

یەکێک لە خاوەنی شتێک وە یا کارێک خۆی دڵسۆزتر نیشان بدات.

١٥٩٣- کورم گەورە و تەمامی دە خۆڵی مەخۆ:

یەکێک دەچێتە لای مەلایەک پێی دەڵێ دوعام بۆ بکە خۆڵی نەخۆم ئەویش ئەمەی پێ دەڵێ و ئێستا بۆ هەندێ کەس دەگوترێ کە دەزانن و کاری خراپیش دەکەن و وای نیشان دەدەن کە نەیانزانیوە.

١٥٩٤- کەر تۆپی شاییی سەیانە:

پیاوێکی زاڵم بمری و خەڵک زۆر بچن بۆ تەعزیە ئەمە دەگوترێ وە خۆشی و شاییی پیاوێکی هەبووی و دەوڵەمەند بێ و خەڵک بچن بە زۆری.

١٥٩٥- کاسەی ماڵێ بە تەمای جیرانان بەتاڵە:

هەر کارێک بە تەمای خەڵکی تر بێ بە تەواوی ناکرێ.

١٥٩٦- کەس نەسیبی کەس ناخوات:

دەبینی کابرایەک بەسەر شتێکدا دەچێ و لێی دەخوات و کە کەس چاوەڕوانی نەبووە کە ئەو لەو دەمە ئامادە بێ و ئەمە دەڵێن.

١٥٩٧- کەس لە بینە و بەرەی ئەو ناگات.

بۆ یەکێک دەگوترێ حیلەباز و تەڵەکەباز بێ.

١٥٩٨- کلی لە چاوان دەدزێ:

بۆ یەکێک دەڵێن کە دزێکی شارەزا و نەقۆڵا بێ.

١٥٩٩- کڕی بنبڕە:

بۆ یەکێک دەڵێن خۆی بێچارە و بەستەزمان نیشان بدات بەڵام واش نەبێ و لەژێرەوە وەک مار پێوە بدات.

١٦٠٠– کێ کردی و کێ خواردی:

دەبینی یەکەک بە شتێک زۆر ماندوو دەبێ و کابرایەکی تر لێی دەخوات.

١٦٠١– کوچێکی ڕەش ناکات:

بۆ ئافرەتێک کە لەلای مێردی گیر نەبێ وە یا شوانێک وە یا ڕەنجبەرێک کاتی خۆی لەلای خاوەن کارەکە زۆر نەمابایەوە و مەبەست ئەوەیە کابرایەک کارێک نەباتە سەری.

١٦٠٢– کەندووم بشکێنی پەمۆت پەرت دەکەم:

واتە ئەگەر تۆ عەیبی من بڵێی منیش عەیبی تۆ دەڵێم و ئەمەش مەسەلەی لەسەر هەیە.

١٦٠٣– کورد بە و مەرد بە:

واتە ئەگەر کورد بی دەبێ مەرد بی و ئەمە زیاتر لە کاتی ئیش و کار و لێقەومان ئەوەیان وتووە.

١٦٠٤– کەچە لێفی سەر پردێ هەریەک دەهات دارێکی دەبردێ:

بۆ کابرایەکی بێ کەڵک و هیچ و پووچ دەگوترێ و هەر کەس دێ پێی تێ هەڵدەدا.

١٦٠٥– کڵاوی لە سەری سەدی وەکو من و تۆ نایە:

بۆ کابرایەکی زۆر زیرەک و ساختەچی بەکار دێ کە فێڵی لە فێڵبازان بکات.

١٦٠٦– کێچی کەوتووەتە کەوڵی:

بۆ یەکێک دەگوترێ بۆ کارێک خۆی بۆ نەگرێ و زۆر پەلە بکات و لەم پەندە دەردەکەوێ لە کۆنەوە کەوڵیان لەبەر کردووە.

١٦٠٧– کەم بێ و پوختە بێ نەوەک زۆر بێ و زلۆر:
واتە گرینگ ئەوەیە لە هەموو شتێک جۆری باش بێ نەوەک زۆر بێ بەڵام بە کەڵکی هیچ نەیەت و هەندێ جار دەبێ بە بەڵا بەسەر خودانیدا.

١٦٠٨– کۆرە تا دەمرێ بە تەمای دوو چاوی ساغە:
لەوەوپێش وتمان و بە هەردوو جۆر دەگوترێ.

١٦٠٩– کارێ کە نەزانێک تێکی دەدا بەسەد زانا وەک خۆی لێ نایەتەوە:
لەوەوپێش وتمان و خراپکردن و خراپی بە هەموو جۆرە کەس دەکرێ و ئەوەی نەزانێک تێکی دەدا بە سەد زانا جێی خۆی ناگرێتەوە بۆیە (نەزانی بەڵایەکی زۆر گەورەیە بۆ کەسەکە و بۆ گەل و بۆ کۆمەڵ) بۆیە بەربەرەکانێ زۆر پێویستە.

١٦١٠– کەمخۆر بە و دایمخۆر بە:
یانی مرۆڤ لە خواردن و خواردنەوە کەمی بخوات بەڵام بەردەوام بێ واتە زۆر خواردن باش نییە و بۆیە گوتراوە (زۆر خواردن پیشەی چێڵە) و بۆ کاری تریش بەکار دێ.

١٦١١– کە شیرت وەشاند دەبێ قەڵغانیشت هەبێ:
واتە لە شەڕ هێرش و بەرگری هەردووکی هەیە و سەرکەوتن و ژێرکەوتنیش هەیە.

١٦١٢– کەری پێ دەگێ و شادەشی پێ دەینی:
واتە دەبینی کابرایەک خراپەی بەیەک دەکات و فێری دەکات و دوایی بە تەنیا بەجێ دەهێڵێ و لێشی لە هەڵڵا دەدات.

١٦١٣– کەس لە زگی دایکی خۆی فێر نەبووە:
واتە دەبێ مرۆڤ هەوڵ بدات هەموو شتێک خۆی فێر بکات کە ئەویش لەم سەردەمەدا زیاتر بە خوێندن دەبێ.

١٦١٤– كاريتە لە كفرێ هەڵناكەوێ:

كفر جۆرە درەختێكی خۆڕسكییە و لە دەو زێ و بەستان شین دەبێ و كاریتەی لێ دروست نابێ بۆ جۆرە بنیادەمێك دەگوترێ كە لە هەندێ ئیش نەوەشێتەوە.

١٦١٥– كاسە پڕ بوو لێی دەڕژێ، یان جام پڕ بوو لێی دەڕژێ:

واتە ئەگەر پاڵەپەستۆ و فشار زیاد بوو لەسەر هەر كەس و شتێك تەقینەوە و ڕاپەڕین و هەڵچوونی لێ دروست دەبێ.

١٦١٦– كەرۆ خەرۆ، نەكەرۆ دڵ كەسەرۆ:

واتە ئەوەی دەكات دەخوات و ئەوەی ناكات پەشیمان دەبێتەوە.

١٦١٧– كۆرە ڕۆژێ سێ جار لە خوا عاسی دەبێ:

بەڕاستی وایە ئەوانەی كۆرن هەمیشە زۆر نالەبار دەبن و لە خوای عاسی دەبن و ئەمەش بە زۆری وایە.

١٦١٨– كەنگر و ماست بە وەختی خۆی:

واتە هەر شتێك لە كات و وەختی خۆی دەبێ ئەنجام بدرێ.

١٦١٩– كەونە كایان بە با دەكات:

بۆ كابرایەك دەگوترێ كەونە كاغەزان بخوێنێتەوە و بەدوای شتی ڕابردووی بچووك بسووڕێتەوە.

١٦٢٠–ئەگەر كەر بارەكەشی چەند بێ گورگ دەیخوات:

واتە ئەگەر شتێك دەزانی بەكاری بهێنی و لە جێگەی خۆی نەبێ وە یا نەزان بێ هەر مافی خوراوە.

١٦٢١– كوێرە دەستیان دەكێشا بۆ سەر خەزێنە دەستی خۆی دەكێشایەوە:

هەیە بۆی هەڵدەكەوێ و لەقەی لە بەختی خۆی دەدات و خێری خۆی نازانێ و ڕێی

چاکی پێ نیشان دەدەن لێی لادەدات.

١٦٢٢- کشە مریشکە ڕەشە، میوان ڕۆژێک دوو ڕۆژ خۆشە:

ئەمە لە کاتێکدا دەگوتراوە یەکێک زۆر لە ماڵێک ماوەتەوە و ئێستاش بۆ ئەوە دەگوترێ کە زۆر لە مێوانی بمێنێتەوە.

١٦٢٣- کشە مریشکە پۆپنە لارێ، جێم ئێرەیە تا بەهارێ:

ئەویش وەڵامی داوەتەوە کە تا بەهار لێرە دەبم و بەڕاستی ئەمە زیاتر ڕستەی فۆلکلۆرییە بەڵام دەتوانین وەکی پەندیش سوودی لێ وەربگرین.

١٦٢٤- کیشوولە خۆی چییە و گۆشتاوی هەبێ:

بۆ کابرایەکی بێ توانا و بێهێز بەکار دێت کە بیەوێ بەرامبەر کابرایەکی بەهێزتر خۆی ڕاگرێ.

١٦٢٥- کشە مریشکە دونگزە کابان ئەم شەو زیزە:

لە کاتێکدا ئەمە دەگوترێ کە کابان خۆی تووڕە کردبێ و بیەوێ چاک ببێتەوە وە یا بۆ ئەوەی بووە میوانەکەی بڕوات.

١٦٢٦- کابان یان بێبەشە یان ڕووڕەشە:

واتە ئەوەی کاری دابەشکردن و تەوزیعی گرتە ئەستۆیان دەبێ خۆی بێبەش بکات یان دەبێ ناوی بە خراپ بێ زۆرجار خۆشی بێبەش بکات ناوی هەر بە خراپە دێت.

١٦٢٧- کەمتیار تا گۆشتی بۆگەن نەکات نایخوات:

زۆر کەسیش وان تا شت زۆر نەمێنێتەوە نایخوات وە یا زۆر کاری هەیە دوا دەخات بۆگەنی دەکات.

١٦٢٨- کەس شەیتانی بەچاوی خۆی نەدیوە و شەیتانی بنیادەمی بنیادەمە:

زۆر شت هەنە کە دووزمانی و تیخە تیخەدان لە لایەن مرۆڤانەوە دەکرێ و

شەیتانی تر ئاگای لێی نییە و بۆ خۆی حەساوەتەوە بە هۆی ئەم جۆرە شەیتانانە.

١٦٢٩- کەس لە پڕێک نەبووە بە کوڕێک:

واتە هەڵکەوتن و ئازایی و زانایی و گەورەبوون و... خەبات و زەحمەت و تێکۆشانی دەوێ.

١٦٣٠- کرمانج کە پارەی بوو یان ژنی هەڵدەگرێ یان زەلامی دەکوژێ:

واتە کابرایەکی نەدی و بدی کە ماڵی بوو و دەستی ڕۆیی پەتکی دەپسێنێ و کاری خراپ دەکات و کاتی خۆی یان ژنی هەڵگرتووە وە یان زەلامی کوشتووە و ئێستاش خراتر دەکات ئەگەر دەستی بڕوات واتە ئەم جۆرە کەسانە.

١٦٣١- کوڕی ئازا لە چاوانی دیارە:

واتە مرۆڤی ئازا تەماشای چاوانی بکەیت دیارە چونکە چاوی نانوقێنێ و لە چاوی خەڵک دەچەقێنی.

١٦٣٢- کەر و قۆشمە نەگوترایە:

بۆ قۆشمە و ڕمبازی و ئەسپ و ماین دانراوە گوێدرێژ بۆ ئەم کارە نابێ مەبەست ئەوەیە هەندێ کەس هەن هی مەیدانی ڕاپەڕین و ئازایەتی نین.

١٦٣٣- کەچەڵ ئەگەر حەکیم بوایە سەری خۆی تیمار دەکرد:

بۆ کابرایەک دەگوترێ خەڵک وا دەزانی لە زۆر کار دەزانی کەچی واش نییە و یەکی تر بەڵگە دەهێنێ و ئەم مەسەلەشی لەسەر دەهێنێ.

١٦٣٤- کڵاوێکی دانێ و سڵاوی لێ بکە:

بۆ هەر ماڵێک دەبێ گەورەیەک دابندرێ هەروەها بۆ بنەماڵە و هۆز و میللەت.

١٦٣٥- کەس سەپانی باوکی کەس نییە:

بارزانی نەمر دەیگوت "کورد سەپانی باوکی کەس نییە" بۆ ئەوە دەگوترێ هەر

کەس پیاوە لەبن کلاوی خۆی و نۆکەری کەس نییە و ئەمە نیشانەی سەربەخۆیی و سەربەرزیی هەر مرۆڤێکە لە ژیانیدا.

١٦٣٦- کفن بە من ببڕێ مردی گۆڕ بەگۆڕ چێ:
واتە هەر شەڕێک کە ڕوو دەدا خێرێکی تۆی تێدا بێ.

١٦٣٧- کەنگر لە قۆرتی خۆی شین دەبێتەوە:
وەک ئەوەیە دەڵێ گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە.

١٦٣٨- کێندەرێ دەئێشێ روح دێتە وێرێ:
واتە مرۆڤ کە جێگەیەک ژان دەکات وا دەزانێ روحی لەوێیە و هەر ئەوێش زۆر ژان دەکات.

١٦٣٩- کارا دەمەکێ چێتر ژ ئاخافتنا سالەکێ:
کار لە قسەکردن باشترە.

١٦٤٠- کوێدەر خوارە ئەو دەروارە:
واتە ژیانت لە کوێ بوو ئەوێ ماڵتە.

١٦٤١- کەرێ پڕبێژا گورگ خوار:
ئەوان زۆر قسە دەکەن هەر زەرەر دەکەن.

١٦٤٢- کوڕ ژ بابی مەزنتر لێ هات:

١٦٤٣- کەوشی سیرەی دێ زگی قۆڕەی دێ:
کابرایەک کارێکی بکات لە ئەندازەی ژیان و هەبوونی خۆی نەبێ.

١٦٤٤- کەری دا بە کەرێ سێ قەرسەقول ل سەر باقی:
واتە کابرایەک موعامەلەیەک بکات هیچ قازانجی نەبێ.

١٦٤٥– کوێر کوێری نابا بەڕێوە:
واتە دەبێ ڕێبەر و فەرماندە هۆشیارتر بێ لە خەڵک.

١٦٤٦– کەروێشک بە کڵاو دەگرێ:
یەکێک کارێک بکات کە ناکرێ کەس نەیکردووە.

١٦٤٧– کاولە ڕەزان مەکە بە ڕەز، ناکەس بەچان مەکە بە کەس.

١٦٤٨– کە ئەو عەرەبییەت دەزانی بۆ ئێمەت لە برسان کوشت:
کابرایەک وای نیشان داوە عەرەبی دەزانێ و نەشیزانیوە و بە تووشهات کارەکەی بۆ هەڵسووڕاوە و ئەمەیان پێ وتووە و ئێستا بۆ ئەم جۆرە کەسانە بەکار دێت.

١٦٤٩– کایێ کەڤن دان ژی ناکەڤن:
بۆ شتێک کە کەون بووبێ و سوودی نەمابێ و تازە کابرایەک خەریکی بێ.

١٦٥٠– کولا ئاشەڤانی ئاشە:
واتە ژیان و ماڵی ئاشەوانی لەسەر ئاشییە.

١٦٥١– کەر کورتانی ژێ دەینت، زەلام ناڤی ژێ دەینت:
بۆ پیاوان ناوبانگی بمێنێ هەموو دنیا دەهێنێ.

١٦٥٢– کەر ئیبلیسە، دەرمان وەریسە:
کەسانی خراپیش دەرمانی ئیجرائات وەرگرتنە لە دژی.

١٦٥٣– کێ ڕەمەزان گرت و کێ کردیە جەژن:
واتە یەکێک زەحمەت دەکێشێ و یەکی تر خۆشیی لێ دەبینێ.

١٦٥٤– کەو بە زمانی کەوێ دەزانی:

هەن بە زمانی یەکتر دەزانن و بە یەکتر ئیقناع دەبن.

١٦٥٥- کەرۆ میڤانێ هەر رۆ:

بۆ ئەو جۆرە مێوانەیە کە لەوەوپێش باسمان کرد و لەسەر ئەساسی مێوانداری نەبێ.

١٦٥٦- کرمی لە زگی دەجووڵێ وا دەزانێ غیرەتە:

بۆ یەکێک دەڵێن ئازا نەبێ و خۆی بپچڕێتەوە.

١٦٥٧- کەڤانی بابێ کوڕ دەکێشت، تەشیا دایکی کچ دەرێست:

زیاتر کوڕ دەچێتەوە دوای باوکی و کیژیش بۆ لای دایکی ڕادەکێشێ و ڕەوشتی ئەو دەگرێ.

١٦٥٨- کێژۆڵە تەنگاوە و هەنجیریش بە کاوەخۆیە:

زۆر کاریش بەم شێوەیە و با بەدڵی شەنەباکەری نایێ و باران بە ئارەزووی جووتیاری ناباری و...

١٦٥٩- کوێرە کونان لە بێژینگی نابینێ:

بۆ یەکێک دەڵێن زۆر ئارش و بورش بێ.

١٦٦٠- کەر جارەکی دەداتە ئەستەنگی:

یانی هەتا چوارپێش بە تایبەتی گوێدرێژیش ئەگەر بەڕێگەیەکدا چوو و تووشی کۆسپێک بوو جارێکی تر یان لێی لادەدا وە یا لەسەری باز دەدات بەڵام زۆر کەس هەن ئەمە نازانن و تووشی هەڵەی خۆیان دەبنەوە.

١٦٦١- کەروێشک چەند دەنوێ ئەوەندەش دەبەزێ:

واتە مرۆڤ چەندی بکات ئەوەندە بەرهەم دەهێنێ.

١٦٦٢- کوژی جەواڵی دڕاوە بە ڕمی لە قونی گای دەپەستێ:

وەک ئەوەیە ئەسپی لە کلکی لغاو دەکات و واتە ئەو کارەی دەیکات ڕاست نەبێ و لە جێگەی خۆی نەبێ.

١٦٦٣- کابرایەکی دەم لبادە، هیچ بە هیچ نادە:

بۆ کابرایەک دەڵێن زۆر فەقیرحاڵ بێ و مووی لە دەوی خۆی نەکاتەوە و بە کورتی بەستەزمان بێ.

١٦٦٤- کابرایەکی پشت مل پانە:

واتە هەموو جۆرە حیزییەک قبووڵ دەکات.

١٦٦٥- کڵاوی مەلۆی دانایە سەری جەلۆی:

واتە کابرایەک کارێک هەر چۆنی هەبێ بەڕێ بکات و پێکی بهێنێ و ساقی و باقی بکات.

١٦٦٦- کادینا زلکێ کایێ لێ نایە نەبڕین:

واتە لە بنەماڵەی لێهاتوو پیاوی ئازای هەر لێ هەڵدەکەوێ.

١٦٦٧- کوێستان و بێستان ناکرێت:

دوو شتی دژی یەک ناکرێت وەک چۆنە کوێستان و کردنی بێستان زۆر لێک دوورە.

١٦٦٨- کەس بێ سەڵا نابێتە مەلا:

واتە هەر شتێک مەرجی خۆی هەنە و دەبێ بێنە دی ئەوجا ئەو شتە دروست دەبێ.

١٦٦٩- کێ وەفایە ئەو برایە:

زۆر ڕاستە برادەری وەفادار وەکی برایە بەڵام لە هەموو کەسیش نەکرایە.

١٦٧٠- کۆڵەگەی دینی مەلانە:

واته هەموو شتێک کۆڵەگە و ئەستوونی بنەڕەتی هەیە بۆ وەستانی وەک ڕەشماڵ بە ستوون ڕادەوەستێ و دینیش بە پیاوان و مەلایان دێن ڕادەوەستێ، بۆیە وتراوە ئەگەر زانایەکی ئاینی خراپ بوو دنیا خراپ دەبێ.

١٦٧١- کەس ناچێتە گۆڕی کەس:

مەبەست ئەوەیە هەر کەس و گوناحی خۆی.

١٦٧٢- کەری ئەو بارەی نییە:

بۆ کابرایەکی بێ توانای ناکەس دەگوترێ.

١٦٧٣- کەتا بنێ تێر نایێ:

١٦٧٤- کوڕێ دای گوریکا، گیای لەبن حەلیکا:

منداڵ بەتایبەتی کوڕیش ئەگەر دایکی ڕێکوپێک نەبێ باش نابێ.

١٦٧٥- کەسێک کەسێکی خۆش نەوێ خەونی خراپی پێوە دەبینێ:

واتە ئەگەر یەکێک یەکی خۆش نەوێ هەتا خەونی خراپیشی پێوە دەبینێ ئەگەر بۆی بکرێ بەرپێنەی دەداتە بەرێ.

١٦٧٦- کتکێ مس پشکێن قەڵەو دەخۆت:

واتە ئەوەی دەسەڵاتدارە پشکی قەڵەو هەر بۆ ئەو لەبارە.

١٦٧٧- کوڕان گاز بە نەوەک زاران گاز:

واتە زیانی بەدەنی بێن بەڵام خەڵکی بەخراپە ناوت نەهێنێ وە بەم شێوەش گوتراوە "کوڕان گای بە نەک زاران گای".

١٦٧٨- کلکی لە سەی کەمترە:

بۆ یەکێکی بیژی و حەرامزادە دەگوترێ کە لە سەگ و پشیلە کلکی کەمتر نییە.

١٦٧٩- کەر بەستە لە خەم ڕەستە:
یانی مەڕومالاّت و شتی خۆت بکە بەخودان ڕزگارت دەبێ لە هەموو خەم و دەرد و سەرئێشان.

١٦٨٠- کێخوای گوندییە و سەگ پێی دەوەڕی:
بۆ کابرایەک دەگوترێ هەر ناوی بێ ناوەڕۆکی هەبێ.

١٦٨١- کوڕی باوکی خۆت بە لە ڕێی شێری بڕۆ:
واتە ئەگەر مرۆڤێکی لە ماڵی خۆی گەورە بێ و نانی باوکی خۆی بخوات و نۆکەری کەس نەبێ دەتوانێ لە ڕێی شێری بڕوات و کەس دەرەقەتی نەیێ.

١٦٨٢- کەس دەستی لەبەر دەستی هەڵنادات:
واتە خۆی فەرمانداری تەواوە و کەس ناتوانێ قسەی لە قسەی بکات.

١٦٨٣- کەرۆ کرد کڵاو سوورکا بۆ خۆ برد:
وەک ئەوەیە یەک دەکات و یەکی تر دەخوات.

١٦٨٤- کەرێکم دا بە کەرێ کوڵکی لەبن چەنگێ دەرێ:
هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد کابرایەک لە موعامەلەیەک دەکات وا دەزانێ قازانجی کردووە و دوایی بۆ دەردەکەوێ ڕەنگە زەرەری کردبێ ئەوە قازانجی کردبێ.

١٦٨٥- کۆنە دەست ماینی زین کراوە، بە تەجروبەشی ئەمە چەسپاوە:
واتە ئەو دۆستانە لە کۆنەوە دروست کراون و تەجروبەت لەسەریانی هەبێ باشتر بۆت دەرکەوتووە و دەبێ بە ئاسانی نەیانگۆڕییەوە بە دۆستی تازە.

١٦٨٦- کێلەشین مێران دەکوژێ، کەرگەوزێن تان لە خۆی دەدات:
کەرگەوزێن شوێنێکە لە خوار کێلەشین لەلای عێراقەوە مەبەست ئەوەیە سەرکەوتن لایەنگری زۆرە و دەبینی خەڵکی تر سەرکەوتنی وەدەست هێناوە و کەسانی تر ناو لە

خۆیان دەدەن و دەیانەوێ سەرکەوتن بکەن بە هی خۆیان.

١٦٨٧- کەس ئەستونەی بەرخانووی خۆی دەرنایینی و بداتە بەر خانووی خەڵکی تر:
واتە کەس زەرەری خۆی نادات بە قازانجی خەڵکی.

١٦٨٨- کەڵەباب بانگیش دەدات و پیاویش دەخوات:
واتە هەموو مرۆڤێک دوو لای هەیە لای باش و لای نەباش بۆیە بە باشەکانی دەبێ بڵێی باش و بە خراپەکانیش بڵێی خراپ.

١٦٨٩- کوڕت نەبێ لە کۆشێ خۆ نانت نەبێ لە کاسێ خۆ:
واتە ئەگەر یەکێک کوڕی لە کۆشی خۆی نەبێ و نانیشی لە کاسەی خۆی نەبێ ئەو پیاوە بۆ مردن باشە و ئەو منداڵەش نابێ بە منداڵی ئەو چونکە تەربیەتی خەڵکی وەردەگرێ.

١٦٩٠- کوڕت ساوا نەبێ دەغڵت تەڕەکار نەبێ:
واتە ئەگەر منداڵ ساوا بێ و باب پیر بێ و بمرێ و هەتیو دەبێ و بێچارە دەبێ دەغڵیش ئەگەر تەڕەکار و لە ئاخیری پایز و سەری زستانی بکرێ واتە پاش پەڵە ئەم دەغڵەش بە کەڵک نایێ.

١٦٩١- کەڵەشێری ڕۆژێکی بە نەک مریشکی دە ساڵان:
وەک ئەوەیە دەڵێ کەم بژی و کەڵ بژی.

١٦٩٢- کوتەکی زەبربەدەست ئاشی دێم دەگێڕێ:
واتە مرۆڤ ئەگەر هەبووی بێ هەموو کاری لەدەست دێ.

١٦٩٣- کەچەڵ جارێکی لا ئەستەمە لێی بەربێتەوە مێزەرە:
واتە حەیای مرۆڤ پەردەیەکە ئەگەر دڕا هیچ بۆی ناگیرێتەوە.

١٦٩٤- کورد نەچێتە بازاڕ بازاڕ وێرانە:

کاتی خۆی ئەمە گوتراوە چونکە زۆربەی بازارەکان بەهۆی عەشایەریی کورد گەرم کراوە و شتیان بردووە بۆ فرۆشتن وەک ماست و پەنیر و خوری و مەڕومالات و بەرامبەر بەمەش شتیان کڕیوە بۆیە وا وتراوە و ژیان بازارەکانی ناوچەکانی کوردستان و هەتا زۆر ناوچەی دەوروبەریش لەسەر جووتیاران و کۆچەرانی کورد بووە.

١٦٩٥- قیز تەشیا دیا خوە دڕێسێ:

دی دایک هەروەک لەوەوپێش وتمان کچ زیاتر لەسەر ڕەوشتی دایکی دەڕوات.

١٦٩٦- کەما بۆ کەرە کە کەر نەما کەما بۆچی:

کەما جۆرە گیایەکە باش بەژن دەکات و هەڵدەسێ و لە کوێستانان شین دەبێ و بۆ خواردنی وڵاغ دەبێ و کابرا ئەگەر وڵاغی نەبێ کەمای بۆ چییە و ئەگەر ماین و ئەسپی نەبێ زینی بۆ چییە.

١٦٩٧- کەس نەمایە ل گوندێ مە حسنۆک بوویتە موختارێ مە:

وەک ئەوەیە دەڵێ کەس نەبێ و ڕەجەب سەرپاڵە بێ واتە بۆ ئەوە دەگوترێ کابرایەکی نەزان کاری خەڵکی پێ بسپێردرێ.

١٦٩٨- کەر بە وەڵامان پاراو نابێ:

یان (کەر بە فیتەفیت تێر ئاو نابێ) واتە ئینسان بە قسان تێر ناخوات.

١٦٩٩- کیژ هەتا کچە مێردی دەوێ کە مێردی کرد هەموو شت دەوێ:

هەتا هاوینە بنیادەم بە کراسێک و پانتۆڕێک دەتوانێ ژیانی هەڵسووڕێنی کە بووە زستان پاڵتۆ و زۆر شتی تری دەوێ.

١٧٠٠- کورۆ ڕێ لەبەرۆ ڕاوەستان چ مە فەرۆ:

دەرمانی ڕێی ڕۆیشتنە کاری ئەمرۆ مەخەرە بەیانی لە دیاری کار ڕامەوەستە چارەی هەر کردنە.

١٧٠١- كتك و مشكا ژن لێ نەمری:
دیارە بێوە مێردی و پڕ دەردی.

١٧٠٢- کێ زەرەری کرد وتیان بیانی:
یان دەگوترێ کێ تڕکەرە بیانی واتە هەر کەس بۆ لای کەسوکاری خۆی و نەتەوەی خۆی دەبێ ڕاکێشێ و خێری ئەوی ئەوی پتر بوێ و زەرەری خزم و کەسوکاری خۆی نەوێ و هەمیشە خەڵکی تر بەرامبەر ئێوە وان و خێری ئێوەیان ناوێ و دەبێ زۆر وریا بن.

١٧٠٣- کەوشی فەرەنگی جیڕەی دێ زگی لە برسان قوڕەی دێ:
واتە کاڵا و بەرگی لە قەدەر ژیانی خۆی نییە.

١٧٠٤- کەس نەمری بەو چاوە دەبینێ:
بۆ شتێک دەگوترێ کە مرۆڤێک زۆر پێی دڵنیا بێ وا دەڵێ ئەگەر یەکی نەمرێ ئەو شتە بەچاو دەبینێ.

١٧٠٥- کوتکی بن عەبای پێ نیشان دا:
واتە مرۆڤ بە هێزی دەروونی و شاراوەی خۆی بتوانێ دوژمنی خۆی بتۆقێنێ.

# گ

١٧٠٦- گاڕان بە گردەوە دەچوو پیرێژن لە گۆلکە سۆرەی دەپێچایەوە:

بۆ ئەوەیە کە هەر کەسێ خەمی دەردی خۆی لەبەرە وە لەلایەکی تر هەیە شتی خەڵک لەلای ئەو گرینگ نییە زۆر گرینگیش بێ ئەو هەر شتی خۆی لا زۆر موهیمە.

١٧٠٧- گای بە گونان دەناسێ:

کابرایەک شت لەسەر ڕاستی خۆی نەناسی.

١٧٠٨- گوێژی لە قەت تەڵانی شفتی دەهۆی هۆی پێوە:

یەکێک وەڵامی یەکێک بداتەوە کە ڕەبتی بە پرسیارەکەی وەنەبێ وە یا شتێک باس بکات و هیچ لە ڕاستی نزیک نەبێ ئەمە دەگوترێ چونکە داری گوێز شفتی ناگرێ.

١٧٠٩- گاوان هەر سواری کەرێی بۆ دمێنێتەوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کارێک بکات و خێرێکی زۆری پێ ناگات و شتێکی کەم و پووچی پێ ببرێ وە بە شێوەی تریش دەگوترێ.

١٧١٠- گۆشت قابیلی بازە:

واتە شتی چاک بۆ مرۆڤی چاک و چەکی چاک بۆ پیاوی چاپووک.

١٧١١- گوندۆرە بە ڕەنگی نییە:

واتە زۆر پیاو هەن ئەگەر بە ڕەنگ و بە ژن بێ هیچیان لێ ناوەشێتەوە بەڵام وا نییە و بە پێچەوانەیە و ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

١٧١٢- گا لە میز میزە هەر دەمیزێ:

واتە یەكێك بە هەنجەت و بیانوو بێ هەرچییەكی بۆی بكەیت بیانووەكەی لابەلا نابێ.

١٧١٣- گۆم هەتا قۆڵ بێ مەلەی خۆشە:
بۆ كابرایەك دەگوترێ ئەگەر ڕوو نەدات باشە بەڵام ئەگەر بوو چەندی گەورە بێ باشترە و ئەوە زیاتر بۆ بێ منەتییە.

١٧١٤- گەورەیی هەر بۆ خوا باشە:
بەرامبەر یەكێك كە دەگوترێ كە خۆی بەگەورە و زل بزانێ. واتە كارێكی خراپە مرۆڤ خۆی بە زل بزانێ.

١٧١٥- گوریس بە یەك لای نەدەگەیشتە یەك ئەوجا نۆرەی دوو لایە:
دەبینی كابرایەك هەیە كارێكی بە تەنیای پێ ناكرێ و دەیەوێ دوو كاران پێكەوە بكات و ئەمەش ناكرێ.

١٧١٦- گێرە تێكدان لەمەڕ گای بنەیە یان لە بن سەری گای پیرە:
واتە زۆر شت هەیە خەتای پیرەكانە و منداڵ و گەنجەكان فێرە شتی خراپ دەكەن و كاری خەڵكی تێك دەدەن و ڕێگەی باشیان لێ دەگۆڕن.

١٧١٧- گای بەپێستەوە قوت دەدات:
وەك ئەوەیە كە دەڵێ (سەگی بە پێستەوە دەخوات).

١٧١٨- گورگە و لە پێستی مەڕە:
زۆر خەڵكی وا هەنە زار لووس و دڵ پیس و بە كردەوە ئەگەر بۆی بسووڕێ لە گورگ خراترە.

١٧١٩- گەورە دەیڕژێنێ و گچكەش پێی لێی دەخشێنێ:
ئەگەر گەورە و سەردار و لێپرسراو كاری خراپ بكەن و ئەوەی لە خوارەوەی ئەوان بێ چاویان لێ دەكەن.

١٧٢٠- گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ لە منەتی قەسابی چاترە:

بە شتی ناخۆش و کەسی خۆت ڕازی بە لە شتی خۆش و بەناو و چاکی خەڵکی باشترە کە منەتی تێدا بێ و تووشی چاوشۆڕیت بکات.

١٧٢١- گیا لە جێگەی عاسێ دەمێنێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ دەوڵەمەندی ڕەزیل بێ.

١٧٢٢- گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە:

واتە ڕەسەن و ویراسە تەئسیری هەیە لەسەر ڕەوشت و ڕەفتاری خەڵک و هەتا لەسەر لێهاتوویی و لێ نەهاتوویی لە هەندێ حاڵات.

١٧٢٣- گورگیان کردووە بە شوانی مەڕان:

وەک ئەوەی دەڵێ "گورگی بەردایەتە ناو کۆزی خۆی" واتە خەڵکی خراپ دانێ لەسەر کارێک و چاوەڕوانی چاکەی لێ بکەیت و ئەمەش کە نابێ.

١٧٢٤- گورگی باران دیتەیە:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە زۆر لێی بەسەر هاتبێ ئەزموونی زۆری دەبێ و ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٧٢٥- گوتت حەق ئاو ڕادەوەستێ:

لە زۆر کات وایە ئەگەر ڕاستی بڵێ کارەکە دروست دەبێ و مەشاکیل حەل دەبێ و لەوانەیە زۆر شت بوەستێ.

١٧٢٦- گۆشتی ناخوات گۆشتاوی دەخوات:

لەوە نزیکە کە دەڵێ بە گاوانی شەرم نییە بەنان سەندنی شەرمە واتە کارێکی ناکات کە پێی خراپە بەڵام کارێکی خراپ وەکی ئەو دەکات.

١٧٢٧- گیا ئەوەیە بە دەوی بزن خۆش بێ:

واتە هەموو کارێک پێی ناگوترێ چاک و کوڕی باش ئەوەیە بۆ دایک و باوکی باش بێ.

١٧٢٨- گۆلکی خۆماڵی پەسند نییە:
زۆرجار وایە پیاو هەیە لە کۆمەڵێک هەڵدەکەوێ و پێی دەکێشنەوە بە هۆی ئەوەی حەسوودیی پێ دەبەن.

١٧٢٩- گورگ ئەگەر خەمی باران بوایە کەپەنکی بۆ خۆی دروست دەکرد:
واتە ئەوەی کارێک دەکات بڕوای پێی هەیە و باکی بەوە نییە ئاخۆ خەڵک باسی دەکەن یان نا.

١٧٣٠- گاڕان گەیشتە دەرکی کانی، پیرێ تازە بەزییە تەشی.
بۆ یەکێک دەگوترێ کارەکانی لە کاتی خۆی نەکات.

١٧٣١- گۆزەی نوێ ئاوی تەزییە یان "گۆزەی نوێ بە دڵان خۆشە":
بێگومان زۆر شتی تازە خۆشترن لە شتی کەون.

١٧٣٢- گوێزی لە باری خۆی دەژمێرێ، یان گوێزی لە باغەڵی خۆی دەژمێرێ:
بۆ ئەوەیە کابرایەک خۆی شتێکی تێدا هەبێ وا بیر کاتەوە هەموو خەڵکی ئەوی ئەم شتەیان هەیە.

١٧٣٣- گوریسی لەبنی دنیایێدا ڕاخستووە:
بۆ کابرایەک دەڵێن تازە دنیای لێ نوێ بێ و وا بزانێ مردن نییە و ئاگای لە هیچ نەبێ لەبەر ماڵداری.

١٧٣٤- گیزە گیز لە پێوە دان ناخۆشترە:
پێشی بچیتە ناوی شەری لەسەر ناخۆشترە و چاوەڕوانی ناخۆش لە نەخۆشییەکە ناخۆشترە و...

١٧٣٥- گوڵە جۆی هێنایەوە:
بۆ کابرایەک دەڵێن هیچ کاران تەواو نەکات و پێشان خەڵک دەبووە شوان بە شەرتی گوڵەجۆ.

١٧٣٦- گورگ کە پیر بوو دەبێتە قەشمەرجاری سەیان:
بەڕاستی وایە زۆرجار دەبینی کابرایەک دەستڕۆیە و ئازایە و دلێرە و دوای ئەوە پیر دەبێ و لێ دەکەوێ خەڵکی بێ کەڵک و ناکەس گاڵتەی پێ دەکەن.

١٧٣٧- گا گووروایە کلکی مایە:
لە کاتێکدا دەگوترێ کارێک لە کۆتایی بێ بۆ ئەوە دەگوترێ کە پێویستی بە پشوودان نییە و با تەواو بێ وە یا ئەگەر کەسیش هاریکاریی نەکەن کارەکە تەواوە.

١٧٣٨- گورگم لە کۆزی خۆیە:
کابرایەک ئەمە دەڵێ کە گورگ و سەگ ببن بە هاوکار لەبار یەک دەچێ ئیش و کار ماڵوێرانی دەمێنێ بۆ خاوەنی کار و ئەمەش یەکجار زۆرە لەم ڕۆژگارەدا.

١٧٣٩- گا گاگۆزی بۆ خۆی بچینێ سەری دەیێشی:
زۆر خەڵک وایە کە بۆ خۆی کاری بکات ژانەسەری دەگرێ بەڵام ئەگەر بۆ خەڵکی بیانی بێ ئەوا زەوقی دەبێتەوە.

١٧٤٠- گوتیان قرژاڵ بۆ بە دوو سەران دەڕۆی گۆتی بۆ جوانان عەیب نییە:
واتە بۆ جوان و بوان و دەستداران بە دوو سەر ڕۆیشتن عەیب نییە بۆیە قرژاڵ وای وەڵام داوەتەوە کەوابێ دەستڕۆیشتن هەموو عەیبان دادەپۆشێ ئەگەرنا خراپ هەر خراپە بۆ هەر کەس بێ.

١٧٤١- گەزۆ مەقەس لە دەستی خۆیەتی:
واتە خۆی فەرماندارە و هەرچی بکات کەس دەستی لەبەر دەستی هەڵنادات.

١٧٤٢- گۆڕی خۆی بەدەستی خۆی هەڵکەناند:

بۆ یەکێک دەڵێن بە دەستی خۆی ئاگری لە ماڵی خۆی بەردات و بە خۆی گۆڕی خۆی لێ بدات واتە کردەوەکانی بە زیانی خۆی تەواو بێ.

١٧٤٣- گەواڵەی بەهاران سەری کۆتری تەڕ دەکات و کلکی تەڕ ناکات:

مانای هەروەکی خۆیەتی وەکی من بزانم بۆ ئەوەش بەکار دێت کە چاکەی کابرایەک جیرانی وی بگەڕێتەوە و ئەوی نەگەڕێتەوە.

١٧٤٤- گەڕانەوە دووبارە دەستکەوتیان دوو پارە:

بۆ یەکێک دەڵێن پەشیمان بێتەوە و دەسکەوتیش کەم بێ.

١٧٤٥- گورگ ئەگەر گۆشتی نەخوات ددانی دێشیت:

بۆ یەکێک دەڵێن فێرە حەرام خواردن بێ و نەتوانێ وازی لێ بێنێ و ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٧٤٦- گای زەرد پێی لێ نایە یان گۆلکە سۆرە پێی لێ نایە:

بۆ یەکێک زۆر ناز لە خۆی بینی و وەک پێویستە دەست نەداتە ئیش و زۆر لە جێی خۆی هەڵنەسێ ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٧٤٧- گا کە غەزری باری نابە دەبێ ئاگری لەسەر پشتی بکەیتەوە:

هەر کەس ئەگەر کاری نەکرد و ملی نەدایە ئیشکردن و خۆی گنخاند دەبێ توندیی لەگەڵ بەکار بهێنن.

١٧٤٨- گوێرەکەی فەقیری هی دەوڵەمەندی بەستەوە:

چونکە هی فەقیری گورگ خواردی و دەوڵەمەند خۆی پارێزگاریی لێ کرد و بەستایەوە.

١٧٤٩- گا لە گا کەمتر بێ دەبێ کلکی ببڕێتەوە:

وەک ئەوە خلە لە بلەی کەمتر نییە و ڕەنگە مانای تریش هەبێ.

١٧٥٠- گاوان لەبەر گاڕانی نەگەڕێتەوە نانی پێ نادرێ:
یەکێک ئەگەر کاری نەکات نانی ناخوات.

١٧٥١- گا جۆتی نەدەکرد خاوەنی منەتی دەکرد: یان جووتیار منەتی.....
وەک ئەوەیە کە دەڵێ قەزای دیزەی لە گوزەی کەوت وە یا دەبینی هۆیەکی تر بۆ نەکردنی کارێک هۆی تریشیان دەوترێ وەک ئەم مەسەلەیە و مانای تریش هەیە.

١٧٥٢- گۆیندەی میری نۆکەری نییە:
هەندێ کەس هەن نۆکەرن و خۆیان بە زل دەزانن.

١٧٥٣- گوللە و دەرمانی بایز ئاغا و شەق لە کەنداڵ:
بۆ یەکێک کە خۆی بە شتێک ماندوو نەبێ و پێی تێ هەڵدەدا و بە زەییی پێ ناهێتەوە.

١٧٥٤- گوێرەکەی خەڵکی هەر گوێرە و هەوسارت بۆ دەمێنێ:
واتە ماڵی خەڵکی چەندی خزمەتی بکەیت بۆ تۆ نابێ.

١٧٥٥- گا کردی و کەر خواردی:
لەم زەمانەش ئەم ڕووداوە بە زۆری ڕووی داوە.

١٧٥٦- گوتیان گورگ نۆرە مەڕتە وتی شەلەم بەڵام ناچارم هەر دەچم:
بۆ کابرایەک دەگوترێ بۆ شتێک ئاوی لە دەوی بێ بەڵام خۆی گران بکات.

١٧٥٧- گەزی چی و جاوی چی:
بۆ یەکێ دەگوتری شتی لە بیر نەبێ و لە بیر خۆی بباتەوە.

١٧٥٨- گەز گەز بالا دەکات:

١٧٥٩- گوڵ بێ قنچک نابێ:
واته هیچ شت به ئاسانی دەست ناکەوێ.

١٧٦٠- گاره نەڕۆت دەبێ دەروێش بڕۆت:
ئەگەر یەکێک نەچووە بەر کارێک دەبێ چارەی بۆ پەیدا بکەیت و ئەگەر دەرەقەتی یەکێ نەهاتی و دەبێ تۆ لەبەری بڕۆیت.

١٧٦١- گوێرەکەی بەرماڵێ بە گا حساب ناکرێ:
نزیکی ئەوەیە کە دەڵێ گۆلکی خۆماڵی پەسند نییە.

١٧٦٢- گام لە گاڕانی نییە و بەفر پێم دەبات:
وەک ئەوەی جیرانی دزی ناوبەدی بۆ دەبێ یانی کابرایەک لە کارێک دوورە بە هۆی جیرانی و ئاودەنگی دەبێتە هاوبەشی نارێکی و دڵتەنگی.

١٧٦٣- گا لە گاڕانی شڤک لە تەڕاشی:
کابرایەک لە شتێک زەرەر نەکات و پێوەی ماندوو نەبێ وە یا ماڵی خۆی نەبێ.

١٧٦٤- گەنج خەزێنەی بۆ خۆی دەکێشێ:
واتە پارە پارە دەکێشێ.

١٧٦٥- گورگ هاتە هەزاری وای لە هەژاری:
ئەگەر یەکێک دوژمنی زۆر بوون خوا چاکی بۆ بکا بەتایبەتی بۆ پیاوی هەژار بەتەواوی سەری چاک دەکەنەوە.

١٧٦٦- گورگ لە هەورازی لە برسان سەرناکەوت دەیانگوت زۆری خواردییە:
وەک ئەوەیە دەڵێ نەکردی نەخواردی لە سمێڵان مەیی و ئەگەر یەکیش ناوی بەدی چیی تر کەس باوەڕی پێ ناکات.

١٧٦٧- گا ڕیخی کرد کارەکری نەکرد:

١٧٦٨- گلێ دوور دەرمانە:

ئەمە لەلای هەندێ کەس وایە بۆ کەسانی نەزان دەگوترێ.

١٧٦٩- گەنمی قەندەهارییە زۆر خواردنی لێ دروست دەکرێ:

بۆ مرۆڤێک دەگوترێ زۆر کاری لە دەست بێ.

١٧٧٠- گلیت کویر نەنڤە خەونێت خراپ نەبینە:

خۆت تووشی هەندێ دەردەسەری مەکە تا تووشی سەرئێشە نەبی.

١٧٧١- گورگ بە گەڕیانە ڕزق لەسەر پێیانە:

ئەوەی بگری هەر چۆنێ هەبێ شتێک دەستی دەکەوێ.

١٧٧٢- گەلەکی بزانە و پیچەکێ بێژە:

واتە چەند زۆر بزانی هەر کەم بڵێی باشترە.

١٧٧٣- گەنم و جە بەرامبەر خودانێ جەترِ بەتەڕ:

١٧٧٤- گۆلک بە گچکە گچکە نابێتە گا:

١٧٧٥- گۆشتی کەرێی خواردبوو دەیگوت گوێی وەکی کەروێشکی بوو:

یەک بیەوێ فێڵ لە خۆی بکات.

١٧٧٦- گا دەمری چەرم دەمێنێ مێرد دەمرێ ناڤ دەمێنێ:

واتە کە گا دەمری لە چەرمەکەی سوودی بۆ کاڵەک لێ وەردەگری و مرۆڤ کە مرد کردەوەی چاک و ناوبانگی چاک بە ئازایی و زانایی و...

١٧٧٧- گوند بێ گوڤەک نابێ:

هەروەک لە هەر گوندێک زبڵدان هەیە بێگومان خەڵکی بێ کەڵکیش تێدا پەیدا دەبێ و هەموو ڕێکوپێک نابێ.

١٧٧٨- گولا ژاڵە بەڵێ ئاڵە بەلام تاڵە:
وەک ئەوەیە کە دەڵێن هەنگوینە و لە پێستی سەیە واتە لە لایەک ڕەنگ و ڕووی هەندێ کاری جوان و چاکی هەیە و لە لایەکی تریش نەنگیی لێ ڕوو دەدات.

١٧٧٩- گۆزە چی تێدا بێ ئەوەی دەپاڵێوێ:
مرۆڤ چی لە دڵیدا هەبێ کردەوەش وەک ئەوە دەبێ.

١٧٨٠- گا باڵی هەبوایە وێنجەی نەدەهێشت:
زۆر کەس دەسەلاتیان هەبوایە دنیایان دەخوارد و زندی و مردوویان پێکەوە لە قەبری دەشاردەوە.

١٧٨١- گوڵ بۆنی نەبێ لە جوانیی کەم دەبێتەوە:
زۆر ڕاستە مرۆڤ وە بە تایبەتی ئافرەت هەر چەندی جوان بن ئەگەر ڕەوشتی بەرزی لەگەڵدا نەبێ لە جوانییەکەی کەم دەکاتەوە.

١٧٨٢- گا بە تەنیا گێرەی ناکات:
وە زیاتر دەبێ گوێدرێژی لەگەڵ بێ و زۆر کەسیش هەن وەک چێڵن بە تەنیا هیچیان بۆ ناکرێ.

١٧٨٣- گوێلەکەی زیانکار ئابڕووی گاگەل دەبات:
لە کۆمەڵێکیش یەکێک خراپە دەکات ناوی کۆمەڵەکە بەد دەکات ئەمەش زیاتر لە کۆمەڵی عشائری ڕوو دەدات.

١٧٨٤- گەوهەر لەناو قوڕدا ون نابێ:
مرۆڤ وەک زیر پاک و چالاک بێ لە هەر شوێنێک بێ پارێزگاریی ناوبانگ و ئابڕووی خۆی دەکات.

١٧٨٥- گاڕس گول بی باران لێ هات شلومل بی:
وەک ئەوەیە کە دەڵێ ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیشی لێ میوان بوو.

١٧٨٦- گورگ دەڵێ تفەنگ دەمترسێنێ، بەردەقانی دەمرەتێنێ:
وا مەشهوورە گوایە گورگ زیاتر لە بەردەقانی ترساوە نەوەک لە تفەنگ چونکە هەموو شوانێک بەردەقانی (قۆچەقانی)ی لا هەبوو وە گوللەش کە بەرد بوو بەلاش بوو بۆیە زیاتر سوودی هەبووە. دڵنیابە ئێستاش بەردەقانییەکی خۆت لە تفەنگی خەڵک باشترە.

١٧٨٧- گەلەکی بدەیە بەر داسێ دێ دناڤرا مینیە ئاسێ:
وەکی تریش دەڵێ "داس زۆر بدەیە بەردەوی دەچەمێ" واتە پارووی مرۆڤ دەبێ لە ئەندازەی دەوی خۆی بێ.

١٧٨٨- گوڵی ئاو لێ براوە بۆیە ڕەنگی سیس هەڵگەڕاوە:
بۆ یەکێک دەڵێن گەنجێک جوان بێ و بە هۆی مەشاکیل ئاڵۆز و بڵۆز بێ.

١٧٨٩- گۆلک لەسەر سنگ و پەتکی خۆی نەوەستێ گورگ دەیخوات:
یەکێک زۆر نەوەستاو بێ بێگومان کلاوی لەبەر دەنێ.

١٧٩٠- گۆشتی زەغەلی کرم دەیخوات:
یانی ئەوانەی بە تەمبەڵی گۆشت زۆر لە لەشیان پەیدا دەبێ زوو دەمرن و کرمی قەبری دەیخوات.

١٧٩١- گەوارەی بەهارێ گرتییەوە:
کابرایەک هیچ لە هیچدا نەبێ و ناوی بێتە ناو ناوان دەڵێن گەوارەی بەهارێ گرتییەوە.

١٧٩٢- گەرۆمەی ئاشی گچکە بکەوە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ قسەی زل و فیشاڵی گەورەی هەبێ.

# ل

١٧٩٣- لە ئاوی مەندۆ و لە پیاوی مۆن بترسێ:

زۆر ڕاستە وەک خۆی وایە خۆلادانیش باشترین چارەیە.

١٧٩٤- لە چاوی نەدیار کەس شەرم ناکات:

واتە ئەو بەرچاو نەبێ کەس شەرمی لێ ناکات و بەکەیفی خۆیان باسی دەکەن.

١٧٩٥- لە جێی سندان قۆزەڵقورتە:

ئەگەر بە یەکێ بڵێی باوکت وا ئەویش پێت دەڵێ دایکت وا.

١٧٩٦- لە سێبەری خۆی دەترسێ:

ئەمە بۆ کابرایەکی زۆر ترسنۆک گوتراوە بێگومان زۆر شتی واش ڕووی داوە.

١٧٩٧- لە ژوانی ژووژکانیان داناوە:

کاتێ ڕاوەژووژکیان دەکرد بە فێڵ تەنەکەیان بە کابرایەک لێ دەدا و گوایە ژووژکان کۆ دەکاتەوە و ئەمە بۆ کابرایەکی نەزان و نەفام دەگوترێ.

١٧٩٨- لەو ئاو نارژێ و لە منیش خوێن برژێ:

لە کاتێکدا دوو کەس بەشەڕ دێن ئەمە دەگوترێ و بێ منەتیی خۆی نیشان دەدات یانی هەردووکیان زەرەر دەکەن و لە هەردووکیان خوێن دەرژێ نەوەک لەو ئاو و لە منیش خوێن.

١٧٩٩- لە پیاوی ترسنۆک وایە دووجار شەڕ دەقەومێ:

پیاوی ترسنۆک وا دەزانێ هەموو ڕۆژێ شەڕە و پیاوی ئازاش یەک جار.

١٨٠٠- له دەوی ماری هاته دەرێ کەوته دەوی عەزیا:

له دەوی تاژی ڕزگـاری بوو کـەوتـه دەوی سـەگی و له ئـاو ڕزگـاری بوو کـەوتە ناو ئاگری و... یانی له گیروگرفتێک ڕزگاری بوو تووشی گیروگرفتێکی خراتر بوو.

١٨٠١- له پیاوی ئازا وایه هەموو دەم تاریکەشەوە:

مـرۆڤـی ئازا هیـچ کـات چاو نـاترووکـێنێ و هـەمـوو کـات بـۆ ئەودەم و مـەیدانی ئازایەتییە.

١٨٠٢- لەسەر بەڕەی خەڵکی دانیشی دەبێ ئاخری هەڵسی:

لەسەر کاسەی خەڵک بژی ئاخری لێت دەبڕی.

١٨٠٣- له شوێنێک دانیشه هەڵت نەسێنەوە:

له هەر کۆڕ و مەجلیس و دیوەخانه وا چاکه جێی خۆت بزانی.

١٨٠٤- له تاوی مار باڵ به ئاگر دەدات:

زۆرجار وا ڕووی داوه بەهۆی پاڵەپەستۆی نابەجێ خەڵک ناچار بووه کە سەری به ماڵی دوژمنی دابگرێ.

١٨٠٥- له سیتکانێ دەبووه زاوا و له هەسنانێ خۆی دەشوشت:

سـیـتکان و هـەسنان دوو گوندی ناوچـەی ڕەواندوز و باڵەکن وەک ئەوەیه خـێری بۆ یەکـێکی تر بێ و زیانیـشی بۆ لایەکی تر بێ وه یا وەک ئەوەیه نانی مـاسـتـاوەی دەخـوات و باسی جرتـاوەی دەکات. به کـورتی کارێکی نەگونجـاو و ناڕێک ئەنجـام بدات.

١٨٠٦- لەدوای چووان مەڵێن ئاخ:

بەدوای کڵاوی بابردوو مەکەوه و بیر له دواڕۆژت بکەرەوە.

١٨٠٧- له کەریان پرسی کوێت مەنزله وتی نەقیزه دەزانی:

هەر کوتەک دەزانی قۆناخ لە کوێیە ماریش بەوە لە کون نرایە.

١٨٠٨- لە دز وایە هەموو کەس دزە:

لە کوێرە وایە هەموو کەس کۆرە و شێتیش وا دەزانێ هەموو کەس شێتە.

١٨٠٩- لە گای گوێی پێ نیشان دا:

بۆ یەکێک دەگوترێ ماڵی یەکی تری لەلا بێ و هەمووی لێ بخوات و تەنیا کەمێکی پێ نیشان بدات.

١٨١٠- لە خۆلیا دەبن وەلی لە وەلیا دەبن خۆلی:

لە لایەک ویراسە و ڕەسەنی کاریگەرە و لەلایەکی تریش زۆرجار وا ڕێک دەکەوێ لە پیاوی خراپ مرۆڤی چاک چاک هەڵدەکەوێ لە هی چاک خراپ هەڵدەکەوێ.

١٨١١- لە پردی نامەردی مەدە با ئاو بتبات:

واتە پێویستە لە هەموو کات و ساتی پیاو خۆی دوور بکات لە یارمەتیی پیاوی نامەرد.

١٨١٢- لە بچووکی خەتا و لە گەورەش عەتا:

لە کاتێکدا ئەمە دەگوترێ کە دەبێ پیاوی گەورە و سەردار لێبووردە بێ.

١٨١٣- لە کەریش بووم لە کورتانیش بووم:

واتە مرۆڤ بە تەمای شتێکی بێ بەهۆی ئەوەوە شتێکی تریش لە دەست بدات.

١٨١٤- لە سەرەوە الله الله لە ژێرەوەش نعوذ بالله:

بۆ کابرایەک دێتە گوتن کە لە سەرەوە وەکی مەڕی بێ و لە بنەوەش لە گورگی خراتر بێ.

١٨١٥- لێ هاتنەک ژ ژێ هاتنە کێ چێترە:

مانای وەکی خۆیەتی.

١٨١٦- لە دانوان ئاوی بەدەستە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بەناو مەسئوولیەتێکی زلی هەبێ بەڵام هیچیشی لەبەر نەڕوات و لەم دنیایە ئەمە زۆر هەیە و ڕووی دایە.

١٨١٧- لە عیدا کەلێژی بوو لە عیدا ڕوبارێژی بوو:

کەل و ڕووبار دوو جێگەن لە مەنتیقەی ئامێدی. بۆ یەکێک دەگوترێ وەک ئەوەی دەڵێ لە قەلاتیش بوو لە کۆترانیش بوو.

١٨١٨- لە سەرەوە یارە لە ژێرەوە مارە:

بۆ یەکێک دەگوترێ "بەکاکە کاکە لەبن قوڕت ڕاکا".

١٨١٩- لەشساغی و پاشایەتی:

واتە مرۆڤ کە لەشساغ بوو لە پاشایەکی لەشناساغ زۆر خۆشترە با هەژاریش بێ بۆیە گوتراوە لەشساغی تاجێکی لەسەر سەری لەشساغەکان نرخی نازانی تەنیا نەساغەکان واتە سپوساغی خۆشترین سەرمایەیە لە ژیانی مرۆڤدا.

١٨٢٠- لام وا بوو دۆستە نەمزانی کۆستە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بەناو دۆست بێ و لە ژێرەوەش دوژمن و تاسپ بێ.

١٨٢١- لە دوای مردووان هەر ڕەحمەت چاکە:

وتراوە ئەگەر یەکێک مرد شەیتان دەستی لێ دەشوات و دەبێ هەر چۆنی هەبێ ڕەحمەتی بۆ ڕەوانە بکەیت.

١٨٢٢- لە زستانێ شەوێ، لە پیران تەوێ، لە سواران هەوێ، لە شوانان خەوێ:

هەر شتێک دەرفەتی خۆی هەیە و ئەگەر بۆی هەڵکەوێ کاری خۆی دەکات و لەسەری باز نادات.

١٨٢٣– له تاریکەشەویّ کۆسپ زۆر دەبن:
له کاتی تیّ شکان و لێقەومان تاسب و دوژمن زۆر دەبن.

١٨٢٤– له ئاشی دواکەوتووە له ڕێگه ڕادەکات:
له ڕەوسەی دۆڕاندووه دەیەویّ له کاتی تیّ بێنێتەوە.

١٨٢٥– له پەنجەی ساغ کرم دەردێنیّ:
وەک ئەوەیه له عەردی هیشک قوڕی دەردێنیّ.

١٨٢٦– له جێیەک نانویّ ئاوی بێته ژێری:
پیاوی زانا دەبیّ پێشی لێقەومان حیسابی تیّ شکان و لێقەومان بکات.

١٨٢٧– له حەوت ئاسمانان ئەستێرەیەکی نییه:
له کۆن بۆ هەریەکە ئەستێرەی بەخت و ئەستێرەی تریان دیاری دەکرد و حیسابیان لەسەر دەکرد. ئەمە بۆ یەکێک دەگوتریّ "له دارەتی دنیایێ هیچی نەبیّ".

١٨٢٨– له سوژنی بێکەستره:
بۆ کابرایەکی زۆر بێکەس بیّ وەک سوژن به دار و دیواری دابدەن.

١٨٢٩– له گورسی ناو هەمانه به پێچتره:
بۆ کابرایەک زۆر تەڵەکەباز و بەرگریّ و گواڵ دەگوتریّ.

١٨٣٠– له گوڵیان پرسی وتیان زۆر گەشی، وتی باغەوانەکەم زۆر مەردە:
بێگومان هەموو میللەت و کۆمەڵێک به سەردار و پێشەواکانی سەرفراز و پێشکەوتوو دەبیّ که ژیر و لێهاتوو و لەخۆبوردوو بن.

١٨٣١– لێفی تەڕی بەسەر خۆی داداوه:
بۆ کابرایەک دەگوتریّ نانی تەمبەڵی بخوات.

١٨٣٢- لاویّ درەوین جارەک دەخۆت فراڤین:

درۆزن ئەگەر شیوی بخوات ناشتای ناکاتەوە.

١٨٣٣- لە خۆشییان ئاوی لە دەوی دێ:

بۆ کابرایەکە کە ناوی هەناری بهێنێ ئاوی لە دەوی بێ و...

١٨٣٤- لە خۆی خەنی بۆن بۆگەنی:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە شتێکی بەدەست کەوێ لە خۆشییان بۆنی لێ دەرچێ.

١٨٣٥- لە کودیلەی بانگ دەدات:

بۆ یەکێ دەگوترێ لە یەکی تر زۆر بترسێ نەوێرێ هەناسەی بە دەوی بخواتەوە.

١٨٣٦- لە ترەندەرێ دەچێتە فسەندەرێ:

لە جێگەیەکی خراپ دەچێتە جێگەیەکی خراپتر.

١٨٣٧- لە حەسەنیان دا حوسێن بە تاسەوە چوو:

دەبینێ لە کابرایەک دەدەن و یەکی تر زراوی دەچێ.

١٨٣٨- لە ئاسمانان بۆ کەس نەباریوە:

واتە دەبێ مرۆڤ کارێ بکات.

١٨٣٩- لەسەر دنیادا گۆڕەشاریان دا:

بۆ یەکێک دەگوترێ هێشتان ماوە لە بەرچاوی خۆی ماڵی دابەش دەکەن و ئازاری دەدەن و...

١٨٤٠- لێی بە بۆنیوە مەکە:

کابرایەک هەڵەیەک دەکات و یەکی تر دەڵێ بەوە ناشێت تۆ خۆت بهێنیتە ڕێزی ئەو و ئەوەندە ناهێنێ و هەویری ئەو ئەوەندە ئاوە نابات.

١٨٤١– له ئەلف تا بێ هەمووی دەزانێ:

بۆ یەکێکی زرنگ و زانا دەگوترێ کە لە کارێک چاکی لێ بزانێ و سەری بە تەواوی لێ دەرچێ.

١٨٤٢– له ئاوی ڕووباری بێ خێرتره:

ڕووبار زیاتر زستانان هەیە و کاتی کشتوکاڵ ئاوەکەی دەبڕێ و کەس خێری لێ نابینێ و ئەم مرۆڤەش وایە.

١٨٤٣– له هەموو دیزان ئەسکوه:

بۆ کابرایەک بگوترێ کە خۆی لە هەموو شت هەڵقوتێنێ و فزوولی بکات.

١٨٤٤– له هەموو هەوران باران نابارێ:

لە هەموو هەورێک باران نابارێ و لە هەموو مرۆڤێکدا چاکە ڕەچاو ناکرێ و لە هەموو موعامەلەیەک قازانج ناکرێ.

١٨٤٥– له من مەدەن لە حەمەدەی برا بدەن لام وایە لە جەواڵی کای دەدەن:

یانی زۆرجار وایە مرۆڤ قازانجی خۆی بە قازانجی برای خۆی نادات و خەڵک بەرژەوەندیی خۆی لا گرینگترە.

١٨٤٦– له ئاسمانانم دەویستی لە زەوییانم دەس کەوتی:

بۆ خۆشی و بۆ ناخۆشی دەگوترێ.

١٨٤٧– له ماڵی جوو نانی بخۆ و لە ماڵی دیانە بخەوە:

یانی جوولەکە خاوێن و پاکترن چونکە سونەت دەکرێن و زۆر لایەنی تر پاکترن لە دیانان (مەسیحییان) وە دیانیش لە جوولەکە ڕاستتر و ئەمینترن.

١٨٤٨– له بوارێ بدە با لەشت تەڕ بێ بەڵام لە پردی نامەرد مەپەڕەوە:

با گورگ بتخوات بەڵام ڕێوی نەتلێسێتەوە.

١٨٤٩- له كەری تۆپی دەگەڕێت ناڵی لێ بکێشێتەوە:

بۆ کابرایەکی قرچۆک و خنس بەکار دێ.

١٨٥٠- له ڕاهی خوا بەڕەکی هاوێشته مزگەوتێ:

بۆ کابرایەکی زمان شڕ و زمان خراپ دەگوترێ.

١٨٥١- له گرمه گرمی ئێوارێ دیار بوو که باران دەبارێ:

یەکێک له ماڵێک بووە و ئافرەتەکە دەنگی لێ بەر بووە و دوای ئەوە شتی تر ڕووی داوە و کابرای میوان ئەمەی وتووە و ئێستاش بۆ ئەوە دەگوترێ بۆ شتێکی نەگونجاو نیشانی هەبێ و ئەمە دەڵێن.

١٨٥٢- له سەد ئاوی پەڕیتەوە و قاچی تەڕ نەبووە:

بۆ کابرایەکی قۆڵبڕ و ساختەچی و فێڵباز بەکار دێت.

١٨٥٣- لەسەر خەزێنەی دانیشتووە: یان لەسەر خەزێنەی نوستووە:

بۆ مرۆڤێک دەڵێن که سەرچاوەیەکی ماڵی و ژیانیی زۆر هەبێ و له کاتی خۆی زێڕی هەبوایە وایان بۆ دەگوت.

١٨٥٤- له دەرگەی کەس مەدە تا له دەرگەت نەدەن:

یان دەڵێن "ئەگەر دەرگەی خەڵکی بلەقێنی دەرگەت دەلەقێنن". یانی له دژی خەڵک بجووڵێیتەوە خەڵکیش له دژی تۆ دەجووڵێنەوە.

١٨٥٥- له بێ خەبەران کەشکەک سەلاوات:

بۆ یەکێک دەڵێن له کارێکدا بێ خەبەر بێ و خۆشی وا نیشان نەدات.

١٨٥٦- له بن کەپرێ سەپانان خەپلێ دەبا وەت لێ بێ:

یانی له خۆت نەگەڕای تا خراپت بەسەر هات.

١٨٥٧- لە کاری یاسینان نەما و کەوتە کاری حەیرانان:

بۆ یەکێک زۆر شڕ بێ و لە مردن بێ بۆی دەگوترا و ئێستاش کارێک لە کار ترازابێ وای بۆ دەگوترێ.

١٨٥٨- لە ئاسمانان بانگ دەکەن ئاوکوف:

وەک ئەوەیە کە دەڵێ کورتە و کەژێ لێک دەهەژێ.

١٨٥٩- لە چاو باوکی بە حەوت ئاوان شووراوەتەوە:

یەکێک باوکی خراپ بێ و کوڕەکەش خراپی هەبێ بەڵام لە باوکی باشتر بێ و ئەمە نیشانەی ئەوەش کوڕی وەکی باوکی دەبێ.

١٨٦٠- لەقەی لە بەختی خۆت مەدە:

یان لەقەی بەختی خۆی دا واتە یەک بۆی هەڵکەوتبێ و دەرفەتەکە لە دەست خۆی بدات.

١٨٦١- لە ڕێگەیدا کەوەڕێ بوو:

یەکێک زۆر چاوەڕێی یەکێکی تر بکات.

١٨٦٢- لە زۆری زۆر لە کەمی کەم:

وەک مانای خۆیەتی و لە زۆر جێگە بەکار دێت.

١٨٦٣- لە بەینی دوو بەردان ئاردێکی ورد:

لە نێوان دوو کەس شەڕ دەبێ قازانجی یەکی تری تێدا نەبێ وە یا کاری یەکێک لە نێوان دوو کەسانە و وا دەڵێ.

١٨٦٤- لەلای ئەو دوو بەڕوو باری کەرە:

بۆ یەکی نەزان دەگوترێ کە هەق و حیسابی خۆی نەزانێ.

١٨٦٥– له قەدەر بەرِی خۆت پێت ڕاکێشە:

مرۆڤ دەبێ بە ئەندازەی هەبوون و توانای خۆی هەنگاو بهاوێژی.

١٨٦٦– له یەکیان پرسی خەڵکی کوێی وتی هێشتان ژنم نەهێناوە:

واتە بەزۆری وایە خزمی ژن زاوای خۆیان خۆش دەوێ و لە لایەکی تریش هەروەک وتمان زاوا زیاتر بۆ لای ماڵی خەزووری دەکێشی.

١٨٦٧– لەسەر قوڕێ تۆزێ دەکات:

بۆ کابرایەکی قسەخۆش و نوکتەباز و دڵبەهار دەگوترێ.

١٨٦٨– لە چاو شلان پەیتە:

بۆ یەکێک دەگوترێ لەو کاتە و لەو شوێنە لەوێ زیرەکتری لێ نەبێ ئەگەرنا زیرەک نەبێ.

١٨٦٩– لەپشت دیواران گوێ مەگرە لە ماڵان:

مانای وەک خۆیەتی و بە ڕاستی کارێکی خراپە کە گوێ لە خەڵک بگری.

١٨٧٠– لە کانیی ژنان وەربگرە خەبەران:

کاتی خۆی لە کوردستان لەسەر کانیی ژنان زۆر شت دەزاندرا و ئێستاش زۆر شت هەیە لەلایەن ژنانەوە بڵاو دەبێتەوە بۆیە گوتراوە پیاو نهێنیی خۆی هەتا لەلای ژنی خۆی نەڵێ.

١٨٧١– لە قەلان بوو لە کورتانیش بوو:

لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک بە تەمای شتێکی باش بێ و شتی کە وەکی باش نەبێ ئەویشی لەدەست بچێ.

١٨٧٢– لەگەڵ گورگی گۆشتی دەخوات و لەگەڵ خاوەن ماڵی شینی دەکات:

بۆ کابرایەکی دووڕوو و دووزمان و دووڕێ بەکار دێ.

١٨٧٣– له یەکیان پرسی چۆن دەزانی خوا یەکە وتی بە ئاشی ئاودەل ئاغا:
ئاشی ئاودەل ئاغا تا خۆی بەتەنیا خاوەنی ئاشەکە بوو بەچاکی دەگەڕا بەڵام کە هاوبەشی بۆ پەیدا بوو ئاشەکە ڕۆژێک دەگەڕا و چەند ڕۆژیش لە کار وەستاو بوو.

١٨٧٤– لێ دە خەنجەر لە کایە:
یان دەڵێن خەنجەر لە کایە بۆیە وایە لە کاتێکدا دەگوترێ یەکێک ماڵی خۆی نەبێ و بەزەییشی پێ نەیەتەوە.

١٨٧٥– لێ خوڕە هەتا مانگەشەوە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێ ئەوەش بە خۆیەوە نەدیبێ.

١٨٧٦– لە ئادارێ بەفر بگاتە گوێی دارێ نامینێ تا ئێوارێ:
بە ئەزموون دەرکەوتووە کە ڕاستە بۆیە وتوویانە "لە نەورۆزدا لانکیان ئاوا کرد لە کێلەشینێ" واتە لە ئاداری بە تایبەتی پاش بیست و یەکی تاوی سەرما نامێنێ و مەترسی زۆر کەم دەبێ.

١٨٧٧– لە حەڤدە و هەژدەی ئادارێ مەلەک دێنە خوارێ دەنگی دەکەن لە بوهارێ:
ئەمە زۆر ڕاستە زیاتر بە نیسبەت دەشتی هەولێرێ گوتراوە چونکە پەندەکە هی ئەو ناوەیە.

١٨٧٨– لە برسان ڕاوی سەی دەنێ:
بۆ کابرایەک دەگوترێت کەوا نەبووی رووت بێت.

١٨٧٩– لە هەر چوار پەلان دوو گوێی ساغە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ لە لەشی دەردەداری زۆر بێ و لە لایەکی تر بۆ ئەو کەسانەش دەگوترێ دەردی تریشیان هەبێ.

١٨٨٠– لبادی لەبەر نەقیزەی دەرهێناوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بێ ویژدانی و لە خوانەترسیی گەیشتبێتە پۆپەی و هەتا سەگی بە پیستەوە بخوات و لە خراپە لانەدات.

١٨٨١– لێم چوویتە سەر کلکی دارێ و نایەتە خوارێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ لە قسەی خۆی نەیەتە خوارێ و خەڵک زۆر هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ڕای پێ بگۆڕن بەڵام بێ سوود بێ.

١٨٨٢– لەو کەسە بترسن نازانێ کە نازانێ:

بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانە کە نەزانیی ئاوێتە (جهل مرکب)یان هەیە و نازانن کە نازانن، جێگەی مەترسین بۆیە گوتراوە دوژمنی زانات باشتر لە دۆستی نەزان و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە نەزانی دوو جۆرە هەیە نەزانی سادە (جهل بسیط) واتە دەزانی کە نازانێ ئەم جۆرەیان ئاسانترە جۆری دووەم نەزانی ئاوێتە (جهل مرکب) نازانێ کە نازانێ ئەمەیان مەترسیی زۆرە.

١٨٨٣– لەسەر بابی خۆی باز نادات:

بۆ کابرایەکی بێ ویژدان و بێ ئینساف بەکار دێت.

١٨٨٤– لە پێ و دانی خۆی دەرچووە:

بۆ کابرایەک دەڵێن لە کراسی خۆی دەرچووبێ و بەهۆی بوون و دەستڕۆییی خۆی پێ گۆڕابێ.

١٨٨٥– لە بن هەنگڵی خۆی دەڕوانێ هەموو شت دەزانێ:

بۆ یەکێک دەڵێن وەک فاڵچی هەموو شت بڵێ و سەری لێ دەرچێ.

١٨٨٦– لە قەزوانی تێ شکاوە دەیەوێ لە سپچکان تێ ببینتەوە:

یەکێک لە ڕەوسەی بدوورێنێ و بیەوێ لە کای تێ بێتەوە و لە کارێک بدرووێنێ و بیەوێ لە کارێکی پشتەوشاری بکات بەڵام بۆشی ناکرێ.

١٨٨٧- له شەنەبای دۆڕاندوویەتی دەیەوێ له کووزری تێ بێنێتەوە:
وەک ئەوە له قەزوانی دۆڕاندوویەتی و دەیەوێ...

١٨٨٨- له تەمبەڵی جۆتیارییە گا کاوێژی دەکات:
ئەگەر یەکێک کاری نەکرد سووچی گەورەکەیەتی.

١٨٨٩- له شیری دایک پاکترە:
بۆ شتێک دەگوترێ زۆر پاکوخاوێن و حەڵاڵ بێ.

١٨٩٠- لەشکری ژنان وەکی ڕەوی کێشکان:
واتە لەشکری چاک و ڕێکوپێک له ژنان دروست نابێ.

١٨٩١- لای سەرکەوتووان زۆرە:
له ژێرکەوتووانیش بێکەستر نییە.

١٨٩٢- لەگەڵ شاخی قسە ناکرێ:
بۆ کابرایەکی کەللەڕەق دەگوترێ کە هیچی پێ هەڵنەکرێ.

١٨٩٣- له هەورازا مەڵێ گوتنێ لەبەر باش تێ مەکە قەلونێ:
وەکی خۆیەتی و کاری نەگونجاو مەکە کە زەرەرت پێ دەگەیەنێ.

١٨٩٤- لەپاش بەردی کەڕ خەوتووە:
بۆ کابرایەک دەڵێن ئاگای له هیچ نەبێ.

١٨٩٥- له خلەیان دەدا بله له خۆی دەریت:
له زۆر شوێن بەکار دێ بۆ کابرایەک دەگوترێ له نەخۆشیی خەڵکی تر نەخۆش کەوێ و بە ترسی خەڵکی بترسێ و...

١٨٩٦- له شەڕی شیرینی دابەش ناكرێ:
واته شەڕ و جەنگ، بەزەیی و زگ سووتان و ڕەحمی تێدا نییە.

١٨٩٧- لەبەر سێبەری شێرێ بە با بتشكێنێ:
ئەگەر ناچار بووی خۆت خستە بەردەستی خەڵكی لەبەر هۆیەك لەبەر دەستی خەڵكی مەرد و پیاو بە ئەگەر بتكوژیش لە نامەردی باشترە، هیچ نەبێ ئەمین و ئابڕووت دەپارێزێ.

١٨٩٨- لەو محەمەدانە نییە سەڵاوەتی لەسەری بدرێ:
كابرایەك ناوی محەمەد بوایە كە ناوی بهاتبوایە سەڵاواتیان لەسەر دەدا و هەندێ كەس هەبوو ناوی محەمەد بوو زۆر خراپ بوو جا دەیانگوت لەو محەمەدانە نییە سەڵاوەتی لەسەر بدەیت و ئێستا لەم شوێنە و لەو شوێنی وەكی ویش بەكار دێت.

١٨٩٩- لە ناڵیش دەدات هەم لە بزمار:
یەكێك قسەیەك بكات دوو مانای هەبێ مانایەكی خۆش و باش و مانایەكیشی تاڵ و ناخۆش و تانە لە كابرایەكی تر بێ.

١٩٠٠- لەبنی كودیی دا:
كابرایەك قسەیەك بكات و ڕاست بێ و شتێكی نەدیار ئاشكرا بكات.

١٩٠١- لە كونی كاڵەكی ڕاستترە:
بۆ قسەیەك وە یا شتێك كە زۆر ڕاست بێ و گومانی تێدا نەبێ و زۆر دروست بێ ئەمە دەگوترێ.

١٩٠٢- لای ئەو دوو مێوژ كەوژێكە:
وەك ئەوەیە كە دەڵێ دوو بەڕوو باری گەڕێیە.

١٩٠٣- لۆمەی عەبدان گەورەترە لە عەزابی قەبری:

واتە گوناح بەرامبەر خەڵکی گەورەترە لە گوناحێک کە تەنیا هەقی خوای تێدا بێ و زیانی خەڵکی نەبێ و لە لایەکی تر لۆمەی خەڵک ناخۆشترە لەوەی کە پاش مردن چت بەسەر دێ.

١٩٠٤– لە تۆ حەرەکەت وە لە من بەرەکەت:

یانی خوا فەرموویەتی تۆ بجووڵێوە و منیش ڕزقت پێ دەدەم واتە هیچ کار و ژیان بێ خەبات و تێکۆشان و هەوڵدان ناکرێت.

١٩٠٥– لە گوێی گای خەوتووە بۆیە ئاگای لە هیچ نییە:

بۆ کابرایەکی گەلحۆ و تەپەحۆڵە بەکار دێت کە ئاگای لەو دنیایە نەبێ و بۆ خۆی وەک پێشولە لە گوێی گای خەوتبێ و گاش بمرێ ئەو بەخەبەر نەیێ.

١٩٠٦– لەسەر جەنازان باز دەدرا یەکیش دەیگوت خوا ساتران نەدات:

واتە بۆ کابرایەک کە زۆر نەزان بێ و ئاگای لەم دنیایە نەبێ و هەتا هەندێ نەزان بێ بەرچاوی خۆی نەبینێ.

١٩٠٧– لە شێنەیی گوێی شێری دەردێنێ:

بۆ کابرایەک کە بەقسە و دووان شێری بگری بەگێیان، لە تەنگانەش لە ڕاکردن ئاوڕ لە پشتی خۆی نەداتەوە.

١٩٠٨– لە تاریکەشەوێ لە کەلێن پەنجانی کەوتە خوارێ:

بۆ یەکێک دەگوترێ کە لەلایەن دایک و باوکیوە یا مامۆستایوە یا بەرپرسیاری ئامۆژگاری کرابێ بەڵام هەر ئەودەم لێی بەربووبێتەوە و ئاگای لێ نەمابێ.

١٩٠٩– لێی بووە بە برینی باسوکان:

بۆ کابرایەک دەڵێن کەمێک بریندار بێ بەڵام خۆی هێنابێتە مەلایێ و برینەکەی قەت چاک نەبێتەوە.

١٩١٠- لات پاڵەوانی خوایە:

چونکە کـەس ناتوانـێ ڕووتی بکات لەبەرئەوەی هـیـچی نیـیـە بۆیە لە کـەسـیش ناترسێ.

١٩١١- لە ڕکی جیرانان ورگی منداڵی خۆت مەدڕێنە:

یانی لە ڕکی هاوسێ کارێک مەکە زیان بەخۆت بگەیەنی.

١٩١٢- لە ڕۆخان دەلەوەڕێ و لە ناوەڕاستیش پاڵ دەتاوە:

بۆ کابرایەکی زیرەک و شارەزا لە کار و کاسبیی خۆی چاک بزانێ و بزانن چۆن ڕەفتار دەکات و بۆ کابرایەکی سیاسی و کەخۆش بەکار دێت.

١٩١٣- لە خوانەترس مانای پاڕانەوە نازانێ:

ئەوەی زۆردار بێ و لە خوا نەترسێ پاڕانەوە و داد و خایدەیە و خۆی چی بیەوێ و قازانجی لە چی بێ هەر ئەوە دەکات و دەبێ بەهێز و قوەت بەرامبەری بوەستێ.

١٩١٤- لێم بووە بە لاوی لاچاو سۆر:

واتە یەک بیەوێ فێڵی لە یەکی تر بکات وەک مشک و پشیلە.

١٩١٥- لە ئاگر خۆڵەکەوە دەکەوێتەوە:

لەپاش ئاگـری خـۆڵەمـێش دەمـینـێ؛ بۆ ئەوە دەگـوترێ بەدوای پیـاوێکـی ئازا و کوڕێکی بێ کەڵک بەجێ دەمێنێ و...

١٩١٦- لە عیسا بوو محەمەدیش هێشتان نەیناسیبوو:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە شتێک لە دەست بدات بە ئومێدی ئەوە شتێکی تری بێتە دەست بەڵام ئەویش لە دەستی دەچێ.

١٩١٧- لە هەموو ئاشێک باراشی خۆی لێ دەکات:

کابرایەک بێ لەگەڵ ڕۆژگار بگونجێ واتە هەڵپەرست و کوڕی ڕۆژ بێ و چۆن بۆی

بلوێ وا بکات وه یا له هەموو دیزان ئەسکو بێ.

١٩١٨– له بێکەسی ئەتوم کەسی یان له بێکەسی ئەتوم بەسی:

واته بۆ کـابرایەک دەگـوترێ کـەس نـەبێ بەڵام لەبـەر ناچاری دەیکات به دۆست و هاوکار و لەم زەمانەش زۆره.

١٩١٩– لەبەر هی وەکی تۆیه قەراسه له بازاڕی هەرزان بووه:

بۆ کابرایەکی زۆر بێ عەقڵ دەگوترێ.

١٩٢٠– له پاشمله هەموو کەس دەتوانی جنێو به پاشا بدات:

واته له پاشـمله باسکردنی خـەڵک کـارێکی زۆر ناشـیرینه و ڕەوشـتی پیاوی بەرز نییه.

١٩٢١– له کوێم دا و له کوێ دەرچوو:

کابرایەک ئەمه دەڵێ به نیازی کارێک هاوکاریی یەکی تر دەکات بەڵام شتێکی تری لێ دروست دەبێ.

١٩٢٢– لەسەر ساجی عەلییان دانا:

کـــابرایەک کـــارێکی پێ بکەن دەست بەتاڵ بمێنـێ وا خـــڵاس بکات و هیـــچی بەدەستەوه نەمێنێ و زیاتر له ڕێگەی دۆستایەتییەوه.

١٩٢٣– لەپولەپ ڕوو چوو، دەوی له گوو ڕاچوو:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بەهۆی فێڵ لێکردن وه یا هۆیەکی تر تووشی کارێکی خراپ هاتبێ وەک ئەوەی که دەوی له گوو ڕاچووبێ.

١٩٢٤– له کوێ پسا لەوێ گرێی دەدەینەوه:

مەبەست ئەوەیه دەبێ مرۆڤ به پیش فـراوان بەردەوامی و لەسـەر چۆنـی هەبێ له کارکردن.

١٩٢٥– لەگەڵ کەرێ بگۆڕییەوە هێشتان خاوەنی کەرێ زەرەری دەکات:
بۆ کابرایەک دەگوترێ زۆر نەزان و بێ عەقڵ بێ.

١٩٢٦– لەسەر کلکی کەڵەبابی مابوو:
بۆ کارێک دەگوترێ لەسەر ترکزە بێ و زۆر نەمابێ خراپ بێ، دەشگوترێ هەر لە سەر و کلکی کەڵەبابی مایە.

## م

١٩٢٧- من دەڵێم نێرە و ئەو دەڵێ بیدۆشە:

کابرایەک قسەیەک دەکات و یەکێکی تر بە بەرەواژی قسە دەکات و قسەکەیان ناگاتە یەک وەک ئەم مەسەلەیە.

١٩٢٨- مێوانی درەنگ وەخت نانی لەسەر خۆیە:

لە کاتێکدا دەگوترێ میوانەک درەنگ بگاتە ماڵی یەکی تر و ئەویش واتە خانەخۆی (خاوەن ماڵ) ئەمە دەڵێ ئەمەش دوو مانای هەیە یەکیان یانی نانی درەنگ پێ دەگات و نابێ گلەیی بکات و ئەوەی تر مانای وایە هەر چییەکی خوا دای، نابێ گلەیی بکات.

١٩٢٩- مار ڕکی لە سیرە و ئەویش لە دەرکی کونی شین دەبوو:

یەکێک یەکێکی ناوێ و ئەویش لە بەردەمی حازر دەبێ.

١٩٣٠- مار لە کلکی خۆی خۆش نابێ:

واتە کەس لە خوێنی خۆی خۆش نابێ و گیانی تۆڵەیی هەتا لە هەندێ گیانداریش هەیە.

١٩٣١- مار سەری پان نەکەیتەوە هەر پێوەت دەدات:

بۆ لەناوبردنی دوژمن دەبێ لەسەری بدەیت ئەگەر یەک نەفەر بوو لەسەری بدەیت و ئەگەر کۆمەڵ بوو لە سەرۆکەکەیان بدەیت.

١٩٣٢- ماڵان باری دەکرد خلە تازە کەپری دەکرد:

یانی مرۆڤ کارێک بکات و لە جێگەی خۆی نەبێ.

١٩٣٣- مانگەشەو سەرلەئێوارە دیارە:

هەموو شتێک نیشانە و عەلامەتی هەیە و هەموو کارێک سەرەتا و دیاردەی هەیە.

١٩٣٤- مردی خەڵکی بە خەڵکان خەو لێکەوتییە:

کەس ئاگای لە دەردی کەس نییە و هەر کەسە بۆ خۆی کەسە دەردی کە لە تۆیە خەڵکی تر وەکی تۆی پێی نازانی و مردی تۆ بەخەڵکی تر خەوی لێ کەوتووە یان هەر ئاگایان لێ نییە.

١٩٣٥- ماڵ لە خۆی نەبوو مێوانیش لێی مێوان بوو:

یەک دەردی کەم نەبێ و هەندێ دەردی تری هاتبێتە سەری.

١٩٣٦- منداڵ ئەگەر نەژی لە پیسایی دیارە، (پیسایی یانی گوو):

دیارە کە بوونی بێ دێ و هەموو کارێکیش ئەگەر لە نەمان و تێچوون بێ هەندێ نیشان و عەلامەتی دەبێ.

١٩٣٧- مانگا (چێڵ) مرد و دۆ بڕا:

کابرایەک لە سەرچاوەیەک ژیانی دەبێ و ئەم سەرچاوە نامێنێ و دەڵێن مانگا مردوو دۆ بڕا.

١٩٣٨- ماڵی قەڵپ سەر بە خاوەنیەتی:

مرۆڤ شتی خراپی هەبێ لە هەر بابەت بێ ئاخیری دەردەسەری و ناوبەدی بۆ خۆی دەبێ.

١٩٣٩- ماڵ بە ماخۆی نەچێ حەرامە:

ئەگەر منداڵی ژن و پیاوێک بە دایک و باوکی بچن وا دەڵێن و بۆ زۆر شتی تریش بەکار دێت.

١٩٤٠- ماران گاستی لە گوریسی ڕەش دەڕەوێتەوە:

ئەوەی لە کونێک پێیەوە درابێ هەمیشە دەبێ لەبەری ڕاکات و ئەوەی لە دەستی یەکێک ئازاری دیبێ وا دەزانێ هەموو کەس وایە و هەتا لە سێبەری خۆی دەترسێ.

١٩٤١- مەڕ بە پێی خۆی و بزن بە پێی خۆی:

واتە هەر کەس دەبێ بەرامبەر یاسا حیسابی لەگەڵ بکرێ کەس لە جیاتیی کەسی تر نەبێ چ بە خێر چ بە شەڕ بێ.

١٩٤٢- مووسا نەبوو عیسا نەبوو خوا خوایەتیی خۆی دەکرد:

هەندێ خەڵک هەن وا بیر دەکەنەوە ئەگەر نەبن دنیا وێران دەبێ و ئاو لە دەریا وشک دەبێ و ژیان بۆ کەس نابێ کەچی وا نییە و ئەم مەسەلەیە دەگوترێ.

١٩٤٣- ماڵی ڕەش بۆ ڕۆژی ڕەش:

مەبەست بزن و ڕەشماڵ و ئەم جۆرە شتانەیە کە لە ڕۆژی تەنگانە بەکەڵکی مرۆڤ دەهاتن و ئەمڕۆش لە جیاتیی ئەوە نەوتی ڕەش بۆ ڕۆژی ڕەش و بۆ ڕۆژی خۆش و زۆر شتی تر جێگەی ئەوانی گرتووەتەوە.

١٩٤٤- مەڕ هاوینی دەردی دەگری، زستان دەمری:

ئێستاش زۆرکار و هەیە کە ڕوو دەدات هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی پێشووتر.

١٩٤٥- مریشک خۆی خۆڵ بەسەر خۆی دانەکات کەس بە سەریدا ناکات:

واتە هەموو کەس دەبێ کاری خۆی بەخۆی ئەنجام بدات و گۆلک بە تەمای جیرانان گورگ دەیخوات.

١٩٤٦- ماڵە مێرووله بەچەند تنۆکێک ئاو وێران دەبێ:

لە ئەندازەی خۆی بەڵای بۆ دێ بۆ شاری مێرووله کەمێک ئاو کاتییە بۆ مەڕێک گورگێک بەسە و ئەگەر مێگەلێک مەڕ شوانی هەبێ گورگ چی پێ دەکرێ و دەبێ چەند گورگی بۆ ببێ.

١٩٤٧- مردنیان نیشان دا بە تایێ مەمنوون بوو:

واتە مرۆڤ ئەگەر بەڵای گەورە بەچاوی خۆی ببینێ بە بەڵای بچووک مەمنوون دەبێ.

١٩٤٨- مێش دەکاتە گامێش:

واتە کابرایەکی وا بێ شتی لە قاڵبی خۆی نەگیرێتەوە و شتی زۆر بە گەورە نیشان بدات و بێگومان ئەوەش باش نییە.

١٩٤٩- مەڕ پێی لە بەرخی خۆی نانێ:

واتە کەس زەرەری منداڵ و کەسوکاری خۆی ناوێ.

١٩٥٠- ماڵداریکەری ڕەنج بە خەسار:

بۆ کابرایەک دەگوترێ ماڵداری بکات بەڵام لەبەر هۆی تایبەتی ڕەنجی بە خەسار بچێ. بە داخەوە لەناو کورد ئەمە زۆر ڕووی داوە.

١٩٥١- مێرد ئەگەر لە ژنی خۆی بە هەنجەت بێ دەڵێ بۆ لە کاتی هەویرشێلان نێکان بادەدەی:

ژن و مێرد کە هاوبەشی ژیانی یەکن ئەگەر لێی هاتە هەنجەتان هەنجەت نابەجێی پێ دەگرێ و ئەدی دەبێ خەڵکی تر چۆن بێ.

١٩٥٢- ماڵیش دەچێ ماخۆ گوناحباریش دەبێ:

واتە مرۆڤ کە شتێکی بەسەر هات زۆر مەزەندەی خراپ بۆ ئەولا و ئەملا دەبات لەلایەک ماڵی دەچێ و زەرەری پێ کردووە و لە لایەکی تر گوناحی دەگات چونکە بەدبینیی کردەوە.

١٩٥٣- مار نابێ بە یار:

نابێ پشت بە دوژمنی خۆت ببەستی ئەگەرنا دێت دەرت دەهێنێ و چاوت دەکۆڵێ

و هیچت بۆ ناهێڵێ.

١٩٥٤- مردن خۆشترە لە ژیانی هەجەلە مەرگی:
یانی مردن خۆشترە لە ژیانی ژێردەستی و کلۆڵی.

١٩٥٥- ماڵی فەقیری لەسەر پشتی کرێیە:
بەهۆی ئەوە بەدوای ژیان دەگەڕا و لە لایەکی تریش لەلایەن زۆردارەکانەوە لە گوندەکە دەردەکران بە تایبەتی ئەمە لە دەشتی هەولێر زۆر باو بووە.

١٩٥٦- ملی خۆی لە کێردی دەخرێنی:
کابرایەک ململانێ بکات لەگەڵ کابرایەکی زۆردار وە یا لە خۆی زۆر بە تواناتر.

١٩٥٧- ماڵی دنیا بۆ ئەوە باشە بیخۆیت، نەوەک بتخوات:
واتە ماڵی دنیا دەبێ بەختیاری و سەعادەتی خۆی و مرۆڤ بێ ئەگەرنا بەڕاستی وەکی مار بە ئینسانوە دەدات.

١٩٥٨- مەڕ ئەگەر زەواڵەی هات خوریی یەکتر دەخۆن:
هەر کۆمەڵ و حزب و میللەتێک ئەگەر لێی تێک چوو و لێی گۆڕا ئەوجا دەو تێک دەنێن و یەکتر دەخۆن.

١٩٥٩- مەلاش تووشی غەڵەتان دەبێت:
مەبەست ئەوەیە هەتا زانا و شارەزاش تووشی هەندێ هەڵە دەبن کەواتە خەڵکی نەخوێندەوار و نەزان زۆر زیاتر.

١٩٦٠- ماڵی ئاگری تێ بەر بێ بۆن سۆی لێ هەڵناسێ:
بۆ کابرایەکی ڕووت و پێخواس و زۆر هەژار بەکار دێت.

١٩٦١- مەڕ بە مەڕاتیی خۆی ساڵێ جارێک دەیبڕنەوە:

مـــەبـەست ئەوەیە نابێ مـــرۆڤ ئەوە قـــبـــووڵ بکات زوڵمـی زۆری لێ بکرێ و دەبێ دەست بکاتەوە.

١٩٦٢- منداڵ بە دەستی باوکی گەورە دەبێ:
واتە منداڵ باوکی هەبێ و پەروەردەی بکات و هەتا ئەگەر لێشی بدات پێی گەورە دەبێ لە منداڵی هەتیو و بێ باوک باشترە.

١٩٦٣- ماڵی قیریسایە نە گورگ دەیخوات و نە ئاو دەیبات:
بۆ یەکـێک دەگـوترێ لەبەر بێ کـەڵکی و پیـــری کـــەس دەســـتی لێ نەدات هـەتا دوژمنانی بەرەبابەکانیشی.

١٩٦٤- مار تا مار نەخوا نابێتە عەزیا:
زۆردار تا زۆر زوڵمی نەکات نابێتە زاڵم خراپە تا تەواو خراپ نەبێ چاک نابێ.

١٩٦٥- مام سەبرۆکە بن برۆکە:
بۆ یەکێ دەڵێن هـێـواش هێـواش کـار بکات بـەڵام کـارەکـەی ڕێکوپێک و بـە برِ و کاریگەر بێ.

١٩٦٦- میوانێ ڕۆژەکێ جاسووسی ساڵەکێ:
ئەوەی بە میوانـی بێتـە مـاڵت و هەموو شت دەزانـێ و دەبێ وریا بی و لە لایەکی تر ئەوەی هاموشـۆی ماڵت نەکات و دێتە ناو مـاڵت هەموو نهێنیی تۆ دەزانێ بۆیە دەبێ ئەو کەسانە بێن بۆ ماڵت کە جێگەی باوەڕ بن.

١٩٦٧- مشک نەیزانیوە هەمبانە چوویتە ئاشی:
بۆ یەکێک دەگوترێ بە دوای شتێک بگەڕێ و ئاگای لێ نەبێ گۆڕاوە.

١٩٦٨- مرەمرِی سەیان یان لەسەر نانە یان لەسەر هێسکان:
لە دنیا کە زۆر گیروگرفت ڕوو دەدات هەمووی لەسەر تەماعە جا یان تەماعی پارە

و پوول وه یا تەماعی گەورەیی و سەرداری.

١٩٦٩- مانگا دەمرێ منداڵ دەگرێ:
چونکە شیرەکەی و ماستەکەی بڕاوە.

١٩٧٠- مەبە بە سەری سۆدران:
واتە بۆ یەکێک دەگوترێ کە بیەوێ فتنە و ئاژاوە دروست بکات جا وای بۆ دەگوترێ.

١٩٧١- مێرەم دەبینێ ئۆغەن دەشکێنێ:
مێرەم و ئۆخەن دوو حەوتەن لە زستانێ واتە لە چلە جا کە گەیشتە ئەو کاتە مێرەم دەبەستی بەڵام حەوتەی ئۆخەن دەکاتەوە و خۆش دەکات واتە زستان تۆقی دەشکێ.

١٩٧٢- مریشک ئەگەر لە چاو قازێ بکاتەوە لەناو دەچێ:
ئەگەر بچیتە ناو ئاوێ دەخنکێ و ئەگەر هێلکەی وەکی وی بکات هێلکەدانی دەدڕێ. واتە مرۆڤ بیەوێ وەک هەندێ کەس لە خۆی بەتێری بجووڵێتەوە وای بەسەر دێ.

١٩٧٣-ماڵی بێ کابان وەک کاولە ئاشە:
زۆر ڕاستە ماڵی بێ کابان وەک کاولی ئاشە و میللەتی بێ سەردار و بێ پێشڕەو و بێ گیان وەک ئاشی ئاو لێ بڕایە وە یا وەک مێگەلی بێ ئاوایە.

١٩٧٤- ماسی لە دەریا مامڵەت ناکرێ:
یانی پاش ڕاوکردنی هەروەها زۆر شتی تر وایە.

١٩٧٥- منداڵی بە دەرمانان ناچێتە دیوانان:
واتە ئەگەر منداڵێک زۆر دەرمانی و نازاندیی بکەیت بە کەڵک هیچ نایێ و

چاوەڕێی پیاوەتی و ئازایی لێ ناکرێ.

١٩٧٦- مامناوەنجی دڵیان فەراحە:
زۆر ڕاستە ئەوەی لێی نەقەومابێ قسەی زۆر ڕەوانە و بە ئارەزووی دڵی خۆی قسان دەکات.

١٩٧٧- منداڵە هەولێری کە کێشکەی لە دەست بەربوو دەڵێ خێری شێخەڵڵا بێ:
زۆر کەسی واش هەن کە شتێکیان لێ قەوما بەسەر خۆیان ناهێنن و دەڵێ هەر خۆم دەمویست وا بکەم.

١٩٧٨- ماڵی نەخۆری بۆ چەکمە سۆری:
بۆ کەسانێ دەگوترێ کە زۆر دەوڵەمەند و ڕەزیل نانێکی خۆشیان لێ ئەزرەتە و کە مردن ژن و کچ و کوڕیان کەیفی پێ دەکەن.

١٩٧٩- مەیدان مشکان نەخواردییە:
بۆ کابرایەک دەڵێن لە دووری شەڕ خۆی دەپچڕێتەوە وە یا پاش شەڕ تەواوبوون پێی دەڵێن مەیدان مشکان نەخواردییە واتە مەیدانی مێران هەر ماوە.

١٩٨٠- میوان ڕکی لە میوانە خانەخۆی لە هەردووکانە:
ئەمە لە هەموو کاتێک وا نییە و بگرە بۆ میوانانی نادڵ پەسند و نەویستە دەگوترێ وە هەروەها بۆ زۆر شتی لەو بابەتە بێ.

١٩٨١- مانگ ئەگەر لە چواردەی بوو حەوجە بە ئەنگوست ناکات:
واتە شت و مەسائیلی ڕوون و ئاشکرا پێویستی بە بەڵگە نییە وە یا کەسانی زانا و ئازا و زیرەک لە خۆیەوە دیارە پێویست بە گوتنی ئەم و ئەو ناکات.

١٩٨٢- میوان خۆشەویستی خوایە خێر و بەرەکەتی لەگەڵدایە:
بۆ ئەوە بووە کە خەڵک زیاتر ئیحتیرام و ڕێزی میوان بگرن و بەڕاستی میوانیش

ڕێزی خۆی هەیە و لەناو کوردەواری میوانداری یەکێک لە پیاوەتییەکانی پیاوان بووە وەک چۆن ئازایەتی و پیاوەتی حیساب کراوە.

١٩٨٣- مست لە درێشە دەگەڕێتەوە:
دەبێ بەرامبەر هێز و قوەت هێز و توانای باشترت بێ ئەگەرنا دوژمن لفت دەکات و وەک عەزیا قوتت دەدات و هیچت بۆ نایەڵێ.

١٩٨٤- مستێک نموونەی خەروارێکە:
کردەوەیەکی مرۆڤێک نیشانەی زۆر لە کردەوەکانیەتی.

١٩٨٥- مەڕی بە تەمای خەڵکی، گورگ خواردی دەبێ:
کاری بە تەمای خەڵکی بێ هەر لە جێی خۆی دەبێ.

١٩٨٦- مریشک هێلکەش دەکات و جیقنەش دەکات:
واتە هەموو مرۆڤێک لە دنیادا چاکەشی هەیە و خراپەشی دەبێ بەڵام گرینگ ئەوەیە چاکی زۆر بێ و سوودگەیێنتر بێ.

١٩٨٧- ماسی گرتن و خۆ تەڕنەکردن نابێ:
زۆر کار وایە بێ ماندووبوون و ناڕەحەتی دەستت ناکەوێ.

١٩٨٨- ماڵی دنیا چڵکی دەستە:
بۆ ئەوە دەگوترێ کە مرۆڤ لەسەر ماڵی دنیا کە لەناوچێ زۆر هەراسان نەبێ چونکە وەک چڵکی دەستی وایە.

١٩٨٩- میوانی جەژنی خانەخوێیە:
چونکە کە میوان بوو خانەخوێش خواردنی چاک دەخوات.

١٩٩٠- ماشاڵڵا لە سری ماڵمی، مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ هەندێ قسە بکات و وا بیر بکاتەوە قسەکانی ئەو وەک ئایەت و موعجیزە وان، ئەم مەسەلەیەی بۆ دەگوترێ.

١٩٩١- ماڵی دنیایێ یان بۆ کەیفێ یان بۆ حەیفێ:
واتە ماڵی دنیا بۆ دوو حاڵەت باشە بۆ خۆشی و پێ ڕابواردن وە یا بۆ ڕۆژی تەنگانە و لێقەومان.

١٩٩٢- منداڵی سێزدە لە ناوچەوانی نووسراوە:
بۆ منداڵێکی زۆر چەتوون و بلح بێ دەگوترێ.

١٩٩٣- مردن مردنە لینگ کوتانەکەی مانای چییە:
یانی پیاو ئەگەر شتێکی بەسەرهات دەبێ خۆی لەبەر ڕابگرێ و بەقسان خۆی تووشی گێژەنی تر نەکات.

١٩٩٤- مردن برا گەورەیە و لە کەس شەرمێ ناکات:
زیاتر بۆ دڵدانەوەی خەڵک بەکار دێت و پێویست ناکات لە کاتی مردن مرۆڤ زۆر خۆی نارەحەت بکات بە هۆی لەدەستدانی خۆشەویستێکی چونکە ئەمە ڕێگەی هەموو کەسە.

١٩٩٥- ماڵی بێ سەر ئاشی ئاو لێبڕایە:
واتە ئەگەر ماڵ و کۆمەڵ و هەر میللەتێک وەک لەپێشەوە باسمان کرد بێ سەر بێ وەک ئاشی ئاو لێبڕای لێ دێ.

١٩٩٦- ماری ڕەش لە کاتێکی باش پێت وەدام ئەگەر نەمکوژی:
لە کاتێکدا ئەمە دەگوترێ بۆنی شەڕ هەیە و کابرایەک بەردەبێتەوە و قاچی لە جێ دەچێ و لە شەڕ دەرباز دەبێ جا ئەمەی بۆ دەڵێن و ئەمەش مەسەلەی لەسەر هەیە.

١٩٩٧- ماڵی بە فێڵ نادەم بە چێڵ:

بۆ کابرایەک لە ئەنجامی فێڵکردن تووشی زانیک بێ ئەمەی بۆ دەڵێن یانی ئەوەی فێڵ بکات خێری نابینێ.

١٩٩٨- مەشکە دەرک بەشە کابان بێ بەشە:

بۆ ئەوە دەوترێ کابرایەک بەکارێک زۆر ماندی بێ و ئاخیری بێبەش بێ و ئەمەی بۆ دەڵێن.

١٩٩٩- منداڵی بێ باب شەیتان دەیبات بەڕێوە:

یان دەگوترێ منداڵی بێ باب شەیتان تیلکی پێوە دەکات واتە بەداخەوە زۆربەی زۆری منداڵانی بێ باوک تووشی زۆر گیروگرفت و بەدکاری دەبن.

٢٠٠٠- مردی بمرێ لاقی درێژ دەبێ:

مرۆڤیش کە لێی قەوما کەم کەس هەیە چاکەی بۆ بێژی.

٢٠٠١- مەنجەڵ لەسەر دوو کوچاگران گەرم نابێ:

پێویستە سێ کوچکی هەبێ واتە هەموو کارێک دەبێ مەرجەکانی تەواوبێ ئەوجا دەستی پێ بکرێ و کارەکەش بە ڕێکوپێکی سەرکەوتوو دەبێ.

٢٠٠٢- مەشکەی خۆی ناژینێ هی ماڵی میری دەژینێ بە زرە و پۆلیەیە:

بۆ مرۆڤێکی بەدخۆی بێچارە دەڵێن کە دژی قازانج و بەرژەوەندیی خۆی بێ وە هەروەها بۆ کۆمەڵەکەشی.

٢٠٠٣- مردن پیری و جوانی نازانێ:

وەکی خۆیەتی واتە مردن بۆ هەموو کەسە بێ جیاوازی.

٢٠٠٤- ماڵ بە باران ناگاتە هەواران:

واتە دەبێ کاری خۆت بە چاکی ڕێک بخەیت و مەرجەکانی ئامادە بکەیت و بە تەمای خەڵکی بێ کارەکەت بۆ تەواو بکەن رەنگە زۆر ئەستەم بێ.

٢٠٠٥- مار بە ماریی خۆی بە زمانی خۆش لە کونێ دێتە دەرێ:
واتە زۆر کار و کردەوە هەیە بە قسەی خۆش ئەنجام دەدرێ وە یا دەگۆڕێ و مرۆڤ دەبێ هەموو کات قسەی خۆش و ڕووگەش بێ.

٢٠٠٦- مێرد بە و پلاوی بخۆ:
پیاو ئەگەر خۆی تێدا هەبێ شتی باشی دەست دەکەوێ.

٢٠٠٧- مردی و زندییەکی پێکەوە لە گۆڕێک دەشارتەوە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ ئەگەر دەسەلاتی بێ زۆر زاڵم دەبێ.

٢٠٠٨- مردوو بە شیوەن زیندوو نابێتەوە:
(مەڕی دەوی گورگ بە لوورەی سەگ ناگەڕێتەوە).

٢٠٠٩- ماڵی موفت قازی مەراغەش دەیخوات:
بێ توانا و بێهێز هەموو کەس دەتوانێ دەستی لێ بوەشێنێ.

٢٠١٠- ماڵی پڕە لە ڕازیانە بەزگ ئێشە دەمرێ:
لەناو دەریا دەژی و لە تینوویەتی دەخنکێ وا دیارە ڕازیانە کاتی خۆی بۆ زگ ئێشە سوودی هەبووە.

٢٠١١- ماڵەکە بکە بەماڵێ گەنمەکە بکەرە چاڵێ:
دەبێ لە تاوتێکردنی شت و کەلوپەل هەریەکە بە شێوەیەکی گونجاو بێ.

٢٠١٢- مانگا دۆشین و قەزوان تەقاندن نابێ:
شەڕەتفەنگ بەداردەست ناکرێ.

٢٠١٣- مێوان سەراسوێ لە مێوان دەگرێ خانەخوێ لە هەردووکیان:
وەک ئەوەیە میوان ڕکی لە میوانە و خانەخوێ لە هەردووکیان.

٢٠١٤- مزگەوتێکی خراپ دەکات و دێرێکی ئاوا دەکات:
وەک ئەوەیە خانوویەکی خراپ بکات و کەپرێکی دروست بکات.

٢٠١٥- مەلەوانیش وا دەبێ دەخنکێ:
نەزان ملی دەشکێ زانا سەروملی دەشکێ.

٢٠١٦- مرۆڤ نۆکەری ئەو کەسەیە چاکەی لەگەڵ دەکات:
واتە پیاوی پیاوانە دەبێتە نۆکەری ئەو کەسانە کە چاکەی لەگەڵ دەکەن.

٢٠١٧- مەڕی خەوار گورگ دەیخوات:
هەرکەس وا بێ ئەویش لە ژیانیدا وا دەبێ.

٢٠١٨- مرۆڤی بێ ئەسڵ بیکە بە قەسر دەبێتە کسل:
ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەسڵ و ڕەسەن لە مرۆڤ تەئسیری هەیە.

٢٠١٩- مرۆڤی پیر ئەگەر شا بت لە ئەسپی وەکی بابت بە ڕۆژەکی لاوێنی نابت:
پیری و هەزار عەیب و بەهیچ تۆڵەی ناکرێتەوە.

٢٠٢٠- مەترە و مەکۆخە،ماڵی مەلات لە ڕۆخە:
بۆ یەکێک دەڵێن شەرمی بەخۆی نەبێ.

٢٠٢١- مەن (پوت) کە پڕ بوو شەرمێ لە کەس ناکات:
مانای ئەوەیە کە پڕ بوو دیار دەبێ و پێویستی بەکێشە نییە و هەموو ئیشەک لەو بابەتە وا نییە.

٢٠٢٢- میراتی کەرێ هی کەمتیارییە:
ماڵی مەیخۆریش مەیخانەیە.

٢٠٢٣- مرۆڤی بیانی تۆ بدەیێ گۆشتی ڕانی نابتە مەفای خودانی:
وەک ئەوەیە بێگانە یەک لە مەیدانە.

٢٠٢٤- مەیموون لە خۆی جوان نەبوو ئاوەڵەشی لێ هات:
ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیشی لێ میوان بوو.

٢٠٢٥- مردنی بە ئاوەڵان جەژنە پیرۆزییە:
مردن و ناخۆشی لەگەڵ هەڤالان جەژن و خۆشییە سەیران.

٢٠٢٦- ماست نییە بە یەقەیدا ڕژابێ:
بۆ یەکێک دەگوترێ بێ وەفا بێ هیچ چاکەی لە بیر نەمابێ.

٢٠٢٧- مێری چێمە و کوڕێ کەرێمە:

٢٠٢٨- مار کیفی خۆی فڕێ دەدات بەڵام خۆی فڕێ نادات:
هەر کەس بای ئەوەندە ئامادەیە قوربانی بدات کە لە بەرژەوەندیی خۆی بێ.

٢٠٢٩- مشک لە ماڵیدا کلکی بە ئارد نابێ:
بۆ کابرایەکی نەبووی دەستکورت بەکار دێ.

٢٠٣٠- مار تا ڕاست نەبێتەوە ناچێتە کونێ:
مرۆڤیش ڕاست نەبێ سەرناکەوێ.

٢٠٣١- مرۆی مەزن ئەگەر بووە کەر سواری نەبە ئەگەر لێی سوار بووی پێت خۆ لێ نەهەژێنە:
یانی پیاوی گەورە ئەگەر لێ کەوت و کەوتە بەردەستی تۆ دەبێ ڕێزی بگری و ڕێزیشی نەگری ئازاری مەدە.

٢٠٣٢- ماڵ خراپی گوتە ماڵ وێرانی داپێکڤە بچنە کاروانی:
دوو بێ شانس بن بە هاوبەش خوا پێیان نادات بەش.

٢٠٣٣- مریشک هێلکە دەکات بری بە قوینی دیکلی دەکەوت:
دەبینی زەرەر بە یەکی دەکەوێت یەکی تر ژانی دەکات.

٢٠٣٤- ماڵی نزیکی ماڵ بابا ژنێ، خۆلیا بەسەرییە:
ئافرەتە کە بە ئارەزووی خۆی بۆ ماڵی بابی دەکێشی.

٢٠٣٥- مەلای دوازدە عیلم دەبێ مانای قورئانێ بزانێ:
هەر کەس دەبێ لە پیشەی خۆی بە چاکی بزانێ ئەگەرنا ژیانی دەبێتە ژیانی گاوانی.

٢٠٣٦- ماڵ میراتی ماڵ شیرینە:
ئەوەی بێ وجاغ و وارس بێ ماڵی زۆر لا شیرینە.

٢٠٣٧- مێمی تو ژ دیوانێ کێمی:
بۆ یەکێک دەگوترێ لابەلا خۆی بکات بە دەرد بۆ یەکی تر.

٢٠٣٨- مێمی پیێت خۆ بێمی:
بۆ یەک بە یەکی دەڵێ با منیش رەئی خۆی بێت بڵێم یانی دەبێ هەموو شت بەنۆبەت بێ.

٢٠٣٩- مێر سەرێ مێرا دەئاخین:
کەو ئەوەیە بەرامبەر کەوی بخوێنێ.

٢٠٤٠- مالا مێر تێدا خێروبێر تێدا:
واتە ئەگەر لە ماڵێک پیاو نەبێ خۆشیی تێدا نابێ.

٢٠٤١- مێر بەمێرا دەخورِن:
واتە پیاو ئەگەر پشت و هێز بوو باش دەخورِی و ئەگەرنا دەبێ چاو لە بەرینی و قسەی هێدی بکات.

٢٠٤٢- مرن کەرێ بە قالآنە ل بەردەرکێ هەمی مالانە:
واتە مردن ماڵ نییە شەرمی لێ بکات و بەهەموو مالآنیش دەزانی.

٢٠٤٣- مرۆڤ دەچیتە ناو میللەتا دگری عادەتا:
واتە مرۆڤ چەندی بگەڕێ و دنیا ببینێ شتی زۆر فێر دەبێ و دەزانێ.

٢٠٤٤- مەزن گۆتن ل دیوانی بچیک بردن کولآنێ:
قسەی ناو دیوانان دەگاتە ناو ماڵ و کۆلآنان.

٢٠٤٥- مرۆڤ بە تانا نەڕۆ لە ڕێ و بانا:
چەندی مرۆڤ بتوانێ بەڕێگە نەڕوات بەتەنێ.

٢٠٤٦- مالا مەندی نوێژا دکەت منەتا خودێ دکەت:
بۆ خۆی واجب دەبینێ منەت لەسەر خەڵک هەڵدەگرێ.

٢٠٤٧- مێمێ ئاگر بەردا زۆمێ چووە ئەوبەری گۆمێ:
وەک لەوەوپێش باسمان کرد دووزمانی و ئاژاوەی خۆی کرد و بەخۆشی بازی دا و خۆی دوور کردەوە لە گیروگرفتەکە.

٢٠٤٨- میوان بە دیارییەوە جوانە:
هەندێکیش دەڵێن دیاریی میوانی سەلامە، هەندێک دەڵێن میوان دەبێ دیاریی لەگەڵ هەبێ و هەندێکیش لەگەڵ ئەمە نین و بەڕەئی من جۆری میوان دەزانێ.

٢٠٤٩- مالی نەخواری بە دەڤی زالمی دەمینێ:

وەکی ئەوەیە کە دەڵێ ماڵی نەخۆری بۆ چەکمە سووری.

٢٠٥٠- مرۆڤ بە گۆشتی بەر ددانان تێر نابت:

بەڵکەم زۆر خـراپیـشـە و نەخـواردنی زۆر باشـە و مـەبەست ئەوەیە پیـاو دەبێ بەدەستی خۆی بژی.

٢٠٥١- مریشکی برسی ئاشی ئاوبردوو لە خەو دەبینێ:

بێ دەرپی دوو گەز چاو لە خەو دەبینی.

٢٠٥٢- مێشی پێ لە دەمی خۆی دەرناکرێ:

بۆ کابرایەکی بێ دەسەڵاتی بێ چارە بەکار دێت.

٢٠٥٣- منداڵ بە زمانی منداڵی دەزانی:

کەو بەزمانی کەو دەزانی و هەموو شت بە زمانی حاڵی هاوجینسی یەک دەزانێ.

٢٠٥٤- مێردی ژنی کۆرە، دەرپێی ژنی سۆرە:

واتە کارێکی نارێک و نەگونجاو وە شتی واش زۆر ڕووی داوە.

٢٠٥٥- مار پێی هەبوایە دنیای دەخوارد:

مرۆڤیش هەن دەستیان بڕوات دنیا تێک دەدەن و وێرانی لە دنیادا بەرپا دەکەن.

٢٠٥٦- مێر حەفت ساڵا چوو سەفەرێ، زڤری هەر کەرێ بەرێ:

هەیە هەموو دنیا بگەڕێ بگەڕێتەوە هیچ گۆڕانی نایەتە سەری.

٢٠٥٧- ماڵ تێرە کەڤانی شێرە:

٢٠٥٨- مامز دەڵێ یاالله، ڕاوچیش دەڵێ یاالله:

دز دەڵێ بەتەمای خوای و خاوەن ماڵیش هەر وەها.

٢٠٥٩- ماڵی خۆم کونه کۆتره له هەموو جێ خۆشتره:
بەڕاستی وایه هەر چۆنی بێ ماڵی خۆت خۆشتره له قەسری خەڵکی چونکه ئەوه ماڵی تۆیه و ئەوەی تر ماڵی خەڵکه.

٢٠٦٠- مازی چنی کون له پاشۆل:
یان مازی کەری کون له پاشۆل، واته مرۆڤ کارێکی بکات و ڕەنجی بەخەسار بچێت.

٢٠٦١- من بەڕەنجی شانی خۆم بژیم سەری سەردارم بەڕیشی زەعیم:
بەڕاستی مرۆڤ ژیانی لەباره ئەگەر بێ منەت خۆی دەسته و کاره.

٢٠٦٢- ماڵ چوو به ماڵانەوه دەچێ به تاڵانەوه:
بێگومان ماڵی خۆت له بەرچاوی خۆت نەبێ و خۆت ئاگات لێی نەبێ (له گای کلکت بۆ دەمێنێ).

٢٠٦٣- مێرێ بەردەستی ژنێ ئەو مردییه که له ناڤ دوو دارانه:
بەڕاستی وایه هەر مرۆڤێک کەوته ژێر دەستی ژنی خۆی تا ڕادەیەک له پیاوەتی دەکەوێ و ئەوەش مانای وا نییه ژن هیچ مافی نەبێ و هەریەکه بەجێی خۆی.

٢٠٦٤- مێوانی ماڵی خۆیەتی:
بۆ کەسێک دەگوترێ که لەبەر پڕ ئیشی کەم بێتەوه ماڵی خۆی و وای بۆ دەڵێن وه یا کابرایەک کەم له ماڵی خۆی نانی بخوات.

٢٠٦٥- مزگەوت ڕووخاوه و میحرابی ماوه:
وەک ئەوەیه دەڵێ گا گروایه و کلکی ماوه وه یان....

٢٠٦٦- من لەگەڵ خوای خۆم ڕاستم گوێم له گوتەی تر نییه:
واته مرۆڤی ڕاست گوێ ناگرێ له لۆمەی خەڵکی و کاری چاکی خۆی ئەنجام دەدات.

٢٠٦٧– مێش لە ماکێ کێچ لە داکێ:

واتە دەیەوێ هەموو دەرد و بەڵا لە خۆی دوور بێ و با کەسوکاریش بگرێتەوە، کە ئەم جۆرە بیروڕایەش ڕاست نییە و باش نییە.

# ن

٢٠٦٨- نان نانی مەلایە و بارەقەڵای مەلاژنێ:

دەبینی کابرایەک کارێکی چاک دەکات و ئاخری بۆ یەکی تر دەبێ.

٢٠٦٩- نە شەرع لەگەڵ مەلای نە قسە لەگەڵ ئاغای:

چونکە ئەگەر مەلای شەرعی خۆی بکات بێگومان بۆ لای خۆی دەکێشێ و خۆی بەهەق دەزانێ و ئاغاش کە زاڵمە و دەسەڵاتدار بووە و قسەی لەگەڵ نەدەکرا چونکە هەر قسەی ئەو ڕاست بوو. واتە پەنجەی بە هێز پەنجەی بێهێز دەچەمێنێ.

٢٠٧٠- نانی هەندێ کەس بێ خوێیە:

یانی مرۆڤ هەن چاکە دەکەن و ئەوەی چاکەی لەگەڵ کراوە خراپەی لەگەڵ دەکات وە یا هیچ نەبێ چاکەی ناداتەوە و لەم کاتەدا بەکار دێت.

٢٠٧١- نەخشی خوای جوانە:

واتە لە خەڵقەت و چۆنیەتیی دروستبوونی نابێ ڕەخنەی لێ بگیرێ و جوان و ناشیرینی و درێژی و کورتی و... هەمووی لەگەڵ دروست بوون و خەڵقەتەوە بووە، کەواتە لە دەستی ئەو مرۆڤە خۆی نییە تا گلەییی لێ بکات بۆیە بە جوان حیساب دەکرێ.

٢٠٧٢- نووکی قەڵەمی هەندە تیژە ئاوی لە ئەرزی دەردەینی:

بۆ کابرایەکی زەبربەدەستی زانا بەکار دێت واتە فەرمانڕەوایەکی زانا و زیرەک و شارەزا بێ.

٢٠٧٣- ناوکی باش بڕاوە:

بۆ یەکێک بەکار دێ کە لە کاری خۆی باش بزانێ بەهۆی ئەوەوە لە منداڵی لەلایەن دایک و باوکی باش پەروەردە کرابێ.

٢٠٧٤- ناوی بێ ناوەڕۆک:
ناوی گەورە ماڵی وێران بێ.

٢٠٧٥- نەمردم بە چەکمەی سۆر ڕێ کردم:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کە لە شتێک نەوەشێتەوە و تازە پێ گەیشتبێ.

٢٠٧٦- نەدیتکە ئەگەر دیتکە لەخۆ ڕیتکە:
ئەوەی بە گەورەیی فێرە پڵاو بێ دەستی بۆ چاوی دەبات.

٢٠٧٧- نانی خۆ بخۆ بە ئاوێ منەتی خەڵکی باوێ:
بەکەسی خۆت ڕازی بە، زۆری خەڵک بەسەرشۆڕی فڕێ بدە، مەبەست ئەوەیە لە سەربەرزی و هەژاری باشترە لە دەوڵەمەندی و سەرشۆڕی.

٢٠٧٨- نەجارِ بنووە بێ خەم و خەیاڵ خوا یەکە دەرگە هەزار:
واتە لە کاتی لێقەومان مرۆڤ دەبێ نائومێد نەبێ ئەگەر دەرگەیەکی لێ بگیرێ دەشێ چەند دەرگەی تری بۆ بکرێتەوە.

٢٠٧٩- نە جۆ بێ و نە سەرفترەی بێ:
لە کاتێکدا ئەمە دەگوترێ کابرایەک بیەوێ کارێکی چاک بکات و لێی نەوەشێتەوە و دیارە ڕووداوی هەیە.

٢٠٨٠- نانی شوانی چ لە هوری چ لە توری:
مووچەی ڕۆژانەی شوانی کاتی خۆی دیار بوو جا ئەم نانە لە هورگی بخستایە وە یا لەناو توورەگـــەی بایە وەکی یەک بوو چونکە لەم ڕۆژە لەوەی زیاتر نەبوو و لە شوێنی وەکی ئەمە بەکار دێت.

٢٠٨١- نان ئەو نانە کە ئیمڕۆ لە خوانە:
هەبوو بەکەڵک نایێ ئەوەی ئێستا لە دەستتە بەماڵ حیساب دەکرێ.

٢٠٨٢- ناکەسان مەکە بەکەس کۆراوان مەکە بەڕەز:
هەردووکی خێر نابێ دەبێ لێی دوور بێ.

٢٠٨٣- نینۆکی نەبێ خۆی پێ بخورێنێ:
بۆ کابرایەکی زاڵم و زۆردار بەکار دێ.

٢٠٨٤- نانێکی کەمتر بخۆ خزمەتکارێکی زیاتر بگرە:
بۆ کابرایەک دەڵێن زۆر لەسەرەوە لێ بکات و خۆی بەزل بزانێ و داوای خزمەت لە کابرایەکی بکات و ئەویش وای پێ دەڵێ.

٢٠٨٥- نە بای پێ کەوتووە و نە باران:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کارێکی گەورەی بەسەر هاتبێ و شەرمەزاریی تێدا هەبێ بەڵام ئەو هەر گوێی پێ نەدا وەکی چی نەقەومابێ.

٢٠٨٦- نە شیش بسووتێ نە کەباب:
بۆ سەودا و موعامەلەیەک دەگوترێ کە هەردوولا زەرەری تێدا نەکەن و لە هەندێ شوێنی تریش بەکار دێ.

٢٠٨٧- نانی ماستاوەی دەخوات و باسی جڕتاوەی دەکات:
وەک ئەوەیە کە لە ماڵی کابرایەک نانی دەخوات و سوپاسی کابرایەکی تڕزلتر بکات.

٢٠٨٨- نە شیری حوشتر نە دیداری عەرەب:
مەبەست لێرە هەموو عەرەب نییە و کابرایەکی عەرەب و حوشترەوان بووە و هاوسێی کوردێک بووە و جارێک شیری بە منداڵانی داوە بەڵام دوای ئەوە وەڕسی

کردوون و کوردەکە ئەمەی وتووە.

٢٠٨٩- نویێ هاتن کەون خەلاتن:

نویێ ناوی بە خۆوەیە و تازە هەموو کەسی دڵی بەو خۆشە و کۆنەکەش یان فڕێی داوە و یان دەیبەخشی بە یەکی تر بەڵام هەموو کۆن وا نییە زانای کۆن و دوکتۆری کۆن... زۆر بەسوودترن لەوانەی تازە پێ دەگەن چونکە ئەزموونیان زۆرە.

٢٠٩٠- نازی بدە بەپیاز دەبتە گازە گاز:

واتە نازدان بەهەر کەس وە یا منداڵی خۆت بەڕاستی ئاخیرەکەی خێر نابێ و زیانی زۆر تێدا دەبێ.

٢٠٩١- نە هەندە شیرین بە قوتت بدەم نە هەندە تاڵ بە فڕێت بدەم:

واتە لە هەموو کار و شتێکدا مامناوەندی بی زۆر باشە ئەگەر یەکێکت خۆش ویست بای تووڕەیی تێ بێڵەوە و ئەگەر ڕقت لێی بوو بای خۆشەویستی دووبارە تێ بێڵەوە و...

٢٠٩٢- نە سەری سیرە نە قونکی پیازە:

بۆ کابرایەک دەڵێن خۆی بکات لە خاوەنی شتێک وە یا کەسێک کە هیچ پێوەندییەکی وای نەبێ و زیاتر فزوولی بێ.

٢٠٩٣- نە ئەو هێلکەوڕوونە و نە ئەو زەبرە قوونە:

واتە لە لایەک خۆش دەبینی و لە لایەکی تر لە لووتی دێتەوە.

٢٠٩٤- نانێکی بخۆ و نانێکیش بکە بە خێری باوکت:

یان دەڵێن نانێکی بخۆ و نانێکی بکە بەخێری ئەو، واتە کابرایەک بۆ پێگەیشتنی سەرچاوە لە باوکی وە یا لە کابرایەکی تر وەری گرتبێ.

٢٠٩٥- نۆکی بە نۆ پارووان نەبێ ناخوات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە خۆی بە وجاخزادە و نەجیبزادە نیشان بدات و کەچی وا نەبێ و لێی نەوەشێتەوە.

٢٠٩٦- نەبێ بەسەری سودران زۆر باشە:
واتە مرۆڤ نەبێ بەسەری فتنە و ئاژاوە و کارێکی یەکجار چاکە و هەمیشە خۆی لێ وەربگرێت و لە جێگەیەکی تر باس کراوە.

٢٠٩٧- نەوشیروان پاشا بێ و بەختەک وەزیر بێ سەد سەر بێ کڵاو دەبێ:
واتە هەندێ کەس هەن ئەگەر کاربەدەستی وڵات بن ئەم وڵاتە وێران دەبێ و کوشتن و خراپکاری وەک خۆڵ دەبێ.

٢٠٩٨- نانی بە نان پێژی بکە بلا نانێکیش زیاد بی:
واتە دەبێ هەرزان کرەی هەمبان درە نەبێ. هەرزان قیمەت بێ حیکمەت نییە و گران قیمەتیش بێ حیکمەت نییە.

٢٠٩٩- نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب:
هەر کەس دەبێ بەبێ لێهاتوویی و لێوەشانەوە کاری پێ بدرێ.

٢١٠٠- نەدی و بدی کورێکیان بووە و گەڵ و گونیان بری:
بۆ یەکێ دەڵێن لە کارێکدا زۆر نەشارەزا بێ و خۆشی بە شارەزا بزانێ و بە نەشارەزاییی خۆی بە پێخواسی بکەوێتە ناوی.

٢١٠١- نیسک و نوو سەرلەنوو:
وەک ئەوەی دەڵێن (و عفا الله عما سلف) واتە ئەوەی چوو چوو وە لە نوێوە دەست پێ بکرێتەوە.

٢١٠٢- نان کەرتک بوو یەک ناگرێتەوە:
ناو بەد بوو بە ئاسانی پاک نابێتەوە.

٢١٠٣- ناوی گورگی هات گورگ پەیدا بوو:
وەک ئەوەیە دەڵێن (دڵ خەبەر دەدات) وا دەبێ ناوی کابرایەک دێت و لەودەمە پەیدا دەبێ.

٢١٠٤- نەکردی و نەخواردی لە سمێڵان مەیی:
زۆر وا ڕوو دەدات پیاو ئاگای لە هیچ نییە و شتێکی بەملی دادێ.

٢١٠٥- ناتێگەیشتن لە بەڵای خوا خراترە:
واتە نەزانین و جاهیلی کارەساتێکی گەورەیە و بەڕاستی میللەتی ئێمەش تا ڕادەیەک تووشی بووە و لەبەری دەناڵێ و زۆربەی میللەتانی جیهانیش لە دەستی ڕزگاریان نەبووە.

٢١٠٦- نانیان نەبوو بیخوا داوای ماست و تەرەپیازی دەکرد:
بۆ کابرایەک دەگوترێ پارووی لە ئەندازەی دەوی خۆی دروست نەکات و لە قوڕگی بمێنێ.

٢١٠٧- نیسان گەیشتە بیستی گا تێر دەخوات بە نووستی:
یانی نیسان نێرینەی بەهارە و ژیان و خۆش لەبارە.

٢١٠٨- نە گوڵی گەنم نە چەق چەقەی ئاش:
بۆ کارێک دەگوترێ کە بەدڵی نەبێ وەک نە ئەو هێلکەوڕۆنە و نە ئەو زەبرەقوونە.

٢١٠٩- نە دار بێ نە پەردوو نەعلەت لە هەردوو:
وەک قەرسەقول بە کەرتک بێ و هەردوولا بە نەعلەت بێ.

٢١١٠- نەسەی مزنی لەبن هەنگڵی خۆی ناوە:
بۆ کابرایەک دەڵێن ملەی بێ بێتام بکات و لە هەموو شتێکدا لای پێچەوانە بگری و دژی لایەکەی تر بوەستێ کە ئەمەش زۆر خراپە.

٢١١١- نەخۆشی گردەچاڵی هەر دەخوا و دەناڵی:

وەک ئەوەیە دەڵێ نەخۆش نان لەبن کەوش.

٢١١٢- نەخۆشی نان لەبن کەوش:

یەکێک لە خواردن بەڵای لێ نەبێ و وەکی تریش هەر ناڵەی بێ و خۆی نەخۆش کردبێ.

٢١١٣- نوێژی نوێژکەران ناڕوات، ئیشی ئیشکەران ناچێت:

زۆر ڕاستە و ئەوەی بەدوای کارێکەوە بێت بەردەوام لە دڵیدایە و لە دەستی ناڕوات.

٢١١٤- نوێژە و عومرێکی درێژە:

وەک ئەوەیە کە دەڵێن (شۆڕش پشیی درێژی دەوێ) و لە هەموو کارێکدا مرۆڤ دەبێ سەبر و ئارامی هەبێ.

٢١١٥- نان و گایەکی لەلا وەکی یەکە:

بۆ کابرایەکی سەخاوەتمەند و دەستکراوە دەگوترێ.

٢١١٦- نوێژ لەلای هەندێ کەس عادەتە نەوەک عیبادەتە:

بۆ هەندێ کەس دەگوترێ کە بە تەواوی لە ئاین حاڵی نەبووینە.

٢١١٧- نیەتم وایە سەری خۆم دەخەمە ناو ئەو ئاڵۆز و بڵۆزییە:

کابرایەک نوێژی بە جەماعەت دەکات و نازانێ چی بڵێ و بەم شێوەیە نیەت دەهێنێ و ئێستاش بۆ کەسانێ دەگوترێ کە لە کاروباری حاڵی نەبێ.

٢١١٨- ناچێتە سەر دەستاوێ تا زۆری نەخوات:

بۆ کابرایەکی قرچۆک و خنس بەکار دێ.

٢١١٩- نەخۆش میوانی خوایە:

زۆرجار نەخۆش ماوەیەکی زۆر خواردنی پێ ناخورێ و ناشمرێ و لە لایەکی تر مانای ئەوەیە کەوتووەتە کۆشی خوا.

٢١٢٠- نانی خۆی بە ماستی خەڵکی دەخوات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ نانی هەبێ ماستی نەبێ وە یان وەکی ئەوەیە دەڵێ «ئەو نانە بەو دۆشاوە».

٢١٢١- نەزانی نەگۆدار هاوار و سەد هاوار:

ئەوەش بۆ ئەو جۆرە مرۆڤەیە کە نازانی کە نازانێ واتە نەزانین ئاوێتەی هەیە.

٢١٢٢- ناوی گران شاری وێران:

وەک ماڵی گەورەی دەرکە وێرانە.

٢١٢٣- نەچە دیوانی میرەکی بەبێ پیرەکی:

واتە بۆ هەموو کار و شوێن و ڕێگە دەبێ شارەزا هەبێ و لەو کارە ئەزموونی تەواوی هەبێ.

٢١٢٤- نە کەهیڤە نە بەریڤە چیڤە دەرمانی چیڤە:

پاڕانەوە و ترسنۆکی مەکە ڕەوشتی خۆت، ئازایی و دەستکردنەوە بکە بەسەرمەشقی خۆت.

٢١٢٥- نانی شڤانی چ لە ملی چ لەقلی:

وەک ئەوەیە نانی شوانی چ لە هوری چ لە توری.

٢١٢٦- نەکرایە و نابێ فەلاحەتی تەرخ بکەی لەبەر بەرازی:

بەهۆی ئەوە کە مەترسییەک هەبێ نابێ کاروکاسبیی خۆت تەرخ بکەیت.

٢١٢٧- نە مێرێ قرقری نە عەورێ گرگری:
مرۆڤ بە هەڕەشە و گوڕەشە قەت نەبووە بە کوڕە بەشە.

٢١٢٨- نانێ تە گەنم یان زارێ تە گەنم:
مرۆڤ ئەگەر بۆی بکرێ بەماڵ بکات چاکە و ئەگەرنا و ماڵی نەبوو بەقسەی خۆش لەگەڵ خەڵک ڕەفتار بکات.

٢١٢٩- نەخۆش لە کۆشی خوایە:
وەکی ئەوەیە کە دەڵێ نەخۆش میوانی خوایە.

٢١٣٠- ناڤی بینە چیڤی بسەنگینە:
وەک ئەوەیە دەستداری و بکوژە ماری.

٢١٣١- نە گران بێ حیکمەتە نە هەرزان:
مانای وەکی خۆیەتی.

٢١٣٢- نەزان دوژمنی خۆیەتی جا چۆن دەبێ بە دۆستی خەڵکی:
بەڕاستی نەزان نەخۆشییەکی گەورەیە و هەرچەندی لەبارەی بنووسییەوە هەر کەمە.

٢١٣٣- نەزانی و خەزانی:
یانی نەزانی دەبێتە هۆی هەژاری و دەربەدەری و کەساسی بەڕاستی کەسیش لە حاڵی ناپرسی.

٢١٣٤- نان و دۆی ناگا بەیەک هەمیشەش سەلاموعەلەیک:
واتە کابرایەک زۆر هەژارە و میوانیشی لێ میوان دەبێ.

٢١٣٥- نەپیرێ قنجی کرد بە ئاگری وەمیست (میزی پێدا کرد) نە ئاگری قنجی کرد پیرسۆت:

دەبینی دوو کابرا بەشەڕ دێن و زیان بەیەکتر دەگەیەن ئەمە دەگوترێ و لە جێگەی تریش بەکار دێ.

٢١٣٦- نانی دەخۆن و نان دانکێ دەدڕێنن:
لە جیاتیی چاکەی خراپەی لەگەڵ دەکەن.

٢١٣٧- نا کەنی سەری زێر، دێ کەنی زگێ تێر:
واتە با تاجی زێڕی لەسەر بێ و نەخۆش و برسی بێ هیچ سوودی نابێ.

٢١٣٨- نە کەرێ لەنگ نە سۆلکا تەنگ نە مالا بە دەنگ:
زۆر ڕاستە ئەم سێ شتە پەسند نییە.

٢١٣٩- نە کەرت جاش بێ نە بارت مزاش بێ:
مزاش ئەوەیە گەنم و جۆ تێکەڵی یەک بکرێ بی دیارە کەری جاش باری باش نابێ و باریش جۆ و گەنم تێکەڵ بێ قیمەتی ناکات.

٢١٤٠- نە کەرێ منە و نە گایا تە:
واتە ئەگەر بڵێیت نازانم سەر رەحەتە.

٢١٤١- نەزانی خۆشییا گیانی:
وەک ئەوەیە کە دەڵێ نازانم رەحەتی گیانم.

٢١٤٢- نە خۆخ دارە و نە نەرگز بەهارە:
چونکە بەری خۆخی زوو تەواو دەبێ و گوڵی نەرگزیش بەچەند ڕۆژ تەواو دەبێ.

٢١٤٣- نینۆک و گۆشت ژ بەریەکڤە ناچن:
خزم لەگەڵ خزم ئاسان نییە لەیەک جیا بن.

٢١٤٤- نانی بێ خوێ دەخوات و بۆنی سوێری لێ دێت:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە کارێک بکات لەگەڵ ڕەوشتی ئەو نەگونجێ.

٢١٤٥- نە ماستاوی بەدۆی نە دۆستایەتیی ئاکۆی:

دیارە کابرایەکی ئاکۆ لەگەڵ یەکتر دۆست بووینە و خراپەی لەگەڵ کردووە و ماستاویش بە لە دۆیدا دروست کرێ هەر دۆیە.

٢١٤٦- نە بۆ کوێر هەڵپەڕە نە بۆ کەڕ گۆرانی بڵێ:

واتە ئامۆژگاری و قسە بۆ کەسانێ بکە کە سوودی هەبێ و گوێت لێ بگرن.

٢١٤٧- نامۆ پەرستی دڵ شکستی:

وەک ئەوەیە بێگانەپەرستی پەشیمانیی لە دوایە.

٢١٤٨- نەزان سەریشی زێڕ بێ بنی هەر مەفرەقە:

بەڕاستی وایە نەزان ناوی بە خۆیەوەیە هەرچی لەگەڵی بکەیت و بۆی بکەیت ناوەوەی هەر نەزانینە.

٢١٤٩- نەوس ئەگەر بیگری مستێکە ئەگەر بەری بدەیت پڕ دەشتێکە:

نەوس ئەگەر بیگری خزمەتکارە ئەگەر بەری بدەیت دوژمنێکی بەکارە.

٢١٥٠- نانت جۆ بێ خۆلقت گەنم بێ:

بۆ میوانداری دەگوترێ.

٢١٥١- نانی خۆی لەسەر سفرەی خەڵکی دەخوات:

وەک ئەوەیە کابرا نۆکەری بەلاش بێ وە یا فێرە ئەوە بوو نەتوانێ لەماڵی خۆی نانی بخوات.

٢١٥٢- نە گوڵەگەنمی دیوە نە قنجکی جۆ:

وەک کابرای دۆ نەدیتە و نەدی و بیدی بێ.

٢١٥٣- نه نانی هەیە ڕەحمان بیبات نه دینی هەیە شەیتان بیبات:
بۆ کابرایەک لە ماڵ و بیروباوەڕ و دەڵێن هەموو شتێک ڕووت ببێتەوە و هیچی لەدەست نەمابێ.

٢١٥٤- نامووسی دۆڕاو بەچی ناگەڕێتەوە:
ئەوەی نامووسی چوو ئاسان نییە سڕینەوەی ئەو لەکەی بەسەریدا هاتووە.

٢١٥٥- نه بەخۆشیی زستان وە نه بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە:
هەردووکیان بە ئەزموون زاندراوە ئەوەی باوەڕی کردبێ زیان لێ دراوە.

٢١٥٦- نان و نمەک کوێری دەکات:
مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ بێ نمەکی لەگەڵ یەکێ بکات و تووشی بەڵا دێت چونکە کاتی خۆی نان و خوێ زۆر پیرۆز و موقەدەس بووە و یەکێک کە نان و خوێیەکی بخواردایە نەدەبوایە ناپاکیی لەگەڵ بکات و لە کۆنەوە سوێندیان پێ خواردووە و بۆیە ئێستا زۆر خەڵک هەیە سوێندی پێ دەخۆن و دەڵێن بەو نان و نمەکەیە.

٢١٥٧- نەخۆش ئەگەر چاوی ڕسکان خوا لەگەڵی بەکەرەم بێ:
واتە ئەگەر نەخۆش چاوەکانی بەل بوون لە مردن نێزیک دەبێتەوە.

# و

٢١٥٨- وەک زێڕە لەبن خۆڵیش ژەنگ هەڵناینی:

بۆ کابرایەکی پاک و چاک دەگوترێ.

٢١٥٩- وەک ژنی سێو لە باخەڵە:

بۆ کابرایەکی فێڵبازی هەڵپەرستی چەند ڕوو بەکار دێ.

٢١٦٠- وەک بزن مشکە بە زمانێکی دەڵێ یێش وە بە زمانێکیش دەڵێ دۆش:

بۆ کەسانی دووزمان و چەند ڕوو بەکار دێت.

٢١٦١- وەک گیسکی هەیاسە ڕۆژێک قەڵەوە ڕۆژێک لاوازە:

گیسک هەیاسی قەڵەوی کردووە و دوایی فەرخە گورگی تێ بەرداوە ئێستا بۆ کەسانێ بەکار دێ کە بەم شێوەیە لەگەڵ هەندێ کەس ڕەفتار بکرێ و کەسەکان وەک گیسکی هەیاسیان لێ بێ.

٢١٦٢- وەک مەشکەی مانگایە ڕۆژێک لە خوارە و ڕۆژێک لە دارە:

واتە وەک مەشکەی مانگای کەندویە هەموو ڕۆژ دۆی نابێ بۆ کەسانێ بەکار دێت (خێر و شەڕی بەرامبەر بێ).

٢١٦٣- وەک ئەسپێی بکەوێتە دەستی کۆرە وای بەسەر هاتییە:

کابرایەک بکەوێتە دەستی کابرایەکی تری منجڕ و نالەبار، بێگومان بەرامبەری بەد ڕەفتاری و زۆرداری دەکات.

٢١٦٤- وەک قیری ڕەش بەکەوێی سپییەوە نووساوە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە کەسێکی وە گیروگرفتێکی بەملیدا بێ و لێی نەبێتەوە وەک قیری ڕەش پێوەی بنووسێ.

٢١٦٥- وەک داری بێ بەرە کەس لێی نابینێ خێر و بێرە:
مانای وەکی خۆیەتی و ئەم جۆرە کەسانە زۆرن لەم زەمانە.

٢١٦٦- وەک کەری ناو جۆگەیە لە هەردوو لایانی دەلەوەڕێ:
بۆ کابرایەکی دوو سەری هەلپەرست بەکار دێ.

٢١٦٧- وەک مانگای ژاندار بێ سەر دەسوڕێتەوە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ بە هۆیەکی تایبەتی وەک سەرخۆشان بسوڕێتەوە و ئاگای لە خۆی نەمێنێ و پەرتاوان بکات.

٢١٦٨- وەستای قسانە کۆڵەواری مستانە:
وەکی ئەوەیە کە دەڵێ پاڵەوانی قسان و کۆڵەواری دەستان.

٢١٦٩- وەک جوولەکەی شەپۆپەی لێ شکاوە:
دیارە جوولەکە کە جووڵەی کردبێ و شەپۆپەکەی شکابێ زۆر دڵتەنگ بووە و ئێستاش ئەوانەی زۆر دڵتەنگ بن وایان بۆ دەگوترێ.

٢١٧٠- وەک ماری بێ ئیجازەیە:
یان دەڵێن وەک ماری بێ ودمە بۆ کابرایەکی لەسەر هیچ ڕەئییەک ڕانەوەستێ و دۆست و دوژمنی دیار نەبێ.

٢١٧١- وەک ماری بێ مەکانە:
یان دەڵێن وەک (ماری بێ ماڵە) بۆ کابرایەکی زۆر بزێو و نەوەستاو بەکار دێ کە دەست لە زۆر کونان وەربدات.

٢١٧٢- وەک کەچە شیری پشت کەندوێ لە کاتی تەنگانە بەکار دێ:

بۆ کابرایەک لە لایەک کەوتبێ و کەس ئەوی هەر لە بیر نەبێ بەڵام لە کاتی ناخۆش و تەنگانە وەک شێر و کەچە شیر دێتە مەیدانەوە.

٢١٧٣- وەک کەری دێزە خۆی لە کەنداڵ هەڵدەدێرێ بۆ ئەوەی زیان بەخاوەنی بکەوێ و ملی خۆشی دەشکێنێ:

بۆ ئەو جۆرە کەسانە دێتە گوتن کە بەڕاستی قەڵپ و قەڵپەسەنگ و ناجۆرن، بە هۆی ڕقبوونەوە لە هەندێ کەس کاری خۆیان وا دەکەن خۆیانیش تێ دەچن.

٢١٧٤- وەک خدر ئەشەدەن وایە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ بێ بڕوا و بەدرۆ دەست لە سنگی بدات بۆ هەموو کەسێک و هەر بڵێ ئەشەدەن و ئەشهەدوبیللا.

٢١٧٥- وەک گۆپاڵی جوولەکەی لێ بەسەر هاتووە:

دیارە گۆپاڵی جوولەکە زۆری وەشاندووە و تەنیا گۆمکەکەی لەدەست ماوە ئێستاش بۆ شتێک بەدەستی کابرایەکی ڕەزیل کەوتبێ و چی تێدا نەهێڵابێ.

٢١٧٦- وا دەزانێ ئاسمان کون بووە و ئەوی لێ هاتووەتە خوارێ:

بۆ یەکێک کە زۆر بە خۆی بنازی وە یا بە منداڵی خۆی بنازی وە یا بە یەکی تر، ئەمەی بۆ دەگوترێ.

٢١٧٧- وەک پەشتەماڵی حەمامە هەردەم لەبەر یەکیدایە:

ئەمە زیاتر بۆ زەمانە و ڕۆژگار لە هەندێ کات دێتە کار.

٢١٧٨- وەستای ماستاوانە:

بۆ کابرایەک بەکار دێ لە کارێکدا خۆی بەوەستا بزانی وەستاش نەبی وەک قەشمەری ئەمەی بۆ بەکار دێ.

٢١٧٩- وەک فریز ڕەگی داکوتایە:

بۆ شتێک دەگوترێ باش جێگەی خۆی گرتبێ.

٢١٨٠- وەک بنیشتە خۆشکەی سەر زارانی لێ هاتووە:

بۆ قسەیەک بکەوێتە دەوی خەڵکی و زۆر بجووڕێتەوە.

٢١٨١- وەک پەڕۆکی بێ دەزنوێژی لێ هاتووە:

بۆ کابرایەک بە یەکجاری ئابڕووی چووبێ و ئەوەندە ناوبەد بووبێ کەس بە چاکە ناوی نەهێنێ.

٢١٨٢- وشی لە دوای باوکی ناکات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ باسی بەخراپە بکرێت و یەکی تریش بڵێ ئەمە لە باوکی زۆر باشترە و باوکی زۆر خراپتر بووە.

٢١٨٣- وەک ڕێوی لەدوای سەرە پەتکێکی چەور دەگەڕێ:

بۆ کەسانی گەندەخۆر و بەرماوەخۆر بەکار دێ.

٢١٨٤- وەک پشیلەی بن سەوەشیری خۆزگەت نەکە بەوی:

پشیلە بچێتە بن سەوەشیری جا هەر خوا دەزانێ ژنان چی پێ دەکەن و چی بەسەر دێ.

٢١٨٥- وەک فەرخە پەڕەسێلکە هەر دەوی خۆی بەش دەکاتەوە:

بۆ مرۆڤێک بەکار دێ کە تێر خواردنی نەزانێ.

٢١٨٦- وەک مێوژی سەر بووکێی لێ بەسەرهات:

کاتی خۆی کە بووک دەگەیشتێ مێوژ و شەکرۆک و شیرینییان بەسەردا پەرت دەکرد و هەر منداڵە چەند دنکی بەردەکەوت ئێستاش بۆ کارێک دەگوترێ ئاتاری لە پاتاری نەمێنێ.

٢١٨٧- وەک سیسارک لەبن باڵی خۆی دەڕوانێ و دەزانێ:

گوایە سیسارک بن باڵی خۆی دەڕوانی و بۆن دەکات و بەدوای لاشەی ماڵاتی مردوو دەگەڕێ و دەزانێ و ئەمەش بۆ هەندێ کەس لە خۆیەوە قسە بکات و وا دابنێ کە فلان شت چاک دەزانێ.

٢١٨٨- وەک گێرەی ئۆمەرە کۆری لێ بەسەر هات:

بۆ کارێک دەگوترێ کە خراپ تێک بچێ وەک گێرەی ئۆمەرە کۆری لێ بەسەر بێ.

٢١٨٩- وەک کەڵەبابی ناوەخت دەخوێنێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ قسەکانی لە کاتی گونجاو نەکات چونکە کەڵەباب کاتی خوێندنی هەیە و هەندێ کەڵەباب ناوەخت بانگ دەدەن و عادەت وا بوو سەریان دەبڕی چونکە دەیانگوت ئەم کەڵەشێرە بەدیۆمە.

٢١٩٠- وەک گۆلکی قوشتەپەی هەر پاشەپاشێتی:

بۆ یەکێک دەگوترێ لە کار یا لە خوێندن یا لە شتێکی تر بەرەوپێش نەچێ و بەرەوپاش بچێ.

٢١٩١- وەک سەگی کە دەوی لە کەلاک نابێ:

بۆ کابرایەک تووشی شتی حەرام بێ و وازی لێ نەهێنێ و هەمیشە خەریکی بێ.

٢١٩٢- وەک مریشکی خەرابەدراوی لێ بەسەرهاتییە:

لە خەرابەدراوی هەموو مریشک بەدەردە مریشک دەمرن و تەنیا یەک مریشک دەمێنێ و کەڵەبابی زۆر دەبن و زۆری بەسەردا دەفسن و پەڕ و باڵی پێوە نامێنێ و ئێستاش بۆ کەسێک دەگوترێ دەردێکی خراپی بەسەر بێ.

٢١٩٣- وەکی قەلی دەقڕێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ هەمیشە خەبەری ناخۆش بە خەڵک بدات و قسەی چاک نەزانێ.

٢١٩٤– وەختی ڕاویٚ دەچێتە سەر دەستاویٚ: یان دەگوتریٚ وەختی ڕاویٚ پیسایی دەبیٚ یان وەختی ڕاویٚ تەنگاو دەبیٚ.

بۆ کەسانیٚ دەگوتریٚ کاتی کارپێویستی ملیان بدەنە سستی.

٢١٩٥– وەک مەڕی کەڕە دووجار دەڕەوێتەوە:

بۆ کابرایەک دەگوتریٚ کە لە شت باش نەگات و لەگەڵ خەڵک پیٚ بکەنیٚ و نەزانی مەسەلە چییە و لە دواییدا تیٚ دەگات جارێکی تر پتری پیٚ دەکەننەوە ئەمەی بۆ دەڵێن.

٢١٩٦– وەک ئاردی ناو دڕکی لیٚ بەسەر هات:

بۆ شتێک دەگوتریٚ زۆر پەرت بیٚ خڕ نەبێتەوە.

٢١٩٧– وەک نیسکی نە بەری هەیە و نە پشت:

بۆ کابرایەکی دووڕووی هەلپەرستی بیٚ بار بەکار دیٚ.

٢١٩٨– وەک ماری کۆڵەوەیبابە:

بۆ کابرایەک دەگوتریٚ ئەمانی نەبیٚ ئەگەر بۆی هەڵکەویٚ وەک مار پێتوە بدات چ بە کار چ بە زمان.

٢١٩٩– وەک ماسی بیٚ کێردە:

بۆ یەکێک دەگوتریٚ کە بەرەڵڵا بیٚ وە یا ئازادیی زۆر بیٚ و بۆ خۆی بە ئارەزووی خۆی بسووڕێتەوە.

٢٢٠٠– وەک گیسکی لەدەست قەسابی بەربووبیٚ وایە:

بۆ یەکێک بەکار دیٚ پێشتر ئازادی و سەربەستیی نەبیٚ وەکی کەوی ناو قەفەسی کە بەربوو خۆی بۆ نەگیریٚ.

٢٢٠١– وەک دووپشکی بەکلکی پێوە دەدات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ لە پاشەوە بەقسە وە یا بە کار دژی هەڤاڵی خۆی کاری نالەبار بکات.

٢٢٠٢- وەک مریشکی بەهێلکە هەر داڵەرۆزیەتی:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە ئەجمانی نەبێ و زۆر بسوورێتەوە لە ئەنجامی داڵغەیەک وە ڕووداوێک.

٢٢٠٣- وەک ئاگری برە سۆرە هەریەک گڕ و فڕە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە تووڕە بێ وەک شیری کوڵای زوو هەڵچێ و زوو بنیشێتەوە.

٢٢٠٤- وەک ڕبەی قەرەتەپە هەر لە خۆیەوە دەڵێ شازدە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ خۆی لە ئیشان هەڵقوتێنێ و کەس پرسی پێ نەکردبێ فزووڵیی خۆی بخاتە ناوی.

٢٢٠٥- وەک میزی حوشترێ بۆ پاشەوە دەگەڕێتەوە:

بۆ یەکێک دەگوترێ هەر پاشەپاش بێ و لە هیچ کار و کاسبی و هیچ شتێک پێشکەوتن وەدەست نەهێنێ.

٢٢٠٦- وەک گای بنەیە و هەر لە غەننەیە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ ملمەلانێ زۆر بکات و لاگونێکی لە غەننە بێ و ئەوەی بگوترێ ئەو دژی بوەستێ.

٢٢٠٧- وەک پێستی سەگە لە دەباغخانەش پاک نابێتەوە:

بۆ یەکێکی زۆر پیس و خراپ بەکار دێ.

٢٢٠٨- وەکی پشیلەیە حەوت هەناسەی هەیە:

بۆ کابرایەک دەڵێن چیرەی زۆر درێژ بێ و ئەگەر ملی شتێکی گرت بەری نادات.

٢٢٠٩- وەكی سەگی پێ سووتاو وەستانی نییە:
بۆ یەكێ دەڵێن زۆر بێ مانا بگەڕێ و گەڕانەكەش سوودگەیێن نەبێ و خۆشی نەزانێ بۆچی دەگەڕێ.

٢٢١٠- وا دەزانێ لە كەلی سایبەی داوە:
بۆ پیاوێک دەگوترێ وا بیر بكاتەوە كە كەتنێكی زۆر گەورەی كردییە وەک لە كەلی سایبەی دابێ.

٢٢١١- وەک ماری ژنان كوشتیی لێ بەسەر هات:
ژن ئەگەر ماری بكوژن و ورد و خاشی دەكەن.

٢٢١٢- وەک پشیلەیە و قەت پشتی بە ئەرزی ناكەوێ:
بۆ یەكێک مەعلان و فێڵباز بێ لە هەندێ كار و كردەوە و كەس نەتوانێ لە ئەرزی بدات.

٢٢١٣- وەكی مام ڕێوی دەیەوێ فێسمان لەسەری بنێ:
بۆ یەک دەگوترێ فێڵی گەورە لەیەک بكات.

٢٢١٤- وەک چەقەوانەی ئاشی هەر چەقەچەقیەتی:
بۆ كابرایەک كە زۆرڕەو و هەڵەپاس بێ و كەس لێی حاڵی نەبێ.

٢٢١٤- وەک پەڕەسێلكە چلەبڕی كردووە:
بۆ كابرایەک دەگوترێ كارێک بكات زۆر لە كاتی خۆی نەبێ وە یا كارێكی زیرەكانە بێ.

٢٢١٥- وەک ناوبرێشک هیشک و ڕەش بووە:
بۆ كابرایەكی زیاتر لە پێویستی كار بكات و خۆی ماندوو بكات.

٢٢١٦- وەک دەروێشی گەرمە تەریق هەر بڵێ ساکین سارد نابێتەوە:

بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەگوترێ کە تازە بیروباوەڕێک بگرن زۆر بە گەرمی و بێ شارەزایی کاری تێدا بکەن.

٢٢١٧- وەکی حیکایەتی مێشی لێ هات:

بۆ چیرۆکەیەک دەگوترێ کە کۆتاییی پێ نەیەت.

٢٢١٨- وەک مشکی ئاوی چووبێتە ناو کونێ:

بۆ کابرایەک تووشی سەرسوڕمان و گێژبوون و پەڵەیەکی بێ مانا بووبێ دەگوترێ.

٢٢١٩- وەکی واوی دوای (عەمرو)یە:

کابرایەک بە کلکی کابرایەکی تروە نووسێ و لە دوای نەبێتەوە وای بۆ دەگوترێ.

٢٢٢٠- وەک ئاگری لە بن کایێ بەبنی دایەوە:

بۆ مەسەلەیەک کۆتاییی پێ هاتبێ و کاتێک سەرهەڵداتەوە وای بۆ دەڵێن.

٢٢٢١- وەک دەریایە قەت شێلو نابێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ پشیی زۆر درێژ بێ و بە ئاسانی هەراسان نەبێ.

٢٢٢٢- وەک بەرزەکی بانان لێی دەرچوو:

یەکێک لە کتوپڕ شتێکی لێ ڕوو بدات وە یا قسەی لێ دەرپەڕێ وە....

٢٢٢٣- وڵاغ لە ئەستووری بەندە لە غرووری:

واتە وڵاغ ئەستوور بێ ئەتەقێ و دەکەوێ و مرۆڤی غرووریش تێ دەشکێ.

٢٢٢٤- وەک جۆڵەی بە گەزە و جانگی خۆی ڕازی نەبێ:

وەک ئەو کەسەیە بە باوکی خۆی ڕازی نەبێ وە یا بە کاری خۆی شەرم بێ.

٢٢٢٥- وتیان قەڵقەلاشک ماڵت لە کوێیە وتی با دەزانێ:
وەک ئەوەیە کوتەک دەزانی قۆناغ لە کوێیە.

٢٢٢٦- وەک تەختەداری سەرئاوە:
بۆ یەکێک وە یا کارێک دەگوترێ ڕاوەستاو نەبێ.

٢٢٢٧- وەک نیسکی کولای هەڵدەچێ:
بۆ کابرایەک دەگوترێ زوو تووڕە بێ و پەشیمان بێتەوە.

٢٢٢٨- وەریس چەندی درێژ بێ سەر هەر دێهێنێتە هێچکی:
هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە و ئەسڵی خۆی.

٢٢٢٩- وشتر کورتیش بێتەوە بە قەدەر کەرێ دەمێنێتەوە:
واتە هەندێ مرۆڤ دەستیان کورت بێتەوە بە قەدەر هەندێ کەسی بێ دەسەلات هەر دەمێنن.

٢٢٣٠- وشتر خەو ببینێ خۆی لەناو پەمۆ دەبینێ:
واتە زۆر کەس لە خەویش و تا دەمریش هەر بەتەمای ئەوەیە ئەوەی لە دەستی داوە بۆی بگەڕێتەوە.

٢٢٣١- وەکی کەرێ کورتانی لێ کەوتووەتە بن زگی:
یان وەکی کەرێ کەوتووەتە ناو قوڕێ بۆ کابرایەک دەگوترێ تووشی موشکیلەیەکی خراپ بێ.

٢٢٣٢- وەک مریشکە کورکێ هەر هەڵدەتورکێ:
وەک کابرایەک لە دیار ژنی زۆر دانیشی و لای بەرنەدات و زۆر کاری خۆی لەدەست بدات، واتە ژنانی بێ.

٢٢٣٣– وەک ئاشـــە تەنوورەی زەمـــانە وایە بەدوای هـەر کـەس ســـوار بـێ شـــەقی لەدوایە:

واتە زەمانە ئەگەر لووتی سورانە بێگومان سەد شەق و لەقەت خوارد.

٢٢٣٤– وەک بیی ناو ئاوێ دەلەرزێ: (بی دارێکە)

بۆ یەکـێک دەگـوترێ کـە لە ترســـان وە یا لەســـەرمـان زۆر بلەرزێ و بۆ زێدە موبالەغەیە.

# هـ

٢٢٣٥- هەموو شت بە خویٚ خویٚش بە مانا:

مرۆڤ هەر کاریٚک بکا وە یا هەر قسەیەک بکات دەبیٚ زۆرڕەوی و زیادڕەویی تیٚدا نەکات.

٢٢٣٦- هەموو شت لە باریکی دەپسیٚ ئینسان لە ئەستووری:

واتە مرۆڤ لە کاتی لاوازی و بیٚهیٚزی کەم وایە تیٚ بچیٚ بەڵام لە کاتی سەرکەوتن و غرووری نابەجیٚ تیٚ دەچیٚ.

٢٢٣٧- های لە قونیٚ های لە دۆشاوی:

مرۆڤ لەسەر دووڕیانیٚک بیٚ و دوو کاری لەپیٚش بیٚ یەکیان لەدەست بچیٚ و هەردووکی خۆش بویٚ.

٢٢٣٨- هەرچەندی بکەیت بیٚگانەپەرستی ئاخیری دەینی نوشستی:

واتە مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە خۆی بەپیاو و مرۆڤ بزانیٚ دەبیٚ خۆی بپاریٚزیٚ لە بیٚگانەپەرستی ئەگەرنا دەڵیٚن شکستی.

٢٢٣٩- هەر زاڵمیٚک زەواڵی خۆی هەیە:

واتە هەر کەسیٚک ببیٚتە زاڵم و یەکی لە خۆی زاڵمتر وە یا پیاوچاکیٚک پەیدا دەبیٚ و لەناوی دەبا وە بۆ گیاندارانیش هەریەکە زەواڵەی خۆی هەیە.

٢٢٤٠- هەر تەیریٚک بە ڕەوی خۆی:

واتە هەر کەس بۆ لای ناو کون و کەسوکار و تیرەی خۆی دەچیٚ و ڕادەکیٚشیٚ.

٢٢٤١– هەزار ڕەحمەت لە کفندزی بێ:

یەکێک لە شوێنێک خراپەی کردبێ و لەوێ نەمێنێ و خەڵکەکە زۆر پێی خۆشحاڵ و یەکی تر بێتە جێی بەڵام ئەمەیان لەوەی تر خراپتر بێ ئەم پەندە دەگوترێ.

٢٢٤٢– هەر دەوەنە بە دار دەبێ:

هەر فەرخە گورگە بە گورگ دەبێ هەر شوڕە بە تەڕاش دەبێ.

٢٢٤٣– هێستری چاک ئالیکی خۆی زیاد دەکات:

کاری چاک مرۆڤی جوان دەکات و مرۆڤی پێش دەخات.

٢٢٤٤– هەر ساڵێک و عومرێک:

هەر زەمانەیەک پیاوی خۆی هەیە و هەر کوڕەک ئاخافتنی خۆی هەیە هەر عومرێک ڕەوشتکاری خۆی هەیە.

٢٢٤٥– هەر عەقڵێک لە خەسارەیەک:

تا نەساغ نەبی قەدری ساغی نازانی، تا نەکەوی قەدری سەرکەوتن نازانی تا هەژار نەبی قەدری هەبوونی نازانی.

٢٢٤٦– هەموو هەورازێک لێژیی لە دوایە:

هەموو ناخۆشییەک خۆشیی لە دوایە.

٢٢٤٧– هەر کەس لەبن کراسی خۆی پیاوە:

هەر کەس ئاغای ماڵی خۆیە و هەر کەس خۆی بەپیاو بزانێ و ڕەوشتی پیاوانە بێ هەر پیاوە با دەوڵەمەند و دەسەڵاتداریش نەبێ بۆیە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ.

٢٢٤٨– هێشتان ئەسپی نەکڕیوە ئاخوڕی بۆ دەکات:

کاری لە جێی خۆی نەبێ بکرێ.

٢٢٤٩- هرِێ له مرِێ دەرناکات:
بۆ یەکێک دەگوترێ نەزان و دەولباد بێ.

٢٢٥٠- هەر شەرِێک بۆ جوامێرێک:
واته شــەرِێک قــازانجی یەکی تری تێـدایه و زۆرجـار شــەرِ قـازانجـی هەردوولای شەرِی تێدا نابێ و بۆ خەڵکی تر خێری دەبێ.

٢٢٥١- هەر لەو تێرو دۆی دێتێ:
بۆ کابرایەک دەگوترێ له جێگەیەک خۆشی دەبێ هەر بۆ وێ بچێ.

٢٢٥٢- هاوینان شلومل زستانان جواڵ له مل:
بۆ کابرایـەک که کاتی کـاروکاسبی کاری نەدەکرد و زستانیش جـەواڵی به ملی دادەدا و خــەریکی قــەرزوقــۆڵ و ســواڵکردن دەبـوو و ئێـســتــاش بۆ ئەم جــۆرانه دەگوترێ.

٢٢٥٣- هەر کەس خزمی به ناخزمی دا کۆیەن خۆی به سەری:
مـەبەست ئەوەیه پیـاو دەبێ بۆ کەسـوکـار و نەتەوەی خـۆی سـوودی هـەبێ و قـەت نەبێ به پیاوی بێگانه وە یا ئیعتیماد نەکاته سەر بێگانه.

٢٢٥٤- هەر سەگی قەڵەو بەزی ناخوات:
مەبەست ئەوەیه هەموو کەس حەزی له خواردنی باش هەیه.

٢٢٥٥- هەر ددانێکی به ساڵێکی هاتووە:
بۆ کـابرایەک دەگـوترێ زۆر جـارِس و قـیـرسـز بێ و به ئاسـانی شـتی له دەست دەرنێ.

٢٢٥٦- هاتەوە سەر (عولم) سێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە ماوەیەک خـەریکی خوێندن بێ و هیچ فێر نەبێ وەکی خۆی بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی وایان پێ دەگوت.

٢٢٥٧- هەر پشکەپشکی بارانێیە ڕووباری هەڵدەسێنێ:
ئەمە باشترین نموونەی یەکیەتی دەگەیەنێ.

٢٢٥٨- هەر شت کە دەکەوێ هەڵگرەوەی بۆ پەیدا دەبێ:
هەر کەس بە شانسی خۆی دەگات.

٢٢٥٩- هەر بۆ خۆت بڵێ حەیدەرم قەلەندەرم:
بۆ کـابرایەک دەگـوترێ شـتێکی لە دەسـتـدا بێ و بەدوای بگەڕێ و هیـچی بۆ نەکرێ ئەمەی بۆ دەڵێن.

٢٢٦٠- هەر زمانێک و زەلامێک:
واتە زمان زانین زۆر گرینگە و هەر زمانێک مرۆڤێکی لێ دروست دەبێ.

٢٢٦١- هەتا هیچ گۆڕیش بۆ خۆی هەڵناگرێ:
بۆ کابرایەکی خراپ و بێ دین بەکار دێ.

٢٢٦٢- هەڕەشە نیوەی شەڕە:
واتە پڕوپاگـەندە و هەر شـەڕکـردن و جـەنگی ڕەوانی نیـوەی شـەڕە و زۆر کـات گرینگی شەڕە.

٢٢٦٣- هەرزان کڕەی هەمبان درە:
واتە شتی هەرزان هەمبانەکەت دەدڕێن و سوودێکی وای نابێ و نابێت بکرێ شتی باش بکڕە و شتی خراپ مەکڕە.

٢٢٦٤- هەم زیارەت و هەم تیجارەت:

وەک ئەوەیە بە بەردێکی دوو کـێل بپــەڕێنێ، بە کــارێک کــە دەیکات دوو ســوود بگەینێ.

٢٢٦٥- هێشتان تێی نەخستووە شەقەی دێ:

بۆ کارێک دەگـوترێ هێشـتـان دەسـتی نەداوەتێ و نەچوویتـە ناو شـەڕی بە قـسـە ١٠٠ پیاوی کوشتووە.

٢٢٦٦- هەر دەردێکی دەرمانی خۆی هەیە هەر پیری نەبێ:

وەکی خۆیەتی و زۆر شتی تریش دەرمانی نییە.

٢٢٦٧- هەموو تەیرێک گۆشتخۆرە ناوی گورگی بەدە:

یان هەموو تەیرێک گۆشتخۆرە ناوی قەلان بەدە، هەموو تەیر بەگشتی گۆشت خۆر نییە بەڵام زۆربەی و لە زۆر شتی تریش ئەوە بەکار دێ.

٢٢٦٨- هەتا بەری دەستی ڕەش نەبێ نان بە دەوی خۆش نابێ:

بەڕاستی وایە، لە ماندووێتی نانی بە هیشکی وەک نان و حەلوایە.

٢٢٦٩- هەر گوڵێک بۆنی خۆی هەیە، هەر دارێک بەری خۆی هەیە:

بێگومان هەر پیاوێک قسـە و مەقامی خۆی هەیە و هەر منداڵێک بۆ دایک و باوکی خۆشەویستیی خۆی هەیە هەرچەندە منداڵیان هەبێ.

٢٢٧٠- هەرچەند ڕێ ژ بەرە چوون فەرە:

هەر کار و ڕێگەیەک لەبەرت بێ چارەکردن چوونە.

٢٢٧١- هەردوو سەگی بن کۆلیتێکن و لە چاڵاوێک ئاو دەخۆنەوە:

بۆ دوو کەس دەگوترێ کە ئاشکرا جیاواز بن بەڵام لە ڕاستیدا سەگی یەک کۆلیتی بن و لە قۆرتێکدا ئاو بخۆنەوە.

٢٢٧٢– هەرزان بكڕە و گران بفرۆشە:

واتە گوێ بگرە و لە خەڵک فێر بە بەڵام کەم قسە بکە.

٢٢٧٣– هەور چوو بۆ بادینان خۆت بکوتە کادینان:

هەور چوو بۆ شارەزوور بچۆ بۆ ڕێ دوور. لە دەشتی هەولێر ئەمە باوە ئەگەر هەور بۆ لای بادینان بچێ باران دەبارێ و دەبێ نەڕۆی و ئەگەر هەور بۆ لای شارەزوور چوو واتە بۆ لای ڕۆهەڵات باران نابارێ بۆ ڕێی دوور برۆ.

٢٢٧٤– هەر موویەک لە بەرازی بێتەوە:

یەکێک بیەوێ شتێکی یەکێکی تر بپچڕێنێتەوە وەک ئەوە بێ مووەک لە بەرازی بکرێتەوە.

٢٢٧٥– هەرچی بە منداڵی دەدەی بیدە، بەڵام دەوی پێ مەدە:

واتە دەبێ کارێکی وا نەکەیت منداڵ دەوی لێت سوور بێتەوە و دەو لە دەوت بنێ.

٢٢٧٦– هاتمە سۆتن نایەتە گوتن:

بۆ یەکێک دەگوترێ شتێکی لە دڵدا بێ و نەتوانێ بیڵێ.

٢٢٧٧– هەریەک دوو پیت پیتۆکی خوێندبێ مەلای پێ ناگوترێ:

واتە دەبێ بۆ ئەوەی ببی بە مەلا واتە زانا دەبێ زۆر بخوێنێ و بە کۆلکە مەلایان ناگوترێ مەلا و بە کۆلکە خوێندەواری ناگوترێ زانا.

٢٢٧٨– هەرچی لەسەر بەردی حەوجەی عەردی:

ئەوەی لە ئەسپ سوارە ئاخرەکەی هەر هاتنە خوارە.

٢٢٧٩– هەر خوا لە یەک قەراری دەمێنێ یان (هەر خوا لە یەک ڕەنگی دەمێنێ):

هەزاران میر و پاشای لە گۆڕ ناوە خانی چۆلەکەی منداڵانی بەکار هێناوە.

٢٢٨٠- هیچ ئیش عەیب نییە تەنیا حیزی و دزی نەبێ:
کار و کاسبی سەربەرزی و پیاوەتیی مرۆڤە تەنیا دزی و خوێڕیەتی نەبێ بۆ مرۆڤ کارێکی ناڕەوایە.

٢٢٨١- هەیە مردییە و نانی زندییان دەخوات:
بۆ کەسانی دەم چەفت و بێکارە بەکار دێ و هەندێ جار بۆ پیاوی نەخۆش و زۆر پیریش بەکار دێ.

٢٢٨٢- هەنگینە لە پیستی سەیە:
بۆ کەسانێ دەگوترێ ئازا و دلێر بن بەڵام تووڕە و نەگونجاو لە خەڵک و نەتواندرێ ئیدارە بکەن وە یا زانایەکی زۆر گەورەیە بەڵام هەندێ کاری ناشیرین بکات.

٢٢٨٣- هەموو کەس تا دەمرێ لە یەک کراسی نامرێ:
ئەوەیە سەد سەر بێ کڵاو دەبێ و سەد کڵاو بێ سەر دەبێ و دنیا خۆی لە گۆڕینە و ئادەمیزادیش هەر لە گۆڕینە و زیاتر بەرەوپێش هەنگاو دەهاوێژێ.

٢٢٨٤- هەتا تۆ تێ دەگەینم بە خۆم تێ گەیشتنم دەچێ:
یان (هەتا تۆ تێ دەگەینم هەر سی و دوو ددانم دەچێ) هەندێ مرۆڤ هەن زۆر نەزانن و تێ ناگەن و مرۆڤ پێیەوەیان بە هیلاک دەچێ.

٢٢٨٥- هەتا تۆ تێ دەگەینم هەر سی و دوو ددانم دەکەوێ:
وەکی ئەوەی پێشەوەی خۆی.

٢٢٨٦- هەموو کەس نانی خۆش دەوێ گاوان بەسنگی خۆی وەدەنێ:
چونکە ئەو زیاتر ماندووبوونی دیوە و قیمەتی نانەکە دەزانێ.

٢٢٨٧- هەر کەس لەبن کراسی خۆی پیاوە:

تەنیا ئەو کەسە نەبێ پیاوەتیی لە دەست داوە.

٢٢٨٨- هەندێ کەس هەن ڕیخیان لەبن کلکی بدەیت دەچنە ناو گاڕانێ:
بۆ کەسانی گێل و نەفام و کەللەپووک بەکار دێت.

٢٢٨٩- هەر ئەوەتە بە کلکی مڵاکی ڕاگەیشت:
بۆ کابرایەک دەگوترێ بە جڕەجڕ بە کارێکی ڕابگات.

٢٢٩٠- هەتا سەری نەمرێ سیکەی نامرێ:
بۆ کابرایەکی بێعاری زۆر دنیا ویست بەکار دێ.

٢٢٩١- هەتا تۆ مەلا بی و کاکت سەرکار بێ گوندتان لەوە ئاوەدانتر نابێ:
واتە تا هەندێ کەس سەرکار و سەرداری وڵات بن شار و دێهات وێران دەبن.

٢٢٩٢- هێلکەی بۆ خەڵکییە و جیقنەی بۆ ئێمەیە:
بۆ کەسانێ دەگوترێ لەسەر کابرایەک حیساب بکرێن و زەرەریان بۆ ئەوی بێ و قازانجیش بۆ خەڵکی تر.

٢٢٩٣- هێلکە مراوی بۆ مریشکی کورک نابێ:
چونکە مریشک مەلی هیشکییە و مراویش ئاوییە.

٢٢٩٤- هێلکەی ئەمڕۆ مەدە بە مریشکی بەیانی:
ئەوەی ئێستا لە دەستی مرۆڤە باشترە لەوەی باشتر و بەخێرتر کە لە دواڕۆژ پێت بگات.

٢٢٩٥- هەزار گوناح و یەک تۆبە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ پاش خراپەکردن پەشیمان بێتەوە و پەشیمانیش لە گوناح ئەویش بە چاکە حیساب دەکرێ.

٢٢٩٦- هەر هەوارێک و بوارێک:

هەر قۆناغ و نانێک و هەر مێشک و عەقڵێک.

٢٢٩٧- هەر تیرێکی لە کەنداڵێکی دەدات:

بۆ کابرایەک دەگوترێ قسەی جرنا و فرنا بکات و قسەکانی بۆنی خوێنی لێ بێت.

٢٢٩٨- هەزار دۆستت هەبێ کەمە، یەک دوژمنت هەبێ زۆرە:

بەڕاستی ئەمە وایە پیاوی ئاقڵ ئەمەی لە مێشکیدایە.

٢٢٩٩- هەنجەتی ترێ نانی جۆیە:

یەکێک باری لێ دەکەوێتە خوارێ هەنجەتی لە کەری دەگری. بەڵام خۆی بە تاوانبار نازانێ.

٢٣٠٠- هەمبوو هەمبوو هیچ نییە هەیتم هەیتم هەوە:

کوڕ ئەو کوڕەیە کە قاشۆی لە دەستدایە و بەتوندی لە گوێیەکە دەدات و بەلای کەس ئاوڕ ناداتەوە و ژیرانە دەیبات هۆڵی دەکات.

٢٣٠١- هەر کەس بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێ:

هەر کەس بیروباوەڕی خۆی لا پەسندە و بەرگریی لێ دەکات و خۆی لە پێناوی بەخت دەکات.

٢٣٠٢- هەمیشە خەنجەری نیوە هەڵکێشە:

بۆ کەسانی تووڕە و ترش و تاڵ بەکار دێ.

٢٣٠٣- هێشتان کەس نەیگوتییە بسمیللا ئەو دەڵێ ئەلحەمدولیللا:

بۆ کابرایەکی نابەجێ بەکار دێ.

٢٣٠٤- هەر تەڵە موویەکی شەیتانێکی لە بندایە:

بۆ هەندێ کەس دەگوترا کە ڕیشیان دەهێشتەوە بە ناوی دین و لە ژێرەوە خراپەیان دەکرد و ئەمەیان بۆ دەگوتن.

٢٣٠٥- هەزار گوتن بەکردنێک نییە:
ئەوەی دەڵێ و ناکا خاکی بەسەرخۆی داکا ئەوەی ناڵێ و دەکا وەکی هەنگە و ژیان دابین دەکا.

٢٣٠٦- هەر دەکوژێ ناشێرێتەوە:
بۆ کابرایەک فس فس پاڵەوان قسە گەورەی ماڵوێران.

٢٣٠٧- هەتا ئەو بایە لەو کونەی بێت هیچ:
کابرایەک قاویتی دەخوارد و بای دەهات وتیان چارە خۆی و ئەمەی وەڵام دایەوە.

٢٣٠٨- هەر دەڕوا و لێی بەردەبێتەوە:
بۆ کابرایەکی حول حولی دەگوترێ کە هیچ قسە و نهێنیی لە لا گیر نابێ و لێی دەکەوێتە خوارێ.

٢٣٠٩- هەندێک گێرەی دەکەن و ئەویش چاوەڕۆخەی دەداتەوە:
هەندێک باسی یەکێک دەکەن و برادەرێکی کەسەکە هێواش هێواش داری تێ وەردەدا و چاوەڕۆخەی دەداتەوە.

٢٣١٠- هەموو دارێک بەری ناگرێ هەموو بەرێکیش پێ ناگات:
هەموو کارێک سوودمەند نابێ و هەموو خێرێکیش بۆ خاوەنی نامێنێ و بە خەڵکی تر دەگات.

٢٣١١- هەر زەمانێک زمانێکی هەیە:
واتە لە هەر کات و شوێنێ خەڵکی بە گوێرەی ئاقڵی خۆی بدوێنێ.

٢٣١٢- هەر دارێک بەری خۆی هەیە و هەر میوەیەکیش تامی خۆی هەیە:
هەر مرۆڤێک لە مێشکی خۆیدا ئاقڵی هەیە و هەر ئەقڵەش زانین و بینینی خۆی هەیە.

٢٣١٣- هەر کەس دەرگەی خەڵکی وەڕەقینێ، دەرگەی خۆشی دەڕەقێتەوە:
ئەوەی بەردی فڕێ بداتە ماڵی خەڵکی بێگومان وای لەگەڵ دەکرێتەوە.

٢٣١٤- هەتا مەلا مەلا بوو ئێرە بوار نەبوو:
هەتا ئەو خاوەنی هێز و توانا بوو سەگی خۆڕی لە ماڵ نەبوو.

٢٣١٥- هەتا خوا غەزەبی لە مێرووله نەگرێ باڵی لێ ناڕسکێنێ:
زۆرجار مێرووله کاتی لە سەرکەوتن تێ دەشکێ.

٢٣١٦- هێشتان بوخچەی نەکراوەیە:
بۆ یەکێ دەڵێن عومری زیاد بێ هێشتان ژنی نەهێنابێ وە مێردی نەکردبێ و لە شوێنی تریش بەکار دێ.

٢٣١٧- هەنە حەسوودی بە پیسایی گەورەش دەبەن:
بۆ کەسانی قەڵس و چاوپیس و خنس و چاوچنۆک دەگوترێ.

٢٣١٨- هەرچی لە تۆ دوورە لە خوا نزیکە:
بۆ کەسانی بەدفەڕ و نێوچەوان سێزدە و پیاوی خراپ دەگوترێ.

٢٣١٩- هەندی دوو ڕێوییان کلکی پانە:
بۆ کابرایەکی فێڵبازی چاوچنۆک دەگوترێ.

٢٣٢٠- هەر سەرێک سندووقێکە و هەر سندووقێک شتێکی تێدایە:

هۆش و بیـرکـردنەوەی هـەر مـرۆڤـێک جـیـایە لەگـەڵ مـرۆڤـێکی تر بۆیە بـە ئاقڵ و لێکدانەوەی زۆران کاری مرۆڤان ڕێکوپێک دەکات.

٢٣٢١- هـەر کەس تەنیا بچێت لای قازی دەگەڕێتەوە رازی:

مەبەست ئەوەیە زۆر لە حـاکم و قازییەکان ئەگەر ماوەیان هـەبێ بە بەرتیل مـەسـەلە دەگۆڕن.

٢٣٢٢- هـی خۆی بە ڕوون دەدا و هـی خەڵکی بە شیری دەڕێسێ:

٢٣٢٣- هـەنگ هـی تەور تیژ دەبێ:

خۆش و دەسکەوت بۆ کەسانی دەستڕۆ دەبێ.

٢٣٢٤- هـەتا مریشکیش پڕپۆڵەی دەکا، جوجکەکانی خۆی فێر دەکا:

واتە دەبێ مـرۆڤ بەڕێکوپێکی خـەریکی پەروەردەی مندالانی خـۆی بێ چونکە هـەتا گیاندارانیش بە گوێرەی خۆیان بێچووەکانی خۆیان ڕادەهێنن بۆ ژیان.

٢٣٢٥- هـەی مام تا هـەی مام تا بزانە خەنجەرەکەم ماوە یان نا:

دەرەبەگێکی ورگ زل لە شـایی هـەڵپـەڕیوە و بە خزمـەتکارەکەی خـۆی وتووە بزانـێ خـەنجـەرەکەی لەبـەر پشـتی مـاوە. بۆ کـەسـانێ دەگـوترێ کە ورگ زل و لەخـۆڕازی و لەخۆبایی بن.

٢٣٢٦- هـەتا دەیکەی بە گا خۆی دەکاتەوە بە گۆلک:

بۆ یەکێ دەگوترێ هـەندێ کەس قازانجی خۆیان نازانن.

٢٣٢٧- هـەر هـەندەی ماوە لە کەڕەنا بخوێندرێتەوە:

هـەندێ کەس زۆر شت بجوونەوە و زۆر بێتام باسی بکەن.

٢٣٢٨- هـەر پەنجەیەک خوێنی خۆی لێ دێ:

واته کەس نابێ بە گوناحی کەس بسووتێ.

٢٣٢٩- هەندێک پێی دەمرن و هەندێک بۆی دەمرن:

هەندێ کەس حەزیان لە شتێکە و بۆی دەسووتێن و هەندێکیش ڕقیان لێیە و لێی زویر دەبن.

٢٣٣٠- هەرە ناڤ میللەتا بۆ خۆ بگرە عادەتا:

چەندی دنیا بگەڕێی شتی تازە فێر دەبی.

٢٣٣١- هەندی درۆنە هە ت هۆنە:

یانی بە درۆیان ناگەنە چ جێیان.

٢٣٣٢- هەق بەهەقداری دەگاتەوە زاڵم تۆڵەی خۆی دەداتەوە:

ئەگەر ماوەیەکیش هەقی لە ژێر ناهەقی تڕەتڕی پێ بکەوێ، بێگومان ڕۆژێک زاڵم تەختی وەردەگەڕێ و هەق بە دەستی خاوەن هەقی دەگاتەوە.

٢٣٣٣- هەشت بێ لە مشت بێ نەوەک نۆ بێ نەبێ:

ئەگەر شتێک بە کەمیش دەستت کەوێ لە دەست خۆتی مەدە و بە تەمای زۆری ئومێدان مەبە و لە دەستی خۆتی مەدە و ئەمە بۆ زۆر شت بەکار دێ.

٢٣٣٤- هەر تەندراوێک جاوی پێ ناگوترێ:

وەک ئەوەیە ئەوەی سمێڵ سۆر بێ هەمزە ئاغا نییە.

٢٣٣٥- هەنگ بناسە لە مایە و ماکی:

کچیش بناسە لە دایک و باوکی.

٢٣٣٦- هاوینان دەکات قەپۆزە زستانان دەکات دەرۆزە:

بۆ کەسانی ئیش نەکەر و تەمبەڵ بەکار دێ.

٢٣٣٧– هەتا بزن نەکات هێلەهێل نێری ناکات بێلەبێل:
هەتا مێ نێتە ماڵ نێریش خۆی ناداتە پاڵ.

٢٣٣٨– هەتا دبێژی و بێژیەڤە دەکەی دینیەڤە:
بۆ کەسانی زۆربێژ و پڕبێژ دەگوترێ کە لە کارکردن تەمبەڵی دەکەن.

٢٣٣٩– هێلکە لەبن دەبرژێنێ:
بۆ یەکێکی تەمبەڵ کە زۆر دانیشێ بنی گەرم بێ.

٢٣٤٠– هیشکە پیاوەتی دەکات:
بۆ کابرایەک دەگوترێ هەر بەقسە و بێ ئەوەی کاری لەگەڵ وا بێ ڕەفتار بکات.

٢٣٤١– هەر کەس کەر بوو ئەتۆش کورتان بە:
واتە دەرفەتت بۆ هات خۆی پێ دادە.

٢٣٤٢– هەوێن هەرچییەک بێ ئەوەی لێ دەگوێ:
بۆ وێنە هەوێنی ماستی ماستە و ماستی لێ دروست دەبێ ئەمە زیاتر مانای ویراسە دەگەینێ.

٢٣٤٣– هەڵم گرە تا هەڵت گرم:
لە هەورازان قسەم بۆ بکە و قسەت بۆ دەکەم بۆ ئەوەی بێ ئاگا لێ بوون سەرکەوین، یان هاوکاریی من بکە منیش هاوکاریی تۆ دەکەم.

٢٣٤٤– هەندی فراڤین نان و دەو بیت دێ ماڵی فرو ویزی ئەو بیت:

٢٣٤٥– هەر دەچینی و نادوورێتەوە:
قسان دەکات و ئاگای لەپاشەوەی خۆی نییە.

٢٣٤٦– هەر بۆ چاوکوڵین وسو بەگم:

بۆ کابرایەک دەگوترێ سـەر گەورەی پێوەندرابێ بەڵام بەکردەوەش هەر بۆ ئەزیەت و ئازار هەو بێ.

٢٣٤٧- هەر کەس دزی ئاگای خۆیەتی:

مـەبەست ئەوەیە بەناو دەیانەوێ بەکۆمەڵ کـار بکەن بەڵام لە دواییـدا دەرکەوتووە هەر کەسە بۆ خۆی کاری کردووە و بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

٢٣٤٨- هەمبانە نەیکوشتم هی ناو هەمبانە کوشتمی:

لە کاتێکدا ئەمە دەگوترێ کە لە بەرچاو وا دیار بێ کابرایەک بە هۆیەک نارەحەت بێ بەڵام زیاتر هـۆی تری نەدیار کاریگەر بـێ دیارە هەمـانەکەش بـەردی تێدا بووە و کابرا بە هۆی بەردەکەوە ئازاری بووە.

٢٣٤٩- هەتا لەسەری سەری بەرێوە نەچی قەدری پێیان نازانی:

مـرۆڤ تا دایک و باوکی مـاون وەک پێویستـە قەدری نازانی کە مـردن جـا دەزانـێ، گــەورەی وڵات کــە چاک و پاک بێ و لەنـاوچێ ئەوجـا قــەدری دەزانـێ و برسی بێت ئەوجا قەدری نانی دەزانێ.

٢٣٥٠- هەزار حەکیم هەندی یەک دەردەدار نازانێ:

مـەبەست ئەوەیە دەردێ کە لە مـرۆڤێ بێ خـۆی لە هەموو کەس باشـتر هەسـتی پێ دەکات و ئازارەکەی دەچێژی.

٢٣٥١- هەندی دەخوا تا دەست بە تێڵایە ناڵێ ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە:

وەک ئەوەیە کە دەڵێ تا مانگەشەوە لێ خورە.

٢٣٥٢- هەتا ما کار کرد بابۆی بار کرد:

بۆ یـەکـێک دەگـوترێ ئاگــای لە پاشــەوەی خــۆی نەبـێ تا لێی دەقــەومێ وە یـا بە شێوەی تر.

٢٣٥٣- هەر مانەوە پیرخەل و برازا:

کارێک وە شەڕێک بە هەرەوەز و کۆمەڵی بێ بەڵام خەڵکەکە هەریەکە بە لایەک بڕوا وە یا ڕابکات و چەند کەسی لێپرسراو بمێن وا دەگوترێ.

٢٣٥٤- هەموو شت لە بچووکی گەورە دەبێ، بەڵا لە گەورەیی بچووک دەبێ:

زۆربەی زۆری ڕووداو و کارەسات بەم شێوەیە دەبێ بەڵام جاریش وایە بەڵای بچووک گەورە دەکرێ و ئاخیری هەر بچووک دەبێتەوە.

٢٣٥٥- هەتا ئەستویر زراڤ دەبێ زراڤ دەپرچی:

واتە لەناو هەموو ڕووداو و کارەساتدا مرۆڤی لاواز و بێهێز لە بن پێیان دەچن.

٢٣٥٦- مووێک لە نێوان دوو ئاقڵمەدان ناپچڕێ، زنجیرێک لە نێوان دوو کەران دەپچڕێ:

بەڕاستی وایە و بەسەدان حادیسەی وا ڕووی دایە.

٢٣٥٧- هیویێ مرۆیێ مەزن مەزنترە لە خورتیێ:

واتە گەورە پیاو هەمیشە لای بەزەیی و هیوا و ڕەحمیان زۆرترە لە خورتی و زۆرداری بەڵام ئەوە مرۆڤی زۆردار ناگرێتەوە.

٢٣٥٨- هێستری دەفرۆشن و کەری لە جێگەی دەکڕن:

ئەمە زۆرجار لە جێگەیەک کابرایەکی چاک کاربەدەستە و لای دەدەن و یەکی تری خراپ لە جێگەی دادەنێن.

٢٣٥٩- هەرچی قەرزێکی هەیە کوڕێکی هەیە:

کاتی خۆی قەرز بە دوو شێوە بووە قەرزی بە پارە وماڵ وە قەرزی بە چاکە و کردەوە و جا ئەوەی کردبێ یانی ئەم کابرایە بوویتە کوڕی وی و هەردەم لەسەر ئەو خۆی بەکوشت داوە.

٢٣٦٠- هەرچی لەناو هەمبانەیە هەمووی خەرج مەکە:
مەبەست ئەوەیە ئەوەی لەناو دڵتدایە هەمووی بەگۆڕێ وەرمەکە لەلای هیچ کەس.

٢٣٦١- هەر سوارێک و مەیدانێک:
هەر کوڕێک و لاوچاکێک و هەر دەنگەک و ئاوازێک.

٢٣٦٢- هەر تەرکەکی لە بەڕکەکی دەدا:
هەر قسە و کردەوەیەکی لەگەڵ یەک نەگونجێ.

٢٣٦٣- هاوینان سەرت بکوڵێ زستانان دیزەت بکوڵێ:
وەک ئەوەیە دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە.

٢٣٦٤- هێلکەوڕونی بە ئاوێیە:
بۆ زێدە سەرفی بەکار دێ.

٢٣٦٥- هەموو کەس گەمەی بە مشکی دەکرد و مشکیش بە ئاشەوانی:
وەک ئەوەیە (پیاوە بێ بە قەشمەرجاڕی منداڵان).

٢٣٦٦- هەموو تاریکی دنیا مۆمێک ناکوژێنێتەوە:
بیروباوەڕی مرۆڤی ڕووناکبیر بە هەموو خەڵک ناگۆڕدرێ.

٢٣٦٧- هەتیوچان مەکەنە شەوچراغ:
لەپێشەوە باس کراوە.

٢٣٦٨- هەموو ڕێیەک دەڕوات بەرەو بانە:
دیارە کاتی خۆی شاری بانە زۆر موهیم بووە و شارێکی بازرگانی بووە لە ناوچەی کوردستان و حوکمداری تێدا هەبووە بۆیە وا وتراوە و ئێستاش لە

سەرچاوەی گرینگ ئەم مەسەلەیە بەکار دێ.

٢٣٦٩- هەر بۆ خۆت بڵێ ڕەزێکم هەیە لە سرێشمە:
بۆ کابرایەک کە شتی لە دەستیدا بێ و هەر باسی بکاتەوە.

٢٣٧٠- هەیبە بێ، کوڕی کەرێ بێ، دەڵێن کوڕی کەرم ئاغایە:
واتە مرۆڤ هەبووی بێ خەڵک چاکی بۆ دەڵێ.

٢٣٧١- هۆهۆیە هەر کەس بۆ خۆیە:
دنیا وەهایە هەر کەس بۆ خۆی خوا خوایە.

٢٣٧٢- هەر کەس وڵاتی خۆ:
یانی هەر کەسێ لە وڵاتی خۆی بێ حیسابی دەکرێ و ئەگەرنا پێی دەڵێن کابرای غەریبە و کەس حیسابی بۆ ناکات واتە وڵات و نیشتمانی مرۆڤ زۆر گرینگە.

٢٣٧٣- هەر زەبلەکی بەبلەکی هەیە:
وەک ئەوەیە هەر زاڵمێک زەواڵێکی هەیە.

٢٣٧٤- هەندی گوێزا باوێژە تاقی خۆ پێوە ناگرت:
بۆ مرۆڤی کەللەڕەش دەگوترێ کە شتی نەچێتە مێشکی.

٢٣٧٥- هەو ڕەشتر هەو سپیتر:

٢٣٧٦- هەندێ کتکێ هەڵاوێژی لەسەر دەست و پێی خۆی ڕادەوەستێ:
بۆ کابرایەک دەگوترێ پشتی بە ئەرزی نەکەوێت.

٢٣٧٧- هەر کەس بێنی پیسایی خۆی پێ ناخۆش نییە:
ئەوەی خراپە بکات پێی باشە بۆیە دەیکات.

٢٣٧٨- هۆگری زانا بی بلا نەزان بی:
واتە مـــرۆڤ ئەگـــەر خـــۆی زانـاش نەبوو هـەوڵ بدات هۆگـــر و هـاوڕێی زانایـان بێ چونکە شتی باشیان لێ فێر دەبێ.

٢٣٧٩- هەر سقۆرە و منا خۆ:
هەر کەسێ لە قەدەر تاقەتی خۆی.

٢٣٨٠- هەر تەیرەک لە ڕەوی خۆی دابڕێ باڵی دەشکێ:
هـەر کـــەسێ لـە مـــیللەت و هـۆزی خـــۆی دابڕێ تـووشـی ئازار و دەربـەدەری و ماڵوێرانی دەبێ.

٢٣٨١- هەرچی نە لماله نزانێ چ حالە:
وەک ئەوەیە ئەوەی لە ماڵی نەبێ ژنی مارە کرایە.

٢٣٨٢- هەر سویکەکێ بازاڕی خۆیە:
هەر شوێنێک قسەی خۆی هەیە.

٢٣٨٣- هەر ڕۆژەکێ بارانە ئەو ڕۆژ زستانە:
هەر ڕۆژەکی دنیا ناخۆش بێ چاو هەر ئەو ڕۆژە دەبینێت و هەر ڕۆژەکی خۆشیش بێ چاو ئەو ڕۆژە دەبینێ.

٢٣٨٤- هەڕە سەر تەختی بگری بۆ بەختی:
لەم دنیایەدا هـەر بەختە هەندێ جار ڕۆژگاری مرۆڤ شیرین و تاڵ دەکات ئەمەش وا نەبێ هەمیشە بێ، بگرە جاروبار وایە.

٢٣٨٥- هەنجەتا تاسلکێ دەستا خۆ درێژ کردە کوتلکێ:
ئەوەیە مرۆڤ بە بیانگەی شتێکی کارێکی تر ئەنجام بدات.

٢٣٨٦– هەرچی لە ئاشی دەبینی بە ئاشەوانی مەزانە:
هەرچی لە ماڵی ئاغا بێ ئاغا نییە و هەرچی سمێڵ سۆر بێ هەمزە ئاغا نییە.

٢٣٨٧– هەژار لەسەر پشتی حوشترێ دووپشک پێیوە دەدا:
مرۆڤ کە هەژار بوو ئەگەر بەردێک لە ئاسمان بەربێتەوە بە سەری ئەو دەکەوێ بۆیە ئێستاش لەم شەڕانەی کە لەم ناوچە جۆرەجۆرانە دەکرێ زیاتر مرۆڤی هەژار و بێچارە دەکوژرێن کاشکێ ڕۆژێک بهاتبوایە هەژاری و ناخۆشی و شەڕ لەم جیهانە لە بەین نەمابوایە وە یا هیچ نەبوایە هەژاریان نەکوشتبوایە.

٢٣٨٨– هەر وا دەزانێ پاشا نەمردووە:
بۆ جۆرە کابرایەکی هێڕ و وێر بێ بەکار دێ.

٢٣٨٩– هاوار دیڤ گورگییە:
گورگ مەڕی بردووە و لەو ناوە ماوە ئەوجا هەندێ خەڵک دەیکەن بە هەرا.

٢٣٩٠– هەر پێغەمبەرێک بۆ ئۆمەتی خۆی شەفاعەت دەکات:
واتە هەر کەسێک بۆ خۆی و جەماعەتی خۆی دەپارێتەوە.

٢٣٩١– هەر شەقاوێکی لێ بووە بە دوو شەقاو:
بۆ کابرایەک دەگوترێ لە خۆشییان شەقاوی زۆر گەورە باوێ و ئاگای لە ڕۆیشتنی خۆی و جووڵانەوەی خۆی نەبێ.

٢٣٩٢– هەندیت بێم و بێمەوە دێچم و هێمەوە:
زۆرجار هەیە مرۆڤ پێویست ناکات بە خەڵکی ددانی خۆت بیەشێنی و نەتوانی خۆت کارەکە ئەنجام بدەیت. بۆ کەسانێ دەگوترێ کە زەبەلاح و تەوەزەل بن.

٢٣٩٣– هەتا کفن هەرزانە بۆ خۆی بمرێ باشە:

بۆ کـابـرایەکی ڕەزیل و هیـچ و پووچ دەگــوتـرێ. دەشگوتریّ (با بمـریّ تا کــفـنی هەرزانە).

٢٣٩٤- هەموو شتێک کە دەزاندرێ لە پاشان ئاسان دەبێ:

واتە هونەر بۆ ئەو کەسـەیە کە شت دادەهێنێ و یەکەمین جار دەیزانێ و پاش ئەوە هونەری زۆر کەمترە و تەنیا گوتن و کارکردنە و بۆی ئاسان کراوە.

٢٣٩٥- هاتەوە سەر یاسینی گۆلکێ:

یان دەگوترێ هەر لەسەر یاسینی گۆلکێیە بۆ کابرایەک دەگوترێ پێ بگرێ لەسەر شتێکی پووچ بکات وەک یاسین گۆلکێ چونکە گۆلک و یاسین نەگوتراوە کاتی خۆی کابرایەک داوای کردووە یاسین لەسەر گۆلکێ بخوێندرێ.

٢٣٩٦- هەتا سەری لە شاخی نەدا نەگەڕایەوە:

بۆ کـابرایەکی کـەللـەڕەق دەگـوترێ کـە تا سـەری بـەجـێـیـەکی ڕەقـەوە نـەبێ و لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان نەبێ.

# ی

٢٣٩٧- یەک چوو بووە حەجیٚ باوەڕیان پیٚ ناکرد و باوەڕیان بە یەکیٚ دەکرد خەونی دیبوو:

زۆرجار وایە گویٚ لە قسەی هەندیٚ کەس دەگیریٚ هەر خەون و خەیاڵە و گویٚ لە هەندیٚ کەسی تریش ناگیریٚ کە زانا و بەکارە.

٢٣٩٨- یەت هەندەکا گویٚزن یەت هەندەکا میٚوژن:

٢٣٩٩- یان بارەکیٚ دەرو یان بارەکیٚ دراڤ:

٢٤٠٠- ییٚ نەزان کۆرەیە ئەگەر چاڤ ژی هەبن:

بەڕاستی وایە و لەوەوپیٚش زۆرمان لەسەر نەزانین و جەهالەت باس کردووە.

٢٤٠١- ییکیٚکی دەینادی زگیٚ ییکیٚکی دگوت ئاخ پشتیٚ:

بۆ مرۆڤی بیٚ کەسوکار و بیٚ دەرەتان بەکار دیٚ.

٢٤٠٢- یان بە هیمەت یان بە قیمەت:

لە کاتیٚکدا دەگوتریٚ مرۆڤیٚک داوای شتیٚک لە یەکیٚکی بکات جا یان بە پیاوەتی بیٚ وە یا بە پارە بیٚ.

٢٤٠٣- یەکیان نەدەهیٚشت بچیٚتە ژوورەوە پیٚڵاوی دەبردە سەرەوە:

بۆ کابرایەکی خۆنەناس و بە خۆڕی بیٚ دیٚتە گوتن.

٢٤٠٤- یان زۆرداری دەزانی یان زیٚڕ:

بۆ زۆر حـاڵەت و ژیانی مـرۆڤ یان دەبێ هێـز و توانا بـەکار بێت یان دەبێ پارە و پوول و سـەرمایە.

٢٤٠٥- پێ دزانیت دزانیت پێ نازانیت سەری خۆ دهەژینت:
وەک ئەوەیە دەهۆڵی بۆ کەری لێ بدەی گوێی دەلەقێنی.

٢٤٠٦- پێ نەمالەکی نەزانیت حالەکی:
زۆر ڕاستە ئەوەی لەناو کارێک نەبێ زانی مەسەلە چییە.

٢٤٠٧- یاری نەوسێ هـەر زیزە:
ئەوەی بەهـۆی پارە و پوول و چەوری و شـتی تر دۆسـتـایەتیت بکات ئـەوە هـەر هـی تۆ نییە و کوڕی ڕۆژە و سوودی نابێ.

٢٤٠٨- یەکێک ناوی نەبوو لەناو ناوان سەروچاوی کانیی شێلو دەکرد:
بۆ کەسـانێک دەگوترێ بەبێ هۆ ئیش و کاری خراپ دەکەن و ناوی خـۆیان دەخەنە ناو ناوان.

٢٤٠٩- یاران هـەر وەکی جاران:
زیاتر بۆ ئاشتبوونەوە و برایەتی بەکار دێ.

٢٤١٠- یان ناچێتە ئاشی یان ئاشەوانی دەکوژی:
بۆ کەسـانێ دەگوترێ کـە ئیشـی بـاش نازانن و ئیشـی خـراپیش دەسـتـەکانیـان ماچ دەکەن.

٢٤١١- یەک سەری هەیە و هەزار سەودا:
بۆ کـابرایەکی (کلک نەفـتـینە) بەکار دێ و هـەروەها بۆ کەسـانی چەند سـەر و ڕاڕا دەگوترێ.

٢٤١٢- یەک لە مردن بوو یەکیش لە تێوەکردن بوو:

بۆ کەسانی هیچ و پووچ و ترۆهات بەکار دێ کە کاری نارێک لە کاتی نارێک دەکەن.

٢٤١٣- یەک بە یەکێ نەدەوێرا دەیگوت سێ سێم لۆ وەرنە دەرێ:

وەک ئەوەیە بەردی گەورە نیشانەی نەوەشاندنە وە مرۆڤی ترزل و لەخۆڕازی هەمیشە قسەی قەڵەو دەکات.

٢٤١٤- یەکێک نەوەت و نۆ دەردی لێ بوو پۆزیشی دەرهات:

وتی یاخوا بەخێر بێی سووره گوڵی باغان: دەبینی کابرایەک مەشاکیل و دەردەسەریی زۆرن و سەرباری ئەوەش لە ناکاو دەردەسەرییەکی بۆ پەیدا دەبێ و ئەمە دەڵێ.

٢٤١٥- یەک شێت بێت دەیبەنە سەر ئۆمەرمەندان:

ئەگەر ئۆمەرمەندان شێت بێ بۆ کوێی دەبەن: وا دەبێ مرۆڤێکی زانا و لێهاتوو کە بەدەیان گیروگرفتی خەڵک چارەسەر دەکات و خۆی لێ دەقەومێ و بۆی چارەسەر ناکرێ.

٢٤١٦- یەک نزمی دەزانی ئەویش هەڵپەڕینە:

بۆ کابرایەک دەگوترێ یەک ڕەئی بدات و لێی نێتە خوارێ و ڕەئییەکەش باش نەبێ.

٢٤١٧- یاخوا کەر و باری بەخێر بێ:

بۆ کابرایەک دەگوترێ کە بچی بۆ جێگەیەک و لایان زۆر خۆشهات نەبێ و ئەمە دەڵێن.

٢٤١٨- یەک بە نۆیان نەدەچووە ناو شایی لە دواییدا بە دەیان دەرنەدەهات:

بۆ یەکێ دەگوترێ بۆ کارێک خۆی گران بکات و کەچی زۆریش حەزی لێ بێ کە چووش لێی تێر نەبێ.

٢٤١٩- یەک دەیکات و یەک دەبات:
ئەمە یەک جار زۆرە.

٢٤٢٠- یەکیان دەبرد بۆ سێدارە و ژنەکەش دەیگۆت خەنەم بۆ بێنە:
ئەوەیە یەک لە مردنە و یەک لە تێوەکردنە و دنیا چەمە و هەموو جۆرە جانەوەرێکی تێدایە.

٢٤٢١- یەک پەلەپەلی کرد دەرپێی خۆی لە بیر کرد:
پەلەی نابەجێ دەڵێ پیاو و بێ دەرپێ.

٢٤٢٢- یەکێک باسی ڕۆستەمیان بۆ دەکرد، دەیگوت ڕۆستەم نێر بوو یان مێ بوو:
بۆ کەسانی کەللەپووچ و کەللەپووک دەگوترێ کە هیچیان ناچێتە مێشکی و مێشکیان پڕ بووە لە کاو و مشکی.

٢٤٢٣- یوممە و یابە یەک حیسابە:
بۆ کابرایەک دەگوترێ کە دەستی ڕاستی خۆی لە دەستی چەپی خۆی نەکاتەوە و بەڕاستی کابرایەکی گەلحۆ بێ.

٢٤٢٤- یان خەر بێ یان خاوەنی خەر بێ:
بۆ کابرایەک دەگوترێ دەبێ لە دوولایان لایەکی هەر بکات.

٢٤٢٥- یەکیان ئاسنە و یەکیان پۆڵایە:
بۆ دوو کەسان گوتراوە کە کێشەیان لە نێواندا هەبێ و یەک لەیەک کەللەڕەقتر بێ.

٢٤٢٦- یەک سواری کەر بوو لە کەریش دەگەڕا:

زۆرجار وا دەبێ کابرایەک شتێکی لە دەستدایە و بە دواشی دەسووڕێ و لە زۆر حاڵەت ئەمە دەگوترێ.

٢٤٢٧- یەکێک کەس پێی نەدەگوت فەرموو لە خۆیەوە دەیگوت بەزیاد بێ.
بۆ کەسانی لەخۆڕازی و فزووڵی دەگوترێ.

٢٤٢٨- یان گاڵ دێ یان پەمۆ:
لە دووان دەبێ یەکیان هەر ببێ.

٢٤٢٩- یەکێک ئەگەر وتی بەیانی وا دەکەم لێی بپرسە کە دوێنێ چی کردووە:
بۆ هەندێ کەس دەگوترێ کە خۆهەڵکێشی و فس فس پاڵەوان و قسەی زۆر زل بکەن و بڵێن وا دەکەم و وا دەکەم.

٢٤٣٠- یەکێک بە کەوچکی کۆی دەکردەوە و یەکێک بە بێڵی پەرتی دەکرد:
بۆ کەسانی دەستبڵاوی بێ مانا دەگوترێ کە بە شتەکەوە ماندوو نەبێ و بە پای پیلان پەرتی بکات.

٢٤٣١- یەک تەقی، یەک پەقی و یەکیشم سندان کرد:
دوو کەس شەش هێلکەیان دەبێ یەکیان دەیکوڵێنێ و سێ هێلکە دەمێنێ و بەهاوڕێکەی دەڵێ بەشی بکە ئەویش دەڵێ شەش بوو چۆن ئێستا سێ ماوە کابرا دەڵێ سێیان وای بەسەر هات ئەمەش بۆ دزی و ناعەدالەتی بەکار دێ کە لەم زەمانە شتی وا زۆرە.

٢٤٣٢- یێژم کاکە حەمە نیم، یێژن گو سەگ ماندوو نەبی:
کابرایەک تووشی کابرایەکی تر دەبێ و پێی دەڵێ کاکە حەمە ماندوو نەبی و دەڵێ بابە من کاکە حەمە نیمە و کابرای تر قۆڵبڕ و ساختەچی نەخێر وای لێ دەکات کە کاکە حەمەیە و دەبێ لەسەر حیسابی ئەو لە چێشتخانە نان بخۆن و لەسەر حیسابی وی و کابرای کلۆڵیش ناچار دەبێ و لەگەڵی دەبێ و کە نانەکە دەخۆن

کابرای قۆڵبڕ هەڵدەسێ بەناوی دەست شوشتن دەڕوات و کابرای کڵۆڵ ناچار دەبێ پارەکە بدات و ئەمە دەڵێتەوە و بەمەسەلە بۆ کارێک بە ملی مرۆڤدا بێ.

٢٤٣٣- یان خەڵاتە یان جەلاتە:

لە کاتێکدا دەگوترێ کە کابرایەک لە جێگەیەک بانگ بکرێ و دەڵێ دەبێ بۆچی بێ و ئەوانیش دەڵێن یان خەڵاتە وە یان جەلاتە یان مەبەست ئەوەیە زۆر کار هەیە ئیحتیمالی خێر و شەڕ هەیە.